

## یەکەم کۆمار، وشەی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان

# مەشخەڵی خەباتی

## حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران

## ناکوژێتەوە

### دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران

## کۆمەڵێک وتار، وتووێژ، لێدوان و هەڵسەنگاندن

### بەشی یەکەم

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بەشی یەکەم

# پێرست:


١- حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ........................................................................ ٤

٢- "بەیاننامەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان"........................................................ ٨

٣- هەڵبژاردەیەک لە قسەکانی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان ........................

........................................................................ کوردستان و کورد ..... ١١

٤- وتووێژی تایبەتیی «کوردستان» لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە .............. دیمانە: ئارەش لورستانی ..... ٢١

٥- دوای ٧٠ ساڵ ........................................................................ کوێستان فتوحی ..... ٢٧

٦- حیزبی دێموکڕات و سپاردنی دەسەڵاتی بەڕێوەبەی بە شوڕاکان ................................ عومەر باڵەکی ..... ٣٢

٧- گەلاوێژ و مێژووی نوێمان ........................................................................ قادر وریا ...... ٣٥

٨- دیموکرات و دیموکراتیزاسیون کردنی دیموکرات! ........................................ خالید محەممەدزادە ..... ٣٩

٩- ئاورێک لە ٧٠ ساڵ ........................................................................ مەجید حەقی ..... ٤٢

١٠- حیزبی دێموکراتی کوردستان و مافی ئایین و ئایینزاکان .............................. ئازاد کەریمی ..... ٥٨

١١- دوای ٧٠ ساڵ، رێنسانسی دووەم پێویستە ........................................ مادح ئەحمەدی ..... ٦٢

١٢- ئێمە چۆن بووین بە ئێمە»... ........................................ خالید محەممەدزادە ..... ٦٧

١٣- پێناسەی رێکخراوە مەدەنییەکان لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا.............................. فەردین کەریمی ..... ٧٠

١٤- حەفتا ساڵ تەمەن و بەرپرسایەتی مێژوویی ........................................ مەجید حەقی ..... ٧٣

١٥- بە بۆنەی حەفتاساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ................................ حەسەن ماوەرانی ..... ٧٥

١٦- وتووێژی رۆژنامەی کوردستان لەگەڵ عەبدوڵڵا بەهرامی .............................. دیمانە: ئارەش لۆرستانی ..... ٨٠

١٧- ٧٠ ساڵان دیموکرات ........................................................................ هاوار بازیان ..... ٨٤

١٨- لە یادی حەفتا ساڵە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا ........................ هیوا گوڵ محەممەدی ..... ٨٩

١٩- حیزبی دێموکرات، زەروورەتی خەبات لە رۆژهەڵاتی کوردستان .............................. وریا رەحمانی ..... ٩٣

٢٠- گەورەتر لە حیزب! ........................................................................ ناسر باباخانی ..... ٩٥

٢١- حیزبی دێموکرات و بەڕێوەبەری وڵات لەریگەی قانوونەوە .............................. عومەر باڵەکی ..... ٩٨

٢٢- حیزبی دێمۆکرات و دەسەڵات ........................................................ رەزا محەممەد ئەمینی ..... ١٠٣




سەرچاوە
Serchawe

## بەشی یەکەم


٢٣- حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئادرەسێک بۆ بوونی مێژووی خەباتی نەتەوەیەک ............ هوشەنگ قادری ..... ١٠٨

٢٤- وتوویژی رۆژنامەی کوردستان لەگەڵ قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان............ ١١٢

٢٥- ئامانجی ستراتیژیک و ستراتیژیی خەبات ........................................ حەسەن شێخانی ..... ١١٨

٢٦- حیزبی دێموکرات، سەمبولسازی یا ئوستورەناسی؟ .............. ئارەش لورستانی ... و بۆ کوردی: ئاڵەشین ..... ١٢١

٢٧- ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ........................................ قادر وریا ..... ١٢٤

٢٨- رەوتی ئەدەب و فەرهەنگ لە مێژووی حیزبی دیمۆکراتی کوردستاندا ......................... عەلی لەیلاخ ..... ١٢٨

٢٩- بەرەو قۆناغێکی نوێی خەبات و تێکۆشان ........................................ سامان فەقێنەبی ..... ١٣١

٣٠- دیداری تایبەت «کورد کاناڵ» لە گەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە .......... دیمانە: مادح ئەحمەدی ...... ١٣٣

٣١- حدک، زیندووکەرەوەی نەریتێکی شۆڕشگێڕانە ........................................ قادر وریا ..... ١٥٥

٣٢- پەروەردە لە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ........................................ شەونم هەمزەیی ..... ١٥٨

٣٣- پیرۆز بێ ئەندامەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیستدا..... مستەفا مەعرووفی .... ١٦٢

٣٤- حیزبی دیموکراتو ئەرکە فەرامۆشکراوەکانی! ........................................ خالید محەممەدزادە ..... ١٦٥

٣٥- وتوویژی تایبەتی «کوردکاناڵ» لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ......... کورد کاناڵ ..... ١٦٨

٣٦- نامەیەکی شێرکۆی شاعیری نیشتمانم پێیەو (شێعر) .................................. هەڵۆ شێرکۆ بێکەس ..... ١٧١

٣٧- حەفتا ساڵ فەخرو شانازی (شێعر) ........................................ ئەحمەد قادری ..... ١٨٥

٣٨- من حیزبی دێموکڕاتم(شێعر) ........................................ بیبەش پیرۆتی ..... ١٨٧




بەشی یەکەم

# حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران

## وەک پێشەکی

ڕەوتی پێکهێنانی دەوڵەت - نەتەوەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی دا، ئەو ئیمکانەی بە کورد نەدا تا ئەو نەتەوە دێرینەی ناوچەکەش ببێتە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ. ڕێکخراو نەبوونی وشیاریی نەتەوەیی کورد لە ئاستی پێویستدا لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا لە لایەکو دەستتێوەردانی ناداد پەروەرانەی زلهێزەکانی ئەو سەردەمە لە کاروباری ناوچەکەی ئێمەدا لە لایەکی دیکەوە، بوون بە هۆی بێبەشکرانی نەتەوەی کورد لە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی. ئەم بارودۆخە بوو بەهۆی داڕشتنی سنووری دەوڵەت - نەتەوە تازەپێکهاتووەکانی ناوچەکە بە قازانجی چەند نەتەوەیەکو لەسەر حیسابی دووبارە دابەشکردنەوەی کوردستانو حاشا کردن لە پێناسی نەتەوەیی کوردو مافی بەشداربوونی ئەم نەتەوەیە لە دەسەڵاتی سیاسی دا. هەر ئەو غەدرە مێژووییەش بوو بە سەرەتای دەورەیەکی نوێی خوێناوی و پڕتێچوو لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە پێناوی وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس دا.

هەرچەند پلانی سڕینەوەی سیستماتیکی پێناسی نەتەوەیی کورد لە ئێرانیش دا، بەشێکی جیانەکراو لە پڕۆژەی سەقامگیرکردنی ‘‘دەوڵەت - نەتەوەی ئێرانی" بە هاتنە سەرکاری ڕەزاشای پەهلەوی بووە، بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە نەیان توانیوە ڕێ لە ڕەوتی سروشتیی گەشەسەندنی مێژوویی کەسایەتیی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بگرن. ناسیۆنالیزمی مۆدێڕنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، کە بەشێوەیەکی شایانی تێگەیشتن لە لایەکەوە بەرهەمی



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی یەکەم

پێگەیشتنە بابەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردیو لە لایەکی دیکەشەوە بەرهەمی خەباتی نەتەوەیی بژاردەی رووناکبیری کورد بوو، لەرێی پێکهێنانی کۆمەڵەی "ژ.ک" ەوە لە ساڵی١٣٢١ی هەتاوی (١٩٤٢ی زایینی)دا شێوازی رێکخراوەیی بەخۆیەوە گرت. پێناسەی کۆمەڵەی "ژ.ک" بنچینەی لە سەر بەرزبوونەوەی بیری نەتەوەییو رزگاریی کورد لە

هەموو کوردستانو دامەزرانی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ کورد بوو. ژ.ک لە پاش ٣ ساڵ، بە هۆی بەرین بوونەوەی مەودای چالاکی و لە سەروبەندی پێکهاتنی زەمینە بۆ پێکهێنانی دەسەڵاتێکی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە هەموو چینو توێژەکانی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگەی کوردەواری لە ڕیزەکانی خۆی دا جێ بکاتەوە، جێگای خۆی دا بە حیزبی دیموکراتی کوردستان. بەم پێیە، حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٦ی ئووتی ١٩٤٥ی زایینی دا بە رێبەرایەتیی پێشەوا قازی محەممەد، دامەزرا .

دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەر بناخەی کۆمەڵەی "ژ.ک". بە نوختە گۆڕانێکی گرینگ لە مێژووی گەلی کورددا و بە سەرەتای قۆناخێکی نوێ لە خەباتی نەتەوەکەمان دەژمێردرێ. بە رێبەرایەتیی ئەم حیزبە بوو کە گەلی کورد بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆی دا توانی کۆماری کوردستان لە بەشێکی کوردستاندا پێک بهێنێ. کۆماری کوردستان بۆ یەکەم جار ستاتووی دەسەڵاتی کوردیی بە شیوەیەکی مودێرنو بە نێوەرۆکێکی دیموکراتیکەوە، نیشان دا. هەرچەند کۆماری کوردستان پاش ١١ مانگ دەسەڵاتداریی دیموکراتیک، بەهۆی هێرشی دەسەڵاتی پاشایەتیی ئەو سەردەمەی ئێرانەوە جوانەمەرگ کرا، بەڵام ئەزموونی دیموکراتیکی دەسەڵاتداری لە کۆماری کوردستان دا، بە لاپەڕەیەکی زێڕینی مێژووی خەباتی سیاسیی گەلی کورد لە پێناوی وەدیهێنانی مافە نەتەوەییو دیموکراتیکەکانی دا دێتە ئەژمار. جەوهەری دیموکراتیکی دەسەڵاتداری لەو کۆمارەدا کە لەجێدا بنەمای لەسەر ئەسڵی رێزگرتن لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان لەلایەکو هەوڵدان لە پێناوی پێکەوەژیانێکی تێکەڵ بە هاورێزی لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێی لەلایەکی دیکە دانرابوو، نەک هەر لە ئاستی کوردستانو ئێرانی ئەو سەردەمەدا، بەڵکوو هەم ئەوساو هەم ئێستا لە هەموو رۆژهەڵاتی نێوەراست دا بە رووداوێکی گرنگ دادەنراو دادەنرێ. هەرچەند پێشەوا قازی محەممەدو بەشێکی دیکە لە رێبەرانی حیزبو کۆمار لە پێناوی خەباتی رزگاریخوازانەیان دا بە فەرمانی رێژیمی پاشایەتیی ئێران لە سێدارە دران، بەڵام ئەزموونی دیموکراتیکو پێشکەوتنخوازانەی کۆماری کوردستان هەروا رێنیشاندەری ئەوە لە دوای ئەوەی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد بووەو دەبێ.

لەگەڵ ئەوەی رووخانی کۆماری کوردستان زەبرێکی گەورە بوو کە لە پەیکەری حیزبی دیموکراتی کوردستان درا، تێکۆشەرانی ئەم حیزبە لە ماوەیەکی بە نیسبەت کورت دا خۆیان رێک خستەوەو خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەییان دەست پێکردەوە.

## بەشی یەکەم

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ماوەی زیاتر لە ٦٥ ساڵ تەمەنی خۆیدا زۆر فەسڵی زێڕینی لە مێژووی نەتەوەی کورددا تۆمار کردوون، زۆر سەرکەوتنی گەورەی بە دەست هێناون‌و تووشی نوشوستی‌و تێشکانیش بووە.

بێجگە لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان کە لووتکەی سەرکەوتنی ئەم حیزبەو بە گشتی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد بوو، ئەم حیزبە بزووتنەوەی پڕشکۆی ساڵانی ٤٧ - ١٣٤٦ی بەرپا کردوە، چەند جار لە ململانەی هەڵبژاردن دا خۆی تاقی کردۆتەوەو هەموو جارێ سەرکەوتنی بەدەست هێناوەو سەرەنجام بۆ ماوەی پتر لە سێ دەیە خەباتێکی قارەمانانەی بە دژی دیکتاتۆری‌و سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە بردوە.

ئەم حیزبە هەر لەو کاتەدا رووخانی کۆماری کوردستان‌و تێک شکانی راپەڕینی چەکدارانەی ٤٧ - ١٣٤٦ی بەخۆوە دیوەو چەند جار لە دەورانی رێژیمی پاشایەتی‌و رێژیمی ئیسلامییدا کەوتۆتە بەر پەلاماری پۆلیس‌و هێزە سەرکوتکەرەکان‌و بە دەیان‌و سەدان تێکۆشەری کەوتوونەتە زیندانەوە کە زۆربەیان حوکمی قورس‌و تەنانەت ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو خەباتە قارەمانانەو پڕلە شانازی‌یەدا زیاتر لە پێنج هەزار کادرو ئەندامی شەهید بوون کە نیزیک ٢٥ کەسیان لە کادری رێبەری بوون‌و لە سەرووی هەموشیانەوە ناوی سێ رێبەری پایەبەرز: پێشەوا قازی محەممەدو دوکتور قاسملووو دوکتور شەرەفکەندی دەدرەوشێنەوە.

لەپاش دەستپێکی پرۆسەی سەقەتی دروستکردنی دەوڵەت - نەتەوە لە ئێران دا ، دەسەڵاتی فەرمانڕەوا چ لە سەردەمی پاشایەتی‌و چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی دا، هیچ کات ئامادە نەبووە هەنگاوێک بۆ چارەسەری پرسی نەتەوایەتیی کوردو نەتەوەکانی دیکەی نێو ئێران هەڵێنێتەوە. روانگەی تەواویەتخوازانەی دەسەڵاتی فەرمانڕەواو حاشاکردن لە فرەنەتەوەبوونی ئێران‌و پرسی رەوای نەتەوایەتیی کورد، هۆکاری بەردەوامبوونی ئەو کێشەیە بووە.

مەسەلەی کورد لە ئێران دا بەردەوام نەک هەر لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندی‌یەوە، بەڵکوو لەلایەن ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە دەرەوەی دەسەلاتی رەسمی‌و، تەنانەت لەلایەن بەشێک لە ئۆپۆزیسیونی سەراسەری‌و رووناکبیرانی ئێرانیشەوە وەک مەسەلەیەکی نەتەوەیی حاشای لێکراوە. گرفتی ئەو روانگەیە لەوەدایە کە لەبری ئەوەی نێوەرۆکی نەتەوەیی مەسەلەی کوردو مافی ئەم گەلە بۆ بڕیاردان لە سەر چارەنووسی خۆی بکا بە بنەما، دەیهەوێ لە رێی چاونووقاندن‌و خۆگێلکردن لەو ڕاستی یەوە، هەوڵ بۆ پاراستنی هێژێمونیی پێناسی نەتەوەی حاکم بدا. وەک تابۆڕاگرتن‌و بەبنەما وەرگرتنی تەواویەتی ئەرزیی ئێرانیش، شتێک نیە جگە لە ئامرازێک لە خزمەتی ئەو بیرە نادیموکراتیک‌و شۆڤینیستی‌یەدا.

## بەشی یەکەم

هەر بەهۆی ئەو ڕوانگە تەواویەتخوازانەی توێژی دەسەڵاتدارەوەیە کە تەنانەت باسی دێموکراسییش لە پێوەندی لەگەڵ پرسی نەتەوایەتی لە ئێران دا، خوێندنەوەیەکی چەواشەکارانەی بۆ دەکرێ. بزووتنەوەی کورد لە ڕەوتی خۆی دا هەمیشە نەبوونی دیموکراسیی بە هۆکارێکی گرینگی چارەسەرنەکرانی مەسەلەی کورد داناوە. ئەزموونەکانی رابردوو دەری دەخەن کە نەتەوەی کورد بەردەوام خوازیاری چارەسەری دیموکراتیبیانەی مەسەلەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بووە. بەڵام بەداخەوە لەبەر نادیموکرات بوونی دەسەڵاتی زاڵ بەسەر کوردستان دا، بەردەوام ویستی ئاشتیخوازانەی گەلی کورد بە زمانێکی نادیموکراتیکو تێکەڵ بە زەبروزەنگ وەڵام دراوەتەوە. نیەتی ئاشتیخوازانەو ویستی کەڵکوەرگرتن لە دیالۆگو وتوویژ بۆچارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یان هەر لەلایەن نوێنەرانی دەسەڵاتی فەرمانڕەواوە ڕەت کراوەتەوە یان وەک داوێک بۆ لەنێوبردنی ڕێبەرانی سیاسیو لاوازکردنی بزووتنەوەی کورد، کەڵکی لێوەرگیراوە.

ئەزموونو ڕەوتی ڕووداوەکان دەریان خستوە کە پرۆژەی دروستکردنی دەوڵەت- نەتەوەی ئێرانی لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەندو حاشاکردن لە پێناسی نەتەوەکانی ئێرانو سەپاندنی پێناسی نەتەوەیەک بەسەر هەموو نەتەوەکانی دیکەدا، هیچ کاتێک جێی نەگرتوە. لەئارادابوونی پرسی نەتەوەکان وەک گرینگترین پرسی سیاسی لە ئێرانی ئەمڕۆدا، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری ئەو ڕاستییەیە.

سووربوون لەسەر ڕەوتی ناسیۆنالیزمی تەواویەتخوازی ئێرانییش کە هەر لە سەرەتاوە بە سەقەتی لە دایک بووە، شتێک نیە جگە لە هەوڵێکی نابەرپرسانە بە ئاقاری درێژەدان بە سەنتەرگەرایییەکی مێژوویی‌و لەسەر حیسابی لێڵکردنی هەرچی زیاتری ئاسۆی پێکەوەژیانی داوتەڵەبانەی نەتەوەکانی نێو ئێران .

هەربۆیە، لە ڕوانگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە، لەبەر ڕووناکایی ئەو خاڵەی سەرەوەداو بە لەبەرچاوگرتنی ویستی لەمێژینەی نەتەوەی کوردو ڕەوتی سیاسیی ئێستای کوردستان، مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد تەنیا کاتێک بەتەواوی چارەسەر دەکرێ کە ڕەوتی سروشتیی خۆی ببڕێو ویستی ئازادانەی نەتەوەی کورد بکا بە بنچینە. دەرەتانی پێکەوە ژیانی داخوازانەی نەتەوەکانی ئێرانیش - سەرەڕای ئەو مێژووە پڕ ستەمو کارەساتەی رابردوو - کاتێک دەرەخسێ کە بێ ئەملاوئەولا ڕێزگرتن لە ئیرادەی سیاسیی نەتەوەکانی نێو ئێران و یەک لەوان نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، بکرێ بە بنەمای چارەسەری پرسی نەتەوەیی بۆ داهاتووی ئێران.

سەرچاوە : بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پەسند کراوی کۆنگرەی ١٥



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی یەکەم

بسم الله الرحمن الرحيم

## "بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان"

ئاگری شەڕی جیهانگیر کە بۆ بە هۆی دوژمنانی ئازادی و لە ژێر پێ نەرانی دێموکراسی هەڵگیرسا بوو، بە باسکی بەهێزی سەربازانی ئازای هاوپەیمانی گەورەی ئێمە کوژایەوە. دنیای دێموکراسی سەرکوت و دنیای فاشیستی کە هەوڵی دەدا گەلانی و نەتەوەکانی جیهانی لە ژێر دەستی چەند نەفەر ملهوڕو سەرەڕۆدا یەخسیر بکا بە شێوەیەکی قەتعی تێک شکاو لێک بڵاو بوو و هەروەها کە چاوەڕوان دەکرا بۆ ئازادیی گەلان و نەتەوەکانی جیهان ڕێگا خۆش کرا. ئەمڕۆ گەلانی دنیا لە گەورە و چووک دەیانهەوێ لەو ڕێگایەی کە بەرەو ئازادی خۆش کراوە کەڵک وەرگرن و لەو بەلێنی یانەی کە بە هۆی مەنشووری مێژوویی ئاتلانتیکەوە دراوە سوود ببینن و هەڵسوڕاندنی کاروباری خۆیان بە دەستەوە بگرن و چارەنووسی خۆیان بە مەیل و ویستی خۆیان دیاری بکەن.

ئێمەی کورد کە لە ئێران دەژیین ساڵەها و بەڵکوو چەندین سەد ساڵە کە لە پێناوی ماف و دەسەڵاتی نەتەوەیی و مەحەللی دا خەباتمان کردوە و قوربانیمان داوە. بەداخەوە کاربەدەستانی سەرەڕۆی ئێران بە هیچ جۆرێک حازر نەبوون قسەی حیسێبیی ئێمە قبووڵ بکەن و تەنانەت نەیان هێشتوە ئێمە لەو مافەش کەڵک وەربگرین کە قانوونی ئەساسی بۆ ئەیالەتەکان و ویلایەتەکانی ئێران دای ناوەو بەردەوام وەڵامی ئێمە گوللە بۆمب و تۆپ و زیندان و تەبعید و یەخسیری

بەشی یەکەم

بووە. بە تایبەتی لە سەردەمی بیست ساڵەی ڕەزاخان دا تەنانەت لە بەر کردنی جل و بەرگیش دا ئازاد نەبووین. بە زۆری سەرنێزە بە هۆی ئەفسەرانی دزو خائین و تالانکەرەوە هەموو دارایی و ژیانی ئێمەیان تەفرو تونا کردوە و چاویان لە نامووس و شەرەفی ئێمەوە بووەو بۆ لە نێو بردن و خاشە بڕ کردنی نەسلی ئێمە لە هیچ نزمی و دڕندەیی یەک خۆیان نەپاراستوە. ئاخر ئێمەش ئینسانین. ئێمەش مێژوو، زمان و شوێنەواری خۆمان هەیە کە لامان خۆشەویستن. بۆچی دەبێ مافی ئێمە لە ژێر پێ بنرێ؟ بۆچی ناتوانین لە نێو ماڵی خۆمان دا ئازاد و موختار بین؟ بۆ چی ڕێگا نادرێ منداڵانی خۆمان بە زمانی کوردی پەروەردە بکەین؟، بۆ چی نایەڵن کوردستانی ویلایەتێکی خودموختار بێ و لە لایەن ئەنجومەنی ویلایەتی یەوە ئیدارە بکرێ کە قانوونی ئەساسی دیاریی کردوە؟

هاونیشتمانانی بەڕێز دەبێ بزانن حەق نادرێ، حەق وەردەگیرێ، ئێمە دەبێ بۆ وەرگرتنی ماف و دەسەڵاتی نەتەوەیی و مەحەللیی خۆمان خەبات بکەین. ئەم خەباتە یەکیەتی و یەکڕەنگیی پێویستە، ڕێکخراو و پێشەنگی پێویستە. بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزەیە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دامەزراوە و دەستی بەکار کردوە. ئێوە هاونیشتمانانی خۆشەویست،دەبێ چاو و گوێی خۆتان بکەنەوە و لە دەوری حیزبی نەتەوەی خۆیان کۆببنەوە و لە پێناوی وەرگرتنی مافی ڕەوای نەتەوەیی خۆتان دا فیداکاری بکەن. حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێبەر و ڕێنوێنی ئێوەیە. تەنیا لە ژێر ئاڵای ئەوە کە نەتەوەی لە مەترسیی تەفرو تونا بوون ڕزگار دەبێ و هەبوون و نامووس و شەرەفی نەتەوەیی خۆی دەپارێزێ و دەتوانێ لە نێو سنووری دەوڵەتی ئێران دا خودموختاریی نەتەوەیی خۆی وەدەست بێنێ.

**هاونیشتمانان، ئێمە بێجگە لە مافی ڕەواو ئینسانیی خۆمان هیچمان ناوێ. دروشمەکانی ئێمە لە بەندەکانی خوارەوە دا خولاسە کراون. بیان خۆیننەوە و هەموو گەلی کورد، فەرد فەردیان تێ بگەیەنن. ئەوە دروشمەکانی ئێمەن:**

**١- نەتەوەی کورد لە نێوخۆی ئێران دا بۆ هەڵسووڕاندنی کارو باری مەحلليی خۆی سەربەخۆ و ئازادیی بێ و لە سنووری دەوڵەتی ئێران دا خودموختاریی خۆی وەدەست بێنێ.**

**٢- مافی خوێندنی بە زمانی زگماکیی خۆی هەبێ و تەواوی کاروباری ئیدارەکان بەهۆی زمانی کوردی بەڕێوە بچێ.**

**٣- لەسەر بناخەی قانوونی ئەساسی، ئەنجومەنی ویلایەتیی کوردستان بە زوویی هەڵبژێردرێ و بە هەموو کاروباری کۆمەڵاتی و دەوڵەتی رابگاو چاوەدێری یان بەسەر دا بکا.**

**٤- کاربەدەستانی دەوڵەت دەبێ بە بێ قسە لە خەڵکی ناوچەکان بن.**

## بەشی یەکەم

٥- دەبێ لەسەر ئەساسی قانوونێکی گشتی لە نێوان لادێ یی و خاوەن ملک دا رێککەوتنێک پێک بهێنرێ و دوارۆژی هەر دوولا دابین بکرێ.

٦- حیزبی دێموکڕاتی کوردستان تێدەکۆشێ کە لە خەبات دا بەتایبەتی لەگەڵ نەتەوەی ئازەربایجان و کەمایەتی یەکانی تر کە لە ئازەربایجان دەژین، ئاسۆری یەکان و ئەرمەنی یەکان و هی دیکە، یەکیەتی و برایەتی یەکی تەواو پێک بهێنێ.

٧- حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە ئامانجی بەرەو پێش بردنی کشتوکاڵ و بازرگانی و پەرەپێدانی فەرهەنگ و لەش ساغی و باشتر کردنی ژیانی ئابووری و مەعنەویی گەلی کورد دەست دەکا بە سوود وەرگرتن لە سامانەکانی سروشتی و کانگاکانی کوردستان و لەم رێگایەدا تێ دەکۆشێ.

٨- ئێمە دەمانەوێ تەواوی گەلەکانی ئێران هەلی تێکۆشانی بە ئازادی یان بدرێتێ بۆ بەختەوەری پێشخستنی نیشتمانی خۆمان.

بەرنامەکە بە کوردی دەست نەکەوت بۆیە لە دەقی فارسی یەوە وەرگێڕدراوە.(د)

سەرچاوە : کتێبی چل ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی - کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران



سەرچاوە Serchawe

بەشی یەکەم

## هەڵبژاردەیەک لە قسەکانی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان،



لە ڕێوڕەسمی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا

**میوانانی خۆشەویست، خوشک و برایانی ئازیز!**

پــر بە دڵ بەخێرهاتنتـان دەکەم بـۆ ڕێوڕەسمی یـادی حەفتـا سـاڵەی دامەزرانـی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان. هەروەهـا پیرۆزبـایی دەکەم لە سـەرجەم ئەنـدامان و پێشـمەرگەکان و لایەنگـران و دۆسـتانی حیزبـی دێمـوکرات، پیرۆزبـاییەکی زۆر تایبەتی لە کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بە درێژایی تەمەنی حەفتـا سـاڵەی حیزبـی دێمـوکرات لە هەمـوو بوارەکانی ژیانیدا پشت و پەنای حیزبی دێموکرات بوون.

....جێگەی خۆیەتی هەموو لایەکمان ڕێز و پێزانینی خۆمان بۆ دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات، ڕەئیس جەمهوری کوردستان، پێشەوای حیزبی دێموکرات، قازی محەممەد بنێرین. هەروەها لە هەمان کاتـدا ئەمەگناسیی و پێزانینـی خۆمـان، بـۆ تەواوی ئەو تێکۆشەرانەی کە لە ماوەی حەفتا ساڵدا، بەشداری ژیانی سیاسی حیزبـی دێمـوکرات بـوون، کـاتی خۆی بە دامەزرانـدنی حیزبی دێموکرات وکۆماری کوردستان، و جووڵانەوەی نەتەوایەتی کوردیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە لوتکە گەیاند.

....فەلسەفە و دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ڕۆژی یەکەمەوە دوای ماوەیەکی کورت، بە دامەزرانی کۆماری

## بەشی یەکەم

کوردستان دەریخست کە حیزبی دێموکرات بۆ ئیدارەی وڵات دروست بووە، حیزبی دێموکرات بۆیە دروست بووە لە پرۆسەی قانوونی ژیانی مەدەنی و بەهێزکردنی ئەرکە نەتەوەییەکانی خۆی لەنێو کۆمەڵگەی کوردستان، بە قانوونکردنی ماف، چارەسەری قانوونی کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەو مەجال و دەرفەتەی بۆی هەڵکەوتووە قەزیەی کورد لە ئێراندا بخاتە پرۆسەیەکی ڕێکوپێکی قانوونی ومەدەنی و، فەلسەفەی وجوودی حیزبی دێموکرات هەر بۆ ئەوە بووە.

### پەیامی سیاسی حیزبی دیموکرات

حیزبی دێموکرات لە ماوەی حەفتا ساڵ ژیانیدا، هەوراز و نیشێوی زۆر بینیوە، بێگومان ئیفتخاراتی مێژوویشی زۆر بووە، دەسکەوتیشی بووە و لە هەمان کاتدا، لەبەر ئەوەی جەماوەرێکی زۆر لە حیزبی دێموکراتدا بوون، ئینتزاراتێکی زۆریشی لە خۆی دروست کردووە. هەر ئەوە بووە کاتێک کۆمار دەڕووخێ، دیسان ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و کادرو ئەندامانی حیزبی دێموکرات، تێدەکۆشن شوێنەواری کۆمار و ئەرزشەکانی کۆمار لە مەیدانی جۆراوجۆری خەباتدا بەرز ڕابگرن. بە دیفاع لە بنەما نەتەوایەتییەکانی خۆیان و بنەماکانی حیزبی دێموکرات و کۆمار هەوڵیان دا ژیانی سیاسیی ئەو حیزبە ئیدامە بدەن. خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات، لە دژی دوو حکوومەت، یەکەم حکوومەتی پەهلەوی کە کۆماری کوردستانی ڕووخاند و ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی زیندانی کرد و کوردستانی ئێرانی بەجۆرێک ئیدارە دەکرد کە مەجال و دەرفەت بۆ تێکۆشانی ئێمە نەمابوو، دەوری ٣٢ ساڵ بوو. لە ئێران، ئینقلاب دەکرێ و حکوومەتی کۆماری ئیسلامی دادەمەزرێ، هەر لەسەر بنەمای چارەسەریی ئاشتییانە و دێموکراتیک لەڕێگای وتووێژ لە کوردستانی ئێران، هەر ئەوە کە بیرۆکەی قازی محەمەد بوو لەو پەڕی دەسەڵاتی خۆیدا کە ڕەئیس جەمهوری کوردستان بوو، هەموو هەوڵ و تێکۆشانێکی ئەوە بوو کە ئەو کێشەیە لەڕێگەی گفتوگۆ و موزاکرە لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی چارەسەر بکرێ، دیسان دوای ئینقلابی ئێران، پەیامی حیزبی دێموکرات ئەوە بوو کێشەی سیاسیی میللەتێک، مافە نەتەوایەتییەکانی میللەتێک، مافە دێموکراتیکییەکانی میللەتێک، ناکرێ لەڕێگای شەڕ و خوێنڕشتن چارەسەر بکرێ، بۆیە حیزبی دێموکرات، لەسەر ئەو بنەمایە دوای ئینقلابی [٥٧]یش هەموو هەوڵێکی خۆی دا کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدوای ئینقلابدا ژیانێکی ئارام و مەدەنی و دوور لە شەڕ و کێشەیان هەبێ و بۆ جارێکی دیکە دەسەڵاتی میللی و دێموکراتیکی خۆیان کە بۆ ئێمە بە میرات مابۆوە و ڕەئیس جەمهورەکەی ئێمە دایمەزراندبوو، لە کوردستانی ئێران بەرپای بکەینەوە، بەجۆرێک خەڵک لە ئیدارەی ژیانی سیاسی و مەدەنی و قانوونی خۆیان بەشدار بن. بەو جۆرە لەئارامیشدا بتوانن ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی خۆیان بەرنە پێشێ، هەروەکی ئەوە هەمیشە جەوهەری سیاسەتی حیزبی دێموکرات بووە.

بەداخەوە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی پەیامی ئاشتی و دیموکراتیک و مافخوازانەی حیزبی دێموکرات و ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی وەرنەگرت، لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لەڕێگای موزاکرە ئەو کێشەیەی چارەسەر نەکرد. بۆیە بۆ



سەرچاوە Serchawe

## بەشی یەکەم

جارێکی دیکە خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێچەوانەی مەیلی خۆیان شەڕیان بەسەردا تەحمیل کرا. بۆیە جارێکی دیکە حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکە، مەجبوور بە دیفاع لە خۆیان بوونەوە. دەورێکی دیکە لە خەبات و تێکۆشان دوای ئینقلابی ئێران، بۆ حیزبی دێموکرات دەستی پێکردەوە و ئێمە موتەحەممیلی قوربانی و شەهادەتێکی زۆر بووین و فیداکارییەکی زۆریشمان هەر لەو ڕێگایە دا.

ئێمە لە ژیانی سیاسیی خۆماندا هەمیشە هەوڵمان ئەوە بووە ئەو پەیامە کە پەیامێکی سیاسیی بۆ ئیدارەی وڵات، نە تەنیا بەگوێی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بگەیەنین، نەتەنیا ئێرانییەکان لە دەرەوەی کوردستان ئاگادار بکەینەوە، بەڵکە لە کۆڕ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشدا هەمیشە ئەو پەیامەمان داوە. هەمیشە گوتومانە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان قسە لە ئێران و چارەسەریی داهاتووی ئێران دەکرێ، ناکرێ لە ئێران نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان کە کارنامەیەکی دوور و درێژ و تەجرووبەیەکی درێژخایەن و ڕەنگینی لە چۆنیەتی تەعامول لەگەڵ کێشەکان و چارەسەرییەکان هەیە، لە پەراوێز بخرێ. لە پەراوێزخستنی حیزبی دێموکرات بە مەعنای لە پەراوێزخستنی ویست و داخوازییەکانی نەتەوەیەکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بە درێژایی حەفتا ساڵی ڕابردوو هەوڵی داوەو بۆ مافەکانی خۆی خەبات دەکا. پەیامی نەتەوەیی ئێمە هەمیشە بە چۆنیەتی تەعامول لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کێشەی کوردیان هەبووە، بە جۆرێک عەمەل بکەین کە لە ڕەوابیەت و عیلاقاتی خۆماندا هەرگیز نەبین بە ئەسبابی کێشە بۆ پارچەکانی دیکە و هەمیشە بە ئیفتخاراتەوە دیفاع لە ڕابردووی عیلاقاتی خۆمان لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە بکەین کە بە جۆرێک عیلاقە و پێوەندیمان لەگەڵیان هەبووە.

### حیزبی دیموکرات و پێوەندیی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان

لە پێوەندیی لەگەڵ خەبات و تێکۆشانی پارچەکانی دیکەدا، هەروەکی بەشداری بارزانییەکان لە کۆماری کوردستان دەقیقەن ئەوە دەگەیەنێ کە لە هەر شوێنێک فورسەتێک بۆ کورد هەڵکەوێ، بەشەکانی دیکە دەتوانن لە تەواوی دەسکەوتەکانی بەهرەمەند بن، ئەو تەجروبەیە بە جۆرێک بۆ بەشەکانی دیکەش کەڵکی لێ وەربگرێ. ئێمە لەسەر ئەساسی باوەڕ بەوە کە باشترین دۆستایەتی و باشترین پشتیوانی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان ئەوەیە کە وەک حیزبی دێموکرات لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دیفاعیان لێ بکەین، لەنێو خۆیاندا کۆمەک بکەین بە یەکریزی و تەبایی و برایەتی و، لە عیلاقاتی خۆماندا هەمیشە کۆمەڵگەی کوردستانی ئێران وا پەروەردە بکەین لەو بوارانەی بۆیان دەگونجێ، هاوبەستەگی نەتەوەیی خۆیان لەگەڵ پارچەکانی دیکە بەجێ بگەیەنن و، هەمیشەش هەر ئەوەمان لە پارچەکانی دیکە ئینتزار هەبوە لە چۆنیەتی تەعامول لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هەرگیز ئیجازەمان بە خۆمان نەداوە لە کاروباری نێوخۆیی هیچ پارچەیەکی دیکەی کوردستان دەخالەت بکەین. پێمان وایە کوردی هەر پارچەیەک بۆ چارەسەریی گیروگرفتەکانی خۆیان پاشخانێکی دەوڵەمەند

## بەشی یەکەم

و مێژوویەکی دەوڵەمەند و بەرچاوڕوونییەکی ڕێکوپێکیان لەو بوارەدا هەیە. هەر لەو پێوەندییەدا پێوەندیی لەمێژینە و تاریخی حیزبی دێموکرات، لەگەڵ باشووری کوردستان ناکرێ ئاماژەی پێنەکرێ. لە ڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان و بەشداریی تێکۆشەرانی کوردستانی ئێراق لە کۆماری کوردستان، بناغەی دۆستایەتی و ڕەوابیت و عیلاقەیەکی نیزیک دامەزرا. بیرەوەریی ئەفسەرە کوردەکانی عێراق، لە کۆماری کوردستان، بیرەوەریی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات لە سەردەمی کۆماری کوردستان بناغەی ئەو دۆستایەتیەی بەهێزتر کرد. پێوەندیی حیزبی ئێمە لەگەڵ تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبەکانیان دەگەڕێتەوە دەیان ساڵ پێش ئێستا. بۆیە بەشێکی زۆر لە دۆستانی ئێمە لەوانەی کە لە نزیکەوە لە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات پشتیوانیان کردووە و لەگەڵیان بوون و کاتێک حیزبی دێموکرات لە باشووری کوردستان بووە، لە عیلاقات و دۆستایەتی خۆی لەگەڵیان دابووە، بەشێک لەوانە خەمخۆری حیزبی دێموکرات بوون و پشتیان گرتووە و لە ڕۆژەکانی تەنگانەدا بە هانای هاتوون ، جێی خۆیەتی لێرە ڕێز و سپاسی خۆمانیان بۆ بنێرین و ئەمەگناسیی خۆمانیان پێشکەش بکەین و بە ئیحترامەوە چاو لە خەبات و تێکۆشان و دۆستایەتی هەموو لایەکیان دەکەین.

### مێژووی تێکۆشانی حیزب

بەشێک لە مێژووی حیزبی دێموکرات بەپێچەوانەی مەیلی ئێمە و بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە دەبێ لەنێوخۆی وڵات بێ و فەعالییەتێکی ئاشکرا و عەلەنی هەبێ، لە ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی خەڵکدا بەشدار بێ، بەداخەوە ئێمە لە تەبعید بووین. لە مێژووی سیاسیی ئێمەدا بە غەیری سەردەمی کۆماری کوردستان و ماوەیەکی کورت دوای ئینقلاب، زۆربەی زۆری ژیانی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات لە تاراوگە و تەبعید و دوورەوڵاتیدا بووە.

... لە هەمان کاتدا کە قوربانییەکی زۆری داوە، ئیفتخاراتێکی زۆری کەسب کردووە، دامەزرێنەری حیزبەکەی ئێمە، پێشەوا قازی محەمەد، دوای ڕووخانی کۆمار لە سێدارە درا، دوو ڕێبەری ئێمە دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی تیرۆر کران، سەدان کادر و هەزاران پێشمەرگەمان لەو ڕێبازەدا شەهید بووە، بەڵام هەرگیز لە خەبات و تێکۆشانی خۆمان لەپێناو بەرزراگرتنی ئەرزش و بنەماکانی حیزبی دێموکرات، نەوەستاوین. لە خەبات و تێکۆشانی خۆماندا ئەوەی لە توانامان‌دا بووە بە نیسبەت خەڵکی خۆمان کە ئەمەگناس بوون لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەجێمان گەیاندووە. ئەرکی نەتەوایەتی خۆمان بەرامبەر پارچەکانی دیکە جێبەجێ کردووە. لە پێوەندیی خۆماندا لەگەڵ حیزبەکانی دیکەی ئێرانی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پارچەکانی دیکە هەوڵمان داوە لانیکەمی گیروگرفتمان هەبێ و هەوڵمان داوە مەسئولانە بجوڵێینەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا بە موازاتی هەموو ئەو سیاسەتە دروستانە و تێکۆشان و فیداکاریی و قوربانیانە، حیزبی ئێمە لە ئیدارە نێوخۆییدا بێ‌موشکیلە نەبووە، حیزبی ئێمە وەک حیزبێکی جەماوەری کە خەڵکێکی زۆری لەگەڵدا بووە، وەک حیزبێک کە پابەند بووە بە پرەنسیپەکانی دێموکراسی لە چۆنییەتی گرتنی کۆنفرانس و کۆنگرەکانی، هەوڵی داوە ئەندامانی خۆی لە

## بەشی یەکەم

ژیانی حیزبەکەیدا بەشدار بن، هەمیشە تێکۆشاوە پرسە کۆمەڵایەتییەکان، سیاسییەکان، نەتەوەیییەکان، مەسائیلی ئیستراتیژی، هەمووی ئەو شتانەی کە پەیوەندیی بە ژیانی حیزب و کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە، لەنێو حیزبی ئێمەدا بە گەرمی بێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە لێکدانەوەی بۆ بکرێ.

دێموکراسی نێو حیزبی ئێمە هیوا و هومێدێکی بۆ خەڵکێکی زۆر لە ئەندامانی خۆمان و هەروەها بۆ کۆمەڵانی نێو کوردستان دروست کردبوو، تەمرینی دێموکراسیی لەنێو حیزبی ئێمەدا ئەو پەیامە بوو بۆ کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئێمە ئیدارەی وڵاتی خۆمان بکەین، دەبێ لە خۆمانەوە دەست پێبکەین بۆ بەشداری پێدانی خەڵک، بۆ خوێندنەوەی خەڵک، بۆ ئەوەی عادەت بگرین چۆن جەمعێک لەگەڵ یەک کار بکا و بەیەکەوە ئیدارەی وڵات بکەین. ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە گشتی حەقیانە ئەو گلەییە لە لە ڕێبەریی حیزبی دێموکرات بە ڕێبەرانی شەهید و ڕێبەرانی زیندووشەوە بکەن کە ئێمە لە ئیدارەی حیزبەکەی خۆمان ڕەنگە لەگەڵ یەک بە ئینساف نەبووبین، ئێمە بۆ فیداکاری دژی کۆماری ئیسلامی ئامادە بووین ڕێبەرانیشمان دانێین، ئامادە بووین زیاتر لە پێنج هەزار قوربانی بدەین، لە پێناو بەرژەوەندیی پارچەکانی دیکە لە زۆر بار گوزەشتمان بووە، لە زۆر بار بەرژەوەندیی حیزبیی خۆمان وەلاناوە، لە زۆر بار هەوڵمان داوە ددان بە جەرگی خۆماندا بگرین، هەولمان داوە ئەرکی نەتەوایەتی خۆمان بەجێ بگەیەنین، بەڵام لە ئیدارەی حیزبی خۆمان و بۆ حاوانەوە لەگەڵ یەکتر ڕەخنەمان لەسەرە. لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا زۆر بە باشی نەمانتوانیوە وا کار بکەین، حیزبی دێموکرات، لەو گیروگرفتانە نەجات بدەین. ئەوە چاوەڕوانی خەڵک بوو لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، کاتێک حیزبەکەی ئێمە کۆمار دادەمەزرێنێ و سەرۆک کۆمار دادەمەزرێنێ و سەرۆک کۆمار هەمووی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی حەفتا سال پێش ئێستای کوردستان کە بەشی زۆری نەخوێندەوار بووە، لەگەڵ یەک کۆی کردنەوە، قانوونی پێ دادەنان، ئیدارەی حکوومەتی پێدەکردن، سەری بەرز بوو لەنێو سەران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێران، ئێمە دەبا ئەو حیزبەمان باشتر ئیدارە کردبایە، ئێمە دەبا حیزبەکەی پێشەوا قازی محەمەدمان لە ئیدامەی ژیان و کاری سیاسیی خۆمان ئەو کاروانەمان بەشێوەیەکی ڕێکوپێکتر بردبا پێشێ، گلەیی خۆمان لە خۆمان لە حزووری ئێوە، لە حزووری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە فیداکاری و قوربانییان بۆ ئەو حیزبە داوە، دەقیقەن بۆ ئەوەیە لە یادی حەفتا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات، هەموو لایەکمان، کە بەشمان بەو حیزبەوە هەیە، هەموو لایەکمان کە بەیەکەوە ئیفتخاراتەکانیمان دروست کردووە، هەموو لایەکمان دیسانەکە بەیەکەوە دروستی بکەینەوە و وای ئیدارە بکەین و وای بەرینەوە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، کە چاو لە حیزبێکی یەکگرتوو بکەن و هیوا و هومێد و ئاواتەکانیان کە هیوا و هومێدی پێشەوای حیزب و ڕەئیس جەمهوری کوردستان بوو، لە گۆڕەپانی سیاسیی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بۆمان مەعلوم نیە لەگەڵ دەیان و سەدان سیناریۆی ناڕوون بەرەورووە، لەو حاڵەتەدا بەو حیزبەوە بچینە نێو ژیانی سیاسیی کۆمەڵگەی ئێران.

بەشی یەکەم

## لەکاتێک دا یادی ٧٠ ساڵەی حیزب دەکەینەوە فرسەتەکان بۆ کورد زۆرن

ئێمە لە سەردەمێکدا یادی حەفتا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات دەکەینەوە، کەلە ڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتەوە هەتاکو ئێستا ئاڵوگۆڕەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە ئێران، لە ناوچەکە، لە مەوزووعاتی پێوەندیدار بە کورد گەلێک زۆر بووە. ئەگەر کۆمار ڕووخا و هیوای کۆمار، ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و خەڵک لە ماڵەکانی خۆیان و لە پارچەکانی دیکە بە خەباتی جۆراوجۆر بەردەوام ئیدامەیان دەدا، ئەگەر هەڵەبجە و ئەنفال و قەتڵوعامی کوردان لە باشووری کوردستان، ئەگەر ئینکاری کورد لە تورکیا، ئەگەر قەبووڵنەکردنی کورد لە سووریا، هەرگیز نەیتوانی کورد بە چۆک دابێنێ و ئێستا نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە هەموو پارچەکانی دیکە لەگەڵ سێنارێۆیەک کە جێگای خۆشبینیە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەو شوێنەی حیزبی دیموکراتی تێدا دامەزرا، سیاسەتی جەمهوری ئیسلامی ئەوەیە کە نەهێڵێ حیزبی دێموکرات دەنگی بێت و ڕەنگی دیار بێت و لەنێو کۆمەڵانی خەڵک ببێتەوە جێگای هیوا و هومێد. بەڵام ڕابردووی خەبات و تێکۆشانی ئێمە، شکەست و هەستانەوەکانی ئێمە، فیداکاری و قوربانییەکانی ئێمە، کارنامەی ئێمە لە خەبات و تێکۆشاندا ئەوە دەڵێ حەفتا ساڵ خەبات و تێکۆشان کە ئێمە لەبەرامبەر حکوومەتی پەهلەوی و حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بەچۆکدا نەهاتووین، بەو شێوەیەش هەرگیزاوهەرگیز لە داهاتوشدا بەچۆک دانایەن، ئەو حیزبە خەبات و تێکۆشانی خۆی بۆ بە ئەنجام گەیاندنی خەونەکەی پێشەوا قازی محەممەد و هەزاران تێکۆشەری ڕۆژهەلاتی کوردستان و هەزاران قوربانیی ئەو حیزبە، بەردەوام دەچێتە پێشێ و ئێمە لەو مەیدانەدا گەشبین و خۆشبینین.

حیزبی ئێمە زۆر بە باشی دەرکی بەوە کردوە کە زۆرجار فورسەت بۆ کورد هەڵکەوتووە لە مێژوودا و ئێستاش فورسەتی باش بۆ کورد هەڵکەوتووە، تەنانەت فاکتۆرەکانی ناوچەییش ناتوانن ئینکاری ئەو فورسەتە بکەن، زلهێزەکانی نێوەدەوڵەتیش بەجۆرێک تەعامول دەگەڵ ئەو فاکتۆرانە دەکەن کە پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە، نەتەنیا ناتوانن ئینکاری بکەن بەڵکە بەجۆرێک دێنە نێو گەمەکە. لە کەشوهەوایەکی ئاوادا، کە ئێمە پێمان وایە بەشێک لەو فورسەتانەی بۆ کورد هەڵکەوتووە دەگەڕێتەوە سەر ئەوە، ڕێبەرانی کورد چۆن ئەو فورسەتە بقۆزنەوە. تا ئەو جێیەی پەیوەندیی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە، ئێمە بەشێک لە چارەسەرییەکەمان لەوەدا دەدی کە هەردوولای حیزبی دێموکرات بەرەو یەکگرتنەوە بچن. ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەموو هەوڵ و تێکۆشانێکی خۆمان دا، گەشبین و خۆشبین بووین، بە ئیحساسی مەسئولییەتەوە تێکۆشاین کە لە بەرەبەرەی یادی حەفتا ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکراتدا، موژدە و پەیامی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتیش بە کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕابگەیەنین. ئەگەر لەو بوارەدا سەرەڕای ئیحساسی مەسئولیەتێکی زۆر و خەمخۆری ئێمە و بە پەرۆشبوون بۆ داهاتووی ئەو قەزیە تا ئێستا سەرکەوتنێکمان وەدەست نەهێناوە،

بەشی یەکەم

بەڵام دیسان ئێمە بە هیوا و هومێدەوە کار لەسەر ئەوە دەکەین و تێدەکۆشین لە داهاتوودا یاریدەدەری یەکڕیزی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بین، وە پەیامی یەکڕیزی بکەینە ڕێکخراوەیەکی واحید کە لە داهاتوودا بتوانێ ئەو مەسئولییەتە بەرێتە پێش.

## هەلومەرجی هەستیار لەباشووری کوردستان و پەیامی ئێمە

.... لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژەیەک بە هەلومەرجێکی زۆر حەساسی باشووری کوردستان بکەین. ئەو دەسکەوتە کە لە باشووری کوردستان هەیە، ڕێک حەفتا ساڵ دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان، چۆن کۆمار بوو بە قیبلەگای هیوا و هومێدی هەموو پارچەکان و بەرەو ئەوە دەچوو نموونەی حکوومەتێکی کوردی دابمەزرێنێ و لە ئیدامەی خۆیدا دەسکەوتی زۆری بەدوادا بێ، حەفتا ساڵ دوای دامەزرانی حیزبی دێموکرات، هەرێمی کوردستان یان باشووری کوردستان، دەقیقەن لەو مەوقعییەتەدایە. سەرکەوتنی ئەو دەسکەوتە لە باشووری کوردستان نەتەنیا دەسکەوتێکی گەورەیە، جێگای هیوا و هومێدە بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان، بگرە لە نەوعی خۆی و لە ئیدامەی خۆیدا دەتوانێ کاری گەورە بکا، کە لە پرۆژەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا ئەو جێی پەیوەندی بە سەرکەوتنی کورد هەیە، بۆ جارێکی دیکە هەرگیز لە پەراوێز نەخسترێتەوە. ئێمە بە دەرک کردنی ئەو وەزعییەتە حەساسەی کە لە باشووری کوردستان هاتۆتە پێشێ، تەنیا داوامان ئەوەیە حیزبەکانی نێو پەرلەمانی کوردستان، با لە گیانی خۆیان مایە دانەنێن، بەڵام تەنازول بۆ یەک بکەن، بۆوەی ئەو هەلومەرجەی لە باشووری کوردستان هاتۆتەگۆڕێ، لەدەست نەچێ. چاوەڕانی ئێمە لە یادی حەفتا ساڵەی حیزبی دێموکرات ئەوەیە کە ئەو پەیامە وا وەربگیرێ کە ئێمەش بەقەرای ئێوە لە باشووری کوردستان هیوا و هومێدمان پێی هەیە. بۆیە خوای نەخواستە زەرەر و زیان گەیاندن بەو دەسکەوتە، خەڵکی باشووری کوردستان و خەڵکی پارچەکانی دیکەش وا بە ئاسانی نایانبەخشێ. خەڵک فیداکاری کردوە تا ئەو فورسەتەی دروست کردووە. بۆیە ئەرکی ئێمە ڕێبەرانی سیاسی و کاربەدەستانی سیاسیی و موسئوولینە بە ئاوڕدانەوەیەک بەو هەموو فیداکارییە بە بەرچاوڕوونییەکی مەسئولانە، داهاتووی باشووری کوردستان دروست بکەن کە ئێمەش ئەو ئینتزارەمان هەیە.

## پەیامی سیاسیی حیزبی دیموکرات بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە یادی حەفتا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات پەیامی سیاسیی ئێمە بۆ خەڵک لەنێوخۆی وڵات دەقاودەق ئەو پەیامە سیاسییەی پێشەوای حیزبی دێموکرات و ڕەئیس جەمهووری کوردستانە کە ئێمە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناو جێخستنی مافەکانی خۆمان، لە هەموو بوارەکانی خەبات، لە هەموو مەیدانەکانی تێکۆشان کەڵک وەردەگرین. هەموو فورسەتەکانی دەقۆزینەوە، خەباتی ئێمە خەباتێکی فرەڕەهەندییە، کۆماری ئیسلامی ئێمەی مەجبوور بە شەڕ کرد و شەڕی

بەشی یەکەم

بەسەر ئێمەدا تەحمیل کردو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکە بە قارەمانیی خۆیان دیفاعیان لە کوردستان کرد بەڵام مەیدانی خەبات و جێبەجێکردن و جێخستنی مافەکانی نەتەوایەتی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر بەربەرینە، هەموو تاکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاتێک دەتوانن باشترین ڕێز لە حیزبی دێموکرات بگرن و باشترین ڕێز لە پێشەوا قازی محەمەد بگرن، ئەوەیە کە لە هەموو بوارەکانی خەبات لەنێوخۆی وڵات بێتەفاوەت نەبن. ئێمە خەبات و چالاکیی فەعالینی مەدەنی لەنێوخۆی وڵات بەرز دەنرخێنین، بۆ هەمووی ئەو کەسانەی کە لە بوارەکانی جۆراوجۆری فەرهەنگی، ئەدەبی، قانوونی، پاراستنی ژینگەی کوردستان، دیفاع لە خاکی کوردستان، لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز، لە هەموو مەیدانان، لە دانیشگاکان، لە هەر شوێنێک کە بۆیان دەکرێ، دیفاع لە خواست و ویستی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن، پشتوانیان لێ دەکەین. جێگای ڕاستەقینەی حیزبی دێموکرات هەر ئەوێیە و خەڵکی زۆری حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لەنێوخۆی وڵاتە. زۆرن ئەو سەبازە ونانەی کە نێویان دیار نیە و لە مەیدانەکانی جۆراوجۆردا بۆ حیزبی دێموکرات کار و خەباتیان کردووە، ئێستا ناتوانن لێرە بن و ناتوانن لە ڕێوڕەسمەکانی حیزبی دێموکراتدا ڕێزیان لێ بگرین، ئەوانە زۆرن. ئەگەر لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لە موکریان بوون، دواتر لە خوارەوەتر بوون. وە دوای ئینقلابی ئێران زۆرن ئەوانەی کە لە ئوستانی ئیلام، بۆ زیندووکردنەوەی هەستی نەتەوایەتیان، دەیانەوێ پردی ئێستا لەگەڵ ڕابردووی جووڵانەوەی نەتەوایەتی کورد و لەگەڵ بیرۆکەکەی قازی محەمەد و دامەزرانی حیزبی دێموکرات بەقووەت بکەن. زۆرن ئەوانە لە ئوستانی کرماشان کە بە هەست و ئیحساسی نەتەوایەتی خۆیان، بە ئاوڕدانەوە بە مێژوو و خەبات و تێکۆشانی خۆیان ئێستا پێشەنگن لەو بوارەدا، زۆرن ئەوانەی لە هەموو ئوستانەکانی کوردستان بە ئیلام و کرماشان و سنە و ورمێ، لە دەرەوەی کوردستانی ئێران لە بەشەکانی دیکە ئاوڕ وە ڕابردووی حیزبی دێموکرات و حەفتاساڵە و هەروەها یادی پێشەوا قازی محەمەد دەدەنەوە، جێگای خۆشبینی و گەشبینین بۆ داهاتووی ئێمە و بۆ داهاتووی کوردستان. بۆیە حیزبێک کە لە نێو ئەو میللەتەدا دامەزرا بێ و تنوعاتی کۆمەڵگەی کوردستان بە ژن و پیاو و بە هەموو چین و توێژەکان دروستیان کردبێ دڵنیام نەتەنیا حەفتا ساڵ بگرە چەندین حەفتا ساڵی دیکە ئەگەر لە خەبات و تێکۆشان دابێ، بەردەوام دەبێ و هەرگیز کۆڵ نادا. بۆیەش کۆڵ نادا خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان هەمیشە لە ڕۆژە سەختەکاندا لەگەڵ حیزبی دێموکرات بوون و لەمەوبەدواش دڵنیاین پەیامی سیاسیی حیزبی دێموکرات، لەنێوخۆی وڵاتدا بە قووەت و بەهێزتر دەکەن.

## لەپێوەندیی لەگەڵ پرۆسەی ئاشتی لە تورکیە و دەسەڵاتی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان

.... ڕێگاچارەی کێشەی کورد لە تورکیا تەنیا بە موزاکرە و گفتوگۆ و خەباتی مەدەنی و کاری سیاسی و فەعالییەتی سیاسی دەزانین. حیزبی ئێمە هەمیشە بە پەرۆشەوە و بە ئیحساسی مەسئولییەتەوە هەوڵی داوە تێبکۆشێ، پەیامی خۆی بەو کەسانە لە تورکیە بگەیەنێ کە لایەنگری ئەو بیرۆکەن و بە کۆمەڵگەی کوردی تورکیەش بگەیەنێ کە ئەو فورسەتەی

بەشی یەکەم

ئێستا هەڵکەوتووە، لەدەستی نەدەن. زۆری کێشا، دەیان ساڵ قوربانی و فیداکاری و زیندان و خەبات و تێکۆشان، تا ئەو فورسەتە هەڵکەوت و کورد و تورک بەوە گەیشتن کێشەکەیان لە ڕێگەی موزاکرە و گفتوگۆ چارەسەر بکەن. هیوادارین لایەنەکان بە ئیحساسی مەسئولییەتەوە بەرخورد بکەن و ڕێگا نەدەن ئەو فورسەتەی هەڵکەوتووە، تێک بچێ و جارێکی دیکە بگەڕێینەوە سەر خاڵی سیفر.

لە پێوەندیی لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستاندا ئەو دەسکەوتەی کە لەوێ هەیە و کورد توانیویەتی خاوەنی دەسەلاتێکی خۆی بێ، زەمانێک ئەو دەسەلاتە دەتوانێ لە ئیدامەی خۆیدا سەرکەوتوو بی، هەمووی کۆمەڵگەی کوردی سووریە بە ئی خۆی بزانێ، هەموو تنوعات حیزبی و سیاسی و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی سووریە بەیەکەوە لە ئیدارەی وڵاتدا بن. هیوادارم هەموو لایەک لەسەر وەلانانی ئەقلییەتی ئینکار و نادیدەگرتنی لایەنەکانی دیکە زەمینە خۆش کەن بۆ موشارەکەت و ئەو موشارەکەتەش بتوانێ هیوایەکی زۆرتر بدا بە قەزیەی کورد بە گشتی.

## حیزبی دیموکرات و ئوپۆزیسیۆنی ئێرانی و کوردستانی

لە پێوەندیی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کە حیزبی دێموکرات چارەسەری کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ئێستاش لە چوارچێوەی ئێراندا دەبینێ، کارنامەی حیزبی دێموکرات هەمیشە ئەوە بووە دۆست بۆ خۆی زیاد بکا، دوژمن کەم کاتەوە، هەتا ئێمە لەنێو ئێرانییە غەیرە کوردەکاندا بە هەموو بیروبۆچوونێکی جیاواز کە هەیانە، دۆست بۆ خۆمان زیاتر بکەین، مەجالی زۆرتر دروست دەکەین کە لە قەزیەی ئێمە حاڵی بن و بەم جۆرە قەزیەی ئێمە بتوانێ لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا پتر ڕەنگ بداتەوە. ئێستاش ئێمە تێدەکۆشین لەگەڵ هەموو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ئەوانەی کە بە جۆرێک قەزیەی ئێمە قەبووڵ دەکەن، ئێعتیراف بە مەسەلەی کورد دەکەن، تێدەکۆشین ئەو تنوعاتە لە شوێنێکدا یەک بگرین کە ئاڵتەرناتیوێکی موناسیب دروست بێ بۆ ئیدارەی داهاتووی ئێران کە تێیدا بە هیچ جۆر فاکتۆری کوردی نە تەنیا ئینکار نەکرێ، بەڵکە بەشێک لە چارەسەرییەکە بێ.

لە پێوەندیی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە دەبێ بڵێم بەداخەوە تا ئێستا ئێمە بە نەتیجەیەک نەگەیشتووین، بەڵام لە هەمان کاتدا خۆشبینم و ئێمە لە حیزبی دێموکرات بە خۆشبینییەوە چاو لە داهاتوو دەکەین. ئەوەی کە تا ئێستا بەوە نەگەیشتووین بەرەیەک یام جۆرێک کۆدەنگی و لێک حاڵیبون لەگەڵ یەک دروست بکەین، بە مەعنای ئەوە نیە کە ئێمە بە خەتی کۆتایی گەیشتووین. بۆیە بۆ جارێکی دیکە ئێمە هەوڵ دەدەین لەگەڵ لایەنەکانی دیکە لەسەر پرسی هاوبەش، لەسەر دروستکردنی گوفتمانێکی واحید، یەکریزی و یەکدەنگی بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کار بکەین و ئەوە بە قووەت بکەین. ...

## بەشی یەکەم

لە کۆتایی دا هیوادارم هەموو لایەکمان کۆمەک بە لێک حاڵیبوون و تەبایی و یەکڕیزی بکەین. بۆ جارێکی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات لە هەموو ئێوە پیرۆز دەکەم و بە حورمەت و ئیحترامەوە یادی پێشەوا قازی محەمەد یەکەم ڕەئیس جەمهوری کوردستان و هەموو تێکۆشەران و فیداکارانی ڕێگای خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لە ماوەی حەفتا ساڵدا دەکەین. هەموو لایەکتان سەرکەوتوو بن، شەکاوە بێ ئاڵای کوردستان، بژی کورد و کوردستان.

لە ژمارە ٦٦٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٥



بەشی یەکەم

## وتووێژی تایبەتیی «کوردستان» لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە



دیمانە: ئارەش لورستانی

**ئارەش لورستانی: مامۆستا وەک یەکەم پرسیار: دەڵێن حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ ئیدارەی کۆمەڵگە و دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی دامەزراوە، چۆن دەڕواننە ئەم بۆچوونە؟**

**مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە:** پێوەندیی بەوە هەیە کە مەبەست لەو قسەیە چییە. ئەگەر مەبەست ئەوە بێ کە حیزبی دێموکرات هەر بۆ ئەوە دەبێ‌و بە کەلکی هیچی دیکە نایە، ئەمن لەگەڵی نیم. هەرچەندە شانازییە بۆ حیزبێک کە بتوانێ کۆمەڵ ئیدارە بکا. لەجێدا هەموو حیزبێکی سیاسیی جیددی بۆیە دادەمەزرێ کە ڕۆژێک لە ڕۆژان زوو یان درەنگ یان لە مەودایەکی نێونجیدا دەسەڵاتی وڵاتەکەی بە دەستەوە بگرێ و کۆمەڵەکەی بەو جۆرەی کە بۆخۆی پێی باشەو بە مەسڵەحەتی خەڵکی دەزانێ ئیدارە بکا. کەوابێ ئەمە هیچ شتێکی غەریب نییە. بەڵێ حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەش دامەزراوە، بەڵام حیزبی دێموکرات لە ماوەی ٧٠ ساڵ تێکۆشانی خۆیدا هەمووی وەسەر یەک خەیەوە کەمتر لە ٣ ساڵ یان بڵێین کەمتر لە ٤ ساڵ ئیدارەی بەشێکی زۆر کەم لە کۆمەڵی بە دەستەوە بووە، هەم ناوچەی دەسەڵاتەکەی بەرتەسک بووە، هەم ئەو دەسەڵاتانەی بەڕێوەی بردوون‌و بەکاری هێناون کەم بوون، بۆ وێنە تەنانەت لە دەورانی کۆماری کوردستانیشدا کارمەندان پێوەندییان لەگەڵ تاران نەپچڕاوە، مەهاباد کە مەرکەزی کۆمار بووە نوێنەری لە مەجلیسی شوڕای میللیی ئێران دا هەبووە، لە دەورانەکانی دیکەدا، ڕاستە لە ساڵەکانی پاش ئینقلابدا ناوچەیەکی بەرینتر لەبەر دەستی پێشمەرگەدا بوو

## بەشی یەکەم

کە نەک هەر بە تەنیا بەڵام بەشی زۆری حیزبی دێموکرات ئیدارەی دەکرد، لەلایەکی دیکەشەوە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی گەمارۆیەکی بێڕەحمانەی خستبووە سەری، بەڵام دیسانەکە شارەکان و کارە ڕەسمییەکان پێوەندییان هەر بە دەوڵەتەوە هەبوو، وا نییە کە حیزبی دێموکرات حاکمیەتی موتڵەقی بە دەستەوە بووبێ، کەوابێ بۆ ئەم حیزبە شانازییە کە بە کەلکی ئەوە بێ کۆمەڵ بەڕێوە بەرێ، بەڵام هەر بۆ ئەوە دروست نەبووە، دەلیلەکەشی هەر ئەوەیە کە لە ٧٠ ساڵ وەکوو گوتم ئەگەر زۆری حیساب بکەین ٤ ساڵ بەشێک لە وڵاتی ئیدارە کردوە بەڵام ٦٦ ساڵ خەباتی نهێنی و خەباتی سەخت و خەباتی چەکدارانە و شێوەکانی دیکەی خەباتی بەڕێوە بردوە.

**نارەش لورستانی**: ئەگەر پێمان وابێ حیزبی دیموکراتی کوردستان، تایبەت بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی کۆمەڵگەی کوردستان دامەزراوە؛ کەواتە چالاکیی ئەو حیزبە تووشی ئیدارەگەرایی و جۆرە وشکییەکی تایبەت دەبێ و یان بووە، لە ئاکامدا ناتوانێ خۆی دەگەڵ هەلومەرجی راستەقینە بگونجێنێ، ئەگەر ئەم لێکدانەوەیە وەک خۆی وەرگرین، ئێوەش لەسەر ئەو بڕوایەن، یان نا، ئەو حیزبە تا ئەو کاتەی کۆماری کوردستان دەڕووخێ بە گوێرەی هەلومەرج و پێداویستییەکان ئەم پێکهاتەیە وەردەگرێ؟

**مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە**: پێموایە لە جوابی پرسیارەکەی دیکەشدا بە جۆرێک لە جۆران ئەوەم گوت حیزبی دێموکرات ناکرێ بڵێین بۆ ئەوە دامەزراوە، هەر ئێستا تەمەشا بکەین ئەو بەرنامە ئیدارییە کە لە بەرنامەی سیاسیی حیزبی دێموکراتدا هەیە، هەمووی بۆ هەلومەرجێکە کە مەعلوم نییە کەنگێ دێتە دی، یانی بەرنامەیەکە کە حیزبی دێموکرات دەیهەوێ پاش ئەوەی تێکۆشانی رزگاریخوازانەی میللەتی کورد سەرکەوتنی بە دەست هێنا، ئەو لە کۆمەڵدا پیادە بکرێ، لە عەینی حاڵیشدا ئەگەر ورد تەماشا بکەین بەرنامەی حیزبی دێموکرات بە هیچ جۆر ئەو ئیدارەیەی نەداوە بە حیزبی دێموکرات، داویەتی بە خەڵکی کوردستان، بەڵام پێشنیاری بۆ ئەوە هەیە، ئەوجار دەبینین کە ئەو حیزبە لە بواری جۆراوجۆردا خەباتی کردوەو خۆی تاقی کردۆتەوە، ئەمن پێموایە ئەوەندەی ئیمکانی هەبووە لە بواری تەشکیلاتیدا، لە بواری دیپلۆماسیدا، لە بواری تەبلیغاتیو فەرهەنگیدا، لە بواری دیپلۆماسیو سیاسیدا کەمتر لە بواری ئیدارەی کۆمەڵ چالاک نەبووە ، چونکی لە بواری ئیدارەی کۆمەڵدا عوزری هەبوو، لەبەر ئەوەی ئیمکاناتی کەم بوو، دەرفەتی کەم بوو، ئەگینا زۆری ئیشکالات هەبوو. ئەو حاکمیەتە خۆماڵییە خۆشەویستە، دەنا پڕ بوو لە ئیشکالات و لە کەموکوڕی.

**نارەش لورستانی**: ئەگەر وتەکانی ئێوە بە پێوەر وەربگرین پرسیارێک دێتە گۆڕێ، ئەویش ئەوە کە؛ کەواتە بۆ کۆمەڵەی ژ - ک ١٣٢١ دادەمەزرێ، بەڵام ساڵی ١٣٢٤ دەبێ بە حیزبی دیموکراتی کوردستان؟ بەو واتایەی هاوکات دوو حیزب نەبوون، هۆکارەکەی چییە؟



سەرچاوە Serchawe

## بەشی یەکەم

**مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە:** لەڕاستیدا ئەمن پێموایە ئەوم دووانە نەک هەر دوو حیزب لە پەنای یەک نەبوون، تەنانەت تەبدیلیش هەر نەبوون، یانی کۆمەڵەی «ژ-ک» لا نەچووە حیزبی دێموکرات دامەزرێ بەڵکوو کۆمەڵەی «ژ-ک» ناوی گۆڕیوە بە حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەوە لە تاریخدا سەبتە و دەتوانی مەراجعە بە ئەسناد بکەی کە دەبینی ئەوە دروستە. ئەوە کە بۆچی ئەوەی گۆڕا ڕەنگە دەلایلی زۆری هەبێ، بەڵام دەلیلێک کە ئەمن دەتوانم لێرەدا بیهێنمەوە ئەوەیە کە کۆمەڵەی «ژ-ک» وەکوو ڕێکخراوێکی سیرفەن ناسیۆنالیستی پێکهاتبوو، مەسەلەن لە بەشێک لە بەرنامەکاندا دەڵێ: کۆمەڵەی «ژ-ک» لە باری فلانەوە ئەوەیە، لەباری دینەوە ئیسلامە، دەی حیزبی جامیعەیەک کە ئیسلامی تێدایە، مەسیحیی تێدایە، یارسانی تێدایە، شیعەی تێدایە، سوننیی تێدایە، جوولەکەی تێدایە چۆن دەبێتە حیزبێک کە بۆ بەشێکی کار دەکا، لای دیکە ڕەنگە پێمان خۆش نەبێ کە ئەو دروشمە ستراتیژییەمان هێناوەتە خوارێ، کۆمەڵەی «ژ-ک» هەر وەکوو ڕێکخراوەکانی پێش خۆشی، وەکوو خۆیبوون و وەکوو هیوا، داوای کوردستانی گەورەو سەربەخۆیی کوردستانی دەکرد، بەرنامەدارێژانی حیزبی دێموکرات بەو نەتیجەیە گەیشتن کە لە هەلومەرجی ئەو وەختیدا (و بەداخەوە تا ئێستاش هەر راستە) وەدیهێنانی ئەو شوعارە زۆر ناواقعییە، چارەسەری مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا کە کوردیان تێدا دەژی پتر ڕێی تێدەچێ، پتر بە گەرووی کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا دەچێ و دەتوانێ دۆست و تەرەفداری پتر بێ بۆیە بەرنامەکەیان گۆڕی، لە پاشان ئەو بەرنامەیە کراوەیە بەڕووی هەموو چین و توێژەکاندا، کراوەیە بەڕووی ئێرانییەکاندا، کراوەیە بەڕووی بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، تەنانەت بەڕووی دنیای دەرەوەدا، ئەوە دەگەڵ ناوێک کە سیرفەن تەئکید لەسەر کوردایەتی دەکا، تەنانەت کوردستانیشی تێدانییە، ئەوە ناخوێنێتەوە بۆیە ناوی دێموکراتیان لە جێگەی کومەڵەی «ژ-ک» دانا. هەرچەند دیارە ئێستاش دوو نەزەر هەیە کە ئایا «ژ-ک» کورتکراوەی ژیانەوەی کوردە یان ژیانەوەی کوردستانە، بەڵام بە هەرحاڵ ئەو ناوە دەگەڵ ئەو نێوەرۆکە زۆر سازگار نەبووە، بۆیە کە بەرنامەکەیان گۆڕیوە ناوەکەشیان گۆڕیوە.

**نارەش لورستانی:** بابەتێکی دیکەی بەرباس، ئەوەیە کە مێژووی ٥٠ ساڵی رابردووی حیزب، واتە نیو سەدەی تەمەنی حیزبی دیموکرات، مێژووی جیابوونەوە و لەتبوون بووە، ئێوە چ دەفەرموون؟

**مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە:** ئەمن پێموایە هیچ کەس نییە کە پێی وابێ ئینشعاب و لێکدابڕان شتێکی باش و دڵخوازە، بەڵام ئەوە غەدرێکی زۆرە کە بڵێین تاریخی ئەو حیزبەی ئەوەیە، لەلایەک ئەو حیزبە ٧٠ ساڵ خەباتی لە پشت سەرەو لەلایەک ئەو وەختەش کە لێک دابڕاون لە حالاتی زۆر ئیستسناییدا نەبێ ئەوانەی لێک دابڕاون هەموویان لە ڕێی ئامانجەکاندا تێکۆشاون، وا نەبووە لە ئامانجەکانی ئەو حیزبە لایان دابێ، پاشانیش ئەرێ زۆر جار موتتەهەم دەکرێن کە ئەوانە لەسەر مەقام و لەسەر کورسی و نازانم لەسەر پووڵ و پارە و ئەوە پێکەوە هەڵناکەن، قەت شتی وا نیە، مەسەلەن هەر ئێستا ئەوە بۆ ماوەی نۆ ساڵە حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو بۆتە دوو حیزب، دوو حیزب بە تەواوی مەعنا، باشە



سەرچاوە
Serchawe

**بەشی یەکەم**

لەسەر چ پارەیەک؟ لەسەر چ مەقامێک؟ ئەرمن جارێکی دیکە ئەو عیبارەتە بەکار دێنمەوە، «بە هەر دوو حیزبەکان دوو میتر خاکمان نیە کە یەکێکمانی تێدا بنێژرێ»، بێجگە لەوەی ئیمتیازاتی مادییشمان نیە. کەوابێ کورسیی چی و گەزی چی و جاوی چی؟ پاشانیش دەبینین کە لەتبوونی ئەحزاب نە تایبەت بە حیزبی دێموکراتە، نە تایبەتی کوردی ئێرانە، نە مەخسووسی ئێرانییانە نە مەخسووسی کوردە، لە وڵاتانی زۆر پێشکەوتووی دنیادا حیزبەکان لەتبوونیان تێدەکەوێ، مەسەلەن ئەمن نەمدەزانی برادەری خۆمان کاک مستەفای شەڵماشی بۆی باس کردم گوتی لە هولەند سێ حیزبی دێموکراتی هولەندمان هەن، هەر ئێستا هەرسێکیان نوێنەریشیان لە پارلەماندا هەیە، لە وڵاتێکی دێموکراتدا حیزبێکی دێموکرات ئینشعابی تێدەکەوێ، حیزبی سوسیالیستی فەرانسە لە یەکێک لە کۆنگرەکانیدا (ئێستا ڕەقەمەکەیم لەبیر نیە) لە سەرحەدی لەتبوون گەڕایەوە، پێشنهادێک کرا کە بێن سازشێک بکەن و سازشیان کرد، شتی ئاوا هەر دەبێ کەوابێ ئەمە وانیە، بە باوەڕی من ئەگەر گلەییەکی گەورە بە ڕێبەران و هەڵسوڕێنەرانی حیزبی دێموکرات وارید بێ ئەوەیە کە پێم‌وایە ئەو دابڕان و لێکدابڕانەش لەسەر ئەوەی پەیدا دەبێ کە زەرفیەتی پێکەوە هەڵکردن و بەرەو پێشبردنی بیرو باوەڕە جیاوازەکانیان زەعیفە، دەنا باشە حیزب بەوە پێش دەکەوێ کە بیر و باوەڕو بۆچوونی جودا جودای تێدابێ. دەنا ئەگەر بە قەولی یەکێک لە نەمران ئەگەر کەسێک گوتی قوو هەموو بڵێن قووقوو ئەوە حیزب نیە، چونکی لە حاڵەتێکی وا دا یان یەک کەس شت دەزانێ و ئەوانی دیکە هیچ نازانن، یان یەک نەفەر دەسەڵاتی هەیە و ئەوانی دیکە ناچارن پەیڕەوی بکەن، حیزبێکی وا حیزبێکی باش نیە، بەڵام ئەوە کە ناتوانن جیاوازیی بیرو باوەڕەکانیان لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی یەکگرتوودا بەرنە پێش، ئەوە ئینتقادێکی بەجێیە کە بە هەموو حیزبێک بەتایبەتی بە ئەحزابی کوردی واریدە.

**ئارەش لورستانی**: حیزبی دیموکراتی بەوە تاوانبار دەکرێ کە ڕەوتی جیابوونەوەکان دوای دکتور قاسملوو دەست پێدەکا، ڕای ئێوە چییە؟ هەروەها بە بڕوای بەڕێزتان هۆکاری ئەو کێشە و ناکۆکییانە چ بووە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن‌زادە**: ڕەنگە ئەو تاریخی لێکدابڕان لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بەداخەوە لە ٥٠ ساڵیش کۆنتر بێ، کۆنتر لەو دەورانەش بێ کە دوکتور قاسملوو تێیدا شەهید بووە، دوکتور قاسملوو ئەو ساڵ ٢٦ەمین ساڵی شەهیدبوونی بوو، بەڵام ئینشعابێک کە دوای دوکتور قاسملوو بووە یەکدانەیە، لە دەورانی دوکتور قاسملوودا هەر لە قۆناغی تازەی خەبات دا پاش ئینقلاب حیزب دوو ئینشیعابی تێکەوتوون. لە کۆنگرەی ٤ و کۆنگرەی ٨، لە پێش ئەو وەختیش چەند ئینشعابێک ڕوویان داوە، تەنانەت ڕاپەڕینی ٤٦- ٤٧یش کە یەکێک لە لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانە نەتیجەی ئینشیعابێک بوو، کومیتەی ناوەندی موخالیفی بوو،

بەشێک لە کادرەکانی حیزب دەگەڵ ئەو حەرەکەتە بوون و ئەو حەرەکەتەیان ئیدارە کرد کە تەنیا دوو یان سێ کەسیان لە کومیتەی ناوەندی بوون، ئەوانی دیکە هیچیان لە کومیتەی ناوەندی نەبوون، بەو حیسابە ئەمە وا نییە کە ئەو ئینشیعاباتە

بەشی یەکەم

کە ٥٠ ساڵ لەوە پێش دروست بوون و ئەو ٥٠ ساڵە هەمووی ئەوەیە یان دوای دوکتور قاسملوویە، بەڵێ دوکتور قاسملوومان هەبوو، لە حەیاتی دوکتور قاسملوودا لە هەموویان دا ڕەنگە بەقەدەر یەک حوزووری نەبووبێ، بەڵام لەو حەیاتەی دا لانیکەم ٥ ئینشعابمان بووە، یەکێکیان هەر تەقسیمی حیزبی دێموکرات بووە، چەپ و ڕاست لە نێو خۆیدا، کە وای لێهاتوە مەسەلەن یەکێکی وەک دوکتور قاسملوو لەسەر ئەو ئینشعابە لە عێراق وەدەر دەنرێ، یەکیان سەرهەڵدانی شتێک بوو بەناوی کومیتەی ساخکەرەوە، یەکێکیان کومیتەی ئینقلابی. تەنانەت یەکێکی دیکەیان کە کەم ناوی دەبرێ پێکهاتنی «حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێبەرایەتی کاتی»، یان بڵێین «قیادەی مووەقوەت» ئەوە پێش ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە حیزبی دێموکراتدا پەیدا بوو، ڕاستە کەم بوون، بەڵام جەریان بوون. کەوابێ مەسەلەکە وانیە دەلایلەکەشی وەکوو عەرزم کردی ڕەنگە زۆر شت بێ بەڵام لە دیدگای منەوە یەک شت زۆر گرنگە، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە لەنێو میللەتی خۆمان دا نیین، ڕێبەری حیزبی دێموکرات و بەداخەوە حیزبە سیاسییەکانی دیکەی کوردی خۆرهەڵات و تەنانەت هەموو ئێرانیش لە دەرەوەی وڵاتن، نە دەرد و مەرگی خەڵکەکەی بە شێوەی مەحسووس دەبینن، نە فشاری خەڵکیان لەسەرە، ئەمن بۆیە باسی فشاری خەڵک دەکەم چونکی هێندێک دەلیلم هەیە؛ ساڵی ١٣٥٨ شەڕی ناسراو بە شەڕی ٣ مانگەمان بەسەردا تەحمیل بوو، بەدوای شەڕەکەدا شتێک بەناوی هەیئەتی نمایەندەگی خەلقی کورد یان دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد دروست بوو، بەڕاستی دەبێ ئیعتراف بکەم فشاری بژاردەکانی کۆمەڵی کوردەواری بوو ئەوەی دروست کرد، هاتن سواری سەری ڕێبەران بوون دەبێ ڕێککەون و پێکەوە کار بکەن، ئەوە بوو کە ئەو هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کوردە لە چوار جەریان، حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە و چریکی فیدائی لقی کوردستانیان دیارە، دەگەڵ مەرحوومی ماموستا شێخ عێزەدین دروست بوو، کەوابێ نەبوون لە نێوخۆدا مەجالێکی زیاتر دەخوڵقێنێ بۆ ئەو جۆرە شتانە، یانی بێکاریی تێدا، نەوعێک بێکاریی تێدایە، مەسەلەیەکی مەشهووریش هەیە کە دەڵێ دەستی بەتاڵ کارگەی شەیتانە.

**ئارەش لورستانی:** وەک دوایین پرسیار، دەگوترێ سەد بریا حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وێکڕا یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبیان کردبایەوە، بە بڕوای بەڕێزتان زەمینە بۆ ئەم کارە لەبارە؟ ئەو دوو حیزبە بە سەرنجدان بەو کەشە راستەقینەیە، پێتان وایە ئەگەر یەکگرتووش بن لەو هەلومەرجەی ئێستادا چییان پێدەکرێ کە ئەمڕۆ وەک دوو حیزبی جیا ناتوانن بیکەن؟

**ماموستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە:** لە نێو کوردەواریدا شتێک هەیە دەڵێن داری بریایان بۆ کەس بەری نەگرتوە، بریا وا بایە، خۆزگە وا بایە دەردێک دەرمان ناکا و بۆ کەس نابێتە نان و ئاو، ئەوە کە زەمینە موساعیدە یان موساعید نیە جوابەکەی مەعلوومە، ئەگەر زەمینەی موساعید هەبایە ئەو جێژنەیان پێکەوە دەگرت، بەڵام ئەوە کە داخوا ئەگەر ئەو دوو حیزبە ببن بە یەک حیزب چ دەکا کە ئەمڕۆ ناتوانێ بیکا، بە باوەڕی من شتێکی فەوقولعادە ناتوانێ بکا، بەڵام تەئسیرێکی یەکجار زۆری بەتایبەتی لەباری ڕەوانییەوە لەسەر خەڵک و لەسەر کۆمەڵی کوردەواری دەبێ، ئیعتباری ئەو



سەرچاوە Serchawe

## بەشی یەکەم

حیزبەی کە دروست دەبێ پتر دەباتە سەرێ، خەڵک بە ئایندە خۆشبینتر دەبێ، بەڵام خۆ بۆ ئەوە پێویست ناکا کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان حەتمەن یەکبگرنەوە، ئەمن پێم وایە بە قەولی فارسی ڕێگەی دوعامان ون کردوە، دەنا خۆ ئێستا ئیدی لە سەحنەی سیاسی کوردستانی ئێراندا تەنیا ئەو دوو حیزبە نین، ڕێکخراوی دیکەش هەن. یەکێک زیاترە، یەکێک کەمترە موناقشەی ئەوە ناکەین. بەڵام دەبێ بە هەمووانمان ئەو ئەرکانەی دەکەونە سەرشانمان وەکوو حیزبی سیاسی بە هەمووانمان جێبەجێ بکەین، ئەوە تەنیا ڕێگەیە و هاسانترین ڕێگە و عەمەلیترین ڕێگەش ئەوەیە کە بێینە سەر موشتەرەکات، پێک بێین و پێکەوە کاری هاوبەش بکەین، ئەگینا پێداگرتن لەسەر ئەوەی حەتمەن دەبێ کۆمەڵەکان ببن بە یەک، حەتمەن دەبێ دێموکراتەکان ببن بە یەک بە باوەڕی من نامانگەیەنێتە جێیەک، چونکە بەداخەوە ئەزموونێکی ٨ - ٩ - ١٠ ساڵە ئەوەمان پێ دەڵێ تەنانەت بە نیسبەت کۆمەڵەوە ئەزموونێکی ١٥ ساڵەش، چونکی ئەوان ساڵی ٢٠٠٠ی زایینی یەکەم جار ئینشعابیان تێکەوت، بەو پێیە پێموایە یەکگرتنەکە حەتمەن تەئسیری هەیە، ئیعتباری حیزبەکەی دەباتە سەرێ، بەڵام بەڵێ گۆڕینی نەوعی لە کار و تێکۆشاندا لە حوزووردا تەنیا بە بوونەوە یەکی دوو حیزب یان بوونەیەکی سێ حیزب ڕوو نادا، زۆر ئاڵوگۆڕی دیکە لە دەوروبەرمان هەن کە تەئسیری ئێمەیان کەمتر لەسەرە، لە خاریجی ئیرادەی ئێمە ڕوو دەدەن یان ڕوویان داوە، ئەوانەش دەتوانن کاریگەر بن، ئەمن لەبارەی جەبهەشەوە زۆر جار دەڵێم ئێستا سبەینێ جەبهە پێک بێ دووسبەی لە ئێران هیچ ناگۆڕێ، بەڵام جەبهە ڕووحیەیەک و هومێدێک دەدا بە خەڵکی، ئەوەی نابێ بە کەم بگرین.

لە ژمارە ٦٦٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٥



بەشی یەکەم

## دوای ٧٠ ساڵ



کوێستان فتوحی

### هەنگاوێکی پڕبایەخ

حیزبی دیموکراتی کوردستان بە خەباتی بێپسانەوە لە ڕێی ئازادیی و مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد، خاوەنی رابردوویەکی پڕشنگدار و زۆر شانازی و سەروەرییە. لاپەڕەکانی ئەو خەباتە پڕیەتی لە دەسکەوتی بەنرخ و نەریتی دیموکراتیانەیە کە جێگەو پێگەی ئەو حیزبەیان لە نێو کۆڕو کۆمەڵە کوردی و جیهانییەکاندا بەڕێزو ئێعتبار کردوە. یەکێک لەو دەسکەوتانەی حیزبی دیموکرات هەموو کات بە بایەخەوە باسی لێدەکا، بوونی ڕێکخراوی ژنان و حوزووری ژنان بووە لە ریزەکانی خۆیدا. دامەزرانی ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان کە یەکەم هەنگاوی لە دەورانی کۆماری کوردستاندا بە مەبەستی هێنانە مەیدان و بزواندنی ژنان لە پێناو وەدەستهێنانی مافەکانیاندا هەڵێنرایەوە، یەکێک لەو هەنگاوە گرنگ و پێشکەوتوانەیە کە واقعی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردستانی لەو دەورانەدا بەتایبەت لە ناوچەی موکریان گۆڕی.

ئەمڕۆ کە حیزبی دێموکرات وەک جەماوەریترین و دێرینترین حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێی ناوەتە نێو هەشتەمین دەیەی تەمەنی خۆی، لەگەڵ ئەوەی مێژوویەکی گەشاوەی تۆمار کردوە، بەدڵنیاییشەوە لە زۆر بارەوە بەرپرسیاریەتیی بۆ داهاتووی خۆشی دروست کردوە. لە پێوەندیی لەگەڵ ژنانیشدا بەهەمان شێوە چونکە لە رابردوودا یەکەم حیزب بووە لە کوردستان، خوێندنەوەیەکی پێشکەوتوانەی بۆ دۆخی ژنان کردوە، بەرپرسایەتیی قورسی لەوبارەیەوە دەکەوێتە سەرشان. جێی خۆیەتی لە ٧٠یەمین ساڵی تەمەنی حیزبدا ئاورێک لە ڕۆڵ و نەخشی ژنان لە ریزی ئەو حیزبەدا بدەینەوە و بزانین

## بەشی یەکەم

تا چەندە توانیویەتی گەشە بەم بیرۆکەیەی کۆماری کوردستان بدا. ئەگەر لەم مێژووە دوور و درێژە ورد دەبینەوە و ئاورێک لەو پرسە بدەینەوە، پێش هەموو شتێ ئەم پرسیارانە بەزەینمدا دێن:

پێشەوا قازی محەممەد ٧٠ ساڵ لەمەوبەر بۆ هێنانە مەیدانی ژنان بۆ نێو بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی و هتد، سنوورە تەقلیدییەکانی کۆمەڵگەی کوردی تا رادەیەک بەزاند، ئایا حیزبی دیموکرات کە خاوەنداریتیی رێبازەکەی قازی محەممەد دەکا،

توانیویەتی ئەو پرۆسەیە بەباشی بەرێتە پێشێ و بەرنامە بۆ بەشداریی ئاکتیڤانەی ژنان دابرێژێ؟ ئایا ژنان تا چەند توانیویانە لە نێو حیزبەکەی قازی محەممەددا رۆڵێکی ئاکتیڤ بگێرن و کاریگەرییان لە گۆڕینی واقعی کۆمەڵایەتی و ستراکتۆری حیزبی دیموکرات هەبێ؟ وڵامی ئەم پرسیارانە دەتوانین بە چاوخشاندنێکی خێرا بە مێژووی حیزبی دیموکرات و نەخشی ژنان لەم حیزبەدا ئاسان ببینینەوە.

بەدڵنیاییەوە دامەزرانی کۆماری کوردستان و سیستمی ئیدارەی وڵات، لە لایەن ئەو کۆمارەوە کاریگەریی زۆری لەسەر ئاگا بوونەوەی کۆمەڵگەی کوردستان لەو دەورانە داناوە، بەڵام ئەگەر بێینەوە نێو قەوارەی ئەو حیزبەی بووە هۆی دامەزرانی کۆماری کوردستان، دەبینین حیزبی دیموکرات لەو بارەیەوە بەپێی پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگە و هەلومەرجەکان، بەتایبەتی لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ەوە، لانیکەم لەنێو ریزەکانی خۆیدا وەک پێویست نەیتوانیوە ئەو بەرنامەیەی پێشەوا قازی محەممەد دایرشت، بیباتە پێشێ و، ژنانیش ئەو نەخش و رۆڵە ئاکتیڤەی دەبوو بیگێرن نەیانگێراوە.

(هێنانەبەرباسی کەموکوورییەکان، بەو مانایە نیە، لە بایەخ و گرنگیی ئەو کارانەی حیزبی دیموکرات لە دەیەکانی رابردوودا بەتایبەت لە دەیەی ٦٠ی هەتاویی لە پێوەندیی لەگەڵ دیاردەکۆمەڵایەتییەکان لە نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستاندا کردوونی کەم بکرێتەوە؛ کە ئەو دەورانە حیزبی دیموکرات دەسەڵاتی بەشێک لە کوردستانی بەدەستەوە بوو، زۆر کەلتووری دژە ژنی لە ژێردەسەڵاتی خۆیدا سڕینەوە و لە ئاگا کردنەوەی خەڵک لەسەر مافەکانیان زۆر کاری بەنرخی کردن).

بەڵام بێینەوە نێوخۆی حیزبی دیموکرات، تەنانەت لەم قۆناغەشدا حزووری و رۆڵی ژن گرێدراوی کۆمەڵێک قەید و بەندە کە دابڕاو نیە لە جیهانبینی و بیرکردنەوەی پیاوسالاری نێو کۆمەڵگە. تاکوو ئەم ساتەوەختەش حیزبی دیموکرات لەگەڵ ئەوەی لەسەر رێچکە و رێبازی کۆماری کوردستان دەڕوا، بە بیانووی جۆراوجۆر، هەوڵی نەداوە بۆ سڕینەوەی کۆدەکانی پیاوسالاری و، خۆی دەرباز نەکردوە لەو قەیدوبەندانەی لەنێو کۆمەڵگەدا ماون. دیارە هیچ پاساو و بیانوویەک ئەمڕۆ

## بەشی یەکەم

نـاتوانێ ئەوە لەچـاوی تیـژی یەکسـانیخوازان و ڕۆشـنبیرانی ڕاسـتەقینەی کـۆمەڵگەی کوردسـتان بشـارێتەوە کە حیزبێکـی دیمـوکرات و سیکۆلارو بیـرچەپ لە ئاست دۆخ و ڕۆڵـی ژن لە کـۆمەڵگە و لە نێـو حیـزبەکەدا هەڵوێست و بڕیـارەکـانی لە ئاستێکی شیاوی چاوەڕوانییەکاندا نەبێ.

دیـارە حیزبەکـانی کوردسـتان، ئەگەر نەڵێین هەموویـان، دەتـوانین بڵێین زۆربەیـان بنـاغەیەکی پیاوسالارانەیان هەبـووە و پێوەرەکانی لاوازبوون و کۆیلەبوونی ژنیان تێدا بەهێز بووە. بۆیە زۆر لەو ژنانەی ڕوویان لە حیزبەکـان کـردوە، نەبـوونەتە شەپۆلێکی ڕزگاریدەری «خود» لەدەست کۆت و بەنـدەکانی پیاوسـالاری و تێکدانی سـاختاری پیـاوەمەزنی لەنێو کـۆمەڵگە و نێو حیزبدا.

ئـاکتیڤ بـوونی ژنـان و ڕۆڵ و کارکردنیـان لە هەر حیزبێـکدا پێویسـتی بە بـاوەڕێکی قـووڵی یەکسـانیخوازی هەیە و نـابێ تەنیا وەک دروشمێک لێی بڕوانرێ. ئەوە پیادەکردن و چەسپاندنی خەونی کۆمەڵگەیەکی ئـازاد و پێشکەوتووە کە حیزبێکـی سیکۆلار، دیمـوکرات و پێشـڕەو گرنکە بەرپرسیارانە کـاری بـۆ بکـات. قسـەکردن لە مـافی وەک یەک بـۆ ژن و پیـاو، شـەڕی گـۆڕینی عەقڵـی دەوێ، شـەڕێک کە بە فکر دەکرێ. گـۆڕینی دۆخی ژنـان لە کـۆمەڵگەدا، یـان ڕۆڵـی ژنـان لە هەرحیزبێـکدا بەبێ ڕەخنەی زۆر جیـددی لە نەریتە کۆمەڵایەتییە پیاوسـالارییەکان و بەزانـدنی سنوورە تەقلیـدییەکان کە بڕوابەخـۆیی لەژنان دەستێنێتەوە، مەحاڵە بێتە دی. هیچ ئاڵوگۆڕێکیش بەتەنیا بە دانی دروشم و دانانی قانوون و بڕیار وەدیی نایە.

### پەسندکراوەکانی حیزبی دێموکرات

ئەگەر چاو لە بڕیارات و پەسندکراوەکانی حیزبی دیموکرات لە پێوەندیی لەگەڵ یەکسانی و ماف و ئەرکی ژنانـدا بکەیـن، کە بەرهەمی فکـر و بیـری کەسایەتییە ڕۆشنبیرەکانی حیزبە،کەمترین ڕەخنەی لەسـەرە، بەڵام بـۆ چەسپاندن و بەکەلتـوور کردنـی بڕیـار و پەسـندکراوەکان کـاری جیـددی و بـایەخی شـیاوی خـۆی دەوێ. ئەگەر کەلتـووری پیاوسـالاری و نەریتیـی کۆمەڵگەی کوردستان لە ڕابردوودا کاری کردۆتە سەر گەشە نەکردن و ئاستی ڕۆشنبیریی لە کۆمەڵگەدا و بە تـایبەتی لەسـەر ژنـان، لە دەورانەکـانی دوایـیدا لە نێـو سـاختاری حیـزبدا ئەو پەروەردە و ئەو ئیـرادە ڕاسـتەقینەیە بەو ڕادەیە نەبـووە بـۆ گەشـە و سەرخسـتنی ئەو پرۆسـەیەی لە پەسـەندکراوەکانی حیـزبدا هەبـوون. یـانی پەروەردەی فکـری تاکەکـان لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیی حیزبەوە، لەگەڵ بڕیـارو پەسەندکراوەکان هەماهەنگ نەبـووە. بـاوەڕ بە یەکسـانی و هاوسەنگکردنەوەی نێـوان مرۆڤەکـان دەبـێ لە گرنگیـدان بە پەروەردە و بارهێنـانی ئینسـانەکاندا بـۆی بگەڕێـین، کە حیـزب لە موناسـباتی نێوخۆییدا بەوشێوەیە گرنگی بە پەروەردەیەکی پێشکەوتوانە و یەکسانیخوزانە نەداوە کە گۆڕانێکی قـووڵ لە نێو ڕیزەکـانی خۆیدا دروست بکا. ڕێبەرانی سیاسیی حیزبی دیموکرات هەمووکـات ئەم قسـەیان دووپـات و چەنـدپات کـردۆتەوە کە بە هـۆی

بەشی یەکەم

ئەو هەلومەرجە تایبەتییە، واتە شەڕی چەکداری و هەلومەرجی سیاسیی کوردستان، حیزب نەیتوانیوە ئامانجەکانی خۆی لە بارەی دۆخی ژنان لە کۆمەڵگەدا پیادە بکا! بەڵام ئایا ئەم قسانە تاکەی دەتوانێ قەناعەت بە نەسلی ئەمڕۆ و سبەینێی ڕۆژهەڵات بێنێ؟

ڕێبەریی حیزب وەک ئۆرگانیزمێک، سەردەمیانە شەڕی لەگەڵ کۆی ئەو کەلتوورەی ژن وەک بوونەوەرێکی لاواز نیشان دەدا، نەکردوە. هەربۆیە تاکوو ئەم ساڵانەی دواییش بوونی ژن لە مەیدانی خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی‌دا لە نێو رای گشتیی خەڵکی کورستان و تەنانەت بۆ زۆر لە تاکەکانی نێو حیزبیش بە زەحمەت قەبووڵ کراوە، ئەگەر قەبووڵیش کرابێ، چاوێکی بەکەمبینی هەر لەگەڵ بووە. بۆیە دەبینین ئێستاش پاش ئەم هەموو ساڵە دوای بڕیارەکەی پێشەوا قازی محەممەد سەرکۆماری کوردستان، بۆ هاندانی ژنان بۆ نێو مەیدانی خەبات و سیاسەت و بە نیسبەتی ئەو ئاڵوگۆڕەی لە ئێستای کۆمەڵگەی کوردستاندا دروست بووە و ئەو و موشارکەتەی ژنان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا هەیانە، لانی کەم لە ریزەکانی حیزبی دیموکراتدا بە بەراورد لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنەکان، ئەو بەشداریی و موشارەکەتە نابینرێ و ژن نەیتوانیوە ڕۆڵێکی کاریگەر و کلیدی لە ژیانی سیاسیی حیزب دا هەبێ. ڕێژەی کەمیی ژن لە ریزەکانی حیزبی دێموکرات و لە ئاستی بڕیاردان دا، دەرخەری ئەم بۆچوونەیە.

راستە هەمووکات ژنان وەک پشتیوانانی سەرەکی و بە توانای خەباتی مافخوازانەی بزووتنەوەی کورد ناسێندراون، بەڵام لە کردەوەدا ئەم پشتیوانانە، لەنێو ساختاری حیزبی دیموکراتدا زۆرتر وەک هێزێکی پاشکۆ ولاواز دیارن، تا ئێستاش ئەو هێزەیان نیە لانیکەم بتوانن خۆیان لەم پاشکۆیەتییە بێننەدەر. جگە لەوەی بە کردەوە سەرەڕای هەموو کەندوکۆسپەکان ژنان لە بزووتنەوەدا بەشدار بوون و جگە لەوەی لە مانفیستی حیزبیشدا هاوسەنگی دەبینرێ، بەڵام لە کردەوەدا لە ساختاری حیزبدا ناهاوسەنگییەکی زۆر دەبینرێ. چونکە هێزی بەڕێوەبەر، بڕیاردەر و پەروەردەکاری حیزب نەک هەر پیاوان بوون، بەڵکوو زۆریان لەو پیاوانە بوون کە ئەم ڕێفۆرمەیان لەخۆیاندا دروست نەکردوە، یان ئەو کەلتوورەیان لەخۆیاندا نەسڕیوەتەوە، کەلتوورێک کە ژن بە مرۆڤێکی لاوازتر لە پیاو دەبینێ. هەمیشە وەک هێزێکی پشتیوان چاو لە ژن کراوە، نەک وەک هێزێکی لەمەیدان.

بێگومان ئەم مەسەلەیە پێویستیی بە خەسارناسییەکی ورد و لێکۆڵینەوە و دەرێنانی ئامارێکی روون هەیە، بەڵام هەر بەچاوخشاندنێکی سەرپێیی، دەردەکەوێ ژنان لەچاو پیاوان دەرسەدێکی زۆر کەم لە بەرپرسایەتییەکلیدییەکانیان هەبووە. دیارە حاشای لێناکرێ ئەمە بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەر ئەسڵ دا ڕێژەی ژن لە حیزبی دیموکراتدا بە هۆی ئەو تێڕوانینە زاڵەی لەکۆمەڵگەدا بەرانبەر بە ژن هەبووە کەم بوون. ئەوە خۆی باسێکی تایبەتی هەڵ دەگرێ. ئەوەی دیکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارانەی لە سەرەوە باس کران. بەڵام قسە لەو ژنانەیە کە روویان لە ریزی حیزبی دیموکرات کردوە و

بەشی یەکەم

قسە لەو ڕێکخراوەیە کە حیزبی دیموکرات دایمەزراند، بۆ نەیانتوانی مێژوویەکی جیاوازتر لەوەی ئێستا دروست بکەن؟

## ژنانیش لەم هەڵسەنگاندن و ڕەخنانە بەدەر نین

ژن خۆی لە خوڵقاندنی دۆخێک کە لە کۆمەڵگەدا بەسەریدا سەپاوە کاریگەری زۆری هەبووە. خۆی قەبووڵی ئەو باڵادەستییەی پیاوی کردوە، خۆی ئەم هەلاواردنانەی قەبووڵ کردوە. لە ڕاستیدا هیچ هێزێک ئاسان واز لە دەسەڵاتی خۆی ناهێنێ یان دابەشی ناکات، پیاو ئەو هێزەیە کە بەردەوام بۆ مانەوەی هێز و دەسەڵاتی خۆی لە بەربەرەکانی و ململانێدا بووە. پیاو لەنێو کۆمەڵگەی کوردستان بە ئەحزابەکانیشیەوە هەر کاتێک ویستبێتی واز لەبەشێک لە دەسەڵاتەکەی بێنێ، بەدڵنیاییەوە ناچار کراوە. لە حیزبی کوردیدا ژن ئەو ئیرادە بەهێزەی لەخۆی نیشان نەداوە کە ئەم مۆدێلە هەر پیاو فەرماندە و بەرپرس و ڕێبەری و سکرتێر بێ، بگۆڕێ. هەرچەند لەمەشیان دا ژنی کورد تاوانباری سەرەکی نیە.

گۆڕینی ئەم دۆخە پەروەردەیەکی ستراتیژی دەویست بۆ پێگەیاندنی مرۆڤی یەکسانیخواز بۆ هاوسەنگ کردن و بۆ ئەوەی ئیرادە و هێزی دەروونی بە ژن ببەخشرێتەوە و ئەم ترسەی لە نێو بنەماڵە و کۆمەڵگەدا لەگەڵی بووە و هەر لەمنداڵییەوە فرچکی پێگرتوە، بتوانێ لەخۆیدا بسڕێتەوە. مرۆڤێک بڕوابەخۆیی و ئەو هێزە دەروونییەی نەبێ، ناتوانێ ئەو کۆسپانەی دێنەسەر ڕێی لەگەڵیان ڕووبەڕوو بێتەوە و لایانبەرێ.

دروستکردنی هاوسەنگی پێویستی بە ڕێژەی زۆری ژنی ئازا، ئاگا و بە ئیرادە و بە پیاوی بەرابەریخواز هەبووە کە بەداخەوە لە حیزبی کوردی و ڕێکخراوی ژنانی کورددا تاکوو ئەمڕۆش لەو بارەیەوە ئەم هێزە دروست نەبووە کە ئەو هاوسەنگییە دروست بکا و ساختارە پیاوسالارە و بگۆڕێ. دیارە ژنی بەهێز، بڕوا بەخۆ، ئاگا و پیاوی یەکسانیخوازی ڕاستەقینە، زەمینەی کۆمەڵایەتی پێشکەوتووی پێویستە. بنیاتنانی داهاتوویەکی جیاواز لە ئێستامان پێویستمان بەو زەمینەیە و بە خەباتێکی فکری ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستاندا هەیە. بەتایبەتی ئەم بەرپرسیارەتییە لە حیزبی دیموکراتدا بەشێکی زۆری دەکەوێتە سەر شانی خودی ژنان و ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان کە ئەم حیزبە دایمەزراندوە. بەو هیوایە لە هەشتەمین دەیەی ژیانی حیزبدا قۆناغیکی نوێ لەم خەباتە دەست پێ بکرێ.

لە ژمارە ٦٦٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە


سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

بەشی یەکەم

## حیزبی دێموکڕات و سپاردنی دەسەڵاتی بەڕێوەبەی بە شوڕاکان



**عومەر باڵەکی**

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە باوەری قووڵی بە دەسەڵاتداریەتی خەڵک هەبووە و هەموو کات داواکاری ئەوە بوو کە خەڵک دەبێ ئیدارەی وڵاتی خۆیان بکەن. ئەو باوەرە لە ماوەی ٧٠ ساڵی ڕابردوودا لە شوعار وکار و کردەوەکانی حیزبی دێموکڕات دارەنگی داوەتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای دامەزران و کار کردن بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردستان و زەمینەخۆش کردن بۆ ڕاگەیاندنی کۆمار لە رۆژی ٢ی ریبەندانی ١٣٢٤ شەرعیەتی بە دەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و بەرێوەبەری ناوچەی ژێر دەسەڵاتی دوارۆژی کۆماری لە کۆبوونەوەیەکی ٢٠هەزار کەسی لە خەڵک وەردەگریٚ و خەڵک لەو کۆبوونەوەدا چاوەڕوانی خۆی لە حیزبی دیموکڕات لە ٦ خاڵ دا گەڵاڵە دەکا و رووبەرووی کومیتەی ناوەندی حیزب دەکاتەوە و ئیفتخار دەکا کە حیزب جێبەجێیان بکا و ئەوەی لەو نووسینەدا مەبەستمانە ئیشارەی پێ بکەین خاڵی ٢ی ئەو ڕاگەیاندراوەیە کە باس لە دامەزرانی مەجلیسی شورا دەکا و داوا دەکا بۆ ئەو مەبەستە بەستێنی هەڵبژادرن لە نێو کۆمەڵگادا لە لایەن حیزبەوە ئامادە بکرێ. بەڵام بە داخەوە تەمەنی کۆمار ئەوەندە کەم بوو کە نەیتوانی ئەو هەل و بەستێنە بۆ هەڵبژاردنی مەجلیسی شورا لە نێو خەڵک دا بڕەخسێنێ.

دوای رووخانی کۆمار حیزبی دێموکرات کەوتە قۆناغێکی دیکەی خەبات بەڵام قەت لەو باوەڕەی خۆی پاشگەز نەبۆوە و هەمووکات و پێ بە پێی خەبات بۆئازادی کاری بۆهاتنەدی ئەومەبەستەش کردووە و کاتێک ساڵی ٥٧ی هەتاوی بە هۆی

بەشی یەکەم

رووخانی نیزامی پاشایەتی، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان توانی خەباتی ئاشکرای خۆی دەست پێ بکاتەوە و خەڵک بە لێشاو روویان لە حیزب کرد و لە روانگە و بیری خەڵک دا حیزب هەمان دەسەڵاتداری سەردەمی کۆمار بوو و چاوەروانیان لە حیزب بوو کە دەبێ بۆ بەرێوەبەری وڵات جێگاو وەزیفەی دەسەڵات و حاکمیەت بگرێتەوە. بۆیە بۆ چارەسەری گیروگرفتی رۆژانەی خۆیان، ئابووری و کۆمەڵایەتی روویان لە بنکەو دەفتەرو شوێنی کاری حیزب دەکرد و ئەوە ببووە هۆی ئەوە کە بەشێک لە وزە و توانای کادر و پێشمەرگەو ئەندامە چالاکەکانی حیزب لەخزمەت چارەسەرکردنی گیروگرفتی خەڵک دابێ. ئەوە لە راپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرە چوار بەروونی رەنگی داوەتەوە ولەگەڵ ئەوەداوەک گرفت بۆکاری حیزب باسی دەکا، بەڵام بۆچارەسەری وگرینگیدان بەمەسەلەکە باس لە پێویستی دامەزراندنی شوراکان دەکا. «داوای سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران، زۆربەی خەڵک بە تایبەتی خەڵکی گوندنشین بۆ چارەسەری گیروگرفتی رۆژانەیان روو لە رێکخراوەکانی حیزب دەکەن و ئەوە خۆی دەخەری باوەڕمەندبوونی خەڵک بە حیزبە و ئێمە دەبێ رێز بۆ ئەو باوەڕمەند بوونە دابنێین، بەڵام لایەنی خراپێشی بۆ تەشکیلاتی حیزبی ئێمە هەیە ئەویش رێکخراوەکانی حیزبی بوون بە جۆرێک لە ئیدارەی دەوڵەتی و لە ئاکام دا رێکخراوەکانی حیزبی ئێمە ناتوانن چارەسەری گیر وگرفتی خەڵک بکەن چونکە ئیمکانات پێویستمان لە بەردەست دا نییە لەلایەکی دیکەوە لە بەرێوەبردنی ئەرک و پێ سپێردەراوی حیزبی وە داوا دەکەن …، بۆ چارەسەری ئەو گرفتە دەبێ کارەکانی رۆژانە و ئابووری خەڵک بدرێتە دەستی شوراکان هەر بۆیە لە ئێستا دا پێک هێنانی شوڕا لە گوندەکان و شارەکانی کوردستان یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی سیاسی ئێمەیە. »

بە داخەوە داسەپاندنی شەڕ لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە بە سەر کوردستان ئەو فورسەت و هەلەی نەدا کەهەر ئەوکات خەڵکی کوردستان لە رێگای هەڵبژاردنێکی دێموکڕاتێکەوە نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن و لە رێگای شوراکانەوە کوردستان بەرێوە بچێ. بەڵام دیسان حیزبی دێموکڕات دەستی لەسەر دەست دانەناو لە کۆبوونەوەی بەرینی کومیتەی ناوەندی ١٣ - ٤ - ١٣٦٠ بڕیاری دا پێشنیار بکرێ هەتا ئاخری پاییزی ١٣٦٠ لە هەموو گوند و ناوچە و شاروشارستانی رزگارکراوی کوردستانی ئێران دا شوراکانی خەڵکی هەڵبژێردرێن و هەر بۆ ئەو مەبەستە گەڵالەیەکی لە ژێر ناوی «گەڵالەی شوڕاکان» پەسەند کرد و لە پێشەکی گەڵاڵەکە دا ئیشارەی بە پێویستی بوونی شوراکان کردوە و دەنووسێ: «لە هەلومەرجی ئەمرۆی کوردستان کە هەموو مافی رەوای خەڵکی کوردستان لە لایەن حکوومەتی کۆنەپەرستەوە پێ شێل کراوە و جگە لە داسەپاندنی شەڕی ماڵوێرانگەر، گەمارۆی ئابووری داخستنی ئیدارەکان و تەنانەت دەرمانگا و نەخۆشخانەو فێرگەکان، دەرەتانی ژینی لەگەڵ ئێمە بریوە پێویستە بۆ بەرێوەبردنی کار و باری ناوخۆیی و کۆمەڵایەتی لە رێگای دامەزراندنی شوراکانی گەل بە کردوە خەڵکی کوردستان چارەنورسی خۆی بە دستەوە بگرێ و جارێکی تر بۆ گەلانی ئێران و جیهان دەری خا، کە ئازادیخواز، پێشکەوتوو، شۆرشگێرە و دەتوانی لە رەشترین رۆژگاریشدا هەمووکەند وکۆسپی ژیان لادا و بەسەر چارەنووسی خۆی دا زاڵ بێ»گەڵالەی شوراکان لە سەرەتایەک و ٧ بەش و ٢٢ خاڵ پێک هاتووە کە باسی لە شتە گشتییەکان، مەرجەکان بۆ هەڵبژاردن و هەڵبژێران، ڕادەی سەلاحیەت و ئەرکی شوراکان، داهات و دەرکەوتی شوراکان و



سەرچاوە Serchawe

بەشی یەکەم

هێزی ئیجرایی شوراکان دەکا.

دوای پەسەند کردنی ئەو گەڵاڵەیە لەلایەن کومیتەی ناوەندی حیزبەوە لە زۆربەی گوند و ناوچەکانی لە ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە کە بەناوچەی ئازادکراو ناودێر کرابوون هەڵبژادنی شوراکان بەرێوە چووە بە کردەوە شوراکان کار و باری رۆژانە کۆمەڵایەتی و ئابووری خەڵکیان گرتە دەست و بۆ کاری ئیجرایی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتیان لە ئەختیار دا بوو هەتاپێک هێنانی هێزێک کە لە ئیختیاری شووراکان دابێ، لە تێبینی خاڵی ٢٢ لە بەشی حەوتەم گەڵاڵەکە داهاتووە: »تا پیک هاتنی ئەو هێزە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لە سەر داخوازی شوراکان ئەو ئەرکە بە جێ دێنن.» بەڵام هێرشە یەک لە دوای یەکەکانی کۆماری ئیسلامی دەرفەتی ئارامی بە کوردستانی نەدا و حیزبی دێموکڕات و هێزی پێشمەرگە تاکتیکی شەڕیان گۆری و بەرە و قۆناغی پارتیزانی شەڕیان گواستەوە. بەڵام بەو حاڵەش شوراکان کارایی خۆیان هەر بوو ئەوەتا لە ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی ٦ بەو شێوەیە باس لە گرینگی شوراکان و پێویستی پێشتگیریان لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە دەکا:

«لە ناوچە ئازاد کراوەکان، شوراکان هەر وا درێژە بە کارە کۆمەڵایەتییەکان خۆیان دەدەن لە زۆربەی گوندەکانی نیوە ئازاد و تەنانەت لە هێندێک لە گوندە داگیرکەراوەکانیش، شورا هەڵبژێردەراوەکانی خەڵک هەر لە جێی خۆیانن و پشتگیری و بە هێزیکردنی شۆرا هەڵبژێردەراوەکان بێ شک لە پێویستە گرینگەکانە لە لایەن حیزب و بە تایبەتی لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە، چونکە شوراکان کۆسپێکی گەورەن لە سەر رێگای حاکمیەتی کۆماری ئیسلامی و هەم وەک پێگەیەک دێنە ئەژمار کە حیزبی ئێمە دەتوانی پشتیان پێ ببەستی.» شک لەوە دا نییە ئەگەر شەڕی داسەپاو و دیکتاتۆری و ملهوری کۆماری ئیسلامی ئەو مەجال و دەرفەتەی بۆ حیزبی دێموکرات هێشتباوە، حیزبی دیموکرات هەروەکی بە کردەوە سەلماندبووی پشتی ئەو باوەرەی خۆی دەگرت وسیستمی بەرێوەبردنی وڵات لە لایەن شوراکانەوە دەکرد بە ئەمری واقع. بێگومان باوەڕ بە دەسەڵاتی خەڵک و رێکخستنی گەڵاڵە و یاسا و هەڵبژاردنی شوڕاکان دەسکەوتێکی بە نرخە لە مێژووی ٧٠ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا.

لە رۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ٦٦٢

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

بەشی یەکەم

# گەلاوێژ و مێژووی نوێمان



**قادر وریا**

مانگی گەلاوێژ، هەم وەبیرهێنەرەوەی گرنگترین‌و خۆشترین رووداوە لە مێژووی نوێ‌و هاوچەرخی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا، هەم گەلەکەمان‌و خەڵکی ئێران دەخاتەوە یادی چەند رووداوی تاڵ‌و خوێناوی.

گەلاوێژ، ئەو مانگەیە کە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد»ژ. ک» (١٩٤٢ ) و حیزبی دیموکراتی کوردستانی تیدا دامەزراوە (١٩٤٥). ئەم دوو رووداوە هەر کامێکیان لە مێژووی گەلی کورد دا، جێگاو شوێنی خۆیان هەیە. یەکەمیان، رووداوێکی گرنگ بوو، چونکە یەکەم ئەزموونی خەڵکی کوردستان لەو بەشەی نیشتمانەکەیان لە پێکهێنانی رێکخراوو کۆمەڵەی سیاسی‌و خەباتگێڕو نیشتمانپەروەر دابوو و، توانی ببێ بە دەسمایەو بنچینە بۆ دامەزرانی حیزبێکی سیاسی‌و سەردەمیانە. بۆ گرنگیی دووهەم رووداویش هەر ئەوەندە بەسە بڵێین وەرچەرخانێکی لە ژیانی سیاسیی بەشێکی گەورە لە نەتەوەی کورد دا خوڵقاندو خەباتی نەتەوایەتی‌و ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستانی خستە سەر رێڕەوێکی نەپساوە، پێشکەوتنخوازانەو مۆدێڕن‌و، بوو بە سەرچاوەو هەوێنی رووداوو ئاڵوگۆڕی سیاسیی گرنگ‌و مێژوویی لە ژیانی میللەتێک دا.

بەڵام گەلاوێژ بیرخەرەوەی هێندێک رووداوی تاڵ‌و خوێناوییشە، کە لە هەموانیان گرنگتر ئەو رووداوانەن کە هەر دووکیان راست لە ٢٨ی ئەم مانگەدا، روویان دا. یەکەمیان کودێتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی رێژیمی پەهلەوی لە دژی حکوومەتی نیشتمانیی دوکتور موسەددیق، کە بووە هۆی لەسەرکارلاچوونی موسەددیق‌و، شکان‌و پاشەکشەی بزووتنەوەی نیشتمانی لە

سەرانسەری ئێراندا. دووهەم، راگەیاندنی فەرمان یا فتوای جیهاد لە دژی گەلی کورد لە لایەن خومەینییەوە لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا! بەڵێ لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا، خومەینی رێبەرو بنیاتنەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە شێلگیریو خۆراگریی خەڵکی کوردستان لە سەر داواکردنی ئازادیو مافە نەتەوایەتییەکانیان، تووڕەو هەراسانی کردبوو، «فەرمانی جیهادی لە دژی خەڵکی کوردستان دەرکردو فەرمانی بە »قوای سەگانە» (*)دا بە هەموو هێزو تواناییانەوە هێرش بەرنە سەر کوردستانو بە فڕۆکەو هێلیکوپتێر پردێکی هەوایی بۆ نێو کوردستان سازبکەن، لە ماوەی ٢٤ سەعات دا بیگرنو بۆخۆشی فەرماندەیی هێزە چەکدارەکانی بەدەستەوە گرت».

خومەینی بۆ جێبەجێ کردنی فتوا بەدناوەکەی خۆی چەندین مۆرەی جینایەتکاری وەک مستەفا چەمران، سەییادی شیرازی (کە بە قەسسابی کوردستان ناوبانگی دەرکردبوو) حەسەنی، نوێنەری خۆی لە ئازەربایجانی رۆژئاوا(پاریزگەی ورمێ) و خەڵخاڵیی جینایەتکار کە دەستووری ئیعدام کردنی دەیان رۆڵەی کوردی لە بێدادگاکانی رێژیمدا دەرکرد، وەک بەرپرسی بەڕێوەبردنی فەرمانی خۆی لە کوردستان دیاری کردو هێزێکی زۆری رەوانەی کوردستان کرد...(١)

سەرکەوتنی کودێتای ٢٨ی گەلاوێژ، لە دوو بارەوە بۆ خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان و حیزبی دیموکرات تاڵو ناخۆش بوو. لەلایەکەوە ئەوانیش وەک هەموو خەڵکی ئێران جارێکی دیکە شایەدی زاڵبوونەوەی دیکتاتۆریو سەرەڕۆیی بەسەر ئەو وڵاتەدا بوونو، خەڵکی ئێران بۆ دەورەیەکی ئەوسەر نادیار لە گەیشتن بە مافو ئازادییەکانیان دوور کەوتنەوە. لەلایەکی دیکەشەوە خەباتی گەلی کورد لە ئێرانو تێکۆشانی حیزبی دیموکرات کە لەگەڵ گەشەکردنی بزووتنەوەی نیشتمانیی سەرانسەری، لە دوای رووخانی کۆماری کوردستانەوە بە شێوەیەکی بێوێنە پەرەیان گرتبوو، ناچار بە پاشەکشە بوون.

بەڵام خاڵی هاوبەشو سەرنجراکێش لە دوای هەر دوو ٢٨ی گەلاوێژ لە کوردستان، بەردەوامیی خەباتو تێکۆشان لەلایەن حیزبی دیموکراتو گەلی کورد بە دژی دیکتاتوریو سەرڕۆییو لە پێناوی ئازادیو مافە نەتەوایەتییەکانی ئەو گەلەدا بوو. دیارە لە نێوان ئەو دوو هەلومەرجەدا (هەلومەرجی سیاسیو گشتیی ئێران، کوردستانو حیزبی دیموکرات لە دوای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢و ١٣٥٨)، جیاوازیی زۆر هەبوو.

ئەگەر لە دوای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ەوە، رۆڵە خەباتگێڕەکانی گەلی کوردو تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات، لە نێو بەندیخانەکانو لە دەربەدەریو دوورە وڵاتیدا نەیانهێشت کوانووی خەبات بە دژی رێژیمی پاشایەتی دابمرکێو لە ساڵەکانی ٤٦و ٤٧دا ئەم خەباتەیان بە راپەڕینی چەکدارانەو پڕ لە فیداکاریی خۆیان گەیاندە چڵەپۆپە، لە دوای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ەوە، کوردستان بۆ ماوەی نزیک بە دوو دەیە، لە ژێر پێی هێرشکەرانو ئینسانکوژانی کۆماری ئیسلامیدا بوو بە یەک پارچە ئاگر. گەلی کورد لە خەباتو بەربەرەکانییەکی نابەرامبەردا کە حیزبی دیموکراتی کوردستان رۆڵی یەکەمی لە



سەرچاوە Serchawe

بەڕیوەبردنیدا هەبوو، نیشتمانی خۆی کرد بە سەنگەری کۆڵنەدانو بە چۆک دانەهاتن لە بەرامبەر زۆرداریو دیکتاتوریی کۆماری ئیسلامیدا. خەباتێک کە لە هەلومەرجی ئێستا دا ئەگەر چی بە شێوەی چەکداری خۆی نانوێنێ، بەلام چونکە هەڵگری ئامانجەکان و داخوازەکانی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستانە، و راپردوویەکی پڕ لە سەروەری و قوربانیدانی هەیە، هەر وا خۆشەویست و جێگای پشتیوانیی گەلی کورد لەم بەشەی کوردستانە. ئەوەتا هەر لە ژێر دەسەلاتی جەهەننەمی ئەو ڕێژیمەی ئێستا دا چەندین جار دیتوومانە، ئەو خەڵکە هەر کە هەل و دەرفەتێکی تەنانەت بچووک و بەرتەسکی بۆ دێتە پێش، بۆ نیشاندانی پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دیموکرات و خەباتەکەی دەیقۆزنەوە.

یەکێکی دیکە لە بیرەوەرەییە ناخۆشەکانی مانگی گەلاوێژ، ئەو کوشتارە بوو کە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی و بە دوای ڕاوەستانی شەڕی نێوان دوو ڕێژیمی ئێران و عێراق دژی بەندییە سیاسییەکان وەڕێ خرا. دەسپێکی ئەو کوشتارە کە تا کۆتاییەکانی مانگی سەرماوەزی خایاند، دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی گەلاوێژی هەمان ساڵ. بە هۆی ئەم کوشتارەوە هەزاران کەس لە رۆلە خەباتکارەکانی وڵات کە سالانێک بوو لە بەندیخانە لە ژێر ئازار و ئەشکەنجە دابوون، گیانیان لێ ئەستێندرا.

بەڵام تەم وهەوری دیکتاتۆرانی تاریکیپەرەست، نەیتوانیوە تریفەی گەلاوێژی رووناکی بۆ هەمیشە بشارێتەوە. شای ئێران کە بە کودەتای٢٨ی گەلاوێژ ویستی بەرۆکی ڕێژیمەکەی بە یەکجاری لە چنگ بزووتنەوەی نیشتمانی و ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران دەربێنێ، سەرئەنجام ٢٥ ساڵ دواتر خۆی و ڕیژیمەکەی، تووشیان بە تووشی بلێسەی رق و تووڕەیی پەنگخواردووی ئەو خەڵکەوە بۆوە و ئەم جار هیچ شتێک فریایان نەکەوت. خومەینی دامەزرێنەری ڕیژیمی کۆماری ئیسلامییش کە بە ڕاگەیاندنی شەڕ دژی خەڵکی کوردستان لە ٢٨ی گەلاویژی ١٣٥٨ دا، پێی وابوو دوای ئەو لەشکرکێشییە بە چەند ڕۆژێک خۆراگریی ئەو خەڵکە تێک دەشکێنێ و کوردستان دەکا بە ماستی مەییو، ١٠ ساڵی کۆتایی تەمەنیشی تیپەڕ بوو و هەر ئەم ئارەزووەی نەهاتە دی و سەرئەنجام ئەم ئارەزووەی بردە بن گڵ. هەر وا کە بە کوشتاری بەندییە سیاسییەکانیش نەیانتوانی کۆتایی بە خەبات و تێکۆشانی ئازادیخوازانی ئێرانی دژی ئەم ڕێژیمە بێنن.

ئەمە جەبری مێژووە .لە دوا جار دا دەبێ تاریکی و ستەم و دیکتاتۆری بڕۆن و رووناکی و حەق و ئازادی ، سەربکەون.

(٭)مەبەستی خومەینی لە «قوای سەگانە» هەر سێ هێزی چەکداری زەمینی، هەوایی و دەریایی بوو. ناوبراو ئەوەندە لە خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان بەرامبەر ڕێژیمەکەی تووڕە و داخ لە دڵ بوو لە خۆی نەپرسیبوو هیزی دەریایی بە کوێ دا بگاتە کوردستان و سەرِ لە گەڵ گەلی کورد بکا؟!!

بەشی یەکەم

(١) کوردستان، ژمارە ٢٧٤ گەلاوێژی ١٣٧٨ وتاری »ئاورێک لە بیست ساڵ شەڕ لە کوردستان»دا، م. مەعرووفی


لە ژمارە ٦٦٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٥



بەشی یەکەم

## دێموکراتو دێموکراتیزاسیون کردنی دێموکرات!



خالید محەممەدزادە

لیئۆن ئەپستین(epstein) بیرمەندی زانستی سیاسی دەڵێ:« سەردەمی دابەشکردنی حیزبەکان بە پێی میتۆدی ئیدئۆلۆژی بەسەر چووە و دەبێ لە ئیستا قسە لە سەر دوو جۆر حیزب لە پۆلێنبەندی حیزبە سیاسییەکان بکەین، ئەویش بوونی ئەحزابی دیموکراتیکو نادیموکراتیکە». واتە گرنگ نیە ئەم حیزبانە سەر بە کام ئایدئۆلۆژیاو فیکرەی سیاسین، ئەوەندەی گرنگە کە ئەم حیزبانە لە کارکردو رەفتاری سیاسیو هەلسوکەوتیان لە گەل کۆمەلگاو لە نێو خۆیان چەندە پابەندی بنەماکانی دیموکراسین.

**ئەم قسەیە دەکەین بە پێوەرو بنەمایەک بۆ قسە کردن لە سەر دیموکراسی حیزبی کوردیو دەپرسین حیزبەکانی ئیمە لە کوێی ئەم پۆلین بەندیەن؟**

ئەگەرچی نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ دۆخی داگیرکاریی کوردستان، ئایدئۆلۆژیک بوونی ئەحزابی سیاسی و کەلتوری کاری حیزبی کە زیاتر لە سەر بنەمای ستالینی بووە تا ئاستی دژایەتی کردنی چەمکی دیموکراسی بە بیانووی خەبات دژی ئیمپریالیستیو سەرمایەداریو ناسیونالیزمی عەشیرەیی ئەو مەجالەی لای ئێمە کەمتر پێکهیناوە بۆ بونیادنان و قسە کردن لە سەر فۆرمی دیموکراتیکی حیزب، بەلام لە کۆمەلێک قوناغی میژوویی هەم ئەحزابی بە نێو «دیموکرات» سەریان هەڵداو هەم رێبەرانێک دەبینرێن کە لە تیئۆریو کارکردی سیاسی خۆیان، چەمکی دیموکراسی بۆیان لە ئەولەوییەتی کاری سیاسی بووەو بە تایبەت دەبێ پێو شوێنی ئەم چەمکەو هەڵگرانی لە رۆژهەلات لە حیزبی دیموکرات هەڵبگرینو بپرسین ئایا ئەم حیزبە وەک ناوەکەی دێموکراتە؟!

## بەشی یەکەم

بێگۆمان حیزبێک وەک حیزبی دیموکرات ئەگەر بە بەراورد لە گەڵ حیزبەکانیتر زۆرترین قسەی لە سەر دیموکراسی کردبێت و کەسێکی وەک قاسملو بگاتە ئەو ئاستە لە بیرکردنەوە کە پێی وابێ :«نابێ بە بیانوی خەبات دژی داگیرکاری خەبات بۆ دیموکراسی وەلا بنرێت»، ئەوە بەرپرسیارەتی ئەم حیزبە بەرامبەر بە دیموکراسیو ئازادی هەم روو بە نێوخۆیو هەم روو بە دەرەوەی، هیچ کەمتر نیە لە هەولی ئەم حیزبە بۆ رزگاری نیشتمانی.

بەڵام ئەزمونی ٧٠ ساڵ چالاکی ئەم حیزبە لەم کەرتە پێمان دەڵێ دیموکراسی حیزبی زۆری ماوە بۆ نەهادینەبوون هەم وەک ساختاری کاری رێکخراوەییو هەم وەک کەلتوری کاری سیاسی، هاوکات غایب بوونی ریبەرانی دیموکراسیخواز لەم پارتە لە زۆر قوناغ دا زیانی زۆر گەورەی تا ئاستی لێکترازان و یەکتر قبوڵنەکردن داوە، واتە لە نەبوونی ساختارگەلی دیموکراتیک، تۆ هەمیشە پێویستیت بە بوونی رێبەرانێکی دیموکرات بووە تا پارێزەری دیموکراسی حیزبی بن.

دیموکراسی دروشمێکی سیاسی نیە تەنیا بۆ دەرەوەی خوت و تەنیا دروشمێک نیە بۆ پاراستنی مافەکانمان لە چوارچێوەی ئێران وەک چون ساڵانێکی زۆر دروشمی دیموکراسی بۆ ئێران وەک زامنێک بۆ پاراستنی خودموختاری سەیر دەکرا، بەڵام ئەم دیموکراسیە لە نێوخۆ زامنیک نەبوو بۆ پاراستنی جیاوازییەکان.

بیگۆمان بوونی ئینشعابەکان مۆری تەئیدن لەم قسەیە چون لە دواجار لە سیستمگەلی دیموکراسی ئینشعاب هیچ مانایەک ناداو دیموکراسی لە سەرەتاییترین پێناسەی کۆکردنەوەی جیاوازیەکانە لە ژێر چەترێکی دیموکراتیک بۆ پێکەوە بوونو پیکەوە ژیان.

ململانێ و جیاوازی حیزبی دیموکرات پاش ٧٠ ساڵ لە گەڵ لایەنەکانیتر چیتر ئەو ململانێ سادەیە نیە کە هەندێک شەریانە لە سەر ئەوەی کامەیان نەتەوەییترە لەویتر، بەڵکوو ئەم هێزە ٧٠ ساڵ پێش ئێستاو بە دامەزرانی کۆماری کوردستان کۆتایی بەم باسە هێنا، بەڵکوو ململانێو جیاوازی ئێستای حیزبی دیموکرات لە گەڵ لایەنەکانیتر- کە بەشێکی زۆریان نەک هەر نادیموکراتن بەڵکوو هێزی دژە دیموکراسیشیان تێدا دەبینرێ - دەبێ لە سەر بەرفراوانترکردنەوەی مەوداکانی دیموکراسیو ئازادیو رێزگرتن لە مافی مرۆڤو ئازادیە کۆمەلایەتی و سیاسی و لە دواجار دا هەوڵدان بۆ بونیادنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد لە سەر بنەمای رێزگرتن بۆ هاوڵاتی بێ. بەڵام کۆی ئەمانە مسۆگەر نابێ ئەگەر ئەم هەوڵانە لە نێوخۆی حیزبەوە ئۆرگانیزە نەکرێتو هەوڵی بۆ نەدرێت.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، خۆی بەرهەمی نەبوونی دیموکراسی و ئازادی و رێز نەگرتن لە کەمایەتی و ئازادیی دەستەجەمعی و تاکەکەسییەکانە، واتە هێزێک کە خۆی قوربانیە، ناتوایی هەمدیسان لە سەر سیستمی قوربانی کردن



سەرچاوە
Serchawe

بەشی یەکەم

بونیاد بنێرێتەوە. کەواتە لێرەوە دەکرێ قسە لە سەر کۆی ساختار و کەلتوری کاری سیاسی ئەم پارتە بکەین لە پێناو حیزبێکی دیموکراتیک و تا ئاستی ئەوەی جیاوازییەکانی کۆمەڵگا خۆی تێی دا ببینێتەوە و جیاوازییەکانی نێوخۆی حیزبیش بە پارێزراوی بمێننەوە.

رەنگە لە یاداشتێکی کورتی وادا نەگونجێ قسە لە سەر کۆی بەستەر و رەهەندەکانی ئەم پرسە بکرێت بەڵام لێرە دەکرێت ئازادی رادەبرین و ئازادی نووسین و ئازادی بیرکردنەوە و پاراستنی عەقلانیەت و بەرفراوانکردنەوەی پانتایی رەخنە و نەقد وەک دەرکەوتەی فەزای دیموکراسی و مەدەنیەت قسەی لە سەر بکرێت و داوا لە حدک بکرێت چەتری پاراستنی دیموکراسی و دەسکەوتەکانی دیموکراسی لە نێوخۆی بێ.
حدک دەبێ لەم رەهەندەوە جیاوازی دروست بکات و نەبێ بە کۆپیەک لە حیزبەکانیتر و لە سەنگەری دیفاع لە ئازادی عەقڵ و ئازادییە تاکەکەسییەکان و رای جیاواز بمێنێتەوە. ئێمە لەو قۆناغە تەنیا پێویستمان بە ئەحزابی رزگاریخواز نیە بەڵکوو بە قەد ئەوەش پێویستمان بە ئەحزابی ئازادیخوازە بە جۆریک کە پارێزەری ئازادییەکان بمێنێتەوە. هەر دوو ئەزموونی باشوورو رۆژاوای کوردستان پێی وتین دەکرێت ئەحزابی رزگاریخواز لە دوای رزگاری نیشتمان بەلایەک بن لە سەر رەوتی پێشخستنی کۆمەلگاو سنووردارکردنی ئازادییەکان،

لە فەزایەکی ئاوادا و بە سەرنجدان بەو کەلتورە پڕ لە رقە سیاسیەی لە کوردستان هەیە، حیزبیک چەندە هەوڵ بۆ رزگاری نیشتمانی دەدات دەبێ بە هەمان ئاست چەتریک بێ بۆ پاراستنی ئازادی و دیموکراسی و گەڕانەوەی رێزو حورمەت بۆ هاوڵاتی کورد.
لە گەڵ ئەوەش چیتر حدک ناتوانێ بیتەوە نێو بەرەی حیزبە نادیموکراتەکان و هیچ بیانوویەکیش نیە ئازادییە نێوخوییەکانی بکات بە قوربانی دەسکەوتی کورتماوەی حیزبی و ئەو راستیەمان لەبەرچاو ون نەبێ کە لە ئێستا رای گشتی کۆمەڵگا چاوەدێری هەڵسوکەوتی سیاسیو رەفتاری رۆژانەی ئەندامانی حیزب دەکات و هەر هەنگاو و هەڵچوونو لێدوانێکی نادیموکراتیک دەتوانێ بە زیانی ئەو هێزە بشکێتەوە.

**لە گەل ئەوەش دەکرێت حدک کۆی تریبونی بکات بە تریبونی کۆمەڵگای کوردی و لە بوونی سانسۆری حکوومەتی و حیزبی، میدیای حدک میدیای کراوە بە رووی جیاوازییەکان و هاووڵاتیان بێ.**

**٧٠ ساڵ خەبات و قوربانی دانی ئەم حیزبە هەر ئەوە لەم هێزە دەخوازیت.**

**لە ژمارە ٦٦٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بلاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٥**



سەرچاوە
Serchawe

بەشی یەکەم

# ئاوڕێک لە ٧٠ ساڵ



مەجید حەقی

## سەرەتا

حەفتا ساڵ بەسەر دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) تێپەر دەبێت. حەفتا ساڵ لە کۆنتێستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خاسمایی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە واتای حەوت نەوەی جۆراوجۆرە، حەوت بایەخ ، بەها و حەوت گۆڕانی بنەڕەتیە. دوای حەفتا ساڵ لە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات تەنیا دەستکەوتی خەباتی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یازدە مانگ کۆماری کوردستان بووە. بەدوای ئەودا ئامانجەکان سەرەرای گەشەسەندنی هەست نەتەوایەتی و پەرەسەندنی بزاڤی مەدەنی دوورتر دێنە بەرچاو. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە یەکگرتوویی دامەزرا و بە دوو تەشکیلاتی جیاواز و ناوی هاوشێوەوە بەرەو یادی دامەزراندنی خۆی دەڕوات.

دوای حەفتا ساڵ بۆچی خەباتی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەیتوانیوە بە سەرەتاییترین ئامانجەکانی خۆی بگات؟ بۆچی نەوە لە دوای نەوە ئەزموونەکانی رابردوو تاقی دەکاتەوە؟ بۆچی دوای حەفتا ساڵ جارێش هەروا رۆڵەکانی نەتەوەی کورد دەبێ ببنە قوربانی بۆ گەیشتن بە سەرەتایترین مافە مرۆڤی و نەتەوەییەکانی خۆیان؟

## ئاوڕێک لە ٧٠ ساڵ

وەک کەسێک کە لە تەمەنی دوانزدە - سێزدە ساڵیمەوە پێوەندیم بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە هەبووە و وەک

## بەشی یەکەم

تاکێکی کورد بە ئەرکی خۆمی دەزانم بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانە بگەڕێم. داهاتوو بە بێ بینینی رابردوو دانامەزرێت، بەڵام پێداچوونەوە بە رابردوو ناتوانیت ئەنجامێکی ئەوتۆی هەبێت گەر تێکەڵ بە بیری ستراتژیک و داهێنان بۆ داهاتوو نەبێت.

دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٩٤٥دا، بە یەکێک لە گرینگترین رووداوەکانی سەدەی رابردوو لە بزاڤی نەتەوایەتی گەلی کورد هەژمار دەکرێت. هەر زوو دوای دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆماری کوردستان بە رێبەری پێشەوا قازی محەممەد دامەزرا. کۆمارێک کە سەرەرای ئەوەی تەنیا یازدە مانگی خایاند، نە تەنها بوو بە هۆی ئاڵوگۆڕێکی قووڵ لە ناو بزاڤی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو بوو بە بنەمای فیکری و هەوێنی ناسنامەی نەتەوایەتی لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش. سەرەرای ئەمە لە رۆژهەڵاتی کوردستان و لە ناو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ئەو کۆمارە و بنەماکانی بەهێزکەری ناسنامەی نەتەوایەتی هەڵکەوتوو لە کۆماردا زۆر بە کەمی سەرنجی پێدراوە و فەلسەفەی وجوودی خەباتی نەتەوایەتی لەو بەشەی کوردستان وەک پەراوێزێک لە ئاڵوگۆڕەکانی سیاسی ئێران بچووک کراوە. لەم نوسینەدا هەوڵی ئێمە ئەوەیە لە روانگە جۆراوجۆرەکانەوە پێگە و رەوشی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بخەینە بەر باس. ئامانجی ئێمە ناساندنی بنەما فیکری و فەلسەفییەکانی حیزبی دێموکراتە بە نەوەی ئێستا و داهاتوو و پێشنیاری دارشتنەوەی حیزبی دێموکرات لە بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی رابردوو و لە سەر بنەمای پێویستیەکانی ئەمرۆی کۆمەڵگای کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

### پێناسەیەک لە تایبەتمەندی بزاڤی نەتەوایەتی

لە نووسینی ئەم وتارەدا ئامانج ئەوەیە وەڵامی پرسیارێکی گرینگ بدرێتەوە؟ فەلسەفەی پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان چی بوو؟ وەڵام دانەوە بەو پرسیارە دەبێتە یاریدەری ناسینی فەلسەفەی بزاڤی نەتەوایەتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە حەفتا ساڵی رابردوودا و ئەمەش ئاستی زانیاری و تێگەیشتنی گشتی ئەندامانی کۆمەڵگا و هۆگرانی بزاڤی نەتەوایەتی لەو پێوەندییەدا بەرزتر دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی نەوەی نوێ بتوانێت بەلەبەرچاوگرتنی ئەزموونەکانی رابردوو خۆی لە هەڵە ئەنجام دراوەکان بپارێزێت، تاکوو سەرکەوتنەکانی بکاتە ئەزموون بۆ سەرکەوتنی نوێ.

کوردستان ناوچەیەکی چەوساوەیە. هەڵسوکەوتی دەسەڵاتداران لە گەڵ خەڵکی کوردستان هەڵسوکەوتی داگیرکەر لە گەڵ داگیرکراو بووە. کوردبوون تەنیا ناوی کوردی، جلوبەرگ و کولتووری رەنگین و دەوڵەمەند نیە. کوردبوون واتا پێناسەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئابووری کە مرۆڤی کورد لە کوردستان پێوە دەناسێنرێت . ئێمە بۆ ئەوەی رەفتار و هەڵسوکەوتی ئەمرۆمان بزانین پێویستە رابردووی خۆمان بناسین. بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاری سیاسی دەبێتە هۆی ناسینی



سەرچاوە Serchawe

بەشی یەکەم

مافەکانمان و بە پێی ئەو خەباتی سیاسی دەبێتە بەشێک لە پێویستی کۆمەڵایەتی، تاکەکەسی و کولتووری مرۆڤی کورد بۆ بەدەست هێنانی ناسنامەی مرۆیی خۆی.

سێ نووسەری بواری زانستی سیاسی بەناوەکانی "گابریەل ئەڵمۆند"، "پاول جوونیوور" و "رابرت جی" لە کتێبی خۆیداندا لەو پێوەندیەدا دەڵێن: ئەو کەسانەی کە ئاگاداری سیاسیان بەرزە، ئاستی داخوازە سیاسیەکانیانیشیان بەرزتر دەبێت و پشتیوانی لە رێبەرانی سیاسی خۆیان دەکەن بۆ ئەوەی بە شێوەی هاوبەش ئامانجەکانی خۆیان بەدەست بێنن. کەوابوو کوردبوون و ئەندامی کۆمەڵگا بوون ئەوەمان لی دەخوازێت کە تەنیا کەسانێکی "پاسیڤ" و بێ لایەن نەبین. بەڵکوو ببینە کەسانێکی "چالاک" و "شوێندانەر" لە ناو کۆمەڵگدا. پرسیار لێرەدا ئەمەیە کە چ بگۆڕ (متغییر)ێک پێکهێنەری سیاسەت ، هێز و بە گشتی پێوەندی نێوان خەڵک و رێکخراوەکانی کوردستانە؟ داخوا جگە لە دیاردەی خەبات لە پێناو بەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتی و مافەکانی مرۆڤی شتێکی دیکە دەتوانێت ببێت؟ بەو واتایە کە پرسی نەتەوایەتی لە کوردستان شوێندانەرە لە سەر هەموو رەهەندەکانی ژیانی خەڵکی کورد. بۆیە لە کوردستاندا هیچ بەشێکی ژیان نادۆزرێتەوە کە پرسی نەتەوایەتی کاری تێ نەکردبێت و لە ژێر باندۆری خەباتی نەتەوایەتی نەبووبێت. بۆیە ناسینی جۆلانەوەی نەتەوایەتی و قووڵبوون لە ئەزموونەکانی ئەرکێکی هەنوکەیی و سەرمایەگوزاری بۆ نەوەکانی داهاتووە، بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو ناچار نەبن باجی هەڵەکانی رابردوو بدەن.

ناسینی و لێکدانەوەی رووداوە سیاسیەکانی ناو کۆمەڵگا لە ناسینی رەوتە فیکری و سیاسییەکانەوە دەست پێ دەکات. بزاڤە سیاسیەکان لە جێدا خاوەنی هیچ ئایدیۆلۆژی و رێکخستنێکی تایبەت نین، بەڵکوو دیاردەیەکە کە لە زانستی کۆمەڵناسی سیاسی دا بنیاتنەری هزری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ژێنگەدا. لە مێژووی کوردستاندا زۆر رێکخراو و جۆلانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەریان هەڵداوە، بەلام بە تەنیا رێکخراوێک، کە بیروباوەر و بنەماکانی سیاسی و ئەخلاقی توانیبێت حەفتا ساڵ درێژە بکێشێت و باوەری مۆدێرنی خەباتی نەتەوایەتی لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا گەشە بکات و چەندین رێکخراوی دیکە لەسەر بنەمای سیاسی و هزری دامەزرێن، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو.

بۆ ناسینی دیاردەیەکی سیاسی - کۆمەڵایەتی، ناسینی رەوتی مێژوویی و سەردەمی ئەو جۆلانەوەیە جێگای سەرنجە. هەر جۆلانەوەیەکی سیاسی دیاردەیەکی مێژوویی و سیاسیە کە لە قۆناغێکی دیاری کراودا سەر هەڵدەدات و و بە شێوەیەکی درێژماوە یان کورت ماوە بەردەوام دەبێت و بە کۆتایی دەگات. پێداگری لەسەر بەردەوامی رەوتی بزاڤەکە تەنیا بە هۆی رووداوە مێژووییەکانەوە نیە بەڵکوو بە هۆی ناوەرۆکی بزاڤ و جۆلانەوەی نەتەوایەتی لە کوردستاندایە. جۆلانەوەکان لە رووی ژمارەوە خاوەنی ئاستی جۆراوجۆرن. دەکرێ وردە رێکخراوی دیکە لە ناو جۆلانەوەدا سەر هەڵبدەن و جیابوونەوە و

## بەشی یەکەم

لێکدابڕانەکانی ناو حیزبی دیموکرات لە درێژەی مێژوودا دەکرێ لەو روانگەیەشەوە بیندرێن. جوڵانەوە سیاسیەکان رۆلێکی گرینگیان هەیە لە هاتنە کاییەی گۆرانکاریە سیاسی - کۆمەلایەتییەکان هەیە گەر خاوەنی ستراتێژیەکی روون و دیاری کراوی سیاسی و کۆمەلایەتی بن و خاوەنی رێبەرایەتی گۆڕانخواز و ئاسۆ بین بێت. ئامانجی کۆتایی جوڵانەوەی نەتەوایەتی بەدەست هێنانی مافە نەتەوایەتییەکان و لە رێگای دەسەلاتی سیاسیەوە بەجێ گەیاندنی ئامانجە سیاسییەکان لە ناو کۆمەلگادایە تا لەو رێگایەدا ستراتێژیەکۆمەلایەتی و ئابووریەکانی پێوەندیدار بە ئاوەدان کردنەوەی ولات جێبەجێ بکات.

### پێوەندی نێوان دیاردەی کۆمەلایەتی و جوڵانەوەکان دەکرێ بە شێوەی خوارەوە کورت بکرێتەوە:

- جوڵانەوەیەکی کۆمەلایەتی، بزاڤێکی کۆمەلایەتیە کە لە ئالوگۆرە مێژووییەکان سەرچاوە دەگرن. واتە پێوەندیان هەیە بە بزاڤە کۆمەلایەتیەکان کە لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژوودا سەریان هەلداوە.
- جوڵانەوەی ئەنجامی بزاڤە و سەرهەلدانە کۆمەلایەتیەکانی خاوەن پێشینە و ئامانجی دیاری کراون.
- جوڵانەوەی کۆمەلایەتی پێوەندی بە جوڵانەوەیەکی کۆمەلایەتیەوە هەیە کە خاوەنی ناوەندێکی رێبەری بێت.
- جوڵانەوەی کۆمەلایەتی، بزاڤێکی کۆمەلایەتیە کە خاوەنی سیمبۆل و هێمای تایبەت بە خۆیە.
- جوڵانەوەی کۆمەلایەتی بزاڤێکە کە خاوەن نفووزی کۆمەلایەتی بێت و جێی لە ناو دڵی خەڵک دا کردبێتەوە.
- جوڵانەوەی کۆمەلایەتی بزاڤێکە کە خاوەنی پێگەی ماددیە. پێگەی کۆمەلایەتی، مەکۆیەکە کە هێماکانی جوڵانەوە بەکار دەبەن. بۆ نموونە کەڵک وەرگرتن لە رەنگێکی تایبەتی لە بۆنەکاندا.

بەگشتی مەبەست لەو باسە ئەوەیە تاکوو پێناسەی جیاوازی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بکرێت لەگەڵ ئەو حیزبانەی کە بەشێوەی ئاسایی و لە چوارچێوەی یاسای ولاتەکانیانەوە خەبات دەکەن بۆ گەیشتن بە دەسەلات و بەرەوپێش بردنی ئامانجە سیاسیەکانیان. حیزبی دێموکرات بە لەبەرچاوگرتنی مێژوو و جۆری خەباتی بەتایبەت دوای شۆرشی ساڵی ١٩٧٩ی گەلانی ئێراندا، زۆرتر وەک جوڵانەوەیەکی سیاسی - کۆمەلایەتی رۆڵی نواندووە. لەو رووەوە پێویستە حیزبێکی سیاسی وەک حیزبی دێموکرات لە سەر رۆڵی بایەخەکان و ئەو نۆرم و هۆیە نوێیانەی کە دەبنە هۆی گۆڕینی بنەماکانی بایەخ و بەهاکان، رۆڵی رێکخراو، رێکخستن و تۆرە پێوەندییەکان و درێژە و بەردەوامی ئەو وردتر بێتەوە و لە سەر بنەماکانی دانی زانیاری و گەشەکردنی ناسنامەی نەتەوایەتی قووڵتر کار بکات. "جوڵانەوە دیاردەیەکی کۆمەلایەتی سازماندراوە بە مەبەستی ئالوگۆر لە کۆمەلگادا کە بتوانێت هاوکات بێت لە گەڵ بەرهەڵستی کۆمەلایەتی و بزاڤی گشتیەوە و خاوەنی رێبەریەکی رێکخراو و یەکگرتوو بێت لە ناوخۆی کۆمەلگادا". لەو پێناسەیەدا مژارەکانی وەک " رێکخستن"، بوونی "گوتاری سیاسی"، "رێبەری" و "ویستی ئالوگۆری کۆمەلایەتی" و "ئامانجدار بوون"، گرینگیان پێدراوە.

## بەشی یەکەم

کاتێک گرووپێک دەسەڵاتی سیاسی نەکاتە ئامانجی خۆی و تەنیا چالاکییەکانی خۆی کورت بکاتەوە بە هەندێک بەرهەڵست و چالاکی کۆمەڵایەتی و نایەکسانی نەتەوایەتی، ئابووری و کۆمەڵایەتی بەرز بکاتەوە، تەنیا دەتوانێت لە چوارچێوەی جوڵانەوەیەکی ناوچەییدا بمێنێتەوە.

"گی رووشە" لە پەرتۆکی "ئاڵوگۆری کۆمەلایەتی"دا بزاڤی کۆمەڵایەتی بریتی دەزانێت لە ڕێکخراوێک کە بەتەواوی ڕێکخراو بێت، کە بەمەبەستی بەرگری یان بەرفراوان کردن و گەیشتن بە ئامانجێکی تایبەت دەستی کردبێت بە ڕێکخستن و پێکهێنانی ڕێکخراو و گرووپە جۆراوجۆرەکان و وەرگرتنی ئەندام. بە بڕوای "تام باتموور" لە پەرتۆکی "کۆمەڵناسی"دا: لە لێکدانەوەی کردەوەی سیاسی ڕێکخراو یان بزاڤێکی سیاسی دا دەبێ چالاکی ڕێکخراوەکە لە بەرچاو بگیرێت نەک کردەوەی کەسەکان .هەرچەند لەوانەیە جاری وایە پێویست بێت ئاستی نفووز و رادەی دەسەڵاتی کەسانی تایبەت لە ناو ریکخراودا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. هەنگاوی یەکەم لەو لێکدانەوەیەشدا لەبەرچاوگرتنی شێوەکانی جۆراجۆری گرووپە کۆمەڵایەتیەکان توێژینەوە لە سەر سیاسەت و ناوەرۆکی ئەو گرووپانەیە. لەو نووسینەشدا هەوڵی ئێمە ئەوە دەبێت لە باس کردن لە کەسان تا ئەوجێگایەی کە مومکینە خۆمان بپارێزین و باسی چالاکیەکانی حیزبی دێموکرات وەک ڕێکخراوێک لە هەموو پێکهاتەکانی بکرێت. بە گشتی کەسانێکی وەک هابرماس و ملوچی لەو بڕوایەدان کە ئامانجی جوڵانەوەی سیاسی تێکدان و تێکشکاندنی سنوورەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئاڵوگۆری بنەڕەتی دایە.

**جوڵانەوە وێرای ئەو تایبەتمەندیانەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا وەک بەرێکخراوبوون، بایەخەکان و هزر و وێکگەیشتنی هاوبەش خاوەنی تایبەتمەندیەکانی خوارەوەشە:**

- بوونی ئامانجی دیاری کراو، کە دەکرێ بەدەستی بێنن.
- بوونی ناسنامەی هاوبەش، هزری ستراتژیکی هاوبەش، بوونی جیهانبینیەکی تا ئاستێک هاوبەش، یەکگرتوویی ریکخراوەیی و ئامانج دەبێتە هۆی شرۆڤەکردنی ئامانج و مەشرووعیەتی جوڵانەوە بەهێزتر دەکات و چۆنیەتی گەیشتن بە دەسەڵات دیاری کرابێت.
- بوونی ڕێبەرێکی گۆڕانخواز و کارامە کە لە لایەن زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی ڕێکخراوەکەوە پشتیوانی لێ بکرێت.
- دژایەتی و بەرەنگاری ڕژێمی داگیرکەر کە سیاسەتی تواندنەوە و لە ناو بردنی نەتەوەی کوردی بەرێوە دەبات.
- پێکهێنانی زەمینەی پێویست بۆ ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵایەتی.



سەرچاوە Serchawe

### جوڵانەوە کۆمەڵایەتیەکان چوار تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە:

- بوونی دژایەتی لە نێوان دەسەڵاتداران و نەتەوە یان چینی ژێردەستە
- بوونی گوتار یان ئایدیۆلۆژی و پەروەردە و دروشمگەلێک کە دەبێتە هۆی راکشانی لایەنگرانی جوڵانەوە و لە ئەنجامی قبووڵ و پێشوازی کردن لەو گوتارەدا ناسنامە و هەستی هاوبەش لە ناو لایەنگرانی جوڵانەوەدا گەشە دەکات
- بوونی تۆرێکی بەرفراوانی پێوەندیەکان بە شێوەی نافەرمی لە نێوان کەسانی هاوبیر، دۆستان و لایەنگرانی جوڵانەوە بە شێوەیەک کە دەزگاکانی سەرکوتکەری رژێمی ناوەندی توانای ئەوەی نیە لەناوی بەرێت.
- هەگەری پێکهاتنی بەرهەڵستی گشتی لە هەلە جۆراوجۆرەکاندا. ئەمەش کاتێکە کە بنیاتەکانی دەوڵەتی ناوەندی لاواز بێت یا خود بە شێوەی کاتیش بێت هەلی خەباتی ئاشکرا و گشتی برەخسێت یا خود لە ئەنجامی لایەنگری خەڵک لە جوڵانەوەکەدا بزاڤی خەڵک ئەوەندە بەهێز بێت کە دەوڵەت توانای سەرکەتی نەمێنێت.

### حیزب یان جوڵانەوە

لە لێکدانەوەی مێژووی دامەزراندن تا ئەمرۆ حیزبی دێموکرات دا تا ئەمرۆ وێکچوونی زۆر هەیە لە نێوان بزاڤی نەتەوایەتی لە گەڵ پێناسەی جوڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا:

- یەکەم تایبەتمەندی پێکهێنەر و هۆی دەسپێکی جوڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتی بوونی جیاوازی و ستەمی نەتەوایەتی، چینایەتی، ئابووری، جوغرافی، ئایینی، نەوەکانی پێکهێنەری کۆمەڵگا، جیاوازی چاندی و فەرهەنگی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی تاراندا بوو. ئەو جیاوازی و ستەمانە بوو بەهۆی پێکهاتنی چەندین سەرهەڵدانی جۆراوجۆر لە شوێنە جیاوازەکانی ئێران لەوانە گیلان، شۆرشی سمکۆ لە کوردستان و سەرهەڵدانی بەختیاریەکان و هتد.
- هۆیەکی دیکە بوونی بەرنامە و جیهانبینیەکی سیاسی بوو کە لە جێی خۆیدا بوو بە هۆی پێکهێنانی هەستی شۆرشگێرانە و یەکگرتوویی خەڵک لە سەردەمی پێکهێنانی کۆماری کوردستان و بەرگری چەکداری لە دەیەی ١٩٨٠ی زایینی دا.
- بوونی رێبەری کاریزماتیک یەکێکی دیکە بوو لەو هۆیانەی کە حیزبی دێموکرات لە رۆژی دامەزراندنی دا ببێتە جێی سەرنج و پشتیوانی کۆمەڵانی خەلکی کوردستان.

پێشەوا قازی محەمەد وەک رێبەریکی کاریزماتیک و رێنیشاندەر رۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە دامەزراندن، رێکخستن و بەرەوپێش بردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و راگەیاندنی کۆماری کوردستان.


سەرچاوە Serchawe

بەشی یەکەم

- بوونی نارەزایەتی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری یەکێکی دیکە لە هۆیەکانی پێکهێنانی جۆڵانەوەکان و شۆڕشەکانن. حکوومەتی دیکتاتۆری پەهلەوی لە سەرەتای بەدەسەڵاتگەیشتنیەوە بۆ تەنبێی خەڵکی کورد دوای تێکچوونی شۆڕشی سمکۆی شکاک دەستی کرد بە گەمارۆی ئابووری کوردستان بەوەش کوردستان وەک ستراتێژی دەوڵەتی ناوەندی بەدواکەوتوویی هێلرا.
پرسیارێک کە لێرەدا پێویست بە لێ وەردبوونەوە دەکات ئەوەیە کە سەرەرای بوونی ئەو جیاوازیانە و تایبەتمەندیەکانی بە شۆرشبوون و جۆڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، حیزبی دێموکرات بۆچی نەیتوانیوە ببێتە هۆی پێکهێنەری شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بەرین کە رژێمەکانی سەردەست بەسەر ئێران ناچار بکات بۆ هەڵبژاردنی رێگای دیالۆگ بۆ چارەسەری پرسی کورد یا خود راکشانی پشتیوانی نێودەوڵەتی لە مەڕ ئەو جۆڵانەوەیە.

جۆڵانەوە زاراوەیەکە لە رووی ناوەرۆکەوە نزیک بە شۆرش. لە راستیدا جۆڵانەوە دەبێتە هۆی خوڵقاندنی زەمینەی پێکهێنانی ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی. ئەو گۆرانکاریانە دەتوانن ببنە هۆی شۆرش یان ریفۆرمی کۆمەڵایەتی. جیاوازی سەرەکی نێوان ریفۆرم و شۆرش لە شێوەی جێبەجێ کردن و ئامانجەکانیاندایە. گۆرانکاریەکانی کۆمەڵایەتی گەر بە شێوەی ئاشتیخوازانە و بەرە بەرە ئەنجام بدرێت پێی دەوترێت ریفۆرم یان چاکسازی. رەوتێک کە چەند ساڵێکە لە باکووری کوردستان رەچاو کراوە و پرسی کورد هەنگاو بە هەنگاو لە ئاستی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری و کولتووریدا بەرەوپێش دەروات. گەر ئەو ئاڵوگۆرانە بنەڕەتی و لە گەڵ توندوتیژی بە ئەنجام بگەن دەبێتە شۆرش. لە روانگەی بزاڤی نەتەوایەتیدا، ئامانجی ئاڵوگۆرەکان چ بە شێوەی شۆرش بن چ بە شێوەی چاکسازی کۆمەڵایەتی – سیاسی ، خاوەنی یەک ئامانجن: ئاڵوگۆری بنەڕەتی بنەماکانی پێوەندیەکانی کۆمەڵایەتی – سیاسی و دابەشکردنی سیستەمی دەسەڵاتی ئێستا لە ئێران لە سەر بنەمای بەها دێموکراتیک و مرۆڤییەکان. بوونی جۆڵانەوە و سەرهەڵدانە جۆراوجۆرەکان یەکێک لە هۆیەکانی لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەندین. لە لایەکی دیکەوە دەسەڵاتی رەها و سەرکوتی هەر جۆرە خۆپێشاندان و جۆڵانەوەیەک لە لایەن حکوومەتی ناوەندیدا دەبێتە هۆی پێکهێنانی سەقامگیریەکی رواڵەتی و دوور کەوتنی خەڵک لە حکوومەتەکان. ئەمەش دەبێتە هۆی پێکهێنانی زەمینەی شۆڕشێکی گەلی لە جۆری شۆرشی ١٩٧٩ی گەلانی ئێران و رووخانی حکوومەتی ناوەندی.

بە بڕوای "برووس کۆئەن " هەموو جۆڵانەوەکان لە هەلومەرجێکی قەیراناویدا دەست پی دەکەن، دوایە دۆرۆنە ناو قۆناغی نائارامی و بەهۆی نارەزایەتی گشتیەوە . قۆناغی سێهەم واتە هاندان و دەربرینی هەستی توندی خەڵک دەست پێدەکات. بەدوای ئەودا قۆناغی چوارەم واتە داڕشتنەوەی قەوارە و شێوازی رێکخراوەی دەست پێ دەکات و قۆناغی کۆتایی قۆناغی سازیبوون و دامەزراوەبوونی رێکخراوەیی دەست پێ دەبێت. گەر بێتو جۆڵانەوە بتوانێت لە راکشانی لایەنگر و پشتیوانی گشتی دا سەرکەوتوو بێت، دەتوانێت ببێتە جۆڵانەوەیەکی گشتی و جۆرێک لە دیوانسالاری لە ناو جۆڵانەوەدا پیک دێت"[i].



سەرچاوە Serchawe

## بەشی یەکەم

بەو پێیە جوڵانەوە بریتیە لە گرووپێکی ڕێکخراو لە ئەندامان و لایەنگران بە ئامانجی بەرگری لە بیروباوەڕ و بەها و بایەخەکانی هاوبەشی دەستەکە بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاری کراوەکانی وەک بەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتی، گۆڕانی پێوەندیەکانی کۆمەڵایەتی، ئازادی خوازی و هتد، لە پێناو پێشکەوتن و گەشەکردنی خۆیدا هەوڵ دەدات و بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێکخراو کۆمەڵگا بگۆڕێت. هەموو جوڵانەوەیەک سەرکەوتوو نابێت و ئامانجی جوڵانەوەکان بە پێی سەردەم دەتوانێت ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێناسانە هەوڵ دەدەین بە لێکدانەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێناسەیەکی بۆ دیاری بکەین و هۆیەکان و کێشەکانی ناوخۆیی حیزب لە ڕوانگەی ستراتژیک، بەڕێوەبەری و پێویستی گەشەسەندنی دووبارەی جوڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شی بکەینەوە.

ئار.چی. تاونی[١] دەڵێ: رابردوو شتێک بۆ ئێستا ئاشکرا دەکات بۆ ئەوەی ئێستا بتوانێت رابردوو وێنا بکات." هەرچەند ئەو وتەیە پێوەندی بە مێژووی ئەورووپاوە هەیە، بەڵام ئەو وتەیە بۆ تێگەیشتن لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بەکەڵکە.

**یەکەم نەوەی** دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان کە دوای بیست و پێنجی گەلاوێژی ١٣٢٤ (١٩٤٥)دا ئاوریان لە ڕابردوو دەدایەوە، لە ڕابردوودا بێژگە لە شکستی یەک لە دوای یەکی شۆڕش و سەرهەڵدانەکانی کورد شتێکیان وەدی نەدەکرد.

**نەوەی دووەمی** حیزبی دێموکراتی کوردستان کە دوای شکستی کۆماری کوردستان و پاشەکشی ساڵی ١٩٤٦، بە زۆری لە ئاوارەیی دەژیا و نەوەیەک بوو بەسەر دوو بەرەی سۆسیالیستی و لایەنگری حیزبی توودەی ئێران و ناسیۆنالیستی و لایەنگری مەلا مستەفا بارزانیدا دابەش ببوو. ئەم دابەشبوونە شوێندانەر بوو لە سەر گەشەسەندن و سەرهەڵدانی کێشە ناوخۆییەکانی حیزبی دێموکرات و پرسی ناسنامەیی ئەو حیزبە لە دەیەکانی خەباتی نهێنی ئەو حیزبە.

**نەسڵی سێهەم** ئەو نەسڵەیە کە لە سەرەتای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی ئێرانەوە تا ئەمڕۆ بڕبڕەی پشت و بڕیاردەری سەرەکی ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لایەنە جیابووەکان لەو حیزبە بوون. نەوەی سێهەم کە دەتوانین بە بەرەچەی خەباتی چەکداری ناوی ببەین، ڕەوتی سیاسی و کلتووری حیزبی، هاوکات لە گەڵ شەڕی چەکداری فێربوو و ئەمەش شوێندانەر بووە لە سەر گەشەسەندنی فەرهەنگی حیزبی لە ڕێکخراوێکی سیاسی و تەشکیلاتیەوە بەرەو ڕێکخراوێکی چەکداری و سیاسی. ئەو نەوەیە سەرەرای چوونەسەری تەمەنی هەروا پێداگرە لەسەر بەڕێوەبردن و بڕیارە سیاسییەکانی

بەشی یەکەم

حیزبی دیموکرات.

**نەوەی چوارەم** نەوەیەکە دوای پاشەکشی شەڕی چەکداری و لە دەسپێکی هەزارەی نوێوە هاتووە ناو حیزبی دێموکرات. ئەو نەوەیە سەرەڕای ئەوەی کە لە رووی رێژەییەوە ئاستی خوێندەواری و شارەزایی و پسپۆری لە نەوەی پێشووی خۆی زیاترە بەهۆی فەرهەنگی داخراوی کە دەرهاویشتەی سیستەمی سانترالیزمی دێموکراتیک و هەروەها بەهۆی رەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی زاڵ بەسەر حیزبی دێموکرات لە باشووری کوردستان، نەتوانراوە لە تواناکانی بەشێوەیەکی بەهێنەیی کەڵک وەرگیرێت و ناچار بەشێکی زۆری رووی لە هەندەران کردووە و بە هۆی نەبوونی وێکگەیشتنی رێکخراوەیی، سیاسی - کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی لە رێکخراوەکانی حیزبی پەراوێز خراون.

**نەوەی پێنجەم** ئەو نەوەیەیە کە پێبەپێی گەشەسەندنی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان و لەرێگای تۆرەکانی راگەیەنە گشتیەکانەوە بزاڤی نەتەوایەتیان ناسیوە و هەڵبژاردە و بەشداریان لە خەباتی حیزبی دێموکرات دا تەنیا بە هۆی پێوانەکانی پێوەندیەکانی کۆمەڵایەتی و بنەماڵەیی نەبووە، بەڵکوو بەهۆی بایەخەکانی ئەو تاکانەوە بووە کە حیزبی دێموکراتیان هەڵبژاردووە. ئەوانە لەکاتێکدا هاتوونە ناو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کە بەپێچەوانەی دەیەی ١٩٨٠ی زایینی حیزبی دێموکرات نە تاکانە حیزبی گەورەی کوردستان و نە تەنیا فاکتۆری سیاسی بەهێز لە کوردستانە. بۆیە هەڵبژاردنی حیزبی دێموکرات بۆ ئەوانە جیا لە پرسی نەتەوایەتی و دروشمەکانی سیاسی ئەو حیزبە پرسێکی پێوەندیدارە بە بەهاکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو حیزبەوە.

[1] R.H. Tawney, Religion and the Rise of Capitalism, New York, 1926, p. 3.

[i] کوئن بروس (١٣٧٥)، مبانی جامعەشناسی ترجمە توسلی غلامعباس، فاضل رضا، تهران، سمت ، لاپەرەی ٤ بۆ لە ماوەی بیست ساڵی رابردوودا ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی رێبەری حیزبی دێموکرات و کادر و ئەندامانی ریبەری پێشووی ئەو حیزبە بیرەوەریەکانی خۆیان لە پێوەندی لە گەڵ رووداوەکانی ناو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بڵاویان کردۆتەوە کە بەشی هەرەزۆری پێوەندیان هەیە بە پێوەندیەکان و کێشەکانی ناوخۆیی و "شەخسی" نێوان ئەکتەرە سەرەکییەکانی حیزبی دێموکرات. کەمتر ئاور لە پرسەگرنگەکانی پێوەندیدار بە ستراتێژی، جۆری خەبات و پرسی بەرەوپێشبردنی ئاستی خەباتی حیزب لە ناو خۆی وڵات دا هەبووە و لەوەش کەمتر رەخنە لە خۆگرتنێکی کۆلێکتیڤ لە ناو حیزبدا باو بووە. یادی هەفتاساڵەی دامەزراندی حیزبی دێموکرات هەلێکی باشە بۆ ئەوەی لە سەر رابردووی ئەو حیزبە گفتگۆ بکرێت. باس لە رابردووکردن نابێ بە نرخی مانەوە لە رابردوودا کورت بکرێتەوە بەڵکوو دەبێ روو لە داهاتوو بێت و ئەزموونەکانی بکرێنە هەوێنی دارشتنەوەیەکی نوێی حیزبی دێموکرات.

بەشی یەکەم

## ئاسۆی دوارۆژ



وەک دکتۆر قاسملوو [١]لە کتێبی چل ساڵ خەبات دا دەڵێت: مێژوو دانانی ڕووداوەکان لە پال یەکتر و ڕیزکردنی ڕووداوەکان نیە. مێژوو دۆزینەوەی پێوەندی لە نێو ڕووداوەکان و نیشاندانی ئەوەیە کە ئەو ڕووداوانە چۆن لە سەر یەکتر کاریگەر دەبن، چۆن دەگۆڕین و چۆن پەرە دەستێنن". بەو پێیە دەبێ دینامیزمەکانی مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بدۆزرێنەوە و هێزەهاندەرەکانی گەشە پێبدرێن.

لە ڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتەوە، دێموکراسی و بەدامەزراەکردنی دێموکراسی لە ناو حیزبدا یەکێک لە دروشمە سەرەکیەکانی حیزبی دێموکرات بووە. بەو حاڵەش دێموکراسی لە ناو حیزبی دێموکرات دا تەنیا لە دەنگدان و دەسەڵاتی زۆرینەدا کورت کراوەتەوە. دێموکراسی تەنیا دەنگدان و بردنەوەی زۆرینە نیە. دێموکراسی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی – سیاسیە کە لەودا دەبێ ئەسڵی بەشداری، مافی کەمایەتی، مافی مرۆڤ، کەرامەتی مرۆڤی، یەکسانی لە بەشداری پرۆسەکانی بڕیاردانداو ئەنجامدانی ئەرکەکان لە چوارچێوەی یاسا پەسەندکراوەکاندا مسۆگەر بکرێت. دێموکراسی ناو حیزبەکان و دەسەڵاتی ڕەهای زۆرینە و بەهەند وەرنەگرتنی کەمایەتیەکان لە جێی خۆیدا ببوو بە هۆی توندوتیژی زۆرایەتی دژی کەمایەتی و ئەمەش کەمایەتی تووشی جۆرێک لە "هەڵچوونی ڕەفتاری" دەکرد کە ئاکامەکی لێکدابڕان و پەراوێز کەوتنی سەدان کەس لە تێکۆشەرانی حیزبی بوو دوای کۆنگرەی سێزدەهەم.

کێشەکانی ناو جوڵانەوەی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەگەلی جۆراوجۆر خراوەتە بەر باس و نیقاش. هۆی جیاوازی لێکدانەوە لە مەڕ کێشەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەر جیاوازی بیروبۆچوون و نزیکبوونەوە بە پرسەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ناو ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. ناوچەگەرایی، کێشەکانی خێڵەکی و ئاسەواری پێوەندیەکانی کۆمەڵگای خێڵەکی و

بەشی یەکەم

عەشیرەیی ئەو هۆیانەن قورسایی لە سەر ژیانی ڕێکخراوەیی حیزبە کوردستانیەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن.

جیا لە کێشەکانی سەرەوە ئاماژە پێکراو، کێشەیەک کە لە بیست ساڵی رابردوودا لە رۆژهەڵاتی کوردستان تەنگی بە حیزبە کوردستانییەکان هەڵچنیوە ، قەیرانی ناسنامەیە. کاتێک لە ناو ڕێکخراوێکدا گرووپێک لە مرۆڤەکان "رەوا" یان "ناڕەوا" هەست بکەن کە لەلایەن گرووپێکی دیکەوە تووشی مەترسی و هەڵاواردن بوون و ترسی ئەوەیان هەبێت کە لە رووی سیاسی و ڕێکخراوەییەوە پەراوێز دەخرێن، ئەو جۆرە کێشانە دەبنە هۆی تێکچوونی پێوەندی نێوان ئەو کەسانەی کە پێشتر لە ئاشتی دا پێکەوە دەژیان، لەمەو بەدوا پێکەوە ژیان و کاری هاوبەش زەحمەت یان نامومکین دەبێت. کێشەی ناسنامەیی دبنە هۆی جۆرێک لە نارسیزمی کۆلێکتیڤ. ئەو کێشەیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە سەرەتاییترین بناماکانی پێکەوە ژیانی ئەندامانی ڕێکخراو لە ناو بچێت و ناوچەگەرایی، هەستی خزمایەتی و سۆزی دەستە و تاقم گەرایی جێی یاسا و ڕێ و شوێنە پەسەندکراوەکان بگرێت.

کێشەی ناسنامەیی کێشەگەلێک نین کە لە شەو ڕۆژێکدا پێک هاتبێن، ئەوان ریشەیان لە قووڵایی کێشەکانی ناو کۆمەڵگا، چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵات، پرۆسەکانی بریاردان و بەشداری لە پرۆسەکاندا و هتد هەیە و بەرە بەرە بە هۆی گرینگی پێ نەدانیان قووڵتر دەبن و تا ئاستی تەقینەوە و لێکدابڕان گەشە دەکەن.

قەیرانی ناسنامەیی ئاکامی پرسە چارەسەر نەکراوەکانی درێژخایەنن. لە ئەنجامی سێ هۆدا قەیرانی ناسنامەیی پێک دێت: قەیرانەکانی سۆسیۆ ئێکۆنۆمیک (ئابووری - کۆمەڵایەتی)، قەیرانی ڕێکخراوەیی، بوونی پلۆرالیزمی ناوخۆیی و قەیرانی سازان لە گەڵ جیاوازییەکان. قەیرانەکانی ئابووری - کۆمەڵایەتی بەهۆی ئاڵوگۆرەکانی ژینگەیەک کە ئەندامانی ئاشکرای حیزبەکان تێدا نیشتەجێن دەبێتە هۆی گەشە سەندنی هەستی ڕەکابەری و پێکهاتنی مەودا و جیاوازی چینایەتی لە ناو ئەندامانی کۆمەڵگای حیزبی دا لە ئاکامدا ئەندامانی ڕێکخراوەکە بە پێی بەرژەوەندیەکانی خۆیان لە دەوری دەستەیەکی تایبەت کۆدەبنەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە ئابووری و پێوەندیە کۆمەڵایەتییەکانیان. قەیرانی ڕێکخراوەیی بە هۆی جێبەجێ نەکردن و بەڕێوەنەبردنی ئەرکەکانی رێبەریەوە و لە ژێر پێنانی مافی کەمایەتیەکانەوە پێک دێت. ئەو دوو تایبەتمەندیە بەتایبەت لە دوایین لێکدابڕانی حیزبی دێموکرات دا زۆر بە روونی بەرچاوبوون. پلۆرالیزمی ناوخۆیی و دانپێنەنانی ئەو پلۆرالیزمە لە جێی خۆیدا بووتە هۆی قەیرانی قووڵی ڕێکخراوەیی. ئامانجی ستراتێژی حیزبی دێموکرات وەدیهێنانی سیستەمێکی فیدرالیستیە لە ئێران کە لەودا مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد پارێزرابێت. کەچی پێڕەوی ناوخۆیی حیزبی دێموکرات پێڕەوی لە سیستەمێکی سانترالیزمی بەهێز دەکات کە لەودا جیاوازییەکان و پلۆرالیزمی کۆمەڵایەتی لە بەرچاو نەگیراوە و پێڕەوی لە فەرهەنگی "یەکسانسازی"یەک کراوە کە نەتەوەی کورد لە دەستی هەمان

بەشی یەکەم

سیاسەت دەناڵێت.

بە هۆی مێژووی دوور و درێژی ژێر دەستی و خەبات و بەربەرەکانی گەلی کورد دژی داگیرکەران و سیاسەتی جێۆسایدی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە، رێکخراوەکانی کوردستان هەمیشە زەمینەی خولقانی قەیرانی قووڵی سیاسی، کۆمەڵایەتی و رێکخراوەییان تێدا هەیە. بەشێکیان بە هۆی کێشەکانی ناوخۆیی و بەشێکیشان بە هۆی ئاڵوگۆڕەکانی دەرەوەیی دەبنە هۆی ئەوەی کە قەیرانەکان بە ئاستی تەقینەوە بگەن و بەڕێوەبەری قەیران لە ناو حیزب دا جێگای نەمێنێت.

قەیرانەکانی ناو رێکخراوە سیاسیەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا پێوەندیان بە نەبوونی قەوارە و ناسنامەی حیزبەکانەوە نیە. بەڵکوو قەیرانی رێبەری و بەڕێوەبەری گونجاو لە گەڵ سەردەم یەکێک لە رێگرییەکانی کێشەکانی ناو حیزبە کوردستانیەکاندایە. خزم خزمێنە و پێوەندی خێڵەکی و ناوچەگەرایی، گەندەڵی رێکخراوەیی و پەراوێز خستنی "ناخودیەکان" بوونەتە هۆی لاواز بوونی رۆژ بە رۆژی پێوەندیەکانی نێوان رێکخراوەکان و  لاواز بوونی ئەنگیزەی بەشداری و گەشەکردن لە ئەندامان و رێکخراوەکانی سەربە حیزبەکان.

رێبەران لە قووڵکردنەوەی قەیرانی ناسنامەیی حیزبەکاندا رۆڵی سەرەکیان گێراوە و ئەمەش بووتە هۆی قووڵبوونی کێشەکانی ناو حیزبەکان و نێوان ئەندامانی حیزب و کۆمەڵگا. جۆری رێبەری ناو حیزبەکان لە بە دەست لانیکەم سێ کێشەوە دەناڵێنن: سیستەمی ناتەواو و خراپی بەڕێوەبەری و مودیریەت، لاواز بوونی پەروەردەی رێکخراوەیی و رێبەری، دابەشبوونی نایەکسانی دەسەڵات و ئیمکاناتی حیزبی لە ناو ئەندامانی رێبەریدا. لە ئەنجامی نەبوونی دێموکراسی راستەقینەدا کە لەوێدا ئەندامانی حیزبەکان خاوەنی هەل و دەرفەتی یەکسان بن بۆ گەشە سەندن و بەشداری لە پرۆسەکاندا، ئاستی سەربەخۆیی بڕیاردانی ئەندامانی حیزبەکان لە خوارەوەیە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە  لاسایی کردنەوە جێگای بیر کردنەوەی راسیۆنال لە کاتی کێشەکاندا بگرێتەوە.

دەکرێ بە کورتی ئاماژە بە پێنج فاکتۆری قەیرانەکانی ناو رێکخراوەکان بکرێت: هەلومەرجی سەختی ژیان و بەتایبەت ژیانی لە ئوردوگاکانی باشووری کوردستان، کێشەکانی پێوەندیدار بە نیازی ئینسانی، قوربانیانی نێوان تاقم و فراکسیۆنەکان، نەخۆشی "ئێمە لەبەرامبەر ئەوان" و هەروەها نەبوونی پاڵنەری و هاندەری چالاکی بەهۆی داخراوی بازنەی رێکخراوەکانی حیزبی کە ئاکامی قەوارەیەکە کە لە دەیەی ١٩٧٠دا لە ناو حیزبدا شکڵی گرتووە.



سەرچاوە Serchawe

## بەشی یەکەم

دوای زیاتر لە هەشت ساڵ دوو هۆی سەرەکی نەیانهێشتووە لایەنەکانی لێکدابڕاو بە یەک بگەن و یەکگرتوویەک کە ئاواتی گەلی کوردە جێبەجێ بکەن:

١- دابەشکردنی دەسەڵات بە شێوەیەکی نا تەندوروست و...
٢- قەیرانی متمانە (بحران اعتماد).

کۆمەڵگای ئەمرۆی کوردستان گۆرانکارییەکی زۆری لە هەموو بوارەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی و کولتووری و ئابووری و ئاست و شێوەی پێوەندیەکان بەسەردا هاتووە. دەتوانین بڵێین کۆمەڵگای کورد بەدرێژایی مێژووی خۆی ئەوەندە فرەرەنگ و پلۆرال نەبووە. بۆیە ئەمرۆ ناتوانرێ یەکگرتنەوەیەک لە سەر بنەماکان و فۆرمۆلەکانی کۆن مسۆگەر بکریت و دەبێ هەر یەکگرتنەوەیەک رێز لە جیاوازیەکان بگرێت و دان بەو جیاوازی و فرەچەشنی ناوکۆمەڵگا بنێن و لەو رووەوە پلاتفۆرمێک ئاوادان بکرێتەوە کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا خۆیان تیدا ببیننەوە و خەونەکانی حیزبی دێموکرات ببنە خەونی تاکەتاکەی کۆمەڵگا و ئەندامان و لایەنگرانی دێموکرات هەست بەوە بکەن کە ناسنامەیەکی یەکگرتوو و فرەچەشنیان هەیە.

حیزبی دێموکرات لە درێژەی مێژووی خۆیدا خۆی بە داهێنەری "سیاسەتی" ئەخلاق سەنتەری و ئەخلاق مەداری دەزانێت. بۆیە رەچاوگرتنی ئەخلاق و پرەنسیبەکان لە وتار و کردەوەدا خاوەنی گرنگیەکی تایبەتە. بۆیە بە بڕوای من داننان بە جیاوازیەکان و تەنانەت ناوەکان دەتوانێت خێراییەکی زیاتر بە یەکگرتنەوە ببەخشێت.

ئاشتی نەتەوایەتی و بەیەکگەیشتنی سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا پێویستی بەستراتژیەک هەیە کە وەڵامی دوو پیویستی سەرەکی بداتەوە: لە لایەک ستراتژیەک بێت بۆ گەشەسەندنی ئاشتی و بەیەکگەیشتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناوخۆیی و لە لایەکی دیکەوە ستراتیژیەکی پێشگیرانە هەبێت بۆ بەرهەڵست بوونەوە لە گەڵ قەیرانەکانی داهاتووی پیوەندیدار بە رێکخراوەکان. ستراتژییەکان دەبێ لە سەر بنەمای چارەسەری کێشەکان و گەشە سەندنی دێموکراسی و سینگ فراوانی ناوخۆیی و نێوان رێکخراوەکان و پێشڤەچوونی بەردەوام و گەشە سەندنی سیستەمێکی بەرێوەبەری و ئیداری وا بێت کە گەشە بە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی - سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان بدات.

تەمەنی نێونجی لە رۆژهەڵاتی کوردستان ٣ / ٢٤ ساڵە و تەمەنی نێونجی بڕیاردەرانی سەرەکی لە حیزبی دیموکرات لە سەرەوەی ٦٠ ساڵە. ئەمەش بۆشایی "بەها" و "بایەخە"کانی نێوان نەوەکانی بڕیاردەر و نەوەی زۆرایەتی دەخوڵقێنێت و



سەرچاوە Serchawe

دەبێتە هۆی بێگانەبوون لە گەڵ رۆحی کۆمەڵگا. و بە پێی ئامارەکانی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ١٤% لاوانی خوارەوەی ٣٠ ساڵ خوێندنی بەرزیان تەواو کردووە. ئاست و چۆنیەتی دانیشتوانی رۆژهەلاتی کوردستان دەرفەتێکی گونجاو و بێ وێنەیە بۆ حیزبە سیاسیەکان خوڵقاندووە کە بتوانن هێزێکی گەنج، دینامیک و پەروەردەکراو بە خوێندنی باڵاو بە هەستی نیشتیمانیەوە لە دەوری خۆیان کۆ کەنەوە. ئەمەش پێویستی بە "رێبەری"یەک دەکات کە بتوانێت ئاسۆیەکی روون، هیوابەخش بە خەڵک ببەخشێت و هێزی گەل لە دەوری بایەخەکانی خۆی کۆ بکاتەوە و بەها هاوبەشەکان لە ناو کۆمەڵگادا گەشە پێ بدات.

## دەرەنجام

ئێستا کە مۆمی حەفتا ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات هەڵدەکەین و جەژنی ئەو بەها نەتەوایەتیە دەگرین، جێی خۆیەتی داوا لە رێبەرایەتی حیزب بە هەردووک بەشەکانیەوە بکەین، کە ویستی یەکگرتووخوازی و دارشتنەوەی دووبارەی حیزبی دێموکرات لە روانگەی پێویستیەکانی ئەمرۆی کۆمەڵگا و راستیەکانی ناو جڤاکی کوردی چ لە ناوخۆی وڵات و چ لە دیاسپۆرا بکەنە "ئیرادەیەکی" خاوەن بەرنامە و کات بۆ دیاری کراو.

**حیزبی دێموکرات چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی خۆیەوە دەبێ بەکردەوە. هەنگاوەکانی خوارەوە هەڵگرێت:**

- پابەند بوون بە بنەماکانی مافی مرۆڤ، رێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ و پابەند بوون بە پلۆرالیزمی سیاسی و جڤاکی
- لە بەرچاوگرتن و رێزگرتنی ماف و بەرژەوەندیەکانی رێکخراوەکانی دیکەی مەیدانی چالاکی سیاسی دا.
- پێرەوی نێوخۆ و بەرنامەی سیاسی حیزب دەبێ خزمەت بە گەشەکردنی پلۆرالیزم و دێموکراسی لە ناو کۆمەڵگادا بکات.
- بە مەبەستی هاوسازی لە گەڵ ئالوگۆڕەکانی جڤاکی کوردستان، پێکهێنانی "ژووری فکری" لە پێناو پێکهێنانی رێفۆرمی سیاسی و رێکخراوەیی لە ناو حیزبدا.
- بە مەبەستی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان، دیاری کردنی لانی کەمی رێژەی بەشداری ژنان لە پرۆسەکانی بڕیاردان و پەروەردەی سیاسی.
- بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداری خەڵکی دەرەوەی حیزب لە رەوتی بڕیاردان و دارشتنی سیاسی حیزبی دا
- پێکهێنانی مکانیزمێکی گونجا لە چوارچێوەی ستراتێژی نەتەوایەتیدا بۆ ئاڵوگۆڕکردن و هاوکاری نێوان حیزب و رێکخراوەکانی دیکەی کوردستان، بەشێوەیەک لە لایەک خزمەت بە گەشەکردنی یەکیەتی نەتەوایەتی لە سەرانسەری کوردستان بکات و لەلایەکی دیکەوە نەبێتە هۆی دەست تێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی یەکتر.

بەشی یەکەم

- پشتیوانی کردن و بەهێزکردن کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان، لە ڕێگای پێکهێنانی ئاسانکاری و دەرفەتی خۆ ڕێکخستن و پێکهێنانی تۆری پێوەندیەکان و هەروەها پێشکەش کردنی فێرکاری و بارهێنانی فەرهەنگی ڕێکخراوەیی.
- ڕێزگرتنی لە ئازادی رادەربرین، ئازادی خۆ ڕێکخستن و پابەند بوون بە پاراستنی مافی کەمایەتیەکان.
- پێکهێنانی دەزگایەکی گەشەسەندن و پەروەردەی دێموکراسی، چارەسەری و بەڕێوەبەری کێشەکان و یەکسانی کۆمەلایەتی.

**حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەی بتوانێت هەروا ببێتە جێی هیوای نوێنەری بزاڤی نەتەوایەتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی بە دارشتنەوەی دووبارە لە سەر بنەمای:**

١- بایەخە نیشتیمان و نەتەوەیی، دێموکراتیک، هوومانیستی و ئیکۆلۆژیک و ژینگە پارێزی.
٢- بەهێزکردنی ڕێکخراوەکان و فەرهەنگی ڕێکخراوەیی بۆ سازماندان و مۆبیلیزە کردنی خەڵک لە سەرانسەری کوردستان و ناوچە کوردنشینەکانی ناو ئێراندا،
٣- هاندانی خەڵک بۆ داهێنان و گەشەپێدانی ئابووری خۆجێی و داهێنەرانە و پەرەپیدانی بازرگانی و بەرهەمهێنانی خۆجێی بۆ بەهێزکردنی باری ئابووری خەڵکی کوردستان و...
٤- چارەسەری پرسی بەشداری یەکسان هاودەرفەت لە نێوان ژن و پیاو و سەرمایەگوزاری لە سەر فێربوون و پەروەردەی ڕێکخراوەیی.

لە حەفتاهەمین ساڵڤەگەری دامەزراندنی حیزبی دێموکرات ئاسۆیەک کە بۆ ئەو حیزبە هیوا دەکرێت بریتیە لەوە کە: حیزبی دێموکرات خەریکی دارشتنەوەی حیزبێکە: مۆدێرن، سەرکەوتوو، یەکگرتوو، خاوەن ڕێز و ئێعتبارە و شانازی بە بایەخە بنەماییەکانی خۆی دەکات، لە رووی سیاسیەوە سەقامگیر و خاوەن هێزی شوێندانەر و بەبێ هەڵاواردن لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵدا و یەکسان لە رووی ماف و دەرفەتەکانە. دارشتنەوەی حیزبی دێموکرات لە سەر ئەو بنەمایە دەبێتە هۆی گەشەکردنی سەرمایە مرۆڤیەکان و پێگەی نەتەوایەتی و ناونەتەوەیی و حیزبی دێموکرات دەگاتە ئاستێک کە ببێتە یەکێک لە فاکتۆرەکانی بەهێزی گەشەکردنی ناوچەیی.

لە پێناو گەیشتن بەو ستراتژییە پێویستە پرۆسەی دێموکراتیزاسیۆن و دێسانترالیزەکردن یان فیدرالیزە کردنی قەوارەی حیزبی دێموکرات وەک دەسپێکی ئەو رەوتە ببیندرێت. ئامانجی حیزبی دێموکرات گەشە سەندن و پێشڤەبردنی تەواویەتی کۆمەڵگای کوردستانە بۆیە بۆ ئەوەی ئامانجەکان وەدی بێن، پێویست بە چارەسەری هەموو کێشەکانی ناوخۆیی و کێشەکانی پێوەندیدار بە حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان دەکات. دەبێ ئەوە بزانین کێشە چارسەرنەکراوەکان وەک بۆمبی "ساعەتی"

بەشی یەکەم

هەمیشە دەتوانن ببنە هۆی تەقینەوە و لە ناو بردنی هەموو ئەو دەستکەوت و بەرهەمانەی کە خەباتی نزیک بە هەفتاساڵەی حیزبی دێموکرات خوڵقاندوویەتی.


[١] . دکتۆر عبدالرحمن قاسملو (١٣٦٦) چڵ ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، ل. ٨

سەرچاوە ماڵپەڕی: http://www.kudiplomacy.info

ڕێکەوتی : ٢٤ی ئاگۆستی ٢٠١٥

بەشی یەکەم

## حیزبی دیموکراتی کوردستان و مافی ئایین و ئایینزاکان



**ئازاد کەریمی**

لە کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ژمارەی ٧٩ی ڕۆژی سێشەممە ٢٩ی گەلاوێژ ١٣٢٥ی هەتاویدا بابەتێک لەژێر ناو نیشانی؛ «مبارزەی ئازادی و دێموکراسی ئێمە پێی لە پێنجەمین ساڵی خۆی ناوە» بڵاو دەبێتەوە و نووسەر (سید محمد حمیدی) نووسیویەتی: بۆ یەکەم جارئێمە لە دوای چوارساڵ بەربەرەکانی لە ڕێگەی ئازادی و دێموکراسی و لەگەڵ هەزاران گرێپوچکە و گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مادی و مەعنەوی، ئەوڕۆ بە ئاشکرا و لە ئەوپەڕی هێزدا و لە کاتێکدا هێزی چەکدارمان دامەزراندوە هەزاران پێشمەرگەمان لە سنووری کوردستاندا بۆ پاسەوانی داناوە و بە حاڵەتێکی ئازاد و سەربەست ڕۆژنامە و گۆڤاری (نەتەوەیی- ملی) خۆمان بە دنیا دا بڵاو دەکەینەوە و ... دەرکەیەکی هومێدمان بۆ دواڕۆژ بە ڕووی گەلی کورددا کردۆتەوە.

خەسڵەتی دێموکراتیک بوونی کۆماری کوردستان بە گێڕانەوەی دەسکەوتەکانی پێنج ساڵەی درووستبوونی ڕێکخراوەی «کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ژ - ک» لە ساڵی ١٣٢١ی هەتاویدا هەتا دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی و بەرپا بوونی کۆمار لە ٢ی ڕێبەندانی هەمان ساڵدا لەم دێڕانەی نووسەری بابەتی باسکراودا دەدرەوشێتەوە و نووسەر لەوپەڕی شادومانی و هیواداریدا باسی کرانەوەی دەرگای ئومێد بۆ دواڕۆژی گەلی کورد دەکات...

پیاهەڵگوتن بە کۆماری کوردستان بۆ «کورد» چ بە واتای تاک و چ بە واتای «کۆ» بۆ ئەزموونێکی سیاسی و فەرمانڕەوایی لە بەشێکی جیهان کە ناوەندی ئاژاوە و شەڕ و پێکدادانەکانی مێژوو بووە و لە هەمان کاتدا پێگەی شارستانیەتە

## بەشی یەکەم

کەونارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بووە کاتێ مانادار دەبێ و لە عەیبەی»ئافەرەم کردنی خۆ» دوور دەبێتەوە ئەگەر چاوێک بە ئێستای وڵاتانی دەوروبەری کۆماری ئەوکاتەی کوردستان لە موکریانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە سەردەمی کۆمار لە ١٩٤٦ی زایینیدا دەخشێنین و ڕەوشی ئاوەژۆکراوی ژیان و ئازادی و ڕێز و کەرامەت و شەڕافەتی مرۆڤەکان دەبینین. ئێستاش لە وڵاتانی ئێران و عێراق و تورکیە و سوریا و... مرۆڤەکان بە شێوازی جۆراوجۆر لە ئازاری دەست و زمان و کردەوەی دەسەڵاتەکان ئاسوودە و ئارام نین. مرۆڤایەتی لەم وڵاتانەدا بە خێراییەکی سەیر و چاوەڕوان نەکراو بەرەو پاشەوە هەنگاو هەڵدەگرێ. سەربڕین و سووتاندنی مرۆڤ و دەست و پێ پەڕاندن و چاودەرهێنان و لووت و گوێ بڕین و دەربەدەرکردن و دەرکردن و تاڵان کردن و هەتک کردن و ژن و منداڵ ڕفاندن و بازرگانی کردن بە مرۆڤەکان و مادە هۆشبەرەکان و هەموو جۆر کەرەستەی کوشتن و پاکتاو کردن و زیندان کردن و پەتی سێدارە هەڵدان و نووسینی یاسای دژە مرۆڤ و بەکار هێنانیان و پشت گوێ خستنی ئەو یاساو ڕێسانەی کە بۆنی پشتگیری کردنی مافی مرۆڤەکانیان لێوە دێ و هەموو کردارە خراپەکان بە داخەوە وەک نەریتێکی گشتی ڕووی لەم وڵاتانە کردوە و بەداخەوە چونکە کورد دابەشکراوە و لە نێوان ئەم چوار دەوڵەتە دایە و بە شێکە لە کۆمەڵگەی ئەم وڵاتانە دەبێ بە ئاگری نەهامەتی و نەگبەتی ئەم وڵاتانەوە بسووتێ و هەرکات بیەوێ خۆی لە نەهامەتی ئەم کۆمەڵگە »چەرخە ناوە ڕاستیانەوە» (قرون وسطایی) دەربهێنێ بە هەزاران ئامرازی سیاسی و سەربازی و فەرهەنگی سەرکوتی دەکەن! بەو پاساوەی نەخشەی ئەم وڵاتانە نەگۆڕن و نابێ هەڵبوەشێتەوە! چاکە لانی کەم دان بەوەدا دەنێن ئەم وڵاتانە لە شرکە و پرکەی شەڕوپەت پەتیەکان پێک هاتوون و بە شەڕ و مارەکە پێکەوە نووساون و لەیەک هەڵدوراون دەنا وڵاتێک ئەگەر یەکدەست و یەکپارچە و یەک فەرهەنگ بێ، یەک دڵ و یەکزمان دەبێ، نەک تاوێ نە تاوێ دەستەیەک هەستنە سەرپێ و دەستەیەکی دیکە بچەوسێنن یان دەمکوتیان بکەن...

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ١٩٤٦ دا و لە کاتی دروست بوونیدا بیری لەوە دەکردەوە خۆی لە شێتحاڵی سیاسی و بەڕێوەبەرایەتی نەزانانەی دەوڵەتی ئێران ڕزگار بکات، لەبەر ئەوەی دەیزانی سەبەبکاری دواکەوتویی فەرهەنگی و ئابووری و سیاسی کۆمەڵگەی کوردستان ڕفتاری نا هاوسەنگ و نەسازانەی دەوڵەتەکانی ئێرانە... سروشتی دەوڵەتە ئێرانییەکان هیچ کات نەیتوانی خۆی لەگەڵ ڕاستییەکانی دەوروبەری خۆی بگونجێنێ. هەر لە کۆنەوە پەلهاوێژی و کودەتای ناوخۆ، سیستەمی کۆیلایەتی (بەردەداری)، دژایەتی ئایینی بە دەیان نموونە و بە گژدا کردنی ئایین و ئایینزاکان لە دژی یەکتر و خۆسەپاندن وەک ئایینی فەرمی هەرلە سەردەمی هخامنشی (هەخمینی)یەکانەوە هەتا ئەم چرکە ساتە سیاسەتی نەگۆڕی دەسەڵاتدارانی ئەم بەشە لە جیهانە.

بە پێچەوانەوە کوردستان وەک یەکەیەکی جوگرافیایی و فەرهەنگی لانکەی شارستانیەت و هونەر و پێکەوە ژیان و ئاسودەیی و حەوانەوە بووە. ئازایەتی کورد لە خۆڕاگری و نەبەزیدا بووە نەلە شەڕ فرۆشی و بەدفەڕیدا... هەربۆیە ئایینەکان چ

## بەشی یەکەم

ئەوانەی وەک ئایینی میهرەوانی (میترائیسم) وا «پیرانی موغان» ڕێبەرایەتی یان دەکرد و ئایینی مەزدا کە زەردەشت سەرۆکایەتی دەکرد و لە خودی کوردستاندا سەریان هەڵدا بوو چ وەک ئایینەکانی مەندایی، مەسیحیەت و جوولەکە و دواتر ئیسلام بە هەموو لق و پۆپەکانیەوە لە کوردستاندا حەوانەوەو لایەنگرەکانیان لە کەمترین حاڵەتی بارگرژیدا لە گوندوشارەکانی سەرتاسەری کوردستاندا پێکەوە دەژیان...

بۆ وێنە هەر ئێستا لە کرمانشان و مووسڵ و کەرکوک و ورمێ وهەولێر چەند جۆر ئایینی لە ناوەڕۆک دا دژبەیەک دەبینی بەڵام لایەنگرەکانیان پێکەوە لەو کۆمەڵگەدا دەژین و حەواونەتەوە... ئەمە شتێکی سەیر نیە، ناخ ورۆح و سروشتی کوردستان و خەڵکەکەی خووی بەم ڕەوشە گرتەوە، ئەمە دیاردە نیە تاکوو سەرسووڕمان دروست بکات، بەڵکو هەرکات ئاڵۆزی و نەسازان ڕووی داوە کۆمەڵگەی کوردی تووشی سەرسووڕمان کردوە... کاتێ بە درێژایی مێژووی هەموو وڵاتان وەک ڕۆما، ئێران و مسر، یان ئەورووپای کۆن و مۆدێرن پاکتاو کردن یان سووکایەتی کردن بە ئایین و ئایینزاکان بەشێ لە داب و نەریتی کۆمەڵگەکان بووە شانازی بۆ خۆمانەوە دەکەین سەرەڕای هەموو نەهامەتەیەکان دەست و داوێنمان خاوێنە لەو کردارە دژە ئەخلاقیانە. کاتێ دەبینین لە سەردەمی دەسەڵاتی هیتلێر بەسەر نیوەی ئەورووپادا، شەش میلیۆن جوولەکە نیست و نابود دەکرێن شیاوی گێڕانەوە و ئافەرین کردنە جوولەکەکانی کوردستان بە دڵ و بە گیان لە خزمەتی بەرپابوونی کۆمار و گەشە کردنی ئەم دەسەڵاتە کوردیە دان. بۆ وێنە داودزادە نوێنەری جوولەکەکانی مەهاباد لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەنداندا لایەنگریی جوولەکەکانی کوردستان بۆ کۆمار بە فەرمی ڕادەگەیێنێ و ئەمەش تەنیا شاری مەهاباد ناگرێتەوە دیارە کوردانی جوولەکەی سەقز و بانە و بۆکانیش دەگرێتەوە و فیداکاری ئەو خوشک وبرا کوردە جوولەکانەی ئێمە دەگاتە ڕادەی خۆ لە مەترسی خستنی وەک کاری نهێنی کردن بۆ کۆماری کوردستان (فعالیت تشکیلاتی) بەتایبەت لە سەقزوبانە کە لە ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی دا بە گوێرەی «بڕیاری گڵۆڵان»کەوتبوونەوە دەستی دەوڵەتی شاهەنشایی ئێران و دەزگای سەربازی ئەم وڵاتە لە ئەو پەڕی توند و تیژی و خراپەکاریدا هەڵسوکەوتی لەگەڵ خەڵکی ئەم دوو شارە دەکرد... بێهۆنیە کوردانی جوولەکەیان ئەرمەنیەکان لە مهاباد و لە شارەکانی دەوروبەر ئەوەندە بە لێبڕاوەیی و بە دڵسۆزی یەوە خزمەت بە کۆماری کوردستان دەکەن.کۆماری کوردستان کە لەلایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە بەرپاکرابوو آبە ڕێڕەوی داڕێژراوی ئەم حیزبەدا دەڕۆییشت و ئەم ڕێڕەوە بریتی بوو لە یاسا بنەمایی یەکانی مرۆڤ کە لە هەمان ساڵدا لە کۆنفڕانسی «سانفرانسیسکۆ» لە ئەمریکا، وڵاتانی جیهان کاریان بۆ دەکرد بیکەن بە »جاڕنامەی گەردونی مافی مرۆڤ» و لە ڕێکخراوی تازە بەر پاکراوی «نەتەوە یەکگرتوەکان»دا وەک کۆڵەیەکی ئەخلاقی وبنەمایی جێگەی بۆ بکەنەوە.

کەواتە داڕێژەرانی یاسا و بەرنامەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان خەڵکێکی ئاگەدار و پسپۆڕ و تێگەیشتوبوون وزانیارییان لەسەر بارودۆخی جیهانی ئەو سەردەمە هەبووە و بنەماکانی دێمۆکراسییان ناسیوەتەوە وکەڵکیان لێ وەرگرتوە بۆ ئەوەی لە

بەشی یەکەم

سیستەمی فەرمانڕەوایی کۆماری کوردستاندا بە کاری بهێنن. بۆ وێنە لە ڕۆژنامەی کوردستان ژماری ٧٥ بەرواری یەکشەمە ٢٠ی گەلاوێژی ١٣٢٥،لە لاپەڕەی ۴ دا لە ژێر ناوی «ئاگاداری» دا هاتوە: لە ژێر دالدەی حەزرەتی پێشەوای شکۆمەند و خۆشەویستی کوردستان و چاوەدێری وەزارەتی فەرهەنگ دا قوتابخانەیەک بۆ گوتنەوەی وانەی کوردی و هەروەها «عێبری» لە مەهاباد دروست بووە و دەبێ منداڵانی کوڕوکچ لەم قوتابخانە دا فێری خوێندن و نوسین بن و هەر کەس منداڵی خۆی نەهێنێ بۆ ناونووس کردن لە لایەن بنکەی پۆلیسەوە دستگیر دەکرێن و منداڵەکان دەخرێنە بەر خوێندن. ـ بەرپرسی قوتابخانەی عێبری: سلیمان داود زادە.

یان لە ئاگاداری یەکی دیکەدا و لە لاپەڕەی ٤ی ڕۆژنامەی کوردستان بەرواری یەکشەمە ٦ی گەلاوێژی ١٣٢٥ دا، بەرێز»سەقەفی» قایم مەقام (فەرماندار)ی مهاباد، بەخەڵکی ئەم شارە و دەوروبەری ڕادەگەیەنێ:کۆماری کوردستان بڕیاری داوە ئەوئەرمەنیانەی(والەساڵی ١٩١٥دا ولە ئەرمەنی قڕانی باکوری کوردستان لە لایەن عوسمانیەکانەوە دەربەدەری ڕۆژهەلاتی کوردستان کراون) دەگەڕێنەوە بۆزێدی خۆیان هەرکەس لەگەڵ ئەواندا وردە حیساب ومامەلە وقەرزوقۆڵەی هەیە بە جێی بگەیێنێ با لە کاتی ڕۆیشتنیاندا تووشی ڕاگیران نەبن...ئەمانە چەند نمونە لە هەڵسوکەوتی بەرپرسیارانەی کاربەدەستانی کۆماری کوردستان بوو کە بەرنامەو بنەماکانی حیزبی دێموکڕاتی کورستانیان بە ڕێوە دەبرد و بەڕاستی شیاوی ڕێز و ئافەرین کردنن.ئێستا دوای ٧٠ ساڵ لەو ڕۆژە زێڕینانە، هەرچەند بە داخەوە کۆمار دوای یازدە مانگ لە بەرپا بوونی،ڕووخێنرا بەڵام نۆستالۆژیای ئەوسەردەمە بە گێڕانەوەیان خوێندنەوەی هەموو ئەو بابەتانەی کە ڕاستیەکانی ژیانی سەردەمی کۆماری کوردستان دەگێڕنەوە واز لە مرۆڤ ناهێنی و سەودای ئەوە لە خەیاڵ و ڕامانیدا دەکات ئاخۆ دیسانەوە ئەو ڕۆژانە دروست دەبنەوە؟!!

بێگومان وەڵام «ئەرێ»یە! بەڵام بە یەک مەرج : ئەویش متمانە بە خۆبوون و بڕوامەند بوون بە ئازادی و دێموکڕاسی وهەروەها خۆشویستنی کۆماری کوردستان لە ڕێگەی پێبەندی بە بنەماکان و یاسا و ڕێساکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان .بژی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان! پیرۆزبێ یادکردنەوەی ٧٠ ساڵەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان !

لە ژمارە ٦٦٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بلاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٥



سەرچاوە Serchawe

بەشی یەکەم

## دوای ٧٠ ساڵ، ڕێنسانسی دووەم پێویستە



مادح ئەحمەدی

٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ ٧ دەیەی بەسەر تەمەنی حیزبی دیموکراتدا تێپەڕ دەبێ. ئەگەرچی حیزبی دیموکرات وەک بە تەمەنترین حیزبی کوردی ناسراوە، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع هێشتا بستێک خاکی ڕزگار کراوی بەدەستەوە نییە و چاوەڕوانی ئەوەیە کە ئەویش وەک حیزبەکانی دیکە لە داهاتوودا حوکمڕانیی تاقی بکاتەوە و دوای تێپەڕ کردنی دەیان هەوراز و نشێو سەرکەوتن بەدەست بێنێ.

حیزبی دیموکرات لە کاتێدا پێ دەنێتە دەیەی هەشتەمی خەباتییەوە کە هەر لە نزیک خۆی لە باشووری کوردستان «یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان» دوای تێپەڕینی ١٦ ساڵ بەسەر دامەزرانیدا گەیشتە دەسەڵات و «پارتی دیموکراتی کوردستان»یش کە ساڵێک دوای حیزبی دیموکرات دامەزراوە لە تەمەنی ٤٥ ساڵیدا بەهەمان شێوە گەیشتە دەسەڵات. ئەگەر دوورتریش بڕۆین دەبینین لە کۆسۆڤۆ دوای ١٣ ساڵ سوپای ئازادی ئەو وڵاتە لە ساڵی ٢٠٠٨ سەرکەوتن و سەربەخۆیی خۆیان لە سربیا ڕاگەیاند، هەروەها لە باشووری سودان دوای ٥٠ ساڵ شەڕی ناوخۆ شۆڕشگێڕان سەرکەوتن و ساڵی ٢٠١١ سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند.

٧ دەیە مانەوەی لە قۆناغی خەبات و نەچێشتنی تامی دەسەڵات بۆ حیزبێکی سیاسی تەمەنێکی کەم نییە و ڕەنگە نموونەی وا لە مێژوودا زۆر دەگمەن بێ، یان ئەگەر هەشبێ ئەوا کۆتایی پێهاتووە و ئاسەواری نەماوە. حیزبی دیموکرات ئەگەرچی پاش ئەم مێژووە درێژە لەخەبات نەگەیشتووەتە دەسەڵات، بەڵام لە هەمان کاتدا درێژە کێشانی ئەم قۆناغەش، حیزبی



سەرچاوە
Serchawe

دیموکراتی تووشی چارەنووسی حیزبی «تودە» نەکرد. بێگومان هۆکاری ئەمەش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ پتەو بوونی ریشەی کۆمەڵایەتیی حیزبی دیموکرات لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها بەردەوام بوونی ئەم حیزبە لە خەبات.

بە ئاماژە بەوەی کە تا ئەم قۆناغە بەلانی کەمەوە ٨٠ لە سەدەی چارەنووسی پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان گرێدراوی چارەنووسی حیزبی دیموکراتە، چاوەڕوانییەکان بە نیسبەت حیزبی دیموکراتەوە فرەن و حیزبی دیموکرات ئەگەر بیەوێ بمێنێ و لە ئاکامدا بگاتە دەسەڵات و براوە بێت، ناتوانێ بەو شێوەی کە تا ئێستاش درێژەی پێ دەدا، بەردەوام بێ. چونکە بۆ هەموو لایەک روون بۆتەوە گوتار، مێتۆدیی کار کردن و پێکهاتەی رێکخراوەیی بۆ ئەم قۆناغە وڵامدەر نییە و لەمێژە ئەو زەروورەتە هاتووەتە ئاراوە کە ئەم حیزبە پێویستی بە گۆڕانکاریی بنەڕەتی هەیە. لە ٧٠ ساڵەی تەمەنی حیزبی دیموکراتدا لە لای هەڵدانەوەی لاپەڕە پرشنگدارەکانی مێژووی حیزبی دیموکرات هەقە بپرسین کە بۆ خەباتی ئەم حیزبە دوای ٧٠ ساڵ نەگەیشتووەتە ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە و ئەوەندە درێژەی کێشاوە؟

لە لای باس کردن لە کۆمەڵێک هۆکاری دیکەدا هەقە بپرسین بۆ حیزبی دیموکرات دوای ٧٠ ساڵ خەبات نەیتوانیوە پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی نیشتمان یەکلایی بکاتەوە و کورد لە سایەی پرۆگرامەکانی ئەم حیزبەدا لە رۆژهەڵات بە مافەکانی خۆی بگا؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستی بە شیکاریی و خەسارناسیی ورد هەیە کە رەنگە بابەتی چەندین توێژینەوە بن. ئەگەر بەشێوەی گشتی چاو لە پرسەکە بکەین، رەنگە زۆرجار بوترێ کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی زۆر دڕندە و داخراوە، بۆیە لە ئێرانیش فەزایەکی هاوشێوەی تورکیا دروست نابێ بۆ ئەوەی پرسی کورد بچێتە پێشەوە و کورد بە لانی کەمی مافەکانی بگات. هەروەها رەنگە پەنا ببەینە بەر ئەوە وەڵامە کە بڵێین فاکتۆرە دەرەکیی و ناوچەییەکان بۆ حیزبی دیموکرات و پرسی کورد لە رۆژهەڵات لە بار و یارمەتیدەر نەبوون، تا کورد لەو پارچەیە بگا بە مافەکانی خۆی. بێگومان ئەم فاکتۆرانە کاریگەرییان هەیە و لە شێکاریی ئەم بابەتەدا دەبێ لەبەرچاو بگیردرێن.

ئەوەی لێرەدا گرنگە، ئەوەیە کە بۆ حیزبی دیموکرات خۆی نەیتوانیوە ببێتە فاکتۆری یەکلاکەرەوە و لە ئەنجامی قورسایی خۆی و قەیران سازیی لە ناوچەکەدا بۆ ئێران، پرسی کورد لە رۆژهەڵات پێش بخات و پشتیوانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بۆ خۆی دروست بکات؟ لەم پێناوەدا ئەگەر چاو لێ بکەین دەبینین حیزبی دیموکرات دوای تیرۆری دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی هەتا هاتووە کاریگەریی لەسەر هاوکێشەکان کەمتر و کەمتر بووەتەوە و چووەتە پەراوێزەوە. لە ماوەی دوو دەیەی رابردوودا کۆمەڵێک قەیرانی ناوخۆیی بوونە هۆی ئەوەی حیزبی دیموکرات بگاتە ئەو دۆخەی ئێستا و وەک

بەشی یەکەم

یاریکەرێکی سەرەکی لە ئاستی کوردستاندا دەوری نەمێنێ. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دواوە و سێکوچکەیەک لە ئاستی هێزەکانی هەر چوار پارچەدا لەبەرچاو بگرین، دەبینین ئەم سێ گۆشەیە تا ئەو کاتەی کە حیزبی دیموکرات هێزی پێشمەرگەی لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە (واتە تا ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو) بەم شێوەیە: حیزبی دیموکرات(ڕۆژهەڵات) یەکەکە(باکور و ڕۆژاوا)، پارتی و یەکێتی(باشوور). بە پێچەوانەی ئەو سەردەمە ئێستا ململانێی هێزەکان و جەمسەربەندییەکان لە ئاستی هەر چوارپارچەدا بەسەر دوو بەرەدا دابەش بووە کە بەرەیەکیان «یەکەکە» سەرۆکایەتی دەکا و بەرەکەی دیکەش «پارتی»یە و هێزە و لایەنە سیاسییەکانی دیکەش هەر کام بەشێوەیەک دابەش بوون بەسەر ئەم دوو بەرەیەدا.

بەو پێیەی کە حیزبی دیموکرات بەتەمەنترین حیزبی کوردییە و خاوەنی کۆمەڵێک شانازیی و ڕەمزە و قورساییەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی هەیە و مەیدانی خەباتەکەی دووەمین پارچەی کوردستانی گەورەیە، دەبێ بەرەوە ئەو ئاراستەی بڕوا کە سێ گۆشەکەی جاران دروست بکاتەوە و ببێتەوە بە کارتێکی بەهێز و خاوەن قورسایی.

حیزبی دیموکرات لە سەدەی رابردوودا، واتە پاش کۆمار زیاتر لە دوو دەیە دەکەوێتە پەراوێزەوە. دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان شیرازەی ڕێکخراوەیی حیزبی دیموکراتیش تێکدەچێ و بۆ ماوەی چەند ساڵ چالاکییەکی ئەوتۆی نابێ. لە دەیەی ٥٠دا زیاتر لە ژێر کاریگەریی حیزبی «تودە»دا دەبێ و لە دەیەی ٦٠دا دەبێتە پاشکۆی بزووتنەوەی کورد لە باشوور. دیارە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ساڵانی ٤٧ـ٤٦ (٦٨ـ٦٧) خاڵێکی زێڕین و گرنگیی مێژووی حیزبی دیموکراتە لەو سەردەمەدا. ئەو کاتە حیزبی دیموکرات لە رووی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی و سیاسییەوە تووشی قەیرانێکی قووڵ بووە و کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە مەیدانی راستەقینەی خەباتی خۆیدا نەماوە، بە گەڕانەوەی دوکتۆر قاسملوو ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە ژیانی حیزبی دیموکراتدا دروست دەبێ. لەو قۆناغەدا دوکتور قاسملوو حیزب دەکاتە حیزبێکی سەربەخۆ و لە پاشکۆی بزووتنەوەی باشوور رزگاری دەکا و قەوارەیەکی سیاسیی وەڵامدەری ئەو سەردەمەی بۆ دادەڕێژێ. ئەم قۆناغە دەکرێ وەک قۆناغی ڕێنسانسی یەکەم لە مێژووی حیزبی دیموکراتدا دەست نیشان بکەین کە دواتر دەبێتە هۆی ئەوەی حیزب بەردەوام لە هەڵکشان و گەشەدا بێ. لەم قۆناغە بەدواوە تا نەوەدەکانی سەدەی رابردوو حیزبی دیموکرات کارتێکی دیار و یاریکەرێکی سەرەکییە لە ناو هێزە کوردستانییەکان دا، تەنانەت لە قۆناغێکدا یاریکەری یەکەم و کاراکتەری یەکەمی گەمە کوردستانییەکان لەسەر ئاستی هەر چوار پارچە بووە. ئەندازیاری ئەو قۆناغەش ڕێبەرێکی ستراتیژیستی وەک دوکتۆر قاسملوویە. کەسایەتیی و ڕێبەرایەتی و سیاسەت و پلانەکانی دوکتۆر قاسملوو هۆکاری بنەڕەتیی بوون بۆ ئەوەی حیزبی دیموکرات خاوەن هێزێکی گەورە بێ و لایەنێکی گرنگی ئەو سێکوچکەیە بێ کە لەسەرەوە باسمان کرد. ئەگەر ڕەوتی هەڵکشانی حیزبی دیموکرات دوای تیرۆری دوکتور قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی، درێژەی پێ درابایە و بەردەوام بوایە، بێگومان چارنووسی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات ئێستا بەشێوەیەکی دیکە دەبوو. واتە لەو حاڵەتەدا حیزبی دیموکرات دەبووە فاکتۆرێکی ئەکتیڤ و دۆزی کوردیش

## بەشی یەکەم

لە ڕۆژهەڵات دەبووە دۆسییەکی دیار لەسەر مێزی وڵاتانی ناوچەکە و زلهێزەکان و ناوەندە نێودەوڵەتییە کاریگەرەکان. هەروەها کۆماری ئیسلامیش نەیدەتوانی ئەم پرسە بخاتە پەراوێزەوە و سەرکوتی بکات.

لە دەست دانی دوو ڕێبەری کارامەی وەک دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی، هاتنە خوارەوە لە قەندیل و سەرهەڵدان و پەرەگرتنی کۆمەڵێک ململانێی ناوخۆیی و لێکترازانی ریزەکانی حیزب و...، وای کرد حیزبی دیموکرات لە فاکتۆرێکی ئەکتیڤەوە ببێتە کارتێکی پاسیڤ و لە یاریکەرێکی سەرەکییەوە ببێتە یاریکەرێکی لاوەکی (یان یەدەک) و بخرێتە پەراوێزەوە.

دوای ٧٠ ساڵ، ئەگەر بمانەوێ بەرەو داهاتوویەکی گەش بچین، ئەوا لە قۆناغی یەکەمدا پێویستە بە جورئەتەوە رەخنە لە رابردووی خۆمان بگرین و خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ دۆخی ئێستای حیزبی دیموکرات بکەین. دوای ٧٠ ساڵ ئێمە نەمانتوانیوە پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بکەینە کارتێکی چالاک و لە بەرانبەریشدا دوژمن ئەگەرچی نەیتوانیوە حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کورد لە ناو ببات، بەڵام دەبێ دان بەوەدا بنێین کە توانیویەتی ئێمە بخاتە پەراوێزەوە و پرسی کورد لەو پارچەی کوردستان سەرکوت بکات و رێگا نەدا ببێتە پرسێکی چالاک. دوای ٧٠ ساڵ هەوڵدان بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا، هێشتا دەسەڵات و تەنانەت هێزە سەرانسەرییەکانی ئۆپۆزسیۆن لە روانگەیەکی ئەمنییەوە سەیری پرسی کورد دەکەن و لە ژێر بیانووی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێراندا دژی مافەکانی کورد و نەتەوەکانی دیکە دەوەستنەوە. لەم رووەوە پێویستمان بەوەیە کە خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ دروشمەکان و پۆزیشێنی کورد لە ئێران بکەین. پێویستمان بەوەیە بە شێوەیەکی دیکە مامەڵە لەگەڵ تاران و هێزە سەرانسەرییەکان بکەین.

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەڵنەکشانی دۆزی کورد (وەک دۆزێکی ئەکتیڤ) لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی دوو دەیەی رابردوودا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە حیزبی دیموکرات نەهاتووە لە روانگەی هاوکێشەی هێزەوە کار بۆ پێشخستنی پرسی کورد لەو پارچەیە بکا، بەپێچەوانەوە لەو ماوەدا حیزبی دیموکرات خۆی داوەتە دەستی بارودۆخی ئارایی و چاوەڕوانی ئەوە بووە کە لە ئەنجامی گۆڕانکاریی لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکاندا کۆماری ئیسلامی لاواز بێ، یان بڕوخێ و دەرفەتێکی بۆ بڕەخسێ بۆ ئەوەی بچێتەوە رۆژهەڵات. ئەم سیاسەتە هەم لە رووی دەرەکییەوە کاریگەریی نێگەتیڤی هەبووە لەسەر دۆزی کورد لە رۆژهەڵات و هەم لە رووی ناوخۆییەوە فەزایەکی خولقاند کە وزە و توانا مرۆییەکانی سەرقاڵی کێشە و ململانێی نێوخۆیی بێ و هەتا هات حیزبی پێ لاوازتر بوو.

ئەگەر ئاوڕ لە رووداوەکانی مێژووی حیزب بدەینەوە، بێگومان هەر کەس لە روانگەی خۆیەوە دەڕوانێتە هۆکارەکانی درێژ بوونەوە و سەرنەکەوتنی خەباتی حیزبی دیموکرات دوای ٧٠ ساڵ. لەم بارەوە رەنگە هەندێ کەس هۆکاری سەرەکی



سەرچاوە
Serchawe

بەشی یەکەم

بگەڕێننەوە بۆ هەڵەی کاربەدەستانی حیزب، یان نا هەلومەرج دەرەتانی بۆ نەڕەخساندووین و دوژمنەکەمان زۆر دڕندەیە. وەک پێشتریش باس کرا ئەم تەوەرانە دەتوانن بابەتی چەندین توێژینەوە بن، بەڵام سەرەڕای ئەم کێشانە، دەبێ ئەوەش بپرسین کە حیزبێک بەو تەمەنەوە ئایا دەتوانێ هیوایەک بێ بۆ داهاتوو؟ یان نا وەڵامدەر نییە و مایەی بێ هیواییە؟ بەلەبەرچاوگرتنی پێگەی مێژوویی ــ کۆمەڵایەتی حیزبی دیموکرات و کاریگەریی ئەم حیزب لەسەر پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بێگومان حیزبی دیموکرات هیوایەکی گەورەیە بۆ داهاتووی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەڕای ئەوەی خەباتەکەی زۆری خایاندووە، بەڵام هێشتا جێگەی ئومێدە و زۆر دوورە لەوەی کە تووشی چارەنووسی حیزبی «توده» بێ.

دوای دوو دەیە پەراوێز نشینی، ئێستا دەرفەتێک دروست بووە بۆ ئەوەی حیزبی دیموکرات هەڵسێتەوە و بەرەو ئەو ئاراستەیە بڕوات کە باڵانسی هێز لە ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان بگۆڕێ و ببێتەوە بە یاریکەرێکی سەرەکی. ئەگەر بمانەوێ لەم دەرفەتە کەڵک وەربگرین و لە کارتێکی پاسیڤەوە ببینەوە بە فاکتۆرێکی ئەکتیڤ و لە یاریکەرێکی لاوەکی (یان یەدەک) ببینەوە بە یاریکەرێکی سەرەکی، پێویستمان بە ڕێنسانسێکی دیکەیە. واتە دەبێ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە حیزبدا بکەین و بیکەین بە حیزبی سەردەمی ئەمڕۆ و سەر لە نوێ ورە و هیوا بگەڕێنینەوە بۆ خەڵک و لایەنگران و ئەندامانی حیزبی دیموکرات. ئەگەر دوای تێپەڕینی زیاتر لە دوو دەیە بەسەر تەمەنی حیزبی دیموکرات، لە سەرەتای ٧٠کانی سەدەی ڕابردوودا ڕێنسانسی یەکەم لە حیزبی دیموکراتدا پێویست بوو، ئێستاش دوای تێپەڕی حەوت دەیە تەمەن و دوای تێپەڕینی دوو دەیە پەراوێز نشینی، ڕێنسانسی دووەم پێویستە.

پێگەی مێژوویی ـ کۆمەڵایەتی حیزبی دیموکرات و ئەو سەرمایە مرۆییەی کە لە دەوری حیزبی دیموکراتە، بەستێنێکی گونجاوە بۆ ئەوەی ڕێنسانسی دووەمی لەسەر بکرێ و حیزبی دیموکرات بکرێتەوە بە هێزە سەرەکی و کاریگەرەکەی جاران، بەڵام ئەوەی لەم نێوانەدا گرنگە و دەکرێ وەک پێش مەرجی قۆناغی ڕێنسانسی دووەم لە حیزبی دیموکراتدا دەست نیشانی بکەین، یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتە. واتە هیچ لایەنێک بە تەنیا ناتوانێ ڕێنسانسی دووەم لە خۆیدا پێک بێنێ و ببێتەوە بە هێزی سەرەکی، بەڵکوو یەکگرتنەوە دەتوانێ سەرەتای قۆناغی ڕێنسانسی دووەم بێ و لەو ڕێگایەوە دەروازە بۆ گۆڕانکارییەکانی دیکە بکرێتەوە.

لە ژمارە ٦٦٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە


سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

بەشی یەکەم

## ئێمە چۆن بووین بە ئێمە»



خالید محەممەدزادە

لە رۆژهەڵات کاتێ حیزبێک یا کەسێک بە خوی دەڵێ نەتەوەیی یا کوردستانی مەبەستی ئەوەیە بلێ »من خەبات بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستانیش دەکەم»و لە یەک رستەدا دەیەوی بڵێ »کوردستان بۆ ئەو یەک کوردستانەو هیچ جیاوازییەکی نیە»!

ئەگەرچی ئەم خۆرانانە یا ئەم خۆ پێناسەکردنە لە تیۆری دا هەتا بلێی جوانو عام پەسندە، بەڵام لە پراکتیک دا راست بە پێچەوانە دەشکێتەوە، یا شکاوەتەوە یا لانیکەم ئەوەی ئێمە بینیومانە راست بە پێچەوانە بووە.

**بۆ قسەکردن لە سەر ئەم سازە دەبێ لە سەر (٣) ئاست قسە لە سەر دروشمی نەتەوەیی رۆژهەڵاتی بکەین:**

**یەکەم**: لە سەر ئاستی رۆژهەڵات ئەم گوتارە، گوتاریک نیە بۆ رۆژهەڵات و روو لە رۆژهەڵات و رۆژهەڵات بنەمای ئەم گوتارە نیە، واتە کەس و لایەنی نەتەوەیی رۆژهەڵاتی زۆرترین چالاکییان بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستانەو کەمتر چالاکی بۆ رۆژهەلاتی کوردستانە. ئەم مەخلوقە کاتێ بە خوی دڵێ نەتەوەیی، رووی لە پارچەکانی دیکەی کوردستانو پشت لە رۆژهەڵاتە، ئەمەش وایکردوە گوتاری نەتەوەیی لە فۆرمە کوردستانیەکەی لە کۆماری کورستانەوە تا ئێستا گوتاری غایب بێ لە رۆژهەڵات، ئەم هەناسە لە قسەکردن نەک هەر بۆ رۆژهەڵات کارکردی نەتەوەیی نیە بۆ بەشەکانی دیکەش لە کارکردی نەتەوەیی دادەماڵرێتو چالاکوانانی لە دواجار وەک کارگوزاری حیزبو مەکینەی ئیعلامی حیزب دەمێننەوەو بەرگی حیزبی لە بەر دەکەن.



سەرچاوە Serchawe

**دووهەم**: گوتاری نەتەوەیی لە فۆرمە حیزبییەکەی بۆ بەشەکانی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ دوای رووخانی کۆماری کوردستانو لە لوتکەی ئەم هێڵە سیاسیو حیزبیە کەسێکی وەک ئەحمەد توفیق جێ دەگرێت. بەڵام دوای ٥٠ ساڵ لە سەرهەڵدانی ئەم گوتارە، بە هاناوە هاتنی باکووریش، گوتاری کوردستانی رۆژهەڵاتی نەیتوانیوە هەمان عەقڵییەتی ئەحمەد توفیق بۆ خەباتی نەتەوەیی تێپەڕێنێو نەیتوانیوە جیاوازی بکات لە نێوان خزمەتی نەتەوەیی و خزمەتی حیزبی.

گوتاری نەتەوەیی لە فۆرمە رۆژهەڵاتیەکەی هەر زوو لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، تێکەڵ بە گوتاری حیزبی دەکرێتو دەبێ بە بەشێک لە سیاسەتی حیزبی، لە ئێستاش دا ئەم گوتارە بە تەواوی یا پارتیە یا پەکەکەو زۆر جاریش هەمان روانینی ئەو دوو حیزبە بۆ رۆژهەڵات بەرهەم دەهێننەوە. تۆ رۆژانە کۆمەڵێک خەڵک دەبینی بە ناوی نەتەوەیی بوون کە خەریکی پیاهەڵدانن بە پارتیو پەکەکەو زۆرجاریش ئەم مەخلوقە هەر لە پێناو ئەم دوو حیزبە هەڵدەشاخن بە سەر یەکترو شەڕی بە وەکالەت دەکەن.

**ئاستی سێهەم**: بە هەموو ئەوانەشەوە ناکرێت قسە لە سەر غایبونی هێزێک یا هێزگەلێک نەکەین کە ناتوانن لە خولقانی سوژەو رووداوی گەورە لەم هەرێمە کە مرۆڤی رۆژهەڵاتی ئاشت بکاتەوە لە گەڵ خۆی. ئەم ئیهمالکردنەی رۆژهەڵات تەنیا لە سەر ئاستی تاکەکەسی نەماوەتەوەو ئەمرۆکە زیاد لە هێزێکی سیاسی هەڵگری ئەم جورە لە بیرکردنەوەنو باشوورو باکوور بۆ ئەوان سوژەن نە رۆژهەڵات.

ئێمە لە غیابی ئەو هێزانەی دەژین کە کۆماری کوردستان بونیاد بنێننەوەو خولقێنەری رووداوەکانی دوای سالی ١٩٧٩ی رۆژهەڵات بن. لە گەڵ ئەوەش قەیرانی مرۆڤی رۆژهەڵات قەیرانی شوێنو شوناسە. قەیرانی غایبوونی هێزیکە کە شۆکی گەورەو رووداوی گەورە دروست بکاتو سەرنجی هاولاتیانی بۆ لای هەرێمەکەی خۆی راکێشی.

ئەم گرفتە، گرفتی زۆرێک لە ئەندامانی حیزبەکانی رۆژهەڵاتیشە کە بە ئەندام، ئەندامی حیزبی رۆژهەڵاتین بەلام بە کارکرد شوێنکەوتووی هێزە سیاسیەکانی دیکەی بەشەکانی کوردستانن.

بە پێچەوانەی پارچەکانی دیکەی کوردستان کە گوتاری نەتەوەیی، گوتاری شوێن لە سەر بنەمای حیزبو گوتاری خاڵیکردنەوەی رۆژهەڵاتە لە هەموو وزەیەکی مرۆییو سیاسی لە خۆیان، گوتاری نەتەوەیی رۆژهەڵات، گوتاری جێهشتنی شوێنو گوتاری نەتەوەیی لە سەر بنەمای رۆژهەڵات نیە.

لە دۆخێکی وادا یا دەبێ چاوەڕێی کاریگەری گۆرانکارییە ناوچەییو نێودەوڵەتییەکان لە سەر ئێران بین بۆ ئەوەی ئەم



سەرچاوە Serchawe

بەشی یەکەم

شۆکە لە مرۆڤی رۆژهەڵاتی بدریت، یا دەبێ فۆرمێک لە خودئاگایی نەتەوەیی دروست بێ لە سەر بنەمای رۆژهەڵات کە بەپلەی یەکەم رۆژهەڵاتو دانیشتوانی بۆی میلاک بێ.

لە هەر دوو حاڵەت دا وەک فارس دەڵێ:»کس نخارد پشت من جز ناخن انگشت من»!

(۱ ناوی یاداشتە لە ناوی کتێبکی سادقی زیباکەلام وەرگیراوە

لە ژمارە ٦٦٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٥

# پێناسەی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا



**فەردین کەریمی**

ڕێکخراوە ناحوکمییەکان یان " ئێن جی ئۆ" کان زیاتر وەک دیاردەی دونیای مودیرن دێنە ئەژمار بەڵام مرۆڤ بە درێژایی مێژوو بە هەست پێکردن بەو ڕاستییەی کە خۆی بە تەنیا دەرەقەتی کێشە و گرفتە سرووشتییەکان وەک سێڵاو، بوومەلەرزە یان مەترسی ئاژەڵە دڕندەکان نەهاتوە بە ناچار پەنای بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەلێکی بچووکی چەند کەسی هێناوە تا بتوانێ ژیانی خۆی بپارێزێ. ئەم ڕێکخستنە سەرەتاییانە دەتوانێ نموونەیەکی سادە و سەرەتایی لە ڕێکخراوە مەدەنییەکان بە شێوەی ئەمڕۆیی بێ. ئەویش لە بەر ئەوەی کە تاکەکان بە ویست و خواستی خۆیان بەشدارییان لەم چەشنە گرووپانەدا کردووە. لە یەک پێناسەدا ریکخراوەی مەدەنی پێکهاتوە لە کەسانێک وا لە چوارچێوەی سازمانێکی ناحوکمی و بە پێی بەرنامە و ئەساسنامەی تایبەت بە خۆیان لە بواری غەیرە سیاسی کە مەبەستی ئابووری و سیاسی لە پشتەوە نییە چالاکی دەکەن. چالاکییەکانیان لە چوارچێوەی کاری هاوبەشدایە کە تاک بە خواستی خۆی تێیدا بەشدار دەبێ. لێرەدا ویست دەوری سەرەکی دەگێڕێ.

لە پێناسەیەکی تردا کە زیاتر لایەنی سیاسییەکەی بەرچاوە، ڕێکخراوەی مەدەنی سازمانێکی غەیرە حوکمییە کە پیوەندی بە دەوڵەتەوە نییە و لە کاروباری دەوڵەتداریدا بەشدار نابێ. ئاشکرایە لێرە زۆرتر لایەنی ناحوکمی بوونەکەی دیارە. دامەزراندنی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە ئەساسدا لە سەر سێ بنەمای سەرەکی پێکهاتووە: خۆبەخشانە، غەیرە سیاسی بوون و بێ لە بەر چاوگرتنی ئامانجی ئابووری و ماڵی. بە شێوەیەکی ئاشکراتر ئێن جی ئۆ ڕۆڵی دەس ئەنداز دەگێڕێ لە بەرانبەر خێرایی لە بڕیار دان، جێبەجێ کردن و داڕشتنی سیاسەتی دەوڵەتاندا و زیاتر پردێکە لە نیوان خەڵک و

دەسەڵاتدا. ڕێکخراوە مەدەنییەکان زیاتر بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی تەرخان کراون واتا گەرچی ئەوان بە پێی شوناس و پێناسەیەک کە هەیانە ناتوانن و نابێ ڕاستەوخۆ لە کاروباری سیاسیدا بەشداری بکەن، بەڵام دەتوانن لە سەر بابەتە سیاسییەکان ببنە گوشار و هۆکارێ بن بۆ گۆڕانێکی سەرەکی لە کۆمەڵگادا. بە واتایەکی دیکە شۆناسی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە سەر ئەساسی کارگەلێکی کۆمەڵایەتی دارێژراوە کە بە پێی یاسا و عورف ناتوانن ڕاستەوخۆ لە کاروباری سیاسی دا بەشدار بن بەڵام دەبینین بە هۆی جەماوەرێ کە لە بەر دەس هەندێ لە ڕێکخراوەکاندا هەیە بۆ نموونە سەوزەکان لە ئاڵمان و ژینگەپارێزان لە کوردستاندا دەتوانێ کاریگەری فراوانی لە سەر دەوڵەت و بڕیارە سیاسییەکان هەبێ. بەم پێیە لە ئێراندا مێژووی پێکهێنانی ئەم ڕێکخراوانە زیاتر خۆی لە چوارچێوەی مزگەوت، تەکیە, خانەقا, کۆڕە زیکرییەکان و شوێنگەلێ ئایینی دا دەبینێتەوە کە دواتر وەک سێنف و ڕێکخراوە مەدەنییەکان دەردەکەوێت. لە کوردستانیش بە هەمان شیوە بەڵام هاوکات بە جورگەلێکی دیکەش ڕێکخراوە مەدەنییەکان بوونیان هەر چەند بە شیوەی کلاسیک بووە. بۆ نموونە ڕۆڵ و بایەخێک کە بە ژنان لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستاندا و لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا دراوە و ڕێگا دان بە پێکهێننانی یەکیەتی ژنان بە سەرپەرەستی میناخانمی قازی نیشان لەوەیە کە پێشەوای نەمر هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری کوردستانەوە بە پەرۆشەوە چاوی لە دێمۆکراتیزە کردنی کۆمەڵگا لە ڕێگای ڕێکخراوەمەدەنییەکانەوە بوو. نموونەکانی دیکەش وەک لاوان نیشان لەو هەست بە بۆشاییەی ئەو کاتی کوردستانە. دواتر کە ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و منداڵان دامەزران ئەو ڕاستییە سەلما کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان چ لە سەردەمی پێشەوا و دواتر و هەتا ئێستەش بە باشی ئەو لایەنەی خەباتی بەرنەداوە و بەردەوام لە هەوڵی ئەوە دا بووە کە چ لە ناوخۆی حیزب و چ لە دەرەوەی حیزب ڕێکخراوەگەلێکی سینفی و مەدەنی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا و بە پێی زەروورەتی زەمانی پێک بێنێت. ئەگەر بە شێوەی درووست و ڕاست بۆ ئەم بابەتە بڕوانین دەبینین حیزبی دێمۆکراتی کوردستان وێڕای هەموو ئەو گوشارانەی کە لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی سیاسی خۆیدا هەیبووە توانیویە پەرە بە خەباتی جەماوەری و کۆمەڵگای مەدەنی بدات. هاوکات دەبێ بزانین کارکردن و چالاکی ئەم ڕێکخراوانە بێ کەم و کوڕی نەبووە. کەم بوونی ئامووزش، بە لاڕیدا بردنی ئەم ڕێکخراوانە بە مەبەستێ سیاسی یان هەر مەبەستێکی دیکە، نەبوونی لێکۆڵینەوەی زانستی لە بوارگەلی جیاواز و هتد چەند نموونە لەو ڕەخنانەیە کە جێگای باسە. یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ڕێکخراوە مەدەنییەکان کە لە ئەساسنامە و بنەمای هەر ڕێکخراوەیەک هاتوە و دەبێ کردەوەیی بکرێتەوە ئاموزش و زانیاری دانە بە خەڵک بە شیوەگەلێکی جیاواز وەک کردنەوەی خولی تایبەت و هتد. تا چ ڕادەیەک ڕێکخراوەکان وەک ژنان و لاوان و منداڵان لەم بوارە سەرکەتوو بوونە؟. بە دڵنیاییەوە ئەو چالاکیانە کەم بوون و لە قەدەر ناوی ڕێکخراوەیەکدا نین. بە تایبەتی ڕێکخراوەکانی لەم چەشنە کە دەرفەتیان هەیە لەم بوارە چالاکتر بن. باسێکی گرینگی دیکە کە جێگای ئاماژە پێی کردنە چەکدارکردنەوە و ڕاهێنانی نیزامییە بە هەر مەبەستێک. دیارە ئێمە لە حیزبێکی سیاسیی دژ بە حکوومەتێکین کە هەموو کردەوەیەکی قیزەون لە بەرانبەر خەڵک و دژبەرانی وەک ئێعدام تێرۆر، بۆمباران دەکا و ئێمەش لە بەرانبەر حکوومەتێک کە بە هیچ شێوەیەک

## بەشی یەکەم

ئەخلاقی سیاسیی لە بەر چاو ناگرێ دەبێ خۆمان ئامادە بکەین و بۆ بەرەنگاربوونەوە و پارێزگاری کردن لە خۆمان. بەڵام بە تێگەیشتن لەو خاڵە سەرەکییەی کە چەکداربوون ناتەبایە لە گەڵ کاری مەدەنی و ڕێکخراوەییدا دەبێ بە شێوەیەکی قووڵتر و بە تێبینییەوە لەم بابەتە بکۆڵینەوە و شیاری دوارۆژی حیزبێک بین کە خاوەنی نزیک بە سێ چارەگە سەدە تێکۆشانی سیاسیە و تا ئێستا کردەوەیەکی دژە مرۆڤی نەکردوە کە کونوانسیۆنە نێودەوڵەتیەکان و پرینسیبە ئەخلاقییەکان لە ژێر پا بنێت و وەک بەڵگە لە سەری بێ. پەروەردەی نیزامی و خولی فێرکاری لەم بوارە دەتوانێ بە شێوەیەکی دیکە بە دەر لە ڕێکخراوەیەکی مەدەنی بکرێت. هاوکات بە کار هێنانی منداڵان بۆ ئەم مەبەستە و چەکدار کردنیان دەتوانێ خاڵێکی نەرێنی زەق و بە رچاو بێ کە جگە لە ناتەبا بوون لە گەڵ کونوانسیۆنە نێودەوڵەتییەکان وەک کونوانسیۆنی مافی منداڵان ڕێک بە پێچەوانەی پێناسەو شوناسی سازمانێکی مەدەنییە. ئەمە دەتوانێ بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر بداتە دەس نەیارانەوە و کە دوارۆژ دژ بە ئێمە کەڵکی لێ وەربگرن. پرسیارێکی دیکە ئەوەیە ئایا تاکی نیو ڕێکخراوەیەکی مەدەنی دەتوانێ لە ریزی پارێزەر یان شەرکەری چەکدار بێ؟ واتا پێشمەرگەیەک دەتوانێ لە چوارچێوەی سازمانێکی مەدەنیشدا چالاکی بکات؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێ پێناسەی دوو چەمکی پێشمەرگە و ئەندامی ڕێکخراوێکی مەدەنی بزانین. ئاشکرایە کە تا چ رادەیەک لە یەک دوورن و هەر کامیان چ دەور و رۆڵێکی تایبەت دەگێڕن. باس لە چەکدار کردنەوەی ژنان، لاوان یان هەر تاقمێکیتر بە ناوی ڕێکخراوەیەکی مەدەنی دەگەڕێتەوە بۆ لێ تێنەگەیشتن لەم بابەتە و دەبێتە خاڵێکی نگاتیڤ لە سەر حیزبێک وا گشت کات بە وریاییەوە ئاگای لە رەفتاری سیاسی و کردەوە و دژ کردەوەی خۆی بووەو شانازی بە رابردوویەکەوە دەکات کە چ نەیاران و چ دۆستانیش ناتوانن قامک لە سەر خەیانەت یان هەڵەیەکی ساختاری ئەو حیزبە دابنێن. لە لایەکی دیکەوە بایەخ دان بە رۆڵ و کارگەریی خوێندکاران لە نێو کۆمەڵگادا و پێکهێنانی ڕێکخراوەیەک بۆ ئەم مەبەستە لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ئەو راستییەمان پێی دەڵێت کە ئەگەر لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا خوێندکاران توانیویانە دەوری سەرەکی لە شۆڕشەکاندا بگێڕن، بەڵام لە کوردستان لە ڕێگای بە ڕێکخراو کردنی خوێندکارانە کە هەست و خواستی گەل لە زمانی ئەوانەوە داوا دەکرێت و هەموو کات خوێندکاران پێشەنگی شێوە جوراوجۆرەکانی خەبات بوونە. بەڵام نابێ ئەوەمان لێ شاراوە بێ کە زیاتر بایەخ دان بە خوێندکاران و ئەرک و نەخشیان لە کۆمەڵگایە کە دەتوانێ ئاراستەی سەرهەڵدانەکان دیاری بکات. هاوکات دەبینین کە جۆرێ لە ئاڵۆزی و سەرلێشێواوی لە کرداری ڕێکخراوەیی خوێندکاراندا وەدیار دەکەوێت و لە چالاکیگەلێکدا بەشدار دەبن کە زیاتر کاری حیزبێکی سیاسییە و نەک ڕێکخراوەیەک تایبەت بە خوێندکاران. بێ دەنگ بوون لە بەرانبەر کوشتنی گوماناوای چەند خوێندکار لە رۆژهەڵاتی کوردستان وەک شەیدا حاتەمی، سەحەر چووینی و هتد بۆ ڕێکخراوەیەکی خوێندکاری خاڵێکی نەرێنییە. لە کۆتایدا دەبێ بزانین ئێستا کە لە دونیادا قەیرانی ژینگەیی لە ئارادایەو لە کوردستانیش بە هەمان شیوە و ڕێکخراوەگەلێکی تایبەت بەم بوارە بەرپرسانە کار دەکەن وەک " ئەنجومەنی سەوزی چیا "ی مەریوان وا باشە کە وەک هەمیشە پاڵپشتیان بین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٥

بەشی یەکەم

## حەفتا ساڵ تەمەن و بەرپرسایەتی مێژوویی



مەجید حەقی

حەفتاساڵ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا بۆ حیزبێک تەمەنێکی زۆرە، تا لەو ماوەیەدا بتوانێت لە گەڵ خۆی دیاردەگەلی جۆراوجۆر بخوڵقێنێت و بهێنێتە ناو کۆمەڵگا و کۆمەڵگا بەرەو ئامانج و بایەخەکانی خۆی رێنوێنی بکات. حیزبی دێموکرات لە سەرەتای دامەزراندیەوە تا ئەمرۆ لە سەر بنەمای بەهاو و بایەخەکانی مرۆڤی، ئەمرۆیی و نەتەوەیی بوون، چارەسەری پرسە کۆمەڵایەتی و چینایەتیەکان لە رێگای کۆنسێنسووس و لەیەک گەیشتن، پێشمەرگە، ئاڵای کوردستان، کۆماری کوردستان، بەفەرمی کردنی زمان و پەروەردەی کوردی، دێموکراسی و پلۆرالیزم، رێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤی دامەزراوە. ئەو حیزبە داهێنەری لێکگرێدانی خەبات لە پێناو دیاری کردنی مافی چارەنووس و خەبات بۆ بەرەوپێش بردنی پرسە کۆمەڵایەتیەکانە. هەر بۆیەش حیزبی دێموکراتی کوردستان/ی ئێران وێرای ئەوەی کە یەکێک لە حیزبەکانی جێی شانازی خەباتی نەتەوایەتی گەلی کوردە، بەرپرسترین حیزبەکانی پانتایی خەباتی رزگاری خوازانەی نەتەوەکەمانە و لە بەرامبەر هەموو هەڵە و کەموکۆریەکاندا دەبێ زۆرترین بەرپرسایەتی هەڵگرێت.

لە مێژووی هەموو کوردستاندا، هیچ حیزبێک نیە کە بەرادەی حیزبی دێموکرات رێبەرانی رێزی پێشەوەی پێشمەرگە ئاسا شەهید بووبن و کەم رێبەری ئەو حیزبە هەبووە کە بە مەرگی ئاسایی کۆچی دوایی کردبێت. ئەم شانازیە وێرای ئەوەی کە ئاستی ئەخلاقی شۆرشگیری و فیداکاری هەموو ئاستەکانی ئەو حیزبە نیشان دەدات، ئەو حیزبە بەرپرس دەکات لە بەرامبەر هەموو کۆمەڵگای کوردستانی و بنەماڵەی شەهیدان و رێبەرانی شەهید.

## بەشی یەکەم

سەرەرای ئەو شانازیانە، بەداخەوە حیزبی دێموکرات لە ئاست چارەسەری کێشەکانی ناوخۆیی زۆرتر پەنای بە سەرکوتی سپی بردووە و یان کێشەکانی کپ کردووە یان بەچارسەرنەکراوی بەجێ هێشتووە و گەیاندووتە ئاستی جیابوونەوە و لێکدابرانەکان. لەو رووەوە بیرکردنەوەیەکی ستراتیژیک لە "چارەسەری کێشەکان" و "بەرێوەبەری کێشەکان" ئەرکێکی هەنووکەیی رێبەرایەتی حیزب بە هەموو بەشەکانی خۆیەتی. کاتی ئەوە هاتووە رێبەری حیزب هەرچۆنێک کە شانازی بە سەروەریەکانی رابردوو دەکات، بوێرانە داوای لێبووردن لە هەڵەکانی رابردوو بکات. ئێران و رۆژهەلاتی کوردستان لە بەردەم ئاڵوگۆری قووڵ و چارەنووسسازن. لەوانەیە سبەینێ زۆر درەنگ بێت، بۆیە لە حەفتادەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات دا، هیوادارم رەوتی یەکگرتنەوە و یەکریزی بە شێوەیەکی جیدی و کات بۆدیاری کراو جێبەجێ بکرێت و نەتەوەکەمان بە مزگێنی یەکگرتنەوە بەرەو یادی حەفتا ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان هەنگاو بنێن. با هەروەک لە دووی رێبەندانی ساڵی ١٩٤٦ وەرچەرخانی مێژوویی روویدا. رێبەرانی ئەمرۆی حیزبی دێموکراتیش وەرچەرخانێکی دیکە لە مێژووی شانازیەکانی حیزبی دێموکرات تۆمار بکەن و نیشان بدەن، ئەوان رێبواری راستەقینەی پێشەوا، قاسملوو و شەرەفکەندی و هەزاران شەهیدی رێگەی ئازادی و سەربەستی کوردستانن.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١٧ی ئاگۆستی ٢٠١٥

بەشی یەکەم

## بە بۆنەی حەفتاساڵەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان

## حەفتا ساڵ خەبات و تێکۆشان



حەسەن ماوەرانی

حیزبی دێموکراتی کوردستان، تەمەنی گەیشتە حەفتا ساڵ. ساڵانێکی دور و درێژ تێپەری و بە هەزاران کەس لە ریزەکانی ئەو حیزبەدا، ژیان و تەمەنی خۆیان کردە قوربانی لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەو حیزبەدا.

بەداخەوە پاش حەفتاساڵان، هێشتا ئەو کەموکۆڕییانەی کە لەسەرەتای پێکهاتنی ئەو حیزبەوە بە درێژایی تەمەنی لەگەڵی بوون، هەر لە ئارا دان و هەوڵ و تێکۆشانێکی ئەوتۆ لەلایەن هێچکام لە لابالەکانی بە میرات بەجێماوی ئەو حیزبە بۆ کار کردن لەسەر ئەو کەم و کۆڕییانە لە گۆڕێ دانییە.

ئەو حیزبە کە لە تەمەنی خۆیدا چەند لاپەڕەیەکی زێڕینی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوایەتی کوردی تۆمار کردووە، حەیفە کە تووشی ئەو بارودۆخە هاتووە کە نەکراوە ئەو کەم و کۆڕییانە چارە بکا.

بەر لەوەی کە پەنجە بۆ ئەو کەم و کۆڕییانە ڕاکێشم کورتەیەک لە لاپەڕە زێرینەکانی تۆمار کراو لە لایەن ح.د.ک ەوە دەدوێم.

ح.د.ک لەسەرەتای دامەزرانیەوە بە پشت ئەستوور بوون بە خەباتی پێشووی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ، کە دەکرێ بڵێین

بەشی یەکەم

بێجگە لە بەڕێوەبەرایەتیەکەی هەموو دامەزراوەکانی لەسەر بنچینەی ک.ژ.ک ەوە پێکهاتبوو، توانی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان بە پێشەوایەتی شەهیدی نەمر قازی محەمەد و بەشداری و پشتیوانی کوردەکانی پارچەکانی تری نیشتمانی داگیرکراومان بە تایبەت بارزانی نەمر و پێشمەرگەکانی، دابمەزرێنی. لاپەڕەیەکی زێڕین لە مێژووی کورددا کە هەتا ئێستا وێنەی نەبۆتەوە. (١٩٤٥ - ١٩٤٦) لاپەرەیەکی زێڕینی تر کە دەبێ ببێتە نمونەیەکی ڕاهێنان بە دەست پێشەوای نەمر لە بێدادگای سپایی ئێران و لە پشت دەرگای بەستراو تۆمار کرا، ئەویش داکۆکی ئازایانە و بوێرانەی پێشەوا بوو کە سەرەڕای ئەوەکە دەیزانی دوژمن هەتا نەیکوژێ وازی لێناهێنی، بە حیماسەوە لە کورد و کوردستان داکۆکیی کرد. ئەو لە زیندانی دوژمندا دوژمنی محاکمە کرد. بە هۆی هەوڵی تێکۆشەرە ئازادیخوازەکانی ئێرانی ئەم داکۆکیە بوێرانەی پێشەوا وەبن خۆڵەمێشی مێژوو نەکەوت و بۆ وەچەی دوارۆژ تۆمار کرا. (١٩٤٦)

دیارە هەتا ئێستا گەڵێک کوردی خەباتگێر لە بێدادگاکانی داگیرکەران لەڕوی دوژمندا وەستاون و داکۆکیان لە ئامانج و ویستەکانی گەلەکەیان کردووە و مەرگ نەیتوانیوە ئەم مەبەستەیان لەبیر بباتەوە. بەڵام گرنگی داکۆکی پێشەوا لەوەی دایە کە ئەو وەک سەرۆکی کورد بە وریایی بەم ئەرکە هەستا. (١٩٤٦)

پاش ڕووخانی کۆمار، هەستانی کۆمەڵێک گەنج بە ئەرکی بووژاندنەوەی ح.د.ک، کە زۆربەی بەڕێوەبەرەکانی خۆیان بە خۆپارێزی گۆشەگیر بوون، هەستان. ئەم کۆمەڵە گەنجە لە هێچ ڕا حیزبیان بووژاندەوە و لە ماوەی چەندساڵاندا توانیان ببن بە هێزێکی سیاسی بەرچاو و پاش سەردەمی ک.ژ.ک هەمدیسان جارێکی تر بە بردنەوەی هەڵبژاردنی پارلمان ١٩٥٢دا لە مەهاباد لە ڕاستیدا پشتی ڕژیمیان لە ئەرزدا. لە ساڵی ١٩٥٨ بەڕێوەبەری حیزب عەزیز یۆسفی و هاورێیەکانی محاکمە کران. ماوەی سێ ساڵان عزیز یۆسفی، مامە غەنی بلوریان و شریعەتی لەژێر حوکمی ئیعدام ڕاگیران. کۆڵیان نەدا و لەئەنجامدا بە هۆی زەختی لایەنگرانی مافی مرۆڤ و گەلێک لە سیاسەتمدارە ناوخاسەکانی نێونەتەوەیی، ئیعدامەکەیان کرا بە زیندانی ئەبەد. کاک عزیز و مامە غەنی هەرکام بە کۆڵەباری ٢٥ ساڵەیی زیندان بوون بە قارەمانی نەتەوەیی.

بزوتنەوەی شەستەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، لاپەڕەیەکی دیکەی زێڕین بوو کە لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوایەتی کورددا تۆمار کرا. لەبارو دۆخێکدا کە ئەحمەد تۆفیق، سکرتێری هەڵبژێردراوی حیزب لە کۆنگرەی دەرکە لەسەر زۆری ئەندامان داخراودا، بە کەڵکوەرگرتن لە پێوەندیی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی شۆڕشی بارزانی گەورە، سیاسەتی لادان و ترۆری ئەندامە چالاکەکانی حیزبی ڕەپێشگرتبوو، دوو ئەندامی بە نرخی حیزب دوو ڕۆڵەی بلیمەتی کوردستان کە جێگایان پڕ ناکرێتەوە، واتا شەهید سەدیقی ئەنجیری و شەهید ئەسعەدی خودایاری ناجوانمێرانە ترۆر کران. بەشیک لە ئەندامەکانی حیزب کە زۆربەیان ڕووناکبیر بوون، ملیان بە ویستەکانی سکرتێر و زەختی بەرێوەبەرایەتی شورشی باشور نەدا. بەرێوەبەرایەتی شۆڕشی باشور بە هۆی پێوەندیی لەگەڵ ئێران، هەر چەشنە



سەرچاوە Serchawe

## بەشی یەکەم

دەرەتانێکی لە جوڵانەوەی خەباتکارە کانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دژی ڕژێمی ئێران بڕیبوو. کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دێمۆکرات بۆ نەجات دانی حیزب لەو قەیرانەی بەڕێوەبەری تاکە کەسی بێ بەرنامەیی و سیاسەتی ملکەجی بە بەشداریی حەمەدەمینی سیراجی، مەلا ئاوارە، سمایلی شەریفزادە، سالاری حەریدەری و سەناری مامیدی دامەزرا. پاشان بە یەکگرتن ئەو کۆمیتەیە لە گەڵ شەهید سولەیمانی موعینی کە نەیدەتوانی لەوە زیاتر تەکرەوی و سەرەڕۆیی ئەحمەد تۆفیق قبول کات، و بەشێکی زۆر لە پێشمەرگەکان لە ڕاستیدا پێگەی ئەحمەد تۆفیق و ڕاسترەوەکانی وەفادار بەویان کز و تەق و لەق کرد. کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە ناچاری بە هۆی زەختی شورشی باشور لەسەریان، لەناوچیا و دۆڵەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو بوونەوە و بەداخەوە پتر لە ٢٠٠ شەهیدیان دا. هەر لەهەمان کاتیشدا لەلایەن بارزانیەوە یەکی لە هەڵە گەورەکانی ژیانی ئەنجام درا کە بریتی بوو لە فەرمانی کوشتنی شەهید سولەیمانی موعینی، وتەبێژی کۆمیتەی شورشگێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و رادەستکردنەوەی بەشێک لە پێشمەرگەکان بە ئێران.

قۆناخێ زێڕینی دیکەی تۆمارکراو لە مێژووی کورددا، بەرخۆدانە لە ئاست کۆماری پەت و سێدارەی ئیسلامی کە ماوەیەکی هەشت ساڵانەی شەڕی چەکدارانەی خایاند. گەرچی لەم قۆناخەدا هەڵە و هەڵەکاریی زۆر کرا کە بوو بە هۆی جیابوونەوە و دەرکردن و تەنانەت تیرۆری کەسایەتیش، بەڵام بایخی مێژوویی خۆی هەیە و بەرگێکی زێڕینی خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوایەتیە.

ئیستا بەداخەوە ئەو حیزبە حەفتا ساڵەیە بۆتە دوو هێڵی جیا لێکتر و لەڕاستیشدا لە ناو هەر هێڵ چەندین هێڵۆچکە.

بە ناچار یان بە زانستە هەر هێڵ پشت ئەستور بە پاڵپشتیی زلهێزێکی باشور. باشوریش بەبێ وەرگرتنی ئەزمون لە شوڕشی بارزانی گەورە، هەمدیسان ڕێگر و کۆسپ لەسەر چالاکی کوردی ڕۆژهەڵات لە دژی کۆماری ئیسلامیە.

ح.د.ک بە هەردوو لاباڵیەوە لە ئاست گەلێک کەم و کوڕیی خۆیان کەمتەر خەم بوون. هەتا نووسینی ئەو دێڕانە هیچکام لە لاباڵەکانی حیزب نەیانتوانیوە مێژووی ئەو حیزبە بە شێوەیەکی زانستیانە تۆمار بکەن. ئەگەرچی لێرە و لەوێ چەند کتێبێک وەک بیرەوەری تاکە کەسی نووسراون، کە بەداخەوە زۆربەیان بەهۆی رقەبەرایەتی نووسەرەکە لە ئاست زۆر کەس و زۆر رووداودا جێگای متمانە نین. لەڕاستیدا تۆمارکردنی مێژووی حیزب بەشێکە لەخەبات بۆ بەرگری لە دووپات و چەندپاتکردنەوەی هەڵەکان. هەر حیزبێکی پێشکەوتوو لە دورەی ڕاهێنان و پەروەردەی کادیردا مێژووی خۆی بۆ ئەندامەکان شیدەکاتەوە و دەیخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. تەنانەت بەڕیوەبەرایەتی هەردوو هێڵی حیزب بە ئاشکرا تەنانەت یادکردنەوەش لە بەشێک لە کەسایەتیەکانی حیزبی دێمۆکرات، کە لە مێژووی کورددا شانازیان پێدەکرێ خۆ لادەدەن. تەنیا لە مساڵدا بەڕێز خالید عزیزی بۆ یەکەمجار لە سێ دەیەی ڕابردوودا، بەڕێزەوە یادی لە بەشێکیان کردەوە.

حدک بە هەر دوو لابالێیەوە هەتا ئێستا نەیانتوانیوە ئارشیڤێکی ڕێک و پێکیان هەبێ هەتا وەچەی ئێستایان بیکاتە سەرچاوەیەک بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە.

لێکدابڕاویی دوو هێڵ لە ڕاستیدا بەبێ ڕوون بوونی سنورێکی ئیدیۆلۆژیک و تەنیا دەکرێ بڵێین لەسەر کورسی لەگۆڕێ دایە.

بێ بەرنامەیی زەق بۆ چالاکی و تەنیا وەدواکەوتنی ڕووداوەکان. نموونەی دیار و ئاشکرای دانانی مقەرە لە سنوورەکانی کێلەشین کە بەداخەوە بوو بە هۆی پێکهەڵپڕژان و تەقە لە گەڵ پ.ک.ک . کە بەخۆشیەوە بە هۆی هەوڵی ح.د.ک و پ.ک.ک کۆتایی هات.

کەم بایخدان بە باری پاراستن. شەهید بوونی دوو سکرتێر، ژاراوی کردنی خواردنی مقەر، بە ڤیدیۆ فیلم هەڵگرتن لە میوانەکان لە کۆیە و لە پاشان نیشاندانیان لە لایەن بازجوەکانی کۆماری پەت و سێدارە بۆ وەگرتنی ئیعتیراف، وە دەیان ڕوداویتر لە باشور کە بە دەیان کەس لە ئەنجامیدا شەهید بوون ئەوە بە ئاشکرا روون دەکەنەوە کە ئەو حیزبە پێویستیی بە سیستمێکی پاراستن هەیە کە لە بەرانبەر خۆتێخزاندنی سیخور و تیرۆریستەکانی باشوری و ڕۆژهەڵاتیی ئێراندا بیان پارێزێ.

ناڕوونی و لێڵی لە ستراتێژی و تاکتیک دا. هێڵی حدکای ئەو حیزبە هەر نەوەک باهاتبێ و نە باران تەنیا دووپاتکەرەوەی ئەو بەرنامەیە کە ٤٥ سال لەمەوبەر لە لایەن شەهید قاسملو، کاک کەریمی حیسامی و کاک حەمەدەمینی سیراجی داریکرا و لە کۆنگرەی سیهەمدا پەسند کرا. واتا ٤٥ ساڵ گۆڕانی بەسەر هیچ نەهێناوە. گەرچی لەم دوایەدا فیدراڵیان لە جێگای وشەی خودمختاری داناوە بەڵام ناوەرۆکی بەرنامەکە هەمانە کە بوو.

هێڵی حدک گەرچی لەسەرەتای جیابوونەوە پەنجەیان بۆ چەند شت و یەک لەوان سەربەخۆیی دۆفاکتۆ بە شێوازی فیدراڵی ڕاکێشا بەڵام پاش تێپەڕ بوونی چەند ساڵ، تەنانەت کەوتنە (یان خستیاننە) سەر مێزی وتووێژ لە گەڵ ڕێکخراوەی سیخوڕیی کۆماری ئیسلامی. بەمجورە دیار نییە کە ئەو حیزبە چی دەوێ. ئایئا هەڵگەراوەتەوە سەر داواکارییەکانی کۆنگرەی چوارەم؟

کەمو کۆڕییەکی تر بایخنەدانە بە ڕێکخراوەی سیاسی لە ناوخۆدا و دیتنی هەموو شتێک تەنیا بەشێوازی پێشمەرگایەتی

بەشی یەکەم

سەدەی ڕابردوو. لەم کارەشدا هەردوو لایەن کەمتاکورتێک وەک یەکن و تەنانەت رقەبەرایەتیش دەگەڵ یەکتر دەکەن. ناردنەوەی بە پەلەی پێشمەرگە بۆ سەرسنور وێنەیەکی بەرچاوی ئەو کردەوەیە کە بەداخەوە نەک وەک ڕابردووش بە نهێنی بەڵکو بە کامێرا و وێنەهەڵگرتن و پرۆپاگەندەشەوە. دیار نیە دەبێ چەند کەسیش لە ئەنجامی ئەو کارانەدا شەهید بن هەتا بەو هەڵەیەش بزانرێ. دەکرێ بڵێین کاتێک حیزبێک کە بیهەوێ خەباتی چەکداری بکا، بەر لەخەبات ڕێکخستنێکی بەهێز لەناوخۆدا پێکدێنی. بە دەیان شانەی ئێشمەرگەی ناوشار ڕێکدەخا. سەرچاوەی چەک و دارایی پتەو دەکا و لە پاشان بە نهێنی بنکە و بارەگا لە ناو چیا و دارستان و شوێنە چەتونەکانی ناوخۆ دادەمەزرێنی و گرتنی هەر چەشنە وێنەیەکیش لەو شوێنانە قەدەغە دەکا. پاشان ڕادەگەیەنێ کە دیسان پێشمەرگە وەجموجۆڵ دەخا.

سەرباری هەمووەردان خود بوونی دوو هێڵەکەیە کە بە هیچ کلوجێک نایەنە سەر ڕێگای یەکگرتنەوە. بازاری شەڕ و دمەقواڵەی ناو ئینتیرنت لەناو لاینگرە بەستەزمانەکانیان وەها توندە کە گەر چەکیان بەدەست بایە سینگی یەکتریان کوناوژن دەکرد. بەداخەوە بە فەرمی هیچکامیان بۆ ئەندامەکانیان یاساخ نەکردووە کە خۆ لەمجۆرە کارانە نەدەن کە دیاریش نییە چندە سیخوڕی ڕژیم لە سەر ڕایەڵەی ئینتیرنت دنەدەدەنە ئەم کارە نالەبارانە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کەم و کۆڕیانە هەر دەبێ چاوەڕوان بین کە بەڵکو کارێکی کارا و شەهامەتێکی بێوێنە لە کادر و ئەندامەکانی ئەو حیزبە بتوانێ ئەو بارودۆخە بگۆڕێ و ح.د.ک بخاتەوە سەر ئەو شوێن و پایەیەی کە لەڕاستیدا دەبوایە هەیبێ و شایانێتی.

هیوادارم حەفتا ساڵەی لەدایکبوونی حیزبی دێمۆکرات ببێتە نوختە وەرچەرخانێکی مێژوویی لەم حیزبەدا کە مایەی شادی ڕەوانی هەموو شەهید و خۆبەختکەرانی پێشووی بێ و دوستان و ئەندامەکانی ئێستاشی شاد کات.

سەرچاوە: فیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٥ی ئاگۆستی ٢٠١٥

## وتوویژی رۆژنامەی کوردستان لەگەڵ عەبدوڵڵا بەهرامی



**دیمانە: ئارەش لۆرستانی**

**ئارەش لورستانی: حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لەسەر بنەمای ڕێوشوێن و پێداویستییەک دامەزراو ئایا لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا هەمان ڕێوشوێن و پێداویستی لە گۆڕێ دا ماون؟**

**عەولا بەهرامی:** حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە سەر کۆمەڵێک بنەما و بۆ وڵامدانەوە بۆ پێدوایستییەک کە چ لە کۆمەلگەی ئەو کاتی کوردستان و چ لە کۆمەڵگەی ئێستای کوردستان دا هەست پێدەکرا، دامەزراوە. بە م جیاوازییەوە کە بژاردەکانی کۆمەڵگەی دەیەی بیستی هەتاوی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ زۆرینەی رەهای دانیشتوانی کوردستان تێگەیشتنێکی قووڵتریان لە بارەی دیاردەی حیزبەوە هەبوو. بۆیە پێیان وابوو کاتی ئەوە هاتوە میکانیزمێکی مودێرن بۆ کاناڵیزەو ڕێبەریکردنی خەبات بدۆزنەوە. لەم روانگەیەوە دامەزرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ئاڵوگۆڕێکی گەورە بوو. گەورە لەمبارەیەوە کە کۆمەڵگەی ئەو سەردەمی کوردستان و ناوچە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی و دەرەبەگایەتی بوو کە تاکەکان لەودا سەربەخۆییان نەبوو. لە راستی دا حیزب هاتەریب لەگەڵ گۆڕینی شێوازی ڕێبەرایەتیی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان دەیهەویست هێزێکی نوێی کۆمەڵایەتییش لە کوردستان دروست بکا. هێزێکی پێکهاتوو لە تاکە ئازادەکان. حیزبی دیمۆکراتی کوردستان جگە لە بەستێنی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمە، وڵامێک بوو بۆ پێداوییستیەک کە زۆر پێشتر واتە لە سەردەمی شۆڕشە رزگاریخوازانەکانی کوردەوە لە کۆمەڵگەی کوردستان بەدی دەکرا. واتە فۆرمێکی نوێ بوو بۆ کانالیزەکردنی خەبات و دواتر بەڕێوەبەریی وڵات لە دەرفەتە مێژووییەکان دا. بە دامەزرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان

بەشی یەکەم

بەرگێکی نوێ کرایە بەر بزاڤی شوناسخوازانەو ئازادیخوازانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بزووتنەوەی کورد لەم بەشەی کوردستان سەرەڕای ئاستەنگە جۆراوجۆرەکان بووتە خاوەنی ئۆرگانیزمێکی ریشەدار کە ئێستاش سەرەڕای هەورازو نشێو و ناکۆکییە نێوخۆییەکان درێژە بە ژیانی خۆی دەدا. لە راستی دا دەکرێ بڵێین ئەم حیزبە بە هەموو کەموکوورییەکانییەوە بۆتە پێناسە و دینامیزمێکی مێژوویی بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەی رۆژهەڵاتی کوردستان. ئەم حیزبە لە ئەزموونە کورتەکانی دەسەڵاتدارییش دا دەریخست کە ریشەی لە شوناس، مێژوو، ویست و ئاواتەکانی کۆمەڵانی خەڵک دایە. بێگومان هەم بەستێن و بنەماو هەم پێداویستییە کاتی و زەمانییەکان ئێستاش و لە داهاتووش دا بۆ درێژەدان بە ژیانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکەن. بەڵام ئەم حیزبە پێویستە وەک ئۆرگانیزمێکی سەردەمیانە بەردەوام خۆی نوێ بکاتەوە.

**ئارەش لورستانی**: کۆماری کوردستان لە ماوەی حەفتا ساڵ خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا بە چ تایبەتمەندیگەلێکەوە ناسراوە و چ گرنگیەکی لە بەردەوامیی بزووتنەوە دا بوە؟

**عەولا بەهرامی**: کۆماری کوردستان چڵەپۆپەی ئامانجە بەرزەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بوو کە بۆ ماوەیەکی کورت لە بەشێکی بچووکی جوغرافیای کوردستان دا بەرگی راستیی پۆشی. ئەم کۆمارە لە راستی دا مۆدێلیکە کە بە پێی ئەو پێناسە لە دووره دیمەنی خەبات لە قەوارەیەکی گەورەتر دا دەکرێ. بەم واتایە کە تاکەکانی کوردستان و بزووتنەوە ئامانجە بەرزەکانیان لە چوارچێوەی مۆدێلیک دا پێناسە دەکەن کە حەفتا ساڵ لەوەپێش بەکردەوە پیادە کراوە. ئەم کۆمارە وەک نموونەیەکی هەرچەند بچووک و کورتماوەی دەسەڵاتی نەتەوەیی پوتانسیەلی گەورەی بۆ خەباتی درێژخایەنی بزووتنەوەی نەتەوەیی رۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت بەشەکانی دیکەی کوردستانیش دروست کردوە. لە راستی دا کۆماری کوردستان لە باری زەینیشەوە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد هەستێکی راستەقینەتریان لە ئامانجی بەرز واتە دەوڵەتی نەتەوەیی هەبێ.

**ئارەش لورستانی**: ئاکاری سیاسی لە مێژووی خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا چ واتا و پێگەیەکی هەیە؟

**عەولا بەهرامی**: حیزبی دیموکراتی کوردستان بەو پێیە کە خاوەنی گوتارێکی ئازادیخوازنە و دیموکراتیکە و هەوڵ بۆ سڕینەوەی ئەو ستەمە مێژووییە دەدا کە لە مێژوودا لە نەتەوەی کورد کراوە، لە ناخی خۆی دا هەڵگری ئاکارێکی بەرزی سیاسییە. ئەم حیزبە لەگەڵ ئەوەدا لە ژیۆپۆلیتیکێکی دژواردا درێژەی بە ژیانی سیاسی و خەباتێکی سەخت و خوێناوی داوە، بەوحاڵەش قەت ڕێگەی بەخۆی نەداوە لە پێناوی بەرژەوەندی تاکتیکی و یان تەنانەت ستراتژیکیش دا ئاکارێکی ناتەبا لەگەڵ گوتارەکەی بگرێتەبەرو زیان بە بەرژەوەندیی لایەنگەلێک، تەنانەت لە دەرەوەی سنوورەکانی رۆژهەڵاتی

بەشی یەکەم

کوردستان بگەیەنێ. بە باوەڕی من ئەم باکگراوندە ئاکارییە یارمەتیدەرێکی باشیش بوە بۆ ئەوەی لە داهاتووش دا ، واتە لە هەلومەرێکی جیاوازتریش دا بە کلتوورێکی سیاسیی پێشکەوتووانەوە بچێتە نێو گەمەی سیاسی لەگەڵ خەنیمە کانی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستانەوە.

**نارەش لورستانی:** ئەزموونی رووخانی حکومەتی پەهلەوی و دەسەلاتدارەتیی ۳۷ ساڵەی کۆماری ئیسلامی دەتوانێ هەڵگری چ ئەزموونگەلێک بۆ بزووتنەوەی کوردو بەتایبەت حیزبی دیمۆکرات بێ؟

**عەولا بەهرامی:** بێگومان هەم ئەزموونی رووخانی حکوومەتی پاشایەتیی پەهلەوی و هەم هۆکارەکانی هاتنەسەرکاری حکوومەتی سەرەڕۆی ئیسلامی و رووخانی ئەم حکوومەتەش دەتوانن هەڵگری ئەزموونی جیاوازو بەکەلک بن بۆ بزووتنەوەی کوردستان و حیزبی دیمۆکرات. ئەگەر لە گۆشەنیگای رووخانی حکوومەتی پەهلەوی و هاتنەسەرکاری حکومەتی سەرەڕۆ و مەزهەبیی کۆماری ئیسلامییەوە لە ئەزموونەکان بڕوانین دەتوانین روانگەیەکی روونترمان لە بەستێن و زەمینەیە هەبێ کە ئەزموونەکانی رووخان و دوای رووخانی کۆماری ئیسلامی شکڵ دەدەن. بزووتنەوەی کوردستان و حیزبی دیمۆکرات نە لە رووخانی حکومەتی پێشوو و نە هاتنەسەرکاری حکوومەتی ئێستادا فاکتۆری دیاریکەر نەبوون و، رەنگە لە داهاتووش دا ئەو دەورێکی سەرەکییان نەبێ، هەر بۆیە دەبێ لە پلەی یەکەم دا لە گۆشەنیگای بەرژەوەندییەکانی بزووتنەوەی کوردستان و سەنگی ئەم بزووتنەوەیە لە هاوکێشە سیاسی و نیزامی و ئابوورییەکانەوە خۆی بۆ ئەزموونی دوای حکوومەتی ئێستا ئامادە بکا. چونکە ئەزموونەکانی پێشوو دەریانخستوە بەستنەوەی بەرژەوەندییەکانی بزووتنەوەی رۆژهەلاتی کوردستان بە ناوەندی دەسەلاتی سیاسیی ئێرانەوە تووشی تێچووی زۆرمان دەکا. پێم وایەدەبێ لە روانگەیەکی دیکەوە بۆ ئەم پێوەندییە بچین. ئەگەر لە روانگەی هەوڵدان بۆ هێنانە ئارای پێگەیەکی بەهێزی کوردستانییەوە بۆ پرسی دیمۆکراسی لە ناوەند بچین توانیومانە هەم پێگەی خۆمان وەک بزووتنەوەی کوردستان قایم و قورس بکەین و هەم لەم رێگایەوە دەتوانین ببینە نموونە بۆ ئازادیخوازان لە ناوەندو نەتەوە ژێردەستەکانی دیکە. لەم پێوەندییەدا پێویستە ئەوە بگوترێ هێنانە ئارای ئەزموونێکی جیاوازتر لە کوردستان پێویستی بە شێوازی نوێی خەبات و پشتبەستوو بە هەموو شێوازەکانی پاراستنی رەواو مانەوە لە سەر خاکی رۆژهەلاتی کوردستان هەیە.

**نارەش لورستانی:** حیزبی دیمۆکراتی کوردستان چ پێوەندییەکی لە نێوان خەباتی مەدەنی و بەرگریی چەکدارانەدا دروست کردوە و لەم نێوەدا چۆن دەڕوانێتە داخوازییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان؟

**عەولا بەهرامی:** بەداخەوەی هەم لەبەر نەبوونی بەستێنی لەبار بۆ خەباتێکی مەدەنیی بەبرشت و خاوەن داخوازی روون و هەم لەبەر بەسترانەوەی هاتنەدی ئامانجە سیاسییەکان بە حیزبە سیاسییەکانی نێو بزووتنەوەوە، کۆمەڵگەی رۆژهەلاتی



سەرچاوە Serchawe

بەشی یەکەم

کوردستان نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی ئەو شێوازە لە خەبات بێ کە پێی دەگوترێ خەباتی مەدەنی. ئەوەی لە نیوەی دووەمی دەیەی حەفتای هەتاوییەوە لە کوردستان بەدی دەکرێ زیاتر دەتوانرێ لە چوارچێوەی چالاکیی مەدەنی چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان دا پێناسە بکرێ، کە لە زۆر حاڵەت دا شێوازی ناوچەیی هەیە، یان بە گشتی بەرین و سەرانسەری نیە. من پێم وایە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لانیکەم لە دە ساڵی رابردوودا توانیویەتی روانگەیەکی نوێترو روونتر لە پێوەندی لەگەڵ چالاکانی مەدەنی دا و تەنانەت شێوەیەک لە تێکۆشانی سیاسیی نیوە قانوونی کە لە ئاستێکی بەرتەسک دا لە گۆڕێ دایە بێنێتە ئاراوە. بە پێی ئەم روانگە نوێیە، دەبێ لە هەرچەشنە هەل و دەرفەتێک بە قازانجی بەجەماوەریکردنی خەبات و بەرینکردنەوەی بەستێنی خەباتی مەدەنی کەلک وەرگیرێ. روانگەیەک کە شوێنەوارەکانی لە نێو چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان دا زیاتر هەست پێدەکرێ، نەک لە نێو حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا.

**ئارەش لورستانی**: بە سەرنجدان بە رابردووی ٧٠ ساڵەی حیزبی دیمۆکرات، بزووتنەوەی نەتەوەیی و دیمۆکراتیکی کوردستان بۆ درێژەدان بە تێکۆشان لەگەڵ چ گیروگرفتگەلێک بەرەوڕوویە؟

**عەولا بەهرامی**: راستیەکەی ئەوەیە بە سەرنجدان بە دۆخێکی ئاستەم و دژوار کە حیزبی دیمۆکرات و بزووتنەوەی کوردستانی لە ماوەی ٧٠ ساڵی رابردوودا پێدا تێپەڕیوە، ئەو هەلومەرجە دژوارەش کە ئێستا لە گۆڕێ دایە ناکرێ چاوەڕوان بین کە رەوتی تێکۆشان و بەتایبەت جۆشدانەوەی شێوازە جۆراوجۆرەکانی خەبات لە نێو ئەم ژێئۆپۆلیتیکەدا کە رۆژهەڵاتی کوردستانە، بەدوور لە گرفت و دژواری و قوربانیدان بێ. بزووتنەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دیمۆکرات بۆ ئەوەی بتوانن لە دەسمایەی خەباتی سێ بەرەی رۆڵە خەباتکارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناوی بنیادنانی داهاتوویەکی جیاواز کەلک وەرگرن پێویستیان بە گەڕانەوەیەکی بە تەواو مانا بۆ بەستێنی راستەقینەی خەبات هەیە. لەم باوەڕە دام لە بەستێنێکی راستەقینەو شوێندانەری خەباتکارانەدا دەکرێ پاشەکشە بە کلتووری پاسیفیسم و پاوانخوازیی نێو حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا بگیرێ

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی ئاگۆستی ٢٠١٥

## ٧٠ ساڵان دیموکرات.



**هاوار بازیان**

گونجاندنی مێژوو و کاری حیزبێکی بەتەمەنی وەک "دیموکرات"ی نەیاری دەسەڵاتدارانی ئێرانی لە یەک وتاردا ئەستەمە، بەڵام دەکرێ لە ٧ وێستگەدا و بەپێی زەمەنبەندی باسی لایەنی بەهێز و لاوازی ئەو ڕێکخراوە کوردییە بکەین:

١- یەکەم و گەورەترین سەروەریی "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران" هەمان کۆماری کوردستانە کە تەنیا چەند مانگ پاش ڕاگەیاندنی ئەو حیزبە (١٦ - ٨ - ١٩٤٥) توانی سەرۆکایەتیی دامەزراندنی یەکەم دەوڵەتی کوردی لە مهاباد بکا (٢٢ - ١ - ١٩٤٦). ئەو ڕووداوە ١١ مانگییە تا ئێستەش نەک هەر وەک گەورەترین سەرمایەی سیاسی و مەعنەویی حیزبی دیموکرات دادەنرێ، بگرە هێز و لایەنەکانی تری کوردی لە ئێران و پارچەکانی تریش بە ئیلهام بەخشی خۆیانی لە قەڵەم دەدەن. کۆماری کوردستان تاکە ڕووداوی مێژوویی کوردە کە تا ئێستە زیاترین کورد لەسەر یەکدەنگ و کۆکن، بەشێوەیەک کە لە مێژووی سیاسیی کورددا بە گەورەتر لە دەستکەوتی تاکە حیزبێک یان تەنیا پارچەیەکی کوردستان دادەنرێ.

٢- نەمانی کۆماری کوردستان (١٥ - ١٢ - ١٩٤٦) ئەرکی حیزبی دیموکراتی قورستر کرد لەوەی بتوانێ ماڵێکی شێواوی ڕێکخستنی و جەماوەری بەسەر بکاتەوە و هاوکات هێزی خۆپاراستنیشی هەبێ، ئەویش لە دۆخێکدا کە دەسەڵاتی ئەوکاتی ئێران چاوی لەسەر کوردستان تیژکردبوو و بەتوندترین شێوە بەرەنگاریی هەموو جووڵەیەکی دژبەرانی خۆی دەکرد. جگە لەوەی کورد و دیموکرات بەگشتی لە ئێران تووشی شکستێکی ڕۆحی هاتبوون و پێویستییان بەدەرفەتێک بوو تا خۆیان لەگەڵ "دیموکراتی بێ کۆمار"دا بگونجێنن، بەڵام دەسەڵاتی شاهەنشاهی هەرجۆرە دەنگێکی کوردانەی وەک پاشماوەی



سەرچاوە
Serchawe

بەشی یەکەم

حکوومەتی کوردستان دەزانی و بڕیاری نەهێشتنی دابوو. بەوشێوەیە حیزبی دیموکرات تووشی یەکێک لە بێدەنگترین ساڵانی ژیانی سیاسیی خۆی هات کە نێزیکەی ٢٠ ساڵی خایاند.

٣- لە ناوەڕاستەکانی ١٩٦٠، بووژانەوەی نوێی سیاسی و چەکداری کەوتەوە گیانی حیزبی دیموکرات، بەشێوەیەک کە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی ئێراندا جموجۆڵ و راسانی خەڵک دەبینرا هەرچەندە کەمتر لایەنی رێکخستنی و رێکخراوەیی پێوەدیار بوو. لەو قۆناخەی دیموکراتدا دەتوانین ئاماژە بە هەندێک سەرکردەی ناوخۆیی بکەین کە دژی دەسەڵاتی شاهەنشاهی و بەناوی "حیزبی دیموکرات" چالاکیی سیاسی و چەکدارییان ئەنجام دا و تەنانەت گیانیشیان بەخت کرد، بەڵام تا ئێستەش وەک بەشێکی زێڕین لە مێژووی دیموکرات دادەنرێ. دیارترینی ئەوانە "مەلا ئاوارە ١٩٦٨ و مراد شیرێژ ١٩٦٧ بوون کە بەهێمای بوژاندنەوەی شۆڕش لە کوردستانی ئێران پاش کۆماری کوردستان دادەنرێن. ئەوانە دواتر لەلایەن دەسەڵاتی ئێرانییەوە گوللەباران کران و مراد شیرێژ-یش بە پیلانێکی ئێرانی-کوردی رادەستی بەرپرسانی ئێرانی کرایەوە و بەشێوەیەکی نامرۆڤانە کوژرا و تەرمەکەی نیمایش کرا. ئەو قۆناخە لە حیزبی دیموکرات هەرچەندە کورت بوو، بەڵام هێزێکی باشی لە نوێبوونەوە و هاتنەوە ناوخەڵکی پاش ٢٠ ساڵان بەو حیزبە بەخشی.

٤- ساڵانی پاش بزووتنەوە چەکدارییەکەی ١٩٦٠ دیسان تەوژمێک لە بێدەنگی و کپکردنی سیاسی بەسەر دیموکراتدا سەپا، هەرچەندە بەنهێنی کۆمەڵێک چالاکیی سیاسی، بڵاوکردنەوەی نووسین، کۆبوونەوە، پەیوەندیگرتنی خەڵک و دەنگی شۆڕشگێڕی هەبوو و تەنانەت لە ساڵی ١٩٧١ یەکەم رێکخستنی حیزبی دیموکرات سەرلەنوێ دارشتنی بۆ کرا و کۆنفرانس و رێبەرایەتی ساخ کرانەوە و بۆ یەکەمجار "قاسملوو" و ناوەکەی هاتە ناو حیزبی دیموکرات، بەڵام لە راستیدا ئەو حیزبە فشارێکی زۆری لەسەر بوو و بە دەیان و سەدان ئەندام و لایەنگری دیموکرات دەستگیر و زیندانی کران کە بەشێکی هەرەزۆریان لە ئەندامە چالاک و بەوەجەکانی دیموکرات بوون. لەو قۆناخە ١٥ ساڵییەدا و تا گەیشتن بە سەرهەڵدانی شۆڕشی لە ئێران، حیزبی دیموکرات لە بواری فکری و هزری و کاری رێکخراوەییدا توانی خۆی رێکبخاتەوە و بەشێکی زۆری ئەندامانی کۆن و نوێی خۆی بەسەر بکاتەوە. بەتایبەت کە دەنگۆی سەرهەڵدانی شۆڕش دژی دەسەڵاتی پاشایەتی لە ئێران رۆژبەرۆژ زیاتر دەبوو و ئەندام و دۆستانی دەرەوەی وڵات پەیوەندییان بە دیموکرات کردەوە و بە گەڕانەوەیان بۆ کوردستان ئەزموونێکی باشیان پێشکێشی حیزب کرد.

٥- سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران (١١ - ٢ - ١٩٧٩) دەرفەتێکی کراوە و ئازادانەی بە هەموو گەلانی ئێرانی بەخشی تا ویست و خواستەکانیان رووبکەن. حیزبی دیموکرات یەکەم حیزبی کوردی بوو کە تەنیا چەند رۆژێک پاش رووخانی شا لە مهاباد بەرەسمی لە میتینگێکی دەیان هەزار کەسیدا دەستبەکاربوونەوەی خۆی راگەیاند. ئەو رۆژە بۆ دیموکرات وەک رۆژی راگەیاندنی کۆماری کوردستان لە هەمان شار پاش ٣٣ ساڵ دادەنرا و گرینگی هەبوو! بەو جیاوازییەی کە ئەمجارەیان



سەرچاوە Serchawe

دیموکرات خۆی وەک حیزبێکی کوردی ئێرانی "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران" ناساندبوو لە کاتێکدا پێشتر دەستی بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی "کۆماری کوردستان" بردبوو. بچووکبوونەوەی خواستەکانی دیموکرات بەهیچ شێوەیەک لە جەماوەرەکەی کەم نەکردەوە بەشێوەیەک کە بەپێی لێدوانی بەرپرسانی باڵا لە ماوەیەکی کەمدا ئەو حیزبە توانی زیاتر لە ٥٠ هەزار پێشمەرگە پۆشتە و ئامادە بکا. لەو قۆناخەدا بوو کە سیستەمێکی سیاسی و ئیداری ئەگەریش بۆ ماوەیەکی کورت بووبێ توانی باڵی بەسەر کوردستانی ئێراندا بکێشێ. هەرچەندە لەو ماوەیەدا دیموکرات بەهێزترین ساڵانی خۆی بەڕێکرد، بەڵام بێ کێشە و ڕەخنە هەر نەبوو، بەتایبەت کە تۆمەتی "هەڵایسانی شەڕی ناوەخۆیی" کۆمەڵە - دیموکرات - قیادە موەقەت خرایە پاڵ حیزبی دیموکرات. جیاواز لەوانە، پەیامی ئەو سەردەمە بۆ دیموکرات و کوردی ئێران بەگشتی ئەوە بوو کە دەسەڵاتی نوێ لە تاران نەک هیچی بۆ کورد پێ نییە، بگرە بەرنامەی لەناوبردنی عەقڵی سیاسی و سەرکردەکانی کوردی ئێرانیش بەڕێوە دەبات.

٦- ئەو دۆخەی پاش سەرکەوتنی شۆڕش لە ئێران دەرگای خەباتی چەکداری بەڕووی کوردی ئەو بەشەدا کردەوە کە دیموکرات (هاوشانی کۆمەڵە و لایەنەکانی تر)ی تووشی شەڕێکی نابەرابەر بەرامبەر دەسەڵاتی نوێ لە ئێران کرد کە هەمان کۆماری ئیسلامی بوو و تەنیا چەند مانگ پاش سەرکەوتنی شۆڕش، خومەینی وەک "ڕێبەری شۆڕش" فەرمانی جیهادی لە دژی کورد دەرکرد! ئەو قۆناخە بۆ دیموکرات نێزیکەی ١٥ ساڵی خایاند (١٩٨٠ - ١٩٩٥ کە تێیدا ئەو حیزبە بەناچار و بەچەند قۆناخ وازی لە شارەکان هێنا و ڕووی لە شاخ کرد و بەرەنگارییەکی شۆڕشگێڕانەی دەست پێکرد.)

٧- سەرەتاکانی ١٩٩٧، حیزبی دیموکرات بەڕەسمی ڕووی لە شارەکانی هەرێمی کوردستان کرد و بەئاشکرا وازی لە خەباتی چەکداری هێنا کە دواتر وەک "سۆزێک بۆ سەقامگیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دەستکەوتەکانی کورد لە باشوور" هاتەدانان. حیزبی دیموکرات لەو بەشەی مێژووی خۆیدا هەرچەندە قوربانییەکی زۆری دا بەتایبەت لەڕووی "تیرۆرکرانی" ئەندام و کادیرانی خۆی لەو بەشەی کوردستان، بەڵام سەرکەوتوو بوو لەوەی پابەندیی خۆی بە "ڕەچاوکردنی دۆخی هەرێم و ڕاگرتنی باڵانسی سیاسی نێوان سێکوچکەی خۆی و ئێران و کوردانی باشوور" بپارێزێ کە تا ئەمڕۆش کار بەو ستراتیژییەی دەکا. ڕاستی یان هەڵەبوونی بڕیاری وازهێنانی دیموکرات لە شاخ و خەباتی چەکداری و هاتنی بۆ ناو کەمپەکان باسێکی ترە کە ڕەنگە لێرەدا دەرفەتی کردنەوەی نەبێ.

### هەڵسەنگاندی دیموکراتی ٧٠ ساڵە لە ٧ خاڵدا بەپوختی:

١- حیزبی دیموکرات توانی شیرازەی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵاتی لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و لانیکەم تا ئێستە پلەی خۆی وەک حیزبێکی میللی لەدەست نەداوە و باش سەرکەوتووە لەوەی ڕێگە نەدا کورد لە ڕۆژهەڵات تووشی سەرگەردانیی سیاسی

بەشی یەکەم

بی. دیموکرات بەهەموو کەموکوڕییەکانییەوە، تا ئێستەش روخساری خۆی وەک هێمای سیاسیی کوردی رۆژهەڵاتی پاراستووە، بەواتەیەکی تر دیموکراتبوون وەک نەریتێکی سیاسیی بۆ کورد لە ئێرانی لێهاتووە.

٢- دیپلۆماسیەتی حیزبی دیموکرات حاشای لێناکرێ، بوارێک لە خەباتی سیاسی کە ئەو حیزبە لە ئاستی رێبەریدا قوربانیی وەک قاسملوو و شەرەفکەندی پێشکێش کردووە تا بیسەلمێنی "هێزێکە بەسەر لوولەی تفەنگەوەش بڕوای بە گفتوگۆ هەیە". تێکەڵبوونی حیزبی دیموکرات بە کۆڕ و ناوەندە ناودەوڵەتییەکان و هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ کەسایەتییە دیارەکانی ئێرانی و جیهانی و وەرگرتنی دیموکرات وەک هێزێکی خاوەن دیپلۆماسی، پێگەیەکی وای بەو حیزبە بەخشیوە کە لە ئاستی حیزبە فارس و ئێرانییەکانیشدا (هاوشانی چەند هێزێکی تری کوردی ئێرانی) وەک یەکەم حیزبی کوردی ئێرانی سەیری دیموکرات دەکرێ. ئەو دەستکەوتە لەگەڵ فارسەکاندا نابێ بەکەم بزانین!

٣- دیارترین رەخنەی بەرەورووی دیموکرات دەکرێتەوە، هەمان "تێکچوونی یەکڕیزی و تەبایی"ی ناوخۆییە. ئەو حیزبە سەرکەوتوو نەبووە لەوەی گۆڕانکارییە فکری و مێژووییەکانی خۆی بەبێ "لەتبوون" تێپەڕ بکا. ئەوانەی پەنجەی رەخنە بۆ دیموکرات درێژ دەکەن مادەی خامی باشیان لەبەردەستە تا لەوبارەیەوە ئەو حیزبە بخەنە بەر داری گلەیی.

٤- یەکێکی تر لەو رەخنانەی رووبەڕووی دیموکرات دەبێتەوە، "رێگەنەدانە بە سەرگرتنی هێزێکی تری کوردی" کە بتوانێ رکابەری بکا، ئەو تۆمەتە کاتێک تۆخ دەبێتەوە کە پارتی کرێکارانی کوردستان پێیوایە دیموکرات "دیکتاتۆرانە دەجووڵێتەوە لەگەڵ هەر هێز و لایەنێک کە هەڵگری بۆچوونی دەرەوەی کوردستانی ئێران بێ". زۆرجاریش پ.ک.ک و هێزەکانی پێڕەوی ئەو حیزبە کوردییە بازنەی تۆمەتەکەیان گەورەتریش دەکەن و دەڵێن: "دیموکراتەکان روانینی نەتەوەییان نییە بۆیە هەزمی هێزی پارچەکانی تر ناکەن". ئەو خاڵە وەک نیگەرانییەکی سیاسی بۆ داهاتووی سیاسیی کورد و دیموکرات لە ئێران دەمێنێتەوە، بەتایبەت کە دیموکرات و پ.ک.ک سوورن لەسەر بۆچوون و سیاسەتی خۆیان.

٥- یەکێک لە شانازییەکانی دیموکرات ئەوەیە کە "سەربەخۆیی سیاسی و کرداریی خۆی پاراستووە" و لەو هەمووە جەنجاڵە سیاسی و تێکهەڵچوونە سەربازییانەی لە دەورەبەری ئەو حیزبە بەسەر لایەنەکانی تری کوردیدا هاتووە، هەم لە ئاستی ناوخۆیی کوردستان و هەمیش وڵاتانی پێوەست بە پرسی کورد، کەمترین گلەیی لایەنگیری یان "بوونە داردەست" هاتووەتەوە سەر دیموکرات. بەشێوەیەک کە دیموکرات ئەگەر باری کوردی بۆ ئاسان نەکرابێ، "هەرگیز" قورسی نەکردووە.

٦- دیموکرات هەست بە بەرپرسیارییەتێکی گەورەتر لە تەنیا حیزبێک دەکا و هەربۆیەش زۆرجار لە بڕیاردان و گرتنی هەڵوێستەکانیدا پەلەی پێوە دیار نییە. ئەو تایبەتمەندییە وایکردووە سەرجەم هەڵوێست و رەفتارەکانی ئەو هێزە لە

بەشی یەکەم

ئاستی کوردستانی و دەرەوەشدا بەگرینگ وەربگیرێ و لە ئاستی ئوروپا و رۆژئاوا بەگشتی وەک حیزبێکی "مەسئول" سەیر دەکرێ.

٧- دوژمنەکەی حیزبی دیموکرات کە هەمان دەسەڵاتدارانی ئێرانی لە ماوەی ٧٠ ساڵی رابردوودا بوونە، وایان لەو هێزە کردووە کە خۆی لەگەڵ سیاسەتی هەرێمی و ناودەوڵەتیدا بگونجێنێ و بە پارێزێکی زۆرەوە هەنگاو بنێ، بەتایبەت کە ئێران دەستی دەچێتە ناو ریشە و هەناوی وڵاتانی دراوسێ و لە ئاستی ناودەوڵەتیشدا زیاتر لە زۆربەی وڵاتانی تر گرینگی پێدراوە. ئەو نەیارە تایبەتەی کورد لەئێران ئەرکی حیزبەکانی ئەو پارچەیەی قورستر لەوانی تر کردووە، ئەرکێک کە حیزبی دیموکرات ئەگەریش تا ئێستە سەری نەخستبێ، پشتی تێنەکردووە و بەردوامە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز - ڕێکەوتی: ١٤ی ئاگۆستی ٢٠١٥

## لە یادی حەفتا ساڵە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا



**هیوا گوڵ محەمەدی**

حەفتا ساڵ بە سەر خەبات و تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا تێپەڕی. ئەو حیزبەی کە بە سەروکایەتی پێشەوا قازای محەمەد و بە پێشنیاری کاربەدەستانی یەکیەتی سوڤیەت و بە هەڵوەشانەوی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" بە بێ ئاگاداری سەروک و بەرپرسانی ئەو کۆمەڵەیە، دامەزرا و هەر خێرا کۆمارێکی بچکولە لە جوگرافیا و گەورەی لە ناوەروکدا پێک هێنا. تەمەنی کۆماری کوردستان تەنیا ١١ مانگ بو، بەڵام تەمەنی حیزبی دیموکرات کە دامەزرێنەری ئەو کۆمارەیە، بو بە حەفتا ساڵ.

ۆماری کوردستان بە زور هۆکار و پیلانی چەند لایەنە، بوو بە قوربانی و سەروکی کۆمار کە سەروکی حیزبیش بو لە لایەن حکومەتی داگیرکەری پاشایەتی ئێرانەوە لە سێدارە درا. ڕەوتی ژیان و پیویستی نەتەوەیەک بۆ ئازادی ڕێگای پێشەوای زیندوو راگرت و تێکۆشەران و شوڕشگێڕانی کورد لە روژهەڵاتی کوردستان، هەر خێرا دوای هەرەسی کۆمار و شەهید بونی سەروکەکەی، کەوتنە جوڵان و ڕێبازی درێژەدان بە خەباتیان لەسەر هەمان بنەما و بیروباوەڕ دارِشتەوە.

**دیارە لە ماوەی ئەو حەفتا ساڵە دا ئێمە تەنیا یەک حێزبی دیموکراتمان نەبووە، بەڵکو ٣ حیزبمان هەبووە، یان باشترە بڵێم حیزبی دێموکرات بە 3 قوناخی جیاوازا تێپەڕیوە و هەموو ئەو قوناخانەش لێک جیاوازن.**

## بەشی یەکەم

**قوناخی یەکەم**، لە هەڵوەشانەوەی کۆمەڵەی ژ-ک و دامەزرانی حیزبەوە تا کاتی روخانی کۆمار و ئیتر لێرەدا ئەو قوناخە ئەبێتە مێژوو. پاش ئەم قۆناخە بۆ ماوەی چەند ساڵ هیچ ئاسەوارێک لە حیزبی دێموکرات نامێنێ و ئەوانەی کە تا سەردەمی رووخانی کۆمار بەڕێوەبەر و کەسانی ناوبەدەری ئەم حێزبە بوون، گۆشەنیشینییان هەڵبژارد و ئیتر بەهیچ شێوەیەک تێکەڵ بە کاری سیاسی و چالاکیی حیزبی نەبوونەوە.

**قوناخی دووهەم**، قوناخی سەرهەڵدانەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانە لە گورەپانی تێکۆشانی بە کردەوە دا. لەم قۆناخەدا سەرەتا حیزبی دێموکرات بە هیمەت و تێکۆشانی ژمارێک لاوی خوێندەوار کە پشتیوانی و کارتێکردنی حیزبی توودە یان لەسەر بوو، دەبووژێتەوە. تا ئەو جێگایەکە حیزبی توودە وەک "کومیتەیەکی ئیالەتی" خۆی چاو لەم حیزبە دەکات و هەر بەو چاوەش هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکات.

بەهۆی تەوژمی حکوومەتی ئێران و نەمانی دەرەتانی تێکۆشانی سیاسی بۆ حێزبەکان لە ئێران، حیزبی توودە پەرتەوازەی هەندەران(ولاتانی سەربە سۆڤیەت) دەبێت و حێزبی دێموکراتیش ژمارێکی زۆر لە ئەندامانی رێبەریی و کادر و ئەندامانی دەگیرێن و ژمارێکی زۆرتریش پەرتەوازەی باشووری کوردستان دەبن.

لە باشووری کوردستان جیاوازیی فیکری و سیاسی دەکەوێتە نێوان ئەندامانی حێزب. بەو شێوە کە باڵی دەسرویشتوی بە سەرۆکایەتی "ئەحمەد تەوفیق" (عەبدولا ئیسحاقی) دچێتە ژێر رکێفی شۆڕشی ئەویلوول بە سەرۆکایەتی مەلامستەفا بارزانی و ئیتر حیزبی دیموکراتی کوردستان بە کردەوە سەربەخۆ نامێنێ.

بەڵام ژمارێکی زۆر لە کادر و ئەندامانی لە شووینی جیاوازی کوردستان دەمێنەوە تا ساڵی ١٣٥١ و گەڕانەوەی دوکتور قاسملوو. دیارە لەم ماوەدا ژمارێک لە کادر و پێشمەرگەکانی حێزبی دێموکرات بە نێوی حیزبی دێموکراتی کوردستان - کۆمیتەی ئیبقلابی تێکۆشانی خۆیان جیا لە باڵی "ئەحمەد تەوفیق" دەسپێدەکەن. ئەم کەسانە بە هەست وەرگرتن لە سازمان انقلابی بە رێبەریی "کوروش لاشایی" کە لە حێزبی تودە جیا ببوەوە، کاریان دەکرد و تەنانەت شۆرشێکی چەکداریان لە رۆژهەڵاتی کوردستان خستە رێگە کە ١٨ مانگی خایاند. ئەم راپەرینە چەکدارییە بە شۆڕشی چەکدارانەی ٤٦ - ٤٧ (بە ساڵێ هەتاوی) ناوبانگی دەرکردوە. ئەم شۆڕشە بە دەخالەتی مەلا مستەفا و گرتن و کوشتنی ژمارێک لە رێبەرانی ئەم حەرەکەتە و هیرشی هێزی نیزامیی ئێران، سەرەنجام کۆتایی هات.

**قوناخی سێهەم**، قوناخی داڕشتنەوەی حیزبە، واتە بنیات نانەوەی حیزب لەسەر بنەمای سیاسی، رێکخستنی و کار کردن، و وەک ئیشارەی پێکرا ،ئەوە قوناخی گەڕانەوەی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملویە بۆ ئێراق و باشوری کوردستان و ئەو



سەرچاوە
Serchawe

**بەشی یەکەم**

قوناخە سەرەتا لە کونفراسی ۳ و پاشان لە کونگرەی ۳ی حیزب لە ساڵی ۱۹۷۳ (۱۳۵۲)، دەگاتە ئەنجام و حیزبی دیموکراتی کوردستان خاڵێکی لە بەردەم دا دادەنرێ و ئەبێتە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

دیارە لە کونگرەی دووی حیزب دا بەڕیز ئەحمەد توفیق کە ئەو کات سەروکی حیزب بو، بە تەواوی کۆمار و پێشیوا قازی محەمەدی رەت کردەوە و مەلامستەفا بارزانی بە قاعید و رێبەری شیاو بۆ کوردان دا ناساندن، کە ئەوەش پێچەوانەی بەرنامە و بنەما سیاسی و ئیدئولوژیەکانی حیزب بوو.

دوکتور عەبدولرەحمان قاسملو بە سەرلەنوی بنیات نانەوەی حیزب لە ڕاستیدا حیزبێکی دیکەی دامەزراند، بەڵام مێژووی ئەم حیزبەی بە کۆماری کوردستانەوە گرێداوە.

هەر چۆنێک بێت حیزبی دیموکراتی کوردستان و پێشیوا قازی محەمەد بڕوای تەواویان بە کوردستانی یەکگرتوو هەبوو و هاوکاری کردن و هاوخەباتی و تێکۆشانی کوردانیان لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا بە یەک چاو سەیر ئەکرد و بڕوایان وا بو و بە کردەوەش وایان کرد کە هەر کوردێک لە هەر کوێ ئەم جیهانەوە بێت ئەتوانی ببێتە ئەندامی حیزب و بۆ ئازادی نەتەوە و نیشتمانەکەی کار و خەباتی بە کردوەی هەبێ.

کاتێک مەلا مستە بارزانی و هاوڕیکانی لە شەڕ دژی حکومەتی ناوەندی ئێراق دا شکەستیان خوارد کە هۆکاری شەڕەکەش کێشەی عەشایەری و دابەش کردنی ملک و زەوی و ئەو شتانە بو، رویان کردە روژهەڵاتی کوردستان و کۆماری کوردستانیش باوەشی بۆ کردنەوە و وەک هاوڵاتی و هاونیشتمانی مامەڵەی لەگەڵا کردن و هەموو ئیمکان و ئیمتیازێکی وەک کوردەکانی رۆژهەڵاتی بو دابین کردن کە بەداخەوە ئەمە دواتر لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستان و بەڕیز مەلا مستەفا بارزانیەوە پێچەوانە کرایەوە.

یەکێک لە هۆکارەکانی گوڕنکاری لە بەرنامە و ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان ، لە لایەن دوکتور قاسملو، هەر ئەوە بو کە ئەو حیزبە بگەڕینێتەوە سەر ڕیبازی خەباتی سەربەخۆی خۆی. بەڵام بەداخەوە سەربەخویی کوردستان و یەکپارچەی کوردستان کرایە قوربانی سەربەخویی و یەکپارچەیی حیزب.

شاراوە نیە حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی ئەم حەفتا ساڵە دا لە گورەپانی خەباتی کوردایەتیدا رۆڵ و کاریگەری و فیداکاری بەرچاویان هەبووە و لە مانەوەی روحی بەرخوەدان و شورشگێڕێ و تێکۆشانی کوردایەتی بەلام پارچەێیدا پێشەنگ بووە.



سەرچاوە Serchawe

## بەشی یەکەم

لە پێوەندی گرتن و هاوکاریکردنی خەباتی بەشەکانیتری کوردستان و بەتایبەت باشوری کوردستانا هیمەتیان نواندوە، بەڵام لە بەرانبەر ئەندامان و بیرجیاوازانی ناو حیزبا توند و تیژ و بێ تولەرانس بوون و ئەوەش وایکردوە کە ئەو حیزبە لە ماوەی حەفتا ساڵی رەبەقا لە بازنەیەکی دیاریکراوا بخولێتەوە و شانازی کۆماری کوردستان تەنیا وەک ئامرازێکی پروپاگەندەیی بەکار بێنێ.

لە ماوەی حەفتا ساڵ خەبات و تێکۆشان و قوربانیدانێکی هەزاران کەسیدا و بە بونی دەیان هەزار ئەندام، حزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەوپەڕی بچوکی و لاوازی دا روژانە ژیان دەبەنە سەر.
لە روژێکی مێژووی وەک دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستانا، مروڤ نازانی پیروزبایێ لە کێ بکات و بە کامە جەسارەتەوە رەخنە، یان پێشنیاریکی هەبێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئێستا ساڵرۆژی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە بیر دێننەوە، بەڵام لە کردەوە دا هیچکامیان پێوەندی روحی و کردەوەییان بەو حیزبەوە نیە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان کە ساڵی ١٩٤٥ لە مەهاباد دامەزرا و پێشیوا قازی محەمەد سەروکی بو، خاوەن گەلێک بیرو وباوەڕێ پێشکەوتنخوازانەی نەتەوەیی بو، ڕیزی لە هەموو ئاین و ئاینزا و بیرجیاوازان و کوردی هەموو کوردستان ئەگرت، بەڵام ئێستا ئەم بەڕیزانە ڕێزی یەکتری لە یەک ئوردوگای زورەملیدا ناگرن.
کاتێک گوێ لە ئەندام و کادر و سەرکردەکانی ئەم دوو لایەنە دەگرین، قسەکانیان، دروشمەکانیان و تەنانەت کردەوەکانیشیان بە موو جیاوازی نیە و تاقە جیاوازی کە هەیانە کۆمەڵێک بەرژەوەندی بچوکی تاکەکەسیە و هیچ پێوەندی بە مەسەلەی کوردی و سیاسەت و ڕیبازی سیاسی و شێوەی تێکۆشانەوە نیە.

لە یادی حەفتا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا ڕێز لە هەمو ئەو خوێن و خەباتانە ئەگرم کە لە پێناو ئازادی نەتەوە و نیشتمان و بۆ مافی مروڤی کورد رژاوە و بێگومان هەموو ئەو مێژووە دور و درێژەی تێکوشان و بەرخوەدانەش وەک شانازی دەبیندرێ. بەڵام شانازی گەورەتر لە یەکیەتی و هاوخەباتی و خەباتی زانستی و سیاسەتی سەربەخوی، نەتەوەیی و شورشگێرانەی دیموکراتی دایە و ناکرێ حێزبی دیموکرات بە هەردوو باڵەکەیەوە خۆیان بە ڕێبواری کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی محەمەد بزانن بەڵام پەیرەوی لە پەیام و ئاموژگاریەکانی نەکەن کە سەرەیکیرینیان، دڵفراوانی و لێبوردەیێ و یەکیەتی و هاوخەباتی و لێک حاڵی بونە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست - ڕێکەوتی: ١٤ی ئاگۆستی ٢٠١٥



سەرچاوە Serchawe

بەشی یەکەم

## حیزبی دێموکرات، زەروورەتی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



**وریا رەحمانی**

٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ، حیزبی دێموکرات، حەفتایەمین مۆمی تەمەنی دادەگیرسێنێ و جەژنی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی دەگرێ.

٧٠ ساڵ پر لە بیرەوەریی تاڵ و شیرین نەک تەنیا هەر بۆ ئەندامەکانی خۆی بەڵکوو بۆ نەتەوەیەک کە فرچکی ژیانی سیاسی و خەباتی نەتەوایەتیی بە رێباز و چالاکییەکانی ئەم حیزبەوە گرتوە. حیزبی دێموکرات وەک کۆنترین و بە ئەزموونترین حیزبی سیاسیی کوردستان بۆ هەر چوار پارچەکەی کوردستان هەڵگری کۆمەڵێک دەستکەوتی پر لە شانازی و جاویدانەی نەتەوویی یە، کە دەورێکی تاقانەی بەم حیزبە بەخشیوە. دامەزرانی یەکەم کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد لە ٢ی رێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی، دامەزراندنی یەکەمین یەکیەتییەکانی ژنان و لاوان، کردنەوەی یەکەمین قوتابخانەی کچانی کوردستان، دامەزرانی سپای میللی کوردستان بەناوی هێزی پێشمەرگە، هەڵکردنی ئالای پیرۆزی کوردستان بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی رەسمی، گەلاڵەدار کردنی خواستە رەواکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی تۆکمەی سیاسیدا، بەفەرمی کردنی زمانی کوردی وەک زمانی رەسمی لە کوردستان و بەدەیان هەوڵ و کردەوەی نەتەوەیی و شوناسخوازانەی دیکە لە دەستکەوتە هەرمانییەکانی حیزبی دێموکرات بووە. ئەم حیزبە کە لەسەر بنەمای کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا دامەزرا، بە گوتارێکی میللی دێموکراتیک و لەسەر ئەساسێکی مافخوازانەی نەتەوەیی هاتە نێو مەیدانی سیاسی و نەتەوەیی کوردستانەوە و کاریگەریی بەرنامە و چالاکییەکانی تەنیا بە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە مەحدوود نەبۆوە، بەڵکوو ئاستێکی بەرینی نیشتمانیی لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا گرتەوە. ئەگەرچی دوای رووخانی کۆمار و لەسێدارەدان و راوەدوونانی پێشەواو رێبەرانی دیکەی کۆمار خەباتی



سەرچاوە Serchawe

## بەشی یەکەم

ئەم حیزبە بۆ ماوەیەکی درێژخایەنی چەندین ساڵە رووی لە کزی دا، بەڵام هەرگیز ئاگری خەباتی ئەم حیزبە نەکوژایەوە و جارێکی دیکە لەسەر دەستی پڕ لەتوانای رێبەری سەرکردە د.عەبدولرەحمانی قاسملوو دووبارە رۆژە گەشاوەکانی خۆی دەستەبەر کردەوە و وەک حیزبێکی بەرپرس و خاوەن پێگەی جەماوەری هاتەوە نێو گۆڕەپانی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە.

دەوری حیزبی دێموکرات لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە تەعامول و پاشان خەبات لەدژی ئەم رێژیمە سەرکوتکەرەدا هەرگیز نکۆڵیی لێ ناکرێ و لە هەر دووی ئەم مەیدانانەدا پشکی شێری بەر دەکەوێ و پێشکەشکردنی نزیک بە پێنج هەزار شەهیدی سوورخەڵات بە بارەگای پڕ لە سەروەریی خەباتی کوردستان بەڵگەی حاشاهەڵنەگری ئەم ئیددعایەیە. حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەگەرچی باشترین رۆڵە قارەمان و رێبەرە هەڵکەوتەکانی خۆی وەک شەهیدان د.قاسملووی رێبەر و د.شەرەفکەندیی نەمریشی لەدەست داوە کەچی بۆ ساتێکیش لە رێباز و ئامانجی شەهیدان و مافە رەواکانی گەلی کورد پاشگەز نەبۆتەوە و لە درێژەپێدانی ئەم رێگە پڕ لە کەند و کۆسپەی خەباتی نەتەوایەتییە بەردەوام و خۆڕاگر بووە. هەنووکەش پاش تێپەڕبوونی ٧ دەیە لە خەباتی بەردەوام و نەپساوە بۆ دابینکردنی مافە رەواکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەم حیزبە سەرەکیترین هێز و ئاڵاهەڵگری ئەم مەیدانەیە کە رەوایی خەبات و تێکۆشانەکەی بۆ دۆست و دوژمن دەرکەوتوە. حیزبی دێموکرات بە رابردوویەکی پڕ لە سەروەری و کارنامەیەکی خاوێنەوە لە خەباتی نەتەوەیی بەرەو داهاتوویەکی گەش و هەراو هەنگاو دەنێ و وەک هەمیشە سەرەکیترین گرەوی دەستەبەرکردنی مافە رەواکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ماوە و دەمێنێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١٢ی ئاگۆستی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

بەشی یەکەم

## گەورەتر لە حیزب!



**ناسر باباخانی**

هەفتا ساڵ بە سەر تەمەنی حیزبی دێموکراتدا تێدەپەڕێ، حیزبێک کە تا هەنووکەش هیچ ڕێکخراوەیەکی سیاسی دیکە لە هەر چوار پارچەی کوردستان نەیتوانیوە دەسکەوت و شانازییەکانی دووپات کاتەوە، کە بێگومان دیارترینی ئەم دەسکەوتانە دامەزراندنی کۆماری کوردستان بوو لەسەر بنەمای گوتارێکی نەتەوەیی کە کلیلوشەکانی ئەم گوتارە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ تا ئێستاش بە سەر گوتاری پارچەکانی تردا زاڵ و دیارە.

بێشک دەکرێ زۆر دەسکەوتی گرینگی تری حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتی هی سەرەتای دامەزرانی دەسنیشان بکەین کە مەبەستی سەرەکی ئەم وتارە نییە. جگە لەم دەسکەوتانە، بە دڵنیاییشەوە هیچ حیزبێکی کوردی هێندەی حیزبی دێموکرات تووشی کارەسات نەبووە، لە هەرەسی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدرانی پێشەوای نەمرڕا بگرە تا دابڕان و لەتبوون و شەهید بوونی سەرکردە کاریزماکانی و دواجار ئەم دۆخە کارەساتبارەی ئێستای خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بەدەر لەم دەسکەوتانەی وەدەست هاتووە و بەدەر لەم کارەساتانەی بەسەریدا هاتووە، حیزبی دێموکرات «بەرپرسترین» حیزبی مێژووی نەتەوەی کوردە. ئەم حیزبە لە زۆر بڕگەی مێژووی تێکۆشانی خۆی دا غەدری لە خۆی کردووە، بەڵام داڵدە و یارمەتیدەری شۆڕش لە پارچەکانی تر بووە، لە ڕێبازی نەتەوەیی لاینەداوە تەنانەت بۆ ساتێک، لە هەڵسوکەوت لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی وڵاتانی دراوسێی پارچەکانی تری کوردستان دا هەرگیز بەرژەوەندی براکانی فیدای بەرژەوەندی خۆی نەکردووە و... ئەم هەست بە بەرپرسیارییەت و مەسئوولییەتە بە تەعبیری شەهید دوکتور قاسملوو، گەورەترین سەرمایەی

## بەشی یەکەم

کۆمەڵایەتی لە لای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ سازکردووە. خۆ ئەگەر ئەم خۆشەویستییە بێوێنەیەی لە لای خەڵکی ڕۆژهەڵات نەبوایە و پاڵپشتی ئەم گەلە نەبوایە دەمێک ساڵ بوو تێداچووبوو. پەیوەندی نێوان حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە تا ئێستا جگە لە ڕەهەندە ڕزگاریخوازییەکەی وەک بزووتنەوەیەکی میللی دێموکراتیک، سۆز و عاتیفەیەکی کەموێنەی پێوەدیارە کە زۆر جاران خۆ لە قەرەی چیرۆک و ئەفسانە دەدا و ئەمە بۆتە ڕەمزی هەرمانی حیزبی دێموکرات لە ناو دڵ و گیانی خەڵکی کوردستاندا.

ئاوڕێکی خێرا بۆ سەر قۆناغەکانی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەمان بۆدەردەخا کە ئێستاش لەگەڵدابێ سەردەمی کۆماری کوردستان پڕشنگدارترین قۆناغی ئەم حیزبە بووە و لە پاش هەرەسی کۆمار، هەرگیز نەگەیوەتە داوێنی ئەم لووتکەیە. دیارە زۆر هۆکار هەیە کە ئاماژەی پێبکەین کە بۆچی حیزبی دێموکرات لەم قۆناغەی تێنەپەڕاندووە. بەڵام کە بێینە زەمانی حازر، لە ڕاستیدا ئەم حیزبە ئێستا لە دوو ڕەهەندی سیاسی و ڕێکخراوەییدا تووشی قەیران بووە. بەتایبەتی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران جگە لە دەیەی ٨٠ی زایینی، ئەم قەیرانانە زیاتر خۆیان دەرخستووە، بەڵام ئەوەی هیوابەخشە دوو پتانسییەلی گەورەی ناوخۆی حیزب و ناوخۆی ڕۆژهەڵاتە کە دەتوانێ ببێتە هۆی ڕزگار بوونی لەم قەیرانانە و بووژانەوەی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

یەکەمیان بریتییە لە توانایی و پتانسییەلی نێوخۆی حیزب بۆ بەخۆداچوونەوە و خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بە تایبەتی لە دوو دەیەی ڕابردوو. وەک شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ: (پێشەنگیی و ئاوەڵناوی شۆڕشگێڕی حیزبێکی سیاسی لەمەوە سەرچاوە دەگرێ کە چۆناوچۆن بۆ هەڵەکانی ڕابردووی دەڕوانێ، حیزبێکی شۆڕشگێڕ نابێ ترسی ئەوەی هەبێ کە بە کوتنی هەڵەکانی دوژمن پێی شاد دەبێ یان لە ڕادەی باوەڕپێکراوییەکەی کەم دەبێتەوە، بەپێچەوانە دان بە هەڵەنان و ڕاست کردنەوەیان باوەڕپێکراوی حیزب لە ناو خەڵکدا دەباتە سەر و «جیددی» بوون و «بەرپرس» بوونی حیزب نیشان دەدا.)
دووەم ئەم پێگە قورس و قایمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی حیزبی دێموکرات کە لە ناوخۆی کوردستان هەیەتی دەکرێ ئەم ئومێدەمان بداتێ کە سەرکردایەتی سیاسی ئەم حیزبە لەم پتانسییەلانە کەڵک وەرگرێ بۆ نوێژەن کردنەوەی گوتار و خەبات، بە ڕەچاو کردنی واقێعبینانەی بارودۆخی ناوخۆیی، ناوچەیی و تەنانەت نێونەتەوەیی.

ئەگەر لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا شاخ و شار لە ناو هەناوی یەکتردا بوون و لە دەیەی ٨٠ دا شاخ و شار لێک گرێدرابوون، ئەوە لە ساتەوەختی ئێستادا شاخ و شار بە تەواوی لێکدابڕاون. کەوابوو بە پێی ئەوەی کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی جیددی و بەرپرس بووە، دەتوانێ بە ئاوڕدانەوەیەکی سەرلەنوێ بۆ دۆخی خۆی و وەرگرتنی ڕەخنە و گلەیی و گازەندەکانی ناوخۆ بە هەموو جیاوازییەکانەوە، دیسان ببێتەوە حیزبەکەی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان، دێموکرات تەنیا حیزبی سکرتێر، دەفتەری سیاسی، کۆمیتەی ناوەندی، کادر و پێشمەرگە نییە... دێموکرات وەک چۆن لە سەرەتای

بەشی یەکەم

دامەزرانیدا حیزبی تەواوی گەلی کوردستان بوو، ئێستاش دەبێ دوکتورینە سەرەکییەکەی ئەوە بێ بە مکانیزمی گونجاو و کردەیی و پشتئەستوور بە تیۆری لە مەیدانی خەباتدا گەورەتر لە حیزبێک خۆی بنوێنێ!


لە ژمارە ٦٦١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی ئاگۆستی ٢٠١٥

---

بەشی یەکەم

# حیزبی دێموکرات و بەڕێوەبەریی وڵات لەرێگەی قانوونەوە



**عومەر باڵەکی**

یەکێک لە پرسە گرینگەکانی ژیانی مرۆڤایەتی ڕێکخستنی پێوەندییەکان لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە لە نێوان کۆمەڵگەیەک لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی دیکە، کە ڕێکخستنی ئەو پەیوەندییانە پێویستی بە کۆمەڵێک قاعیدە و قانوون و پێبەندی هەیە.

پێ بە پێی بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی قانوون گەشەی کردووە و مرۆڤ دوای پێوانی ڕێگەیەکی پڕ لە هەوراز و نشێوگەیشتۆتە ئەو دەسکەوتەکە شێواوی و هەرج و مەرج و خێلەسەری وەلا بنێ و گوێرایەلی قانوون بێ. ئەو تەجروبەیە هەروا ئاسان وەدەست نەهاتووە. ئەگەر لە دالانی تەنگ و تاریکی مێژوو بروانین و ڕۆچنەیەک بدۆزینەوە بۆ ڕوانینی رابردوو، ئەوەی دەیبینین زیندانەکان، ئەزیت و ئازارەکان، کوشتارەکان، تالان و بڕۆکان و هەموو ئەو کوێرەوەرییانەی کە مرۆڤ بۆ وەدەست هێنانی کەسایەتی، بەختەوەری و ئازادی خۆی کێشاویەتی. هەموو ئەو ئەزیت و ئازار و خەبات و قوربانیدان و ئاوارەیی و دەربەدەرییانەی لەبەر دامەزراندنی حکوومەتی قانوون و نەهێشتنی زوڵم و زۆر لەبەین بردنی زاڵمان و دابینکردنی دادپەروەری و یەکسانی بووە.

ئەو کۆمەڵە بنەمایە کە ڕێکەوتنی کۆمەڵگەی لەسەربێ، لە سەردەمی ئێستادا بە قانوون دەناسرێ و ڕادەی پێشکەوتوویی هەر کۆمەڵگەیەک لە بواری شارستانییەتەوە پێش هەموو بابەتێک بەڕادەی پابەندبوونی تاکەکانەوە بە قانوونەوە دەستنیشان دەکرێ، بە کورتی بەختەوەری هەر کۆمەڵگەیەک بەستراوەتەوە بە سیستمی قانوونیی ئەو وڵاتە.

بەشی یەکەم

واتە نیزامی قانوونی ئەو وڵاتە چەندە دەرفەتی ڕەخساندوە کەسایەتی مرۆڤەکان بە قانوون پارێزراو بێت و لە هەمان کاتدا تاکی ئەو کۆمەڵگەیە چەندە ئامادەیە لە چوارچێوەی ئەو قانوونەدا هەڵس و کەوتی خۆی ڕێکبخا. ئەوە روون و ئاشکرایە هەتا ڕادەی پابەندبوونی تاکەکانی نێو کۆمەڵگە بە قانوون ڕوو لە زیاد بوون بێ بەوڕادیەش ئەو کۆمەڵگایە بەرەو ئارامی و ئاسایش و سەقامگیری دەڕواو زۆر سروشتییە لە کۆمەڵگەیەکی ئارام و سەقامگیردا هەنگاوەکان بەرەو پێشکەوتن و گەشەکردنی ئابووری و سیاسی خێراتر دەبێ.

کۆمەڵگەی کوردەواریش لەو قانوونە بەدەر نییە، بەڵام هەمووومان باش دەزانین کە کورد هەتا ئێستاشی لەگەڵ دابێ ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخساوە کە خۆی حوکمی خۆی بکا « بەخۆشیییەوە ئێستا هەرێمی کوردستان (عێراق) ئەو قۆناغەی هەتا ڕادەیەک تێپەڕ کردوە"، بەڵام بەو حاڵەش هەر کاتێک دەرفەتێک ڕەخسابێ یەکەم شت کە بیری لێ کرابێتەوە ڕێکخستنی کۆمەڵگە بووە کە دیارە ئەو بابەتە زۆرتر لەلایەن حیزبەکانەوە جێبەجێ کراوە، چونکە حیزبەکان ڕێبەری جووڵانەوەکانیان کردوە و ئەو ڕێبەری کردنە تەنیا لە بەرەکانی شەڕ لەگەڵ دوژمندا کورت نەبۆتەوە، بەڵکوو لایەنی دیکەی وەک دروستکردنی فەرهەنگی پێشکەوتوو و سەردەمیانە و لە هەمان حاڵدا ڕێکخستنی کۆمەڵگە لە بواری جۆراوجۆردا لە دەستوری کاریاندا بووە وەک ئەرک بۆ خۆیان دەستنیشان کردوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکێک لەو حیزبانەیە لە ماوەی ٧٠ ساڵی ڕابردوودا مێژوویەکی پڕ لە هەورازونشێوی لە مەیدانی خەباتدا تێپەڕ کردوە و گەلێک شانازی لە مێژووی کورددا بۆخۆی تۆمار کردوە. لە ماوەی ئەو ٧٠ ساڵەدا لە چەند قۆناغی جیاوازی مێژوویی‌دا بەڕێوەبەری و ئیدارەکردنی خەڵک و وڵاتی کەوتۆتە سەر شانی (سەردەمی کۆماری کوردستان، دوای ڕووخانی سیستمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی) لە هەرکام لەو قۆناغانەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمەڵێک یاساوڕێسای بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە تەنزیم کردوە و لە ڕێگەی داموودەزگای بەڕێوەبەری خۆی ئیدارەی کۆمەڵگەی کوردستانی پێکردوە.

لە قۆناغی کۆماری کوردستاندا حیزبی دێموکراتی کوردستان توانیویەتی داموودەزگای کۆماری کوردستان بەڕێوەبەرێ و لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا لەڕێگای دەزگای دادوەرییەوە کێشە و گرفتی خەڵک چارەسەر بکا. لە حاڵێکدا کۆماری کوردستان هەل و دەرفەتی ئەوەندەی لە بەردەستدا نەبووە کە بتوانێ لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی گشتی لە نێو خەڵکدا ناوەندێکی قانووندانان پێک بێنێ و لە ڕێگەی ئەو ناوەندەوە کە هەمان پارلمانە بە پەسندکردنی گەڵاڵە و تەرح کە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە پێویستن، کۆمەڵێک قانوون لە بواری جیاوازدا پەسەند بکا و لە ڕێگەی دەزگای ئیجراییەوە لە نێو کۆمەڵگەدا بەڕێوەیان بەرێ.

## بەشی یەکەم

بەڵام بەڕێوبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە هەمان بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستانن دەستیان لە سەر دەستدا نەناوەو بۆ چرکەیەکیش نەیانهێشتوە کات بە فیڕۆ بچێ بەو مانایە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بە پێێ گرنگی بابەتەکە قانوونیان دەرکردوە و بە ڕای گشتیی کۆمەڵگەیان ڕاگەیاندوە. دوای ڕاگەیاندنی بابەتەکە، دامودەزگای پێوەندیدار لە حکوومەتی کۆماری کوردستاندا هەوڵیان داوە قانوونەکە بخەنە بواری جێبەجێکردن واتە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو بابەتەدا وەک پارلمان کاری کردوە و هەیئەتی، وەزیران وەک دەزگای ئیجرایی قانوونەکان و پرۆژە و گەلاڵەکانی بەڕێوە بردووە. بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە دەتوانن ڕۆژنامەی کوردستان کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا چاپ و بڵاو بۆتەوە وەک بەڵگە بە نموونە بێنینەوە چونکە لە هیچ لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەی کوردستاندا نابینین ئەو بابەتانەی کە پێوەندیان بە هەموو کۆمەڵگەوە هەیە بێجگە لە ئیمزای کۆمیتەی ناوەندی ئیمزای دیکەیان لەسەر بێ تەنیا ئەو بابەتانە نەبێ کە تایبەت و خاسن و یەک بابەت لە ژیانی کۆمەڵگەدا لەخۆ دەگرن، لە ڕێگەی سەرۆکی ئیدارەکان یا وەزیرەکانەوە دەرچوون کە ئەوانیش لە ژێر ڕێنوێنییەکانی کومێتەی مەرکەزی و شەخسی پێشەوادا ئەو قەرارانەیان دەرکردووە هەر لەو پێوەندیەدا باشە ئیشارە بە دەرکردنی قانوونی مجازاتی گشتی بکەین کە لە ڕۆژی ١ - ٢ - ١٣٢٥ لە ٩ مادەو دوو تێبینی دا لەلایەن کومیتەی مەرکەزی حیزبەوە دەرچووە کە باسی جاسووسی، مەستی و هەرزەیی، دزی و لە نێوبردنی ماڵی دەوڵەت، هەڕەشە بە چەک، زۆرهێنان بۆ هاوسەر یان کەسانی دیکە، تریاک کێشان، هەڵاتن لە شەڕ، خەیانەت بە میللەت یا دەوڵەت یان نیشتمان، دەستدرێژی بۆسەر نامووسی خەڵک، بەرتیل وەرگرتن، دەکا و هەر کام لەو تاوانانە سزای خۆیان بۆ دیاری کراوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قۆناغێکی دیکەی خەباتدا دیسان ئەرکی بەڕێوەبردنی وڵاتی کەوتە سەرشان بەتایبەتی کە کۆماری ئیسلامی شەڕی بە ناحەقی بەسەر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سەپاند و کوردستانی لە هەموو بارێکەوە (ئابووری، فەرهەنگیو پەروەردە، تەنانەت هاتوچۆو ڕاگواستن) ئابلۆقەدا بوو و لەو قۆناغە هەستیار و ناسکەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان دوو ئەرکی گرینگی کەوتبوو سەرشان، هەم دەبوایە لە بەرامبەر هێرشی سوپای بێ ئەمانی کۆماری ئیسلامیدا لە کوردستان و مافەکانی خەڵکی کوردستان دیفاع بکا و هەم ئیدارەی کاروباری ڕۆژانەی خەڵک بکا واتە، بەڕێوەبەریی وڵاتی کەوتبوو سەرشان، چونکە لە کوردستان بۆشایی دەسەڵاتو حوکمڕانی دەوڵەت بە تەواوی دیار بوو و زۆربەی ئیدارە و شوێنە گشتییەکان کە حکوومەت دەبوایە ئیدارەیان بکا یان بە تەعتیل بوون یان وەک لە کۆڵ خۆکردنەوە کاریان دەکرد.

لە قۆناغێکی وا هەستیاردا حیزبی دێموکراتی کوردستان شانی وەبەر هەر دوو مەسئولیەتدا و بە پێی توانای خۆی هەوڵێ دا بە وەڕێخستنەوەی ئیدارات و قوتابخانەکان و نەخۆشخانەکان بۆشایی دەسەڵات و حاکمیەت پڕ بکاتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی یەکەم

دامەزراندنی نەخۆشخانەی شۆڕش، پەروەردە و بارهێنانی مامۆستایانی شۆڕش و چاپی کتێبی دەرسی بە زمانی کوردی و ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە لە بواری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە و چارەسەری کێشەکان لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی حیزب ئەوانە و دەیان کاری دیکە لە کارە بەنرخەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو قۆناغەدا بوون.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا کە شەڕێکی قورس لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە سەر خەڵکی کوردستاندا سەپابوو، ئەرکی قورسی دیفاع و بەربەرەکانی شەر لە لایەک و لەلایەکی دیکەوە ڕێکخستنی کاروباری نێو کۆمەڵگەی کوردستان کەوتبووە سەرشانی حیزبی دێموکرات، هەر بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو حیزبە هەوڵی دەدا بە بەرنامەکانی خۆیدا بێتەوە و باشتر و ڕێکوپێکتریان بکا بۆ ئەوەی بتوانێ خزمەتی زیاتر بە کۆمەڵگە بکا.

هەر وەکی پێشتر باسمان کرد ئەرکی بەڕێوەبەری وڵاتی کەوتبووە سەرشانی حیزبی دێموکرات و پێ‌بەپێی شەر و بەربەرەکانی لەگەڵ سیستمی کۆماری ئیسلامی دەبوایە لە مافی تاک و گشتی لە بەرامبەر تاوان و دەستدرێژیدا دیفاع بکا، کە ئەویش تەنیا لە ڕێگەی دامەزراندنی دامودەزگای قەزایی و بە قانوونکردنی کۆمەلگە دەستەبەر دەبوو. هەر بۆیە لە ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی ١٩٨٠دا دەفتەری سیاسیی حیزب گەڵاڵەی کۆمیسیۆنی قەزایی و قانوونی سزادانی گشتی پەسند کرد و لەو ڕێگەیەوە توانی هەتا ئەو کاتانەی پێشمەرگە حزووری چالاکی هەبوو لە ناوچە جۆراجۆرەکانی کوردستان، چارەسەری گیروگرفتی خەڵک بکا. لە سەرەتای ئەو گەڵاڵەیە بەو شێوەیە باس لە پێویستی دانانی قانوونێک دەکا کە بتوانێ مافەکانی کەسانی حەقیقی و حقوقی بپارێزێ:

«لە کاتێکدا تەواوی مافی مرۆڤایەتی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا پێشێل کراوە و لە هەلومەرجێکدا کە بزووتنەوەی نیشتمانی و دێموکراتیکی گەلی کورد بە هەست پێکردن بە ئەرکی مێژوویی و شۆڕشگێڕانەی خۆی تێدەکۆشێ کە کەند و کۆسپە کۆمەڵایەتییەکانی وەلا بندرێ و کۆمەڵی کوردەواری بەرەو ژیانێکی پێشکەوتوانە بەرێتە پێش، بۆ بەرگری لە پاراستنی مافەکانی «اشخاص حقیقی و حقوقی» پێویستی هەیە، بەم هۆیەوە قانوونی سزای گشتی لەلایەن کۆمیسیۆنی قەزایی کە بەرهەمی تێکۆشانی بزووتنەوەی نیشتمانی و دێموکراتیکی گەلی کوردە ئامادە کراوە، بەڕێوە دەچێ. ئەم قانوونە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پەسند و تەئید کراوە و هێزی پێشمەرگە زامنی ئیجرایی ئەو قانوونەیە. لەو پێشەکییە کورتەدا بۆمان دەردەکەوێ کە حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە وەک حیزبێک لە دایک بووە کە وەک دەوڵەت لەگەڵ ڕێکخستنی کۆمەڵگە و ڕووداوەکان هەڵسوکەوتی کردوە و خۆی لە بەرامبەر قەدەرو چارەنووسی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەرپرسیار زانیوە.

ئەوەتا لەو پێشەکییەدا دەڵێ: « بە ئەرکی مێژوویی‌و شۆڕشگێڕانەی خۆی تێدەکۆشی کە کەندو کۆسپەکانی کۆمەڵایەتی وەلا

بەشی یەکەم

بنرێ و کۆمەڵی کوردەواری بەرەو ژیانێکی پێشکەوتووانە بەرێتە پێش»و هەر لێرەدا باس لە پاراستنی مافەکانی «اشخاص حقیقی و حقوقی» دەکاو لە کۆتاییدا دەڵێ ئەو قانوونە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە پەسەند گەیشتووە واتە حیزبی دێموکراتی وەک پارلمان و سیستمی بەڕێوەبەری وڵات هەڵسو کەوتی کردوەو لە هەمان حاڵدا ئەرکی جێبەجێکردنی ئەو قانوونە دەخاتە ئەستۆی هێزی پێشمەرگە کە لەژێر سازمان و ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان دا هەن.

لە ژمارە ٦٦١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ٧ی ئاگۆستی ٢٠١٥


---



سەرچاوە
Serchawe

بەشی یەکەم

# حیزبی دێموکرات و دەسەڵات



رەزا محەممەد ئەمینی

حیزبی دێمۆکرات لە دوو قۆناغی مێژوویی جیا لە بەشێک لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا دەستەڵاتی بەدەستەوە بووە و کارو باری ئەو ناوچانەی بەرێوە بردوە. قۆناخی یەکەم، کۆمار کوردستانە لە ساڵی ١٣٢٤و قۆناغی دووهەمیش دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ بوو.

## قۆناغی یەکەم

ئەم قۆناغە لە دەسەڵات لە بەشێک لە رۆژهەڵات دا پێکهات و کەمتر لە ساڵێک درێژەی بە ژیان داو بەداخەوە لە پاش هێرشی بەربڵاوی لەشکری حکوومەتی ناوەندی بۆ سەر کۆماری ئازەربایجان و تێکشکانی ئەو کۆمارە، کۆماری کوردستانیش سەرەڕای پێداگری پێشەوا قازی محەممەد وهاورێیانی لەسەر دیفاع و بەربەرەکانی لەبەرانبەر لەشکری ئێران، بە هۆکاری جۆراوجۆرکۆتایی بە دەسەڵاتەکەی هات. دیارە زۆر نووسراوە و کتێب لەسەر کۆماری کوردستان نووسراون و بێ گومان لە داهاتووش دا زۆر لە لێکۆڵەران و توێژەران لایەنە جۆراوجۆرەکانی کۆماری کوردستان دێننە بەر باس و خاڵە لاواز و بەهێزەکانی شی دەکەنەوە. ئەوی لێرە دا گرینگە و جێێ باسی ئەم بابەتەیە، ئەوەیە کە کۆماری کوردستان کە لە راستی دا لەسەر دەستی حیزبی دێمۆکرات، وەک تەنیا حیزبی رۆژهەڵاتی کوردستان و تەنیا حیزبی دەسەڵاتدار دامەزرا، چۆن دەسەڵاتی خۆی بەکار هێنا و چەندە لە بەرێوە بردنی ئەرکەکانی دا سەرکەوتوو بوو؟ حیزبی دێمۆکڕات و کۆماری کوردستان، سەرەڕای نەبوونی ئەزموونی بەرێوە بەری وڵات، بە باوەری زۆربەی هەرەزۆری لێکۆڵەرانی کورد و غیرە کورد و بی لایەن، لەو ماوەیە کورتە دا و لەگەڵ ئەوەی بەردەوام لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە هەرەشەیان لێدەکرا و دەکرێ بڵێن

بەشی یەکەم

بەردەوام لە شەردا بوون، توانیان کاری زۆر گەورە لە هەموو بوارەکانی دەستەڵات داری دا بکەن.

ڕاگەیاندنی دەوڵەت لە چەشنی کۆمارو پێکهێنانی کابینە و وەزارەت و دامەزرەوە ئیدارییەکان بۆ ڕاپەراندنی کارو بارەکان، دامەزراندنی سوپای نەتەوەیی لە ژێر ناوی هێزی پێشمەرگە، دابین کردنی پێوەندیی باش لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان وپەرەپێدانی ئەوپێوەنییانە لە هەموو بوارەکاندا، گرینگی دان بە کاری فەرهەنگی و چاپەمەنی وراگەیاندن و رادیۆ و لەچاپ دانی گەلێک گۆڤارو رۆژنامە و تێکۆشانی ئەدەبی، خوێندنی منداڵان و دامەزراندنی رێکخراوەکانی تایبەت بە ژنان و لاوان وچەندەها تێکۆشانی دیکە، نیشان دەدا دەستەڵاتەکە، سەرەرای تەمەنی کورتی ئەو کۆمارە و گەلێک کێشە و کەموکورتی؛ وەک یەکەم دەستەڵاتی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان،سەرکەوتوو بووە. بێ گومان ئەگەر کۆماری ئازەربایجان تێک نەشکابا و سەروک هۆز و عەشیرەتەکان پشتیان لە کۆماری کوردستان نەکردبا و ورەی خەڵکی دانەبەزیبا، دەستەڵاتی کوردی وا بە سانایی تێک نەدەچوو. بەو حالەش بە باوەری زۆر کەس لە شارەزایان،حیزبی دێمۆکرات بەرگری لە خۆی و لە کۆمارە ساواکەی بکات و نەهێڵێ وا بە هاسانی برووخێ، بەتایبەت کە بارزانییەکان، وەک هێزێکی تۆکمەو بە ئەزموون لە شەردا پشتگیری تەواوی کۆماریان دەکرد و ئامادە بوون گیانی بۆ بەخت بکەن.

دەستەڵات لە کۆماردا لە دەست حیزبی دێمۆکرات دابوو کە خۆی لە سەر بناغەی کۆمەڵەی»ژ- ک»دا دامەزرابوو، هەر بۆیەش دەکرێ بڵێین لەگەڵ ئەوەیکە شەش مانگ لەدوای دامەزرانی دا حیزب ، کۆماری کوردستانی راگەیاند، بەڵام خەڵک دەیانناسی و باوەریان پێی هەبوو و دەیانزانی دەستەڵات و چارەنووس و داهاتووی خۆیان دەدەن بەکێ و چ دەکەن، هەربۆیەش حیزبی دێمۆکرات لە ناخی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە هەڵقوڵاو و حیزبێکی خەڵکی و رێبەرەکەشی، پێشەوا قازی خەڵک خۆشەویست بوو. خەڵکی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان لەژێر دەستەڵاتی کۆمار و ئاڵای کوردستان دا تامی سەربەستیان چێشت وهەناسە و هەوای ئازادییان هەڵمژی. پاش رووخانی کۆمار و شەهید کرانی پێشەوا و هاوێیانی هەتا چەندساڵێکیش شادی و پێکەنین ماڵاوایی لە خەڵک کردبوو و بەتایبەت خەڵکی مەهاباد هەر تازیەبار بوون. کەوابوو دەکرێ بڵێین حیزبی دێمۆکرات لە ماوەی تەمەنی کۆماردا، سەرەڕای گەلێک کەم و کووری کە لە ئیدارەی کۆماردا هەیبوو، دەستەڵاتێکی بە تەواوی خەڵکی و رەوا و «مەشرووع»ی لە دەست دابوو. خاڵی هەرە سەرەکی و لاوازی دەستەڵاتداری حیزبی دێمۆکرات و شەخسی پێشەوا ئەوە بوو بەهەر هۆیەک بێ نەیانتوانی پارێزگاری لەو دەستەڵاتە خەڵکییە بکەن و لە جیاتی شەر لەگەڵ سوپای داگیرکەری تاران و تۆمار کردنی داستانی بەرخۆدان و بەرگری، کە بەڕاستی لە توانایان دابوو؛ کۆمارەکەیان بە قیمەتی گیانی خۆیان، بەرەو فەتان برد.

بەو حاڵەش گەورەترین شانازی حیزبی دێمۆکرات لە ماوەی ٧٠ ساڵ تەمەنی خۆی دا وەک بەتەمەن ترین حیزبی هەر چوار پارچەی کوردستان،کۆمارە ساواکەی کوردستان و رێبەرە شەهید کراوەکەیەتی.



سەرچاوە Serchawe

بەشی یەکەم

### قۆناغی دووهەم

ئەم قۆناغە دەگەڕێتەوە بۆ ٣٢ساڵ دواتر، واتە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و رووخانی بنەماڵەی پەهلەوی و هاتنە سەرکاری رێژیمی کۆماری ئیسلامی. بەر لە سەرکەوتنی شۆڕش، ئەندامان و رێکخستنەکانی حیزب وەخۆ کەوتنەوە وکۆمیتەی زاگرۆسیان بۆ چالاک کردنەوەی حیزب لە رۆژهەلاتی کوردستان دا پێکهێناو توانیان پاش جووڵانەوەی چەکداری ساڵەکانی ٤٦و ٤٧ بۆ جارێکی دیکە بگەڕێنەوە ناو باوەشی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. هەر لە حەوتووی یەکەمی رووخانی رژێم دا، پادگان و بنکە و بارەگا سەربازییەکانی بەشێک لە شارو گوندەکانی کوردستان، بەتایبەت پادگانی شاری مەهاباد کەوتنە دەست حیزبی دێمۆکرات و بە کردەوە ئەو حیزبە وەک سەردەمی کۆماری کوردستان، دەستەڵاتی بەشی هەرە زۆری کوردستانی بەدەستەوە گرت. شک لەوە دا نییە هۆی سەرەکی پێشوازی خەڵک لە حیزبی دێمۆکرات و بە ئەندام بوونی سەدان هەزار کەس لە خەڵکی شار و گوندەکانی کوردستان و تێکۆشان لە ناو ریزەکانی حیزب دا، بۆ رابردووی حیزبی دێمۆکرات و خۆشەویستی و جێگەو پێگەی دیاری کۆماری کوردستان لە ناو دڵ و دەروونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا دەگەڕێتەوە. دیارە ئەو جارەیان بە تەنیا حیزبی دێمۆکرات ، حیزبی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان نەبوو و چەند کەس و حیزب و رێکخراوی دیکەش هاتبوونە نێو مەیدانی سیاسەت و بارتەقای سەنگ و قورسایی خۆیان لە رووداوە سیاسییەکان دا رۆلیان هەبوو. لەو بەینە دا ناکرێ باسی مەرحووم مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسێنی نەکەین کە ماوەیەک وەک سەرۆکی دەستەی نوێنەرانی خەڵکی کورد بۆ وتووێژ لە گەڵ نوێنەرانی دەوڵەت و وەک کەسایەتییەکی ئایینی، رۆڵی تایبەتی هەبوو لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لە خۆ پێشاندانەکانی پێش شۆڕش و رووداوە سیاسییەکانی دوای هاتنە سەرکاری رێژیم، کەسایەتییەکی شوێن دانەر بوو.

سەرەڕای هەڵگیرسانی ئاگری شەڕ لە شارەکانی سنە و نەغەدە و هێرشی بەربلاوی رێژیم لە شەڕی سێ مانگەدا کە زۆرێک لە خەڵکی بێ تاوان سەرو ماڵیان تێداچوو و هەروەها پاش بەربەرەکانی بێ وێنەی پێشمەرگەکان و تێکشکانی هێرشەکانی، لە ٢٦ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٨دا، خومەینی بە ناچاری پەیامێکی بڵاو کردەوە کە تێی دا باس لە کۆتایی هێنان بە شەڕو دەست پێکردنەوەی وتوو یژەکان کرابوو. گرینگ ترین رووداو لەو چەند مانگەی پێش سەرهەڵدانەوەی شەڕ کە پێوەندی بە باسەکەمان»حیزبی دێمۆکڕات ودەسەلات« وە هەیە، بریتی بوو لە هەڵبژاردنی نوێنەڕانی مەجلیسی شورای ملی کە دواتر بوو بە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی. حیزبی دێمۆکڕات و هەموو حیزب و رێکخراوەکانی دیکە بە هۆی هەڵوەشاوە راگەیاندنیان لە لایەن رێژیمی خومەینیەوە، نەیاندەتوانی ڕاستەوخۆ و بە ناوی خۆیان لە هەڵبژاردن دا بەشدار بن. هەر بۆیەش کاندیداکانی خۆیان بۆ هەڵبژاردن دیاری کرد و داوایان لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کرد کە دەنگیان پێ بدەن.

## بەشی یەکەم

ڕۆژی ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٥٨خەڵکی کوردستان لە هەموو شارو گوندەکانەوە چوونە سەر سندووقەکانی دەنگ دان کە چاودێرانی هەموو حیزب و لایەنەکان و تەنانەت کەسانی سەر بە دەوڵەتیش چاودێرییان دەکرد. لە پاش هەڵبژاردن دەرکەوت کە حیزبی دێمۆکرات بەتەنیا و بەبێ هاوبەندی لەگەڵ هیچ لایەنێکی دیکە توانیویتی دەنگی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان بۆ لای خۆی ڕاکێشی و کاندیداکانی جێی باوەری ئەو حیزبە لە هەموو ناوەندەکانی دەنگ دان، جگە لە شاری مەریوان کە هیچ کام لە کاندیداکان لە دەوری یەکەم دا زۆرینەی دەنگەکانیان مسۆگەر نەکرد، سەرکەوتن وە دەست بێنن. هەرچەند هەر بەدوای هەڵبژاردن دا دیسان شەڕ، بە هێرشی بەربڵاوی کۆماری ئیسلامی دەستی پێکردەوە و ڕێژیم هەڵبژاردنەکانی کوردستانی هەڵوەشاندەوە؛ بەڵام ئەو هەڵبژاردنە بە هەموو لایەکی نیشان دا حیزبی دێمۆکرات چ پێگەو جێگەیەکی لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان داهەیە.

حیزبی دێمۆکرات سەرەڕای پەلاماری هێزەکانی ڕێژیم و گەمارۆی سەختی ئابووری سەرکوردستان، لە ماوەی دەسەڵاتی بەسەر شارو گوندەکانی کوردستان دا، توانی زۆر کاری گەورە و بەنرخ بە ئەنجام بگەیێنی. هێزی پێشمەرگەی بە کەڵک وەرگرتن لە ئەفسەرانی کوردی نێو ریزەکانی شۆرش لە سەر شێوازێکی گونجاو ڕێکخستەوە، کۆمیسیۆنی کارو باری کۆمەڵایەتی بۆ پێراگەیشتن بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان و دابین کردنی پێداویستیی نەخۆشخانەکان و دانانی هێندێک ڕێوشوێنی یاسایی بۆ بەڕێوەبەری شار و گوندەکان دامەزراند و دەستی بە دابەشکردنی عادیلانەی زەوی و زار بەسەر»ڕەشایی» و قەرە و جووت بەندە و جوتیارە هەژارەکان کرد کە تەنانەت ڕێژیمیش پاش داگیر کردنەوەی ناوچەکان ئەو دابەش کردنانەی «تاپۆ»و قانوونی کرد. بڵاو کردنەوەی رادیو و گۆڤارو چاپەمەنی و دامەزراندنەوەی دووبارەی یەکیەتیی لاوان و ڕێکخراوی ژنان و برینەوەی مووچە بۆ بنەماڵەی شەهیدان و بەگشتی تەواوی ئەو کارانەی کە دەبێ دەوڵەت و دەستەڵاتێک بیکا، حیزبی دێمۆکرات بە پێی توانای ئەو کاتی خۆی ئەنجامی دان.

حیزبی دێمۆکرات لە دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامییەوە بە کردوە دەستەڵاتی کوردستانی بەدەستەوە بوو هەتا کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٦٤ کە ڕێژیم هەموو ناوچە ئازادکراوەکانی داگیر کردنەوە. ڕاستە ئەو حیزبە بۆ پاراستنی گیان و ماڵی خەڵکی، شارەکانیچۆڵکرد و بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ هێرشی سەکوتکەرانەی هێزەکانی ڕێژیم ڕووی لە شاخەکان کرد، بەڵام بەوحاڵەش لە شارەکانیش دەستی دەرۆیشت و لە گۆندەکانیش هێزی دەستەڵاتی باڵا دەست بوو.

ئێستا پاش ئەو ئاوڕدانەوە خێرایە لە ڕووداوەکانی ئەو کات و ڕۆڵی سەرەکیی حیزب لەو سەردەم دا، ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ، بۆ حیزبی دێمۆکڕات لەو هەلە مێژووییە کە بۆی هەڵکەوتبوو کەڵکی وەرنەگرت و دەوڵەتی خودموختاری کوردستانی ڕانەگەیاند؟ ئایا حیزب بە»مەشرووعیەت» وەرگرتن لە هەڵبژاردنی ٢٤ی ڕەشەمە و پشتیوانی هەمەلایەنەی خەڵکی کوردستان، نەیدەتوانی دەستەڵاتە «حەقیقییەکەی»بە «حقووقی»بکات و بیکاتە «ئەمری واقع»؟ خۆ ڕێژیمی کۆماری



سەرچاوە Serchawe

## بەشی یەکەم

ئیسلامی شەڕی سەرانسەری لە دژی گەلەکەمان ڕاگەیاندبوو و هیچ دەلاقەیەکی ئومێد بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی نەتەوەکەمان نەمابوو، تەنانەت ئەگەر حیزبی دێمۆکرات دەوڵەتی کوردییشی ڕاگەیاندبا، لەوەی کە هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بەسەر گەلەکەمانی هێنا، خراپتری بەسەر نەدەهێنایین؛ ئەدی بۆ حیزبی دێمۆکڕات، وەک حیزبی یەکەم و دەستەڵات داری کوردستان، لەو دەرفەتە مێژووییە کەڵکی وەرنەگرت و دەوڵەتێکی ناوچەیی لە ژێر هەر ناوێک، لە چوارچێوەی ئێران دا وەک دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە سالی ١٣٢٤ڕانەگەیاند و مێژووی خۆی و گەلی کوردی پێ نەنەخشاند؟

شک لەوە دانییە حیزبی دێمۆکرات لەو ساڵانەدا و بەتایبەت لە پێش هەڵبژاردنی ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٥٨ نە کادر و کەسی لێزانی بە پێی پێویست بۆ ئیدارەکردنی تەنانەت کارو بارەکانی نێوخۆی حیزب هەبوو، نە ڕەنگە ئەو مەشرووعییەتەشی هەبووبێ بۆ دامەزراندنی دامەزراوەیەکی یاسایی بە ناوی دەوڵەتی خودموختاری کوردستان. بەڵام دەکرا بە کەڵک وەرگرتن لە هێز و لێزانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و تەنانەت ئازادیخوازانی بەشەکانی دیکەی ئێران کە روویان لە کوردستان، وەک تەنیا مەکۆی ئازادی لە ئێران دا کردبوو، ئەو بۆشاییە و کەم و کوورییە پڕ بکرێتەوە. دیارە ئەگەری ئەوەش هەبوو پاش ڕاگەیاندنی چەشنە دەستەڵاتێکی یاسایی لە کوردستان دا، بە هاتن و هاوکاری کردنی ئازادیخوازان و کادر وکەسانی پسپۆر ولێزان، بەتایبەت لە بواری نیزامییەوە، حیزبی دێمۆکرات توانیبای باشتر لە خۆی و لە کوردستان بەرگری بکات و یان ڕێژیم بە چۆک دابێنی، یان ناچاری بکات بە شێوەی کاتیش بێت واز لەو هێرشە دڕندانەیە بێنێت و بەم جۆرە دەرفەتێک برەخسێ بۆ پشوودان و خۆ ڕێکخستنەوەی حیزب و دەستەڵاتەکەی.

لە کۆتایی دا بە بۆنەی ٧٠ ساڵەی تەمەنی حیزبی پێشەوا قازی محەممەد و هەموو شەهیدە سەربەرزەکانی کوردستان، پیرۆزبایی لە سەرجەم ڕێبوارانی ڕێگای حیزبی دێموکڕات دەکەم و هیوادارم بە کارو تێکۆشانی ماندوو نەناسانە، وەدیهێنەری ئاوات و ئامانجی حیزب و شەهیدەکانمان بین.

لە ژمارە ٦٦١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

بەشی یەکەم

# حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئادرەسێک بۆ بوونی مێژووی خەباتی نەتەوەیەک



هوشەنگ قادری

حەفتا ساڵ وەکوو شەقامێکی قەرەباڵغ لە شارێکی نیشتمانێکی گەورەدا، دەنگە دەنگ و سرتەکردن بە گوێی شەوانی پڕکاروان و خرمەی پچرانی پشتوێنەکەی شاخ، بەجێمانی جامانە بە برینی ماچکراوی کانیاوەکان، لە دیوار هاتنە دەری قومێک خوێن بە ناونیشانی بێنیشان، لەگەڵدا مانەوە و هێشتنەوەی ئەم هەموو نوسراوە بێ سنوورانە، پچڕان و لێکگرێدانەوە و یەکگرتنەوە و لەتەنیشت یەک بوون و هەتا دوا پێچەسەختەکانی ئەم گەردەنەیە لە حەفتا ساڵدا هەمووی لە گەرووی قەلەمێک و تفەنگێک لە تابلۆی جامانەیەکدا بە ریز قەتارەیان بەستووە.

نووسینەوەی مێژووی نەتەوەیەک رەنگە زۆر سەرچاوەی جۆراجۆری بوێ و پێویستی بە زۆر لێکۆڵەر هەبێ تا لە دەیان و بگرە سەدان قوژبنی ونبوودا بتوانن مێژوو بنووسن و بناسێنن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان ئادرەسێک بۆ بوونی مێژووی نەتەوەیەک حیزبێک کە هەر لەیەکەم رۆژەکانی دامەزرانییەوە دەبێتە هۆی شکڵگرتن و بونیادنانی سیستمێکی کۆماری بۆ بەدەوڵەت کردنی گەلەکەی. بۆ ئەوەی ئەگەر هەر نەبێ ژێرخانێک بۆ پێناسەکردنی نەتەوەکەی و میراتێک بۆ بەهێز بوونی ئیرادەی نەتەوەیی تاکەکانی ئەم گەلە بنیات بنێ، یەکەمین کۆماری کوردستان دادەمەزرێنێ و بە خولیای کۆکردنەوەی هەموو کوردێک لە ژێر سایەی ئەو ئاڵایەی هەتاکوو ئێستاش بۆ ئەم نەتەوە بە میراتێکی پڕ بایەخ ماوەتەوە، ئەم یەکەم هەنگاو و شوێندانەرە کە تا ئاستێک مێژوو بۆ

بەشی یەکەم

هەمیشە سەبتی کردوە و لە هەمانکاتیشدا ئامۆژگاری و خەونی یەکەم سەرۆک کۆماری کوردان، پێشەوا قازی محەممەدی نەمرە.

لە وڵاتێکی وەکوو ئێراندا کە ئازادی لەگەرووی تەنگی شەوانی تاریکیدا دەخنکێندرا و کەس بۆی نەبوو باس لە رای جیاواز و نەتەوەی جیاواز و مافی وەکوو یەک بکات، خەباتکارانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم بارووده‌ۆخەدا راسان و، دەنگی ئازادیخوازییان هەڵبڕی و لە مێژووی ئەم سەرهەڵدان و بەرخودانە، چ لە سەردەمی پاشایەتی و چ لە سەردەمی رێژیمی ئیسلامیدا نابینرێت کە زیندان، یان شاخ و دەربەدەری و گیانبازی نەسیبی تێکۆشەرانی ئەم حیزبە نەبووبێ. نموونەیەکی دیکە لە دوای کۆماری کوردستان هەستانەوەو دەسپێکردنی شۆرشی ٤٦- ٤٧ ە کە هاوشان لەگەڵ شۆرشی گەلانی ئازادیخواز لە سەرتاسەری دونیادا، رۆڵەکانی دیموکراتیش نەک هەر لە کاروانی ئازادیخوازی و بەرەنگاری بە جێ نەمان، بەڵکوو زۆر شوێندانەرتر هاتنە مەیدان، بەجۆرێک کە دەڵێن جەزیرەی ئارامی حەمەرەزا شایان ئاڵۆزاند و بەوکارەش لاپەرەیەکی زێرینیان لە خەبات بۆ ئازادی نەتەوەکەیان تۆمارکرد.

یەکێکی دیکە لەو قۆناغانەی لە حیزبی دیموکراتدا جێگای هەڵوێستە لەسەر کردنە، خواستی ئاشتیخوازانەی پرسی کورد لە دوای شۆرشی ١٣٥٧ە لەگەڵ تازە بەدەسەڵات گەیشتووانی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

پەیامی بەشداری کردنی وەکوو یەک لەدەسەڵات و رەخساندنی مەجاڵ بۆ خۆبەرێوەبەری لە شکڵی خودموختاری بۆ کوردستان یەکێک لە سەرەکیترین پەیامەکانی حیزبی دێموکرات بوو.

هێنانە ئارای ئەم پرسە لەگەڵ نوێنەرانی دەسەڵاتی تازە لە تاران ئەو گرینگییەی هەیە کە کورد هیچکات دەستپێشخەر نەبووە بۆ هەڵگیرساندنی شەر، چونکە وەکوو دیارە و بەڵگەکانی لانی کەم لە رۆژنامەی «اطلاعات» و میدیا رەسمیەکانی ئێراندا بڵاو بوونەتەوە نیشان دەدات کە نوێنەرانی کوردو لە نێویاندا حیزبی دیموکرات هەموو توانای خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ ئەوەی بە هەر شێوەیەک بێ، شەڕ ساز نەبێت. هەر لەم پێوەندییەدا شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ ئەگەر رۆژێک درەنگتر تووشی شەڕ بین ئەوە قازانجمان کروە و هەنگاوێک چوینەتە پێش.

قۆناغەکانی ژیانی سیاسیی حیزبی دیموکرات بەرزیو نشێوەی جۆراجۆری بەخۆیەدیوە، هەر لە دەورانی خۆبەرێوەبەری کوردستانەوە بگرە تا پاشەکشەو چۆڵکردنی شارەکان بە مەبەستی پاراستی گیان و ماڵی هاونیشتمانان لە ئاگری شەڕ. سەرهەڵدانی خەباتی بەرگریکارانەی حیزبی دیموکرات لەبەرامبەر هێرشی هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی

بەشی یەکەم

بۆ سەر کوردستان، لە دۆخێکدا کە کورد بەگشتی و بەتایبەت حیزبی دیموکرات هەموو هەوڵی خۆی بۆ چارەسەری ئاشتیانە تەرخان کردبوو.

ڕێژیمی تازەبەدەسەڵاتگەیشتوو کە هەر لە سەرەتاوە هێزی بۆ سەرکوتکردن و بێدەنگکردنی هەموو دەنگە جیاوازەکان خستبووەگەر، بەبێ گوێدان بە مافی بەرحەقی گەلی کورد هێرش و پەلاماریان بۆ سەر کوردستان دەستپێکرد. ئەم شەڕە تا ئاستێک بۆ ڕێژیم گرینگ بوو کە تەنانەت ئایەتوڵڵا خومەینی وەک ڕێبەری ئەم نیزام و سیستەمە فتوای جیهادی لەدژی گەلی کورد دەرکرد.

لە دۆخێکیوادا ئەوەی بۆ تێکۆشەرانی کورد و ڕێبەریی بزووتنەوەی کورد مابووەوە بەرگریکردن لە پێناو مانو مەوجوودیەتی نەتەوەکەیان بوو. حیزبی دێموکرات بەلەبەرچاوگرتنی ڕێزی پێکەوە ژیان و پێکەوەبوونی ئاشتیانەی گەلانی ئێران تەنانەت لەو قۆناغە دژوارەشدا توانا و ئیستعدادی خۆی خستەوە خزمەت ئەو دەنگەی کە ڕێگای دیالۆگ و چارەسەری ئاشتیانە و پێکەوەژیانی گەلانی ئێران ڕێگەو کۆتا چارەسەرە بۆ ئەنجامی ئەم پرسە. بەڵام ڕێژیمی مەیلی پێکەوە ژیانی لەگەڵ هیچ چەشنە بۆچوون و رایەکی جیاوازتر لە خۆی نەبوو. لەو قۆناغەدا کە بە بەرگریی چەکداری نەتەوەی کورد پێناسە کراوە، ئەوە بەسە بڵێین سەروەرییەک بۆ خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بوو کە هەتا بە ئەمڕۆش خەڵکی کوردستان و خەباتکارانی ئەم میللەتە شانازی پێوە دەکەن.

خۆ ئەگەر ئەم پرسیارە لێرەدا بێنینە ئاراوە و وەڵامێکی بۆ دابنێین کە ئەگەر بەرگری چەکدارانەی تێکۆشەرانی کورد و لەنێویاندا حیزبی دیموکرات نەبوایە، پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات لە ئێستادا لەچ ئاست و قۆناغێک دا دەبوو؟ بڵێی ئەو ڕێژیمەی کە ڕێبەرەکەی بڕیاری فتوای بەدژی گەلی کورد دەرکردبوو، شتێک بەناوی هۆوییەتی کوردبوون دەهێشتەوە؟

لایەنێکی دیکەی قۆناغی خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لایەنی دیپلۆماسییە. ئەو بەشەی کە ڕەنگە بکرێت بە خەتێکی زێڕین بنووسرێتەوە، لە هەلومەرجێکدا خەباتی کورد لەوپەڕی بێ پشتیوانیی خۆیدا رووبە جیهانی دەرەوە ڕۆژگاری دوژواری تێپەر دەکرد، ڕێبەر و دیپلۆماتی بەتوانای حیزبی دیموکرات شەهید دوکتوو قاسملوو بەردی بناغەی پەیوەندییەک دادەڕێژن کە تا بە ئێستاش جیهانی دەرەوە پابەند بەو دارشتنە دیپلۆماسیە لەگەڵ نەتەوەی کورد دا دەجوڵێتەوە. لەم بەشەدا پێویستە ئاماژە بەم فاکتە بکرێت کە لە زمان ئوروپاییەکانەوە زۆر گوتراوە کە دوکتوور قاسملوو ئەخلاقی هێنایە نێو سیاسەت. ئەو قۆناغە لە ژیانی سیاسی حیزبێکی وەکوو حیزبی دێموکرات و گەلەکەی نیشانەی سەداقەت لە سیاسەت دا تەنانەت دەکرێ ئەم نازناوە لێرەدا بدەینە پاڵ ئەو بەشە لەتەمەنی حیزبی دێموکرات کە تاکە کلیدی کرانەوەی پرسی کورد بە رووی دنیای دەرەوە لەو سەروبەندەدا بوو، دیپلۆماسییەک کە بە دارشتنی خەتەکەی لە لایەن شەهید دوکتور

بەشی یەکەم

قاسملوو و درێژەدانی لە لایەن دوکتور شەرەفکەندی و ڕێبەرانی دیکەوە، توانی ببێتە لاپەرەی ئەسڵی و تەنانەت لە بەشێکی مێژوویدا ببێتە هۆی پچرانی پەیوەندیەکانی ئێران لەگەڵ دنیای دەرەوە کە سەرەکی ترین بەڵگەش بۆ ئەو دیپلۆماسیە بەهێزەی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەم قسەی حەسەن روحانیە کە لە کتێبی ئەمنیەتی هەستەیی‌دا ئاماژەی پێداوەو دەڵی؛ لە دوای ڕووداوی میکۆنۆس وەزعی دیپلۆماسی ئێران گەیشتە زەعیفترین ئاستی خۆی.

کەواتە دەکرێ بڵێین قۆناغی دیپلۆماسیش هاوشێوەی قۆناغەکانی دیکە کارتێکەری و کاریگەری خۆی لەسەر پانتایی سیاسەت کردن هەم لە ئێران و هەمیش لە کوردستان هەبووە.

ئێستا دوای حەفتا ساڵ خەباتی بێ‌پسانەوە، هێشتاش حیزبی دێموکراتە کە لە سەر بنەمای زۆر خوێندنەوەی نوێ و سەردەمیانە لە خەبات و چالاکی دایە. گرینگی‌دان بە خەباتی مەدەنی و بەهێزکردنی هەموو ئەو دەنگانەی دەتوانن کاریگەری لەسەر بەهێز بوونی دەنگی نارەزایەتی دابنێ، ئاوردانەوە لە یەکگرتوویی و وەرێخستنی حەرەکەتگەلێک لە چەشنی نافەرمانی مەدەنی، هاوشێوەی ساڵەکانی ٨٤ و ٨٦، هەنگاونان بۆ هێنانە ئارای گوتاری نوێ و ڕەهەندی نوێی خەبات، خوێندنەوەی سەردەمیانە لە خەبات و گەڵاڵەکردنی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتمیحوەری لەراستای بەرۆژەڤ بوونی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات هاوشان لەگەڵ پرسەکانی دیکەی پارچەکانی کوردستان، ڕێکخستن و نەزمدان بە هێزی ناوخۆیی و بەگژداچوونەوەی هەر چەشنە پەلامارێک کە دەبێتە هۆی ئاسیمیلەکردنی نەتەوەیی لە ڕێگای «پارێزەرانی ڕۆژهەڵات»، گرینگی‌دان بە بەهێزبوونی زمان و پشتیوانی کردن لە هەر هەنگاوێکی فەرهەنگی، ئەدەبی و ژینگەپارێزی و... هەتا دوایی بە مەبەستی چالاککردنی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگاو کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتەکان بە قازانجی بەرەوپێشبردنی خەباتی گشتیی خەڵکی کوردستان.

هەمووی ئەمانە بەرهەمی خەباتی حەفتاساڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستانە. ئەوەی ماوە ئاماژەی پێبکەین ئەو خاڵەیە کە جموجۆڵەکانی ئەم قۆناغە لەخەبات گەیشتۆتە ئاستێک کە لە هەموو بوارە، فەرهەنگی، کلتووری، سیاسی، ڕۆشنبیری و بەهێز بوونی هەستی نەتەوەیی لە لوتکەی خۆیدایە کە بەشێکی ئەسڵی ئیبتکارەکان لە تواناکانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا ڕەنگدەداتەوە.

لە ژمارە ٦٦١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

بەشی یەکەم

## «خۆشەویستی و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان بۆ حیزبی دێموکرات هەوێنی مانەوەو بەردەوامیی ئەم حیزبەن»

**لە وتووێژێکی تایبەتی رۆژنامەی کوردستان لەگەڵ قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان**



**ئارەش لۆرستانی**

**ئارەش لۆرستانی: حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕوانگەیەکی ناسیۆنالیستییەوە خەبات لە پێناوی گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی کردوە بە ئامانجی خەباتی ٧٠ ساڵەی خۆی. ئایا درێژ بوونەوەی ئەم خەباتە، نیشانەی نادروستبوونی ئەم ئامانجە نیە؟**

**قادر وریا**: درێژبوونەوەی خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە هیچ جۆر بە مانای نادروستبوونی ئامانجی خەباتەکەی نییە. مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەیەک ئەویش نەتەوەیەکی چەندین میلیۆنی کە خۆی و نیشتمانەکەی بە سەر چەند وڵات دا دابەش کراون، مافێکی ڕەواو ئامانجێکی دروست و پیرۆزە. ئەم ئامانجەو ئەم مافەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ نەتەوەکەی داوای دەکا و خەباتی بۆ دەکا، لە گەڵ پەسندکراوە جیهانییەکان نەک هەر هیچ دژایەتییەکی نییە، بەڵکوو بە مافیکی بێ ئەملا و ئەولای هەر نەتەوەیەک، دادەنرێ. نە شتێکی ناڕەوای تێدایەو نە زێدەڕۆیی. کەوایە ئەوە دروست یا نادروستبوونی ئامانجی خەباتەکە نییە کە بووە بە هۆی درێژبوونەوەی، بەڵکوو ئەوە زاڵبوونی دیکتاتۆری و حکوومەتی سەرکوتکەرو دڕندە لە ئێران لە لایەک و لە لایەکی دیکە هەلومەرجی دژواری خەباتی ئەم حیزبە و نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانە کە وای کردوە ئەم خەباتە لە ماوەیەکی کورت دا نەگاتە ئاکام و هەر وا درێژەی هەبێ.

## بەشی یەکەم

ئەگەر سەرنج بدەینە خەباتی نەتەووو چین و توێژەکانی دیکەی خەڵکی ئێران کە تەنانەت ئامانجی بچووکتریشیان لە ئامانجەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەبووە، دەبینین ئەوانیش زۆریان خایاندوە و کەمتر بە ئاکام گەیشتوون.

**ئارەش لۆرستانی:** گرنگترینی ئەو هۆیانەی وایان کردوە حیزبی دیموکراتی کوردستان سەرەڕای درێژبوونەوەی خەباتەکەی بۆ ماوەی ٧ دەیە، هەر وا درێژە بە ڕێگاکەی بدا، چین؟ دەتوانی بە کورت باسیان بکەی؟

**قادر وریا:** بە بڕوای من هۆیەکان ئەمانەن:

**یەکەم.** پەیبردن بە بێبەشیی نەتەوەی کورد لە سەرەتاییترین مافەکانیو دڵنیابوون لەو ڕاستییە کە ئەم گەلەش وەک گەلانی دیکە شایانی ئەوەیە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەبێ.

**دووهەم.** پابەندبوون بە ریسالەتو ئەرکێکی مێژوویی کە ئەم حیزبە هەر لە سەرەتایی دامەزرانییەوە کەوتووەتە سەرشانی کە ئەویش بریتتە لە رزگار کردنی ئەو گەلە لە بندەستی و بێبەشی. سێهەم، وەفاداری بەو قوربانییە زۆرەی کە نەسلەکانی پێشوومان لەم حیزبە داو هەروەها خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی خەباتی ئەم حیزبەو لە پێناوی ئامانجەکانی ئەم حیزبە دا، پێشکەشیان کردوە. دەست هەڵگرتن لە خەباتو بەردەوامنەبووبی ئەم حیزبە لە سەر ڕێگاکەی خۆی، بێ ئەوەی ئامانجەکانی هاتبێتە دی، یانی بە فیرۆدانی ئەو قوربانیو تێچووە زۆرەی حیزبی دیموکرات و گەلی کورد داویانە. چوارەم،: درێژەی ژێردەستی و بێمافیی نەتەوەی کورد لە لایەن ڕێژیمەکانی ئێران لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان لە ئامانجەکان و سیاسەتەکانی ئەم حیزبەو خەباتەکەی، وایان کردوە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەر ڕێگاکەی خۆی بەردەوام بێ و هەمیشە زەمینەیەکی لە بار بۆ بەردەوامبوون لە سەر ڕێگاکەی خۆی، بەدی بکا.

**ئارەش لۆرستانی:** خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی پێشمەرگەکانی حیزب لە سێ قۆناغی جیاواز (کۆماری کوردستان، بەرگریی چەکدارانە لە بەرامبەر هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و پێشمەرگە لە سەردەمی ئێستا) دا کامانەن؟

**قادر وریا:** بەرگری چەکدارانە لە گەلی کورد لە بەرامبەر هێرشی دوژمنانی ئەو گەلەو پاراستنی دەسکەوتەکانی خەباتی خەڵکی کوردستان، یەک لەو خاڵە هاوبەشانەیە کە پێشمەرگە لە هەر کام لەو قۆناغانە دا، هەڵگریان بووە. خاڵێکی هاوبەشی دیکەی پێشمەرگە لە هەمووی ئەو قۆناغانە دا ئەوە بووە کە هەر تەنیا هێزێکی چەکدار نەبووە بەڵکوو مرۆڤێکی بە بیروباوەڕ بووە کە نەک بۆ پلەو پایە و سامان، بەڵکوو بۆ بردنە پێشی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی، تێکۆشاوە. هەر وەها پێشمەرگە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی بووە کە وایان کردوە لە نێو نەتەوەکەی دا ڕێزو خۆشەویستییەکی تایبەتی هەبێ. قبووڵی ماندوویی بێسنوور، لە خۆبردوویی و خەڵکدۆستیو فیداکاریو ڕێزدانان بۆ خەڵکو

بەشی یەکەم

بوونی ڕەوشتی بەرزو هەڵسوکەوتی جوان لەو تایبەتمەندیانەن کە پێشمەرگەی هەموو قۆناغ و سەردەمەکانی پێ دەناسرێتەوە.

بەڵام ئەگەر بمەوێ باس لە خاڵە جیاوازەکان بکەم، پێویستە بەر لە هەر خاڵێک ئاماژە بکەم بە کاریگەریی قۆناغ و سەردەمەکان لە سەر هێزی پێشمەرگە لە ڕووی پێکهاتە، لە ڕووی بیرکردنەوە و ڕوانین، لە ڕووی ئامادەیی بۆ بەشداری لە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا. هەر وەها لە ڕووی چاوەڕوانییەکانیان لە حیزبو بزووتنەوەو ڕادەو ئاستی فیداکاریو خۆ تەرخانکردنیان بۆ بزووتنەوەی نەتەوەییو بۆ حیزب. بۆ وێنە هێزی پێشمەرگە لە سەردەمی کۆمار دا، هێزێکی تەواو پیاوانە بووە و ژنانی پێشمەرگە لەو ڕۆژگارەدا نابینین. پێکهاتەی هێزی پێشمەرگە بە زۆریی خەڵکی لادێ بوون و کەمتر وەک تاک بەڵکوو زیاتر وەک بەشێک لە عەشیرەتێک و لە ژێر ئەمری سەرۆک عەشیرەت و ئاغای گوندەکەی خۆیان دا، بوون بە پێشمەرگە. ژمارەیەکی زۆر کەمیان خوێندەوار بوون و خوێندەوارییەکەشیان لە ئاستێکی نزم دابووە. بەڵام پێشمەرگەی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، هەم خەڵکی لادێیان زۆر تێدابووە هەم خەڵکی شار. ژنان بەرە بەرە دێنە نێو ڕیزی پێشمەرگە. ئاستی خوێندەواری و ژمارەی خوێندەوار لە نێو هێزی پێشمەرگە دا، ئاڵوگۆڕی بەرچاوی تێدا پێک دێ. مەیدانی تێکۆشانی پێشمەرگەش زۆر بەربڵاو دەبێو لە سەرووترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا خوارووترین ناوچەکان، واتە هەر چوار پارێزگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە. جۆری کەرەستەو چەکیش کە لەو سەردەمە دا پێشمەرگە شەڕی پێ دەکا، زۆر جیاوازە لە چەک و کەرەستەی سەردەمی کۆماری کوردستان. جیاوازییەکی دیکە کە لە نێوان نەسلی ئەمڕۆ پێشمەرگە و نەسلەکانی پێشوو دا دەیبینم،

ئەوەیە کە نەسلی دەیەی ٦٠ و ٧٠ی هەتاوی لە نەسلەکانی ئێستا، پشوودرێژترو خۆڕاگرتر بوون، لە گەڵ ئەوەی پتر لە نەسلەکانی ئێستا لە شەڕ و تێکهەڵچوون دابوون، پتر لە گەڵ مەترسی بەرەوڕوو بوونو هەلومەرجی پێشمەرگایەتییەکان سەختتر بوو، بەڵام زۆر بە زەحمەت دەستیان لە پێشمەرگایەتی هەڵ دەگرتو پتر لە سەنگەر و لە ڕیزی پێشمەرگە دا دەمانەوە.

**ئارەش لۆرستانی**: لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا ئایا حیزبی دیموکراتی کوردستان خۆی بە حیزبێکی شۆڕشگێڕ دەزانێ یا ڕیفۆرمخواز؟

**قادر وریا**: حیزبی دیموکراتی کوردستان هەم خاوەنی ئامانجی شۆڕشگێڕانەیە، هەم لە زۆربەی قۆناغو سەردەمەکانی تەمەنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆی دا شێوە و شێوازی شۆڕشگێڕانەی بۆ خەبات و تێکۆشان گرتووەتە بەر. ئەو ئامانجانەی ئەم حیزبە خەباتی بۆ کردوون، زۆر لەوە گەورەتر بوون کە لە چوارچێوەی دوو ڕێژیمی شایەتیو کۆماری ئیسلامی دا

بەشی یەکەم

ئیمکانی وەدیهاتنیان هەبێ. هەر کاتێکیش ئەو ئامانجانە وەدی بێن، گۆڕانی بنەڕەتی لە ژیانی سیاسیی خەڵکی کوردستان دا پێک دێنن. هەر بۆیە دەتوانین بە ئامانجی شۆڕشگێڕانەیان ناوبەرین. شێوازەکانی خەباتی ئەم حیزبەش، شۆڕشگێڕانە بوون. ڕاوەستان بە دژی سیاسەتەکانی دوو ڕێژیمی شایەتی و کۆماری ئیسلامی و هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمە ناوەندییەکان و بە چەک و خەباتی چەکداری، بەرەنگاربوونەوەی هێرش و پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەکانی ئێران، بە شێوازی شۆڕشگێڕانە دێنە ئەژمار کە دیارە هەڵبژاردنی ئەم جۆرو شێوازانەی بەرەنگاری و خەبات، بە سەر ئەم حیزبە دا داسەپاون ئەگینا هەر کات مەجالی سوود وەرگرتن لە شێوازەکانی هێمنانە بووبێ، ئەم حیزبە پێشوازیی لێ کردوە. بەڵام شۆڕشگێڕبوونی حیزبی دیموکرات هیچ کات نەبووە بە هۆی دژایەتیی ئەم حیزبە لە گەڵ پەنابردنی خەڵک بۆ خستنە ڕووی داخوازی ڕیفۆرمخوازانە و سوود وەرگرتن لە شێوازی هێمنانەی خەبات و تێکۆشان. هەر حەرەکەتێک و بزووتنەوەیەکی ڕیفۆرمخوازانە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەری هەڵ دابێ، حیزبی دیموکراتی کوردستان لە جیاتی ڕەتکردنەوەو دژایەتیکردنی، هەوڵی داوە هەم ڕەخنەی لێ بگرێ هەم خەڵک بۆ بەشداری تێداکردنو بەرەوپێشبردنو رادیکاڵتر کردنی، هان بدا.

**ئارەش لۆرستانی:** حیزبی دیموکراتی کوردستان سیاسەتو پێوەندییەکانی خۆی لە دوو بواری ئێرانیو کوردستانی (بەرامبەر پارچەکانی دیکەی کوردستان) چۆن دادەڕێژێ و بەڕێوەیان دەبا؟

**قادر وریا:** حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر لە کۆنەوە، دوو سیاسەتی شانبەشانی یەک بردوەتە پێشو هەوڵی داوە بە رادەی پێویست گرنگی بە هەر دوویان بداو یەکیان بۆ ئەوی دیکە وەلا نەنێ. لە لایەکەوە خۆی وەک حیزبێکی کوردستانی و، خەباتی نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی وەک بەشێک لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بۆ ڕزگاری لە بندەستی پێناسە کردوە. هەر بۆیەش هیچ کات لە سیاسەتی پشتیوانی لە خەباتی نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەو پێوەندیی دۆستانە لە گەڵ هێزە سیاسییەکانیان غافڵ نەبووە. لە لایەکی دیکەوە، چونکە ڕووی داخوازەکانی ئەم حیزبە و خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران بووە و دروشمی ستراتیژیکی ئەم حیزبە پێوەندیی بە وڵاتی ئێرانەوە هەبووە، تێ کۆشاوە لە گەڵ هێزە ئازادیخوازەکانی ئێران و لە گەڵ بزووتنەوە سەرانسەرییەکانی ئەو وڵاتە، پێوەندیی دۆستانەی هەبێ و لە گەڵ گەلانی ئێران لەخەبات بە دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی دا، هاوخەبات بێ.

**ئارەش لۆرستانی:** بە سەرنجدان بەوە کە لە کوردستان پەیڕەوانی ئایینو ئایینزای جیاواز هەن، حیزبی دیموکراتی کوردستان لە چ میتۆدێک بۆ یەکگرتوویی و یەکڕیزیی نەتەوەی کورد سوود وەردەگرێ؟

**قادر وریا:** حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە، حیزبی هەموو نەتەوەی کورد بووە. ڕۆڵەکانی ئەم

بەشی یەکەم

نەتەوەیە لە هەر چینو توێژێک یا لە هەر ئایینو ئایینزایەک بووبن، بە هەر دیالێکتو زاراوەیەک قسەیان کردبێ، بەو مەرجەی ئامادە بووبن لە ڕیزەکانی ئەم حیزبە دا بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەیان لە بندەستی و بێمافی خەبات بکەن، حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە خۆشحاڵییەوە باوەشی بۆ کردوونەوە. لە ڕاستیدا هەموو ئایینو ئایینزاکان، لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە ڕێزیان لێ نراوەو بێڕێزی بە هەر کامیان، لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە پێشی پێ گیراوە. پەیڕەوانی ئایینێک یا ئایینزایەک، لە وانیتر هەڵناوێردراون، یەکیان لەوانی دیکە پتر بایەخی پێ نەدراوە، یا پەیڕەوی کردن لە ئایینێک و بە پێچەوانەیشەوە نەبوونی باوەڕی ئایینی، نەبووە بە هۆی بەدەستهێنانی ئیمتیاز.

بە کورتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەو بڕوایە دایە کە جیاوازیی بیروباوەڕی ئایینی، یا جۆراوجۆریی دیالێکت، ڕاستییەکو تایبەتمەندییەکی کۆمەڵگەی کوردەو دەبێ ڕێگە نەدرێ هیچ پێکهاتەیەک لە هەوڵی سڕینەوەی ئەوانی دیکە دابێ. هەمووانیش دەبێ بە جیاوازییەکانیانەوە لە سەر ئامانج وداخوازە نەتەوەیی و گشتییەکان، یەکگرتووو هاوخەبات بن.

**نارەش لۆرستانی:** حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی سیاسیی بە ئەزموون، لە ڕەوتی خەبات لە پێناوی دیموکراسیو مافی دیاریکردنی چارەنووسدا، چ ڕۆڵ و ئەرکێک بۆ خۆیو چ ڕۆڵ و ئەرکێک بۆ کۆمەڵگەی کوردستان، دادەنێ؟

**قادر وریا:** ئەرکی حیزبێکی سیاسیی پێشڕەو، ڕێبەری کردنی خەباتی خەڵک لە ڕووی سیاسیو، ڕێکخستنی خەبات و تێکۆشانی ئەوان تا گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەو خەڵکەیە. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە گەڵ ئەوەی لە مێژووی خۆی دا لە گەڵ کەم و کووڕیو لاوازیی جۆراوجۆرو ڕەخنەی جیددی بەرەوڕوو بووە، بەڵام لە جێبەجێکردنی ئەرکی خۆی کەمتەر خەم نەبووە. خوێندنەوەو لێکدانەوەی واقیعبینانەی داوای خەڵکی کوردستان و فۆرمۆڵەکردنی ئەو داوایانە لە بەرنامەکەی خۆیدا، گرتنەبەری سیاسەتو هەڵوێستی دروست لە قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکان، درێغ نەکردن لە قوربانیدانو شێلگیربوون لە سەر خەباتو تێکۆشان بۆ ماوەی ٧٠ ساڵ، کاری سیاسی بە ئاراستەی پێکهێنانی یەکگرتوویی و کۆدەنگی لە نێوکۆمەڵگەی کوردستان بەرامبەر دەسەڵاتی ناوەندی، وەدەستهێنانی متمانە و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان ئەو ڕۆڵ و ئەرکەیە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان جێ بەجێی کردوە.

دیارە ڕۆڵو ئەرکێکیش کە دەکەوێتە سەر خەڵک، هەوڵدانو تێکۆشانە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە کە ئەم حیزبەو ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستان لە ڕیزەکانی ئەو حیزبەدا، ٧٠ ساڵە خەباتی بۆ دەکەن. ئەرکی خەڵک قۆستنەوەی ئەو هەلو دەرفەتانەیە کە بۆ خستنەڕووی داخوازەکانی خۆیان بۆیان دێتە پێش. نابێ پێیان وابێ خەباتکردن تەنیا ئەرکی حیزبی دیموکرات و ئەندامەکانیەتی و ئەوانیش دەبێ لە دوورەوە بینەرو تەماشاچیی ڕووداوەکان بن، بە پێچەوانەوە دەبێ ئەوان بۆ خۆیان چەقی خەباتو بەرخۆدان بن. هاوکات پێویستە پشتیوان و چاوەدێریی خەبات و سیاسەتەکانی ئەم حیزبە بن کە بە

## بەشی یەکەم

نوێنەرو ڕێبەری داواکانی خۆیانی دەزانن. بە هەموو تواناوەو لە هەموو ڕوویەکەوە پشتیوانی لە سیاسەتەکانی بکەن، هاوکاری تێکۆشەرانی بن، کاتێکیش پێویست بوو پێشنیاری پێ بکەن، ڕەخنەی لێ بگرن و وای لێ بکەن حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەو ئامرازە کاریگەرە بێ کە دەتوانێ خەباتی ئەوان لە پێناوی دیموکراسی و مافی دیاریکردنی چارەنووس بە ئاکامی دڵخواز بگەیەنێ.

لە ژمارە ٦٦١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٥

---



سەرچاوە
Serchawe

بەشی یەکەم

# ئامانجی ستراتیژیک و ستراتیژیی خەبات



**حەسەن شێخانی**

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕێکخراوێکی مۆدێرن ئەوەیە کە ئامانجێکی ڕوون و دیاریکراوی هەبێ. واتە بزانێ چی دەوێ و لە پێناو چیدا خەبات دەکا.

بەر لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕاپەڕینەکانی کورد، کە لە لایەن مەلا و شێخ و ئاغاکانەوە بەڕێوە دەبران، خاوەن پێکهاتەیەکی ڕێکخراو و ئامانجێکی دیاریکراو و پێناسەکراو نەبوون. ئەو قۆناغە بە قۆناغی بەر لە مۆدێرنی بزاڤی کورد دەناسرێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان وەرچەرخانێکی گرینگ بوو لە بزووتنەوەی کورد دا و، فۆرم و نێوەرۆکێکی مۆدێرنی بەو بزووتنەوەیە بەخشی.

حیزبی دێموکرات دوای دامەزرانی، خودموختاری دەکاتە ئامانجی ستراتیژیکی خۆی. ئەو ئامانجە لە چوارچێوەی کۆماری کوردستان دا دەچەسپێ. چۆنیەتیی باس کردنی ئەو کۆمارە و پێناسە کردنی لە ڕۆژنامەی «کوردستان»ی ئەو کات دا، ئەو پرسیارەی لای هەندێک لێکۆڵەر دروست کردووە کە ئایا ئامانجی حیزب لەو سەردەمەدا زیاتر لە خودموختاری نەبووە؟ ئیستدلالێکی پرسیارئامێزی ئەو لێکۆڵەرانە ئەوەیە کە ئایا پێکهێنانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی وڵاتێک دا کە خاوەنی سیستمێکی پاشایەتییە، کردەییە؟ مەبەستی ئەم وتارە تاووتوێ کردنی ئەو گریمانەیە نییە، تەنیا دەمانەوێ بڵێین کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا، هەرچەند ئامانجی حیزب خودموختاری بووە و کۆمارەکەش، لە ڕاستیدا کۆمارێکی خودموختار بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەو ئامانجە بە شێوەیەکی وردی حقووقی - سیاسی پێناسە نەکراوە، ئەو

گریمانەی سەرەوە دێتە ئارا و خوێندنەوەی جیاوازیش خۆدەنوێنن.

لە سەرەتای دەیەی ٥٠ی هەتاوی دا، پێکهاتەی حیزب لە لایەن د.قاسملووە دادەڕێژرێتەوە و ئامانجی حیزبیش بە شێوەیەکی وردی حقووقی پێناسە دەکرێ کە دەرەتانی هیچ چەشنە شیکردنەوە و خوێندنەوەیەکی جیاواز لە ئامانجی ستراتیژیکی حیزب ناهێڵێتەوە.

دوای گۆڕانی دروشمی ستراتیژیک لە خودموختارییەوە بۆ فیدرالیزم، دروشمی دواییش بە شێوەیەک لە بەرنامەی حیزب دا هاتووە و پێناسە دەکرێ کە هیچ نارۆوونییەک هەڵناگرێ. ئەمە خاڵێکی ئەرێنی و تایبەتمەندییەکی مۆدێرنی حیزبی دێموکراتە کە دەزانێ چی دەوێ و تابلۆی داخوازییەکانیشی بۆ بەرامبەرەکەی روون و دیاریکراوە(بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەو ئامانجە چەندە کردەییە و بەستێنی پراکتیزەبوونی لە ئێراندا چەندە لەبارە).

پرسیارێک کە لێرەدا دێتە ئارا ئەوەیە کە ئایا حیزبی دێموکرات پێ بە پێی هەبوونی ئامانجێکی ستراتیژیکی روون، خاوەنی بەرنامەیەکی بیرلێکراوەی خەباتگێڕیی بۆ گەیشتن بەو ئامانجە بووە؟ ئایا حیزبی دێموکرات ستراتیژێکی روونی لە پرۆسەی خەباتی دا هەبووە؟ یان زیاتر هەلومەرجەکان رێکارێکی دیاریکراویان بە سەردا سەپاندووە و حیزبی دێموکرات زیاتر بە سەردا کەوتووە؟ ئایا دۆخی هەنووکەیی حیزب تا رادەیەک بەرهەمی ئەو بە سەردا سەپان و بە سەرداکەوتنە نییە؟ ئەگەر حیزبی دێموکرات لە بەرنامەی خەباتگێڕانەی دا و لە رەچاو کردنی تاکتیکەکانی گەیشتن بە ئامانجی دا، دووربینی و داهاتووبینییەکی پلانمەندتری هەبا، دۆخی لە هی ئێستای، جیاواز نەدەبوو؟

هەرچەند شۆڕشگێڕیی خۆی لە خۆیدا ئیرادەگەراییە، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە فاکتەری ئیرادە، تەنیا فاکتەری یەکلاکەرەوە و دیاریکەرە. پێکهاتەی ئیرادە و هەلومەرج سەنتێزێک بە ناوی پلان و سیناریۆی جۆراوجۆر دێنێتە ئارا کە حیزبێکی شۆڕشگێڕ بە گوێرەی پێشهاتەکان، یەکێک لەو پلان و سیناریۆیانە دەخاتە بواری کردارییەوە.

بێگومان لە سیاسەت دا و لە پرۆسەی خەباتێکی سەخت دا، زۆر شتی پێش بینی نەکراو دێنەئارا. مەبەست ئەوە نییە کە رووداو و پێشهاتەکان خۆیان بە بالای پلان و سیناریۆ بیرلێکراوەکانی ئێمە دەگرن؛ بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە دانەمێنین و بۆ هەر هەلومەرجێک رێکاری گونجاو و کاریگەر بدۆزرێتەوە. بێجگە لەوەش لە رەوتی خەبات دا هەندێک جار هەلی چاوەڕواننەکراو دێنە پێش، کە ئەرکی حیزبی خەباتگێڕە کە بیانقۆزێتەوە و بە گوێرەی توانا کەڵکیان لێ وەرگرێ. پرسیار ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات چەندە توانیویەتی بەو شێوەیە بێ؟

## بەشی یەکەم

بۆ تێگەیاندنی زیاتری بابەتەکە نموونەیەک دێنمەوە. دوای شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی دا، شەڕێکی چەکداری بە سەر حیزب دا سەپا. حیزبی دێموکرات بەرگرییەکی قارەمانانەی کرد و زۆر جار تەنگی بە کۆماری ئیسلامی هەڵچنی و سەرئێشەی جیددی بۆ دروست کرد. پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەو بەرگرییە چەکدارییە لە چوارچێوەی کۆنتێکستێکی بیرلێکراوە دا، کە بە شێوەیەکی گشتی دوورەدیمەنی ئەو میتۆدە گەنگەشە کرابێ، بەڕێوەچوو؟ ئایا لە ڕەوتی ئەو بەرگرییەدا بیر لەوە کرایەوە کە ئەگەر لە کورت ماوەدا، ئەو ڕێکارە ئەنجامی لێ نەکەوتەوە و بۆ ماوەیەکی بەردرێژ کۆماری ئیسلامی لە ژێر زەختی چەکداری دا نەهاتە سەر مێزی وتووێژ و، دانی بە مافەکانی کورد دا نەنا، حیزبی دێموکرات چۆن ڕووبەڕووی ئاڵوگۆڕ و دۆخە نەخوازراوەکان دەبێتەوە؟ ئایا ئەو ڕێکارە لە چوارچێوەی کۆنتێکستێکی فرەڕەهەند دا بەڕێوەچوو کە ئەگەر ڕێکاری چەکداری مەجالی لێ تەسک کرایەوە، ڕەهەندەکانی دیکەی خەبات چالاک بکرێن؟ ئایا ئەو میتۆدە بە هەڵسەنگاندنی وردی هەلومەرج و توانا و ئیمکاناتی خۆیی و دوژمن ڕەچاو کرا؟ ئەو پرسیارانە و چەندین پرسیاری دیکەش لەوانەیە دژواز لەگەڵ ئەو پێناسەیە بێ، کە بۆ ئەو بەرگرییە چەکدارانەیە دەکرێ. چونکە ئەگەر میتۆدێکی خەبات بە سەرت دا سەپا و لە ڕاستیدا بە سەردا کەوتی و لە هەڵبژاردنی دا دەخیل نەبووی(وەک پێناسە دەکرێ)، بە تایبەت لە سەرەتاکانی دا ناچێتە چوارچێوەیەکی بیرلێکراوە و پێشوەخت ئامادەکاری بۆکراو. بەڵام دەکرا لە ڕەوتی درێژەکێشانی دا دوورەدیمەنی بۆ وێنا بکرێ و بیر لە دەرەنجام و پلانی جێگرەوەش بکرێتەوە.

فەلسەفە و ئەرکێکی حیزبی دێموکرات خۆئامادەکردنە بۆ قۆستنەوەی ئەو دەرفەتانەی لەوانەیە لە داهاتوودا بێنە پێشەوە. ئەمەش تەنیا بە کارکردن لە سەر بەرنامەیەکی چڕوپڕی خەباتگێڕیی و لە ژێر تیشکی ستراتیژێکی ڕوونی خەبات دا دەکرێ. لە نەبوونی وەها ستراتیژێک دا، هەوڵەکان لە پێناو مانەوەی قەوارەیی دا قەتیس دەبن.
پێویستیی هەنووکەیی حیزبی دێموکراتی کورستان ئەوەیە کە بە قبووڵی ریسک و بە ئازایەتیی شۆڕشگێڕییەوە، بیر لە ئاسۆی خەباتی بکاتەوە و بە بێ سڵەمینەوە لە شانتاژی ئەم لایەن و ئەو لایەن، ڕێکارگەلی تازە گەنگەشە بکا و تاقیان بکاتەوە. بە تایبەت کە کۆنگرەی ١٦ی حیزب بەڕێوەیە و دەکرێ ببێتە دەرفەتێک بۆ باس و ئاڵوگۆڕی بیروڕا و دواجار ساغبوونەوە لە سەر بەرنامەی خەباتی پێشەڕۆژ.

**دوا قسە ئەوەیە کە وەدیهاتنی ئامانجی ستراتیژیکی حیزب یان گەیشتن بە لانیکەمی داخوازییەکانیش، پێویستی بە ستراتیژێکی ڕوونی خەبات هەیە و لە ڕاستیدا ئەو دووانە یەکتر تەواو دەکەن.**

لە ژمارە ٦٦١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی ئاگۆستی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

بەشی یەکەم

## حیزبی دێموکرات، سەمبوڵسازی یا ئوستورەناسی؟



ئارەش لورستانی

و بۆ کوردی: ئاڵەشین

پێشەوا قازی محەممەد رێبەری ڕەوتێکە، کە بە مودێرنیتەی کورد ناودێر دەکرێ، بزاڤێکی مودێرن کە پاش لە سەر کار لابردن و دوورخستنەوەی رەزاشا توانی کۆنترۆڵ و ئیدارەی کاروباری کوردستان بەدەستەوە بگرێ، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دابمەزرێنێ و یەکەم جار لە مێژووی گەلی کورددا کۆماری رابگەیەنێ. پێشەوا قازی محەممەد یەکەمین سەرکۆماری کوردستانە کە لە پێناو بەرگری لەگەلەکەی ملی بۆ چارەنووسێکی تراژیک راکێشا و بە هۆی داهێنان، خۆڕاگری و فیداکارییەکانی لە مێژوو، زەین و ویژدانی نەتەوەی کورددا وەک ئوستورەیەکی مەزن و سیمبولێکی هەرمان تۆمار بووە.

دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندیش ئەو دوو رێبەرەی حیزبی دێموکڕاتن کە توانییان لە قۆناخێکی زۆر هەستیار و قەیراناویدا لە شۆرشی ٥٧ەوە تا تیرۆری میکۆنووس (پوشپەری ١٣٧٢ هەتاوی) بزاڤی میللی - دێموکڕاتیکی کورد رێبەرایەتی بکەن. هێرشی زیاتر لە یەک دەیەی سەربازانی خومەینی بۆ سەر کوردستان رووبەرووی خۆڕاگری و بەرگری گەلێک بوویەوە کە هیوا و ئۆمێدیان حیزبی دێموکڕات و ئەم دوو رێبەرە بوو. تیرۆری دوکتور قاسملوو لە ئوتریش بە دەستی دیپلوماتیکارەکانی کۆماری ئیسلامی و، پاشان تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی لە ریستورانی میکونوس بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی، دیسان چارەنووسێکی تراژیکی بە سەر رێبەرانی کورد هێنا.

## بەشی یەکەم

پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی سێ سیمبول و سێ ئوستوورەی هەرمانی گەلی کوردن، کە ئەگەر بمانەوێ لە بزاڤی میللی ـ دێموکراتیکی کورد بگەین؛ دەبێ بیانناسین.
لە ئەدەبیات و فەلسەفەدا دەوترێ: «ئەو گەلەی ئوستوورەی نیە، بێ شووناسە.» کەواتە بۆ تێگەیشتنی گەلی کورد، دەبێ تێگەیشتنێک لە دروستمان لە ئوستوورەکانی ئەو گەلە هەبێ.
ئەو پرسیارەی بە زەینی مرۆڤی ئەمڕۆدا، بە تایبەت تاکێکی خەباتگێڕدا تێدەپەڕێ ئەوەیە کە ڕەنگە پرسیار بکرێ، ئایا لەم هەلومەرجەی ئێستادا سیمبۆل و ئوستووره ساز دەکرێ؟ کێ و لە چ هەلومەرجێکدا دەبێ بە ئوستوره و سیمبول؟

یەکەم بابەتێک کە دێتە گۆڕێ و شایانی تاووتۆیە ، هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و بارو دۆخی کۆمەڵگەیەکە، کە بۆ گەیشتن بە مافمرۆییەکانی خۆی خەبات دەکا. بۆ وێنە کاتێک ڕەزاشا ناچار بوو دەسەڵات بدا بە کوڕەکەی و پادشای لاویش توانایی ئیدارەی وڵاتی نەبوو، کاتێک هێزە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییەکان، بەشێکی بەرینی ئێرانیان داگیر کرد، لە بەشێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (موکریان) بۆشایی دەسەڵات دێتەگۆڕێ، بوون و هەوڵەکانی پێشەوا قازی محەممەد هەروەک لە مێژووی گەلی کورددا تۆمار کراوە؛ خاڵێکی وەرچەرخانە کە دەبێتە هۆی ئەوەی وزەو هێزی کۆمەڵایەتی بە ئاقار و ئاراستەیەکی مەبەستداردا بجووڵێ و مێژوویەک بئافەرێنێ کە بۆ هەموو گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان هێمای متمانە بەخۆیی و شانازییە.

مژارێکی کە ڕەنگە هەندێک جار ببێتە جێی باس و مشتومڕ، ئەوەیە کە ئایا هەلومەرجی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی ئەوەی ئوستوره یا سیمبۆلێکی وەک پێشەوا قازی محەمەد بخوڵقێ، یان ئەوەی مرۆڤ بە توانایەکانی خۆیەوە دەبێ بە ئوستووره و کۆمەڵگە و هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو ئاراستەیەکی تایبەت ڕێنوێنی و ڕێبەری دەکا؟
هەتا کاتێک هەلومەرجی کۆمەڵایەتی بۆ بوون بە سیمبۆل و ئوستوورەبوون بۆ تاکەکەس نەڕەخسێ، قەت ناتوانێ ئەو دەور و بەرپرسایەتییە بگێڕێ، چونکی کەسانێکی زۆر بەتوانا و خاوەن بەهرە هەبوون کە نەیانتوانیوە بەم پێگە و پەلە بگەن و، لە لایەکی دیکەشەوە لەمێژوودا کەسانێک هەبوون کە لە هەلومەرجی لەباردا توانیوییانە ببن بە ئوستووره و سیمبول.

بۆ وێنە دوکتور قاسملوو ئەگەر لە حیزبی توودەوە نەهاتبایە حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕەنگبوو نەیتوانیبا ئەم دەور و ڕۆڵە دیار و مەزنە بگێڕێ، یان ئەگەر نەمر مەلا مستەفای بارزانی و هاوڕێکانی نەچوبانە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، قەت نەیانتوانیبا بناخەی شۆڕشێکی بەم شێوەیە مەزن و بەربەرین لە باشووری کوردستان دابڕێژن. کاتێک لە کۆمەڵگەدا ئوستووره و سیمبول بوونی هەیە، تایبەتمەندییە ئەرێنییە مرۆییەکانی وەک دڵۆڤانی، فیداکاری و بەزەیی و.... هتد لە ئاستێکی بەرزدا خۆ دەنوێنن و ئەدەبیاتی کۆمەڵایەتی ئەو قۆناخەش، ئەدەبیاتی حەماسییە، کە دەبێتە هۆی هەڵخڕانی کەفوکوڵی توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک.

بەشی یەکەم

لە لایەکی دیکەوە سەرهەڵدان و کارکردی ئوستوورە بۆ هەماهەنگ کردنی کۆمەڵگە و بەرزکردنەوەی چۆنایەتی کۆمەڵگە ئەوەیە کە هەروەک دەوترێ هەموو کۆمەڵگەکان ئوستوورە وەردەگرن و تەنانەت ناتوانن لەو مژارە خۆ ببوێرن.

گەلی کورد لە هەلومەرجی ئێستادا خاوەن شوناسێکی دیار و ئوستوورە و سیمبۆلی ناسراوە کە نەوەی ئەمڕۆ دەتوانێ بۆ پێشەوەبردنی بزاڤی میللی دێموکراتیکی خۆی بە ئاسانی کەڵک لە هێز و وزانە وەربگری، ئەوان خوڵقاندوویانە و، خەبات و شۆڕش لە قۆناغ و هەلومەرجی نوێتردا بەرەو گەیشتن بە ئامانج پێش بخا. شرۆڤەی بارودۆخی بزاڤی میللی دێموکراتیکی کورد نیشان دەدا لە کاتی ئێستادا نیشانە و سیگناڵێک بۆ سەرهەڵدان و خوڵقانی سیمبول و ئوستوورە بەدی ناکرێ. زیندوویەتی کۆمەڵایەتی و شیرازە مێژووییەکانی گەلێک، پێکهاتەیەکی تۆکمەیە پێکهاتوو لە بەشی جۆراوجۆر، کە سیمبۆل و ئوستوورە تەنیا بەشێکی پێکدەهێنن و ئەرکی کۆمەڵایەتیش بریتییە لە کۆمەڵێک فاکتۆر کە لە کاتێکی شیاو و لەباردا ئەکتیڤ ببێ و بجوڵێ. لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا پێویستی راستەقینەی بزاڤ، کەڵکوەرگرتن لە هێزە کۆمەڵایەتییەکانە بە شێوەی گرووپی و هەرەوەزی، کە نزیکبوونەوەی سیاسی و فەرهەنگی لێدەکەوێتەوە و بێگومان یەکێک لە گرینگترین پوتاسییەلەکان بۆ پێشەوەبردنی بزاڤی میللی ـ دێموکراتیکی کورد کە بوونی هەیە، سەرنجدان و ناسین و کەڵکوەرگرتن لە سیمبۆل و ئوستوورەکانی ئەو نەتەوەیە کە لە دژوارترین هەلومەرجی کۆمەڵایەتیدا ئەرکی خۆیان ڕاپەڕاندوە، کە پشتگوێ خستن یا گرینگینەدان بە هەر کام لەو بنەما مێژوویانە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی تێچووی بزاڤ یان قەیرانی چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

ئوستوورە و سیمبۆلەکانی نەتەوەیەک، بەشێکی جیا نەبووەی شووناس و ناسنامەی گەلێکن کە دەبێ بە کۆمەڵگە و نەوەکانی ئەمڕۆ و داهاتوو بناسێندرێن، بەڵام بەرزی و مەزنی ئەو کەسانە نابێ لە شرۆڤەی دروست دوورمان بخەنەوە و رەکێشی داوەری ئیحساسیمان بکەن. ئەگەر ئوستوورە و سیمبۆلەکانی گەلی کورد بۆ یەکڕیزی و یەکێتی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و پەرەپێدان بە بەشداری سیاسی و کۆمەڵایەتی بەکار بهێنرێ، دەتوانین هێوامان بە سلامەتی سترەکچەری بزوتنەوە هەبێ، بەڵام ئەگەر تاکەکانی کۆمەڵگە هەموویان بیانەوێ ببن بە سیمبول و ئوستوورە، بە کردەوە تاکگەرایی و لێکدابڕان و پرش و بڵاوی سیاسی و کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە و تاکە ئاکامی ئەم رەوشەش هەرەج و مەرەج لە نێوەرۆک و پێکهاتەکانی بزاڤ و تەنگەژەی رووخێنەرە.

لە ژمارە ٦٥٩ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی جوولای ٢٠١٥

بەشی یەکەم

## ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان



قادر وریا

### لە باسە گرنگەکانی پلینۆمی دوازدەیەم (١)

کوردستان، بە هەموو بەشەکانییەوە، حیزبێکی سیاسیی بە تەمەنتر لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی تێدا نیە. ئەم حیزبە لە ٢٥ی گەلاوێژی داهاتوودا، ٧٠ ساڵ تەمەن تەواو دەکاو پێ دەنێتە حەفتاویەکەمین ساڵی تێکۆشانی خۆی.

٧٠ساڵ تێکۆشانو خەباتو بەردەوامی لە سەر ڕێگاو ئامانجێکی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەییو پێشکەوتووانە، بە تایبەتی کە ئەو تێکۆشانو بەردەوامییەی لە ئاکامی فیداکاریی ڕۆڵەکانیو پشتیوانیی بێپسانەوەی خەلکەکەیدا مسۆگەر بووبێ، جێگای شانازییە. حیزبی دیموکراتی کوردستان، حەقی خۆیەتی ئەگەر سەبارەت بە هەبوونی درێژترین مێژوو لە بزووتنەوەی نەتەوەییو شۆڕشگێڕانەی کورددا شانازی بە خۆی بکا. بەڵام زۆر باشتر دەبێ کە ئەو حیزبە لە ڕۆیشتن بەرەو ئەو بۆنەیەو لە حەفتایەمین ساڵی تێکۆشانیدا، هەر تەنیا لاپەڕە پڕشنگدارەکانو خاڵە بەهێزەکانی مێژووی خۆی نەبینێ. جێی خۆیەتی لە گەڵ ئاوڕدانەوە لە هەموو هەورازو شانازییەکان، نشێوەکانو لاوازییەکانی مێژووی خۆشی ببینێ.

٧٠ساڵەی مێژووی حیزب، پێویستە هاندەری ڕێبەران، بەڕێوەبەران، تێکۆشەرانو هۆگرانی ئەو حیزبە بێ کە بە شوێن وڵامی کۆمەڵێک پرسیاری جیددیو گرنگیشدا بگەڕێن. وەک نموونە لە خۆیان بپرسن کە چۆنە دوای حەفتا ساڵ خەباتی ئەم حیزبەو گۆڕانی دوو ڕێژیمی سیاسیی لە زۆر بارەوە جیاوازلە ئێران، هێشتا ئالوگۆڕێکی ئەوتۆ لە ڕوانینی دەسەڵات لە ئێران بەرامبەر کورددا نەهاتووەتە ئاراوەو هێشتا کورد لەم وڵاتە بە لانیکەمی مافەکانیشی نەگەیشتوە؟ ئەو مافانەی ئەم

## بەشی یەکەم

حیزبە بۆ نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان داوایان دەکا، قورسو نەگونجاون یا عەیب لە جۆری خەباتو تێکۆشان بۆ ئەم داوایانە دایە؟ پرسیارێکی دیکە ئەوەیە لە بەشی هەرەزۆری مێژووی ئەم حیزبەدا، ڕێبەرییەکەیو بەشە ئاشکراو هەرە کاریگەرەکەی، لە دوورەوڵاتیداو، زۆربەی هەرە زۆری حیزبەکە کە ئەندامانی ئەو حیزبەنو خودی حیزبەکەش لە نیو ئیرانو لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، بە شێوەی نهێنی خەباتیان کردوە. هەر چی ئەم دۆخە درێژتر بۆتەوە، کاریگەریی حیزب لە سەر کۆمەڵگە کەمترو، کێشەی نیوخۆیی حیزبو کۆسپەکانی سەرڕێی تێکۆشانی زیاتر بوون. ئەم وەزعە هەتا کەی درێژەی دەبێ؟و چۆن دەکرێ گۆڕانی بە سەر دابێ؟ پرسیارێکی دیکەش پێویستە لەم پرسیارانە زیاد بکەین: مێژووی ئەم حەفتا ساڵە، ئەگەر لە لایەکەوە، مێژووی خەباتو بەربەرەکانیی باشترین ڕۆڵەکانی نەتەوەیەک لە گەڵ داگیرکەرانی نیشتمانەکەیانو پێشێلکەرانی سەرەتاییترین مافە نەتەوەییو ئینسانییەکانیانە، لە لایەکی دیکەوە ئەو مێژووە، پڕیەتی لە ململانێی نێوخۆیی، ویکهەڵنەکردنو لێکدابڕانو لەمەیدانوەدەرنانوهەڵوەراندنی سیماو وزەو تواناکانی بە دەستی یەکتر. هەر لە درێژەی ئەم پرسیارەدا، پرسیاری بۆ زۆر کەس لەمانە گرنگتر ئەوەیە ئەو حیزبەی بە هیممەتی یەکگرتنخوازەکانی، توانی لە پەنجاساڵەی مێژووەکەیدا، یەکگرتوویی خۆی بە دەست بێنێتەوەو بە هەر حیکمەتێکو زەحمەتێک بوو بۆ ماوەی ١٠ساڵ ئەم یەکگرتووییەی خۆی پاراست، لە بەرەبەری ٦٠ ساڵەی تەمەنیدا، چارەنووسی خۆی دایەوە دەستی نەیارانی یەکگرتوویی‌و جارێکی دیکە گەرای لێکترازانێکی دیکەی تێدا دانرایەوەو سەرئەنجام بۆ جارێکی دیکە تووشی لەتبوونو دابڕان بۆوە. ئێستا کە حەفتایەمین ساڵی تەمەنی خۆی تێپەڕ دەکا، ئایا دیموکراتەکان لە تەواوییەتی خۆیاندا، لە ئاستی گەورەیی‌و قەبارەی مێژووەکەی خۆیاندا دەبنو،بەم زووانە لە توانایاندا هەیە ئارەزووی خەڵکی کوردستان کە یەکگرتووبوونەوەی حیزبی دیموکراتە، وەدی بینن؟

داهاتووی حیزبی دیموکراتو هەڵچنینی داهاتوویەکی نوێی سیاسی بۆ خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان، لە گرەوی بە خۆداهاتنەوەو خۆڕێکخستنەوەی هەڵگرانو میراتگرانی ئەو مێژووە دوورو درێژە دایە، لە گرەوی دۆزینەوەی وەلامێکی گونجاو بۆ ئەم پرسیارانە دایە.

٧٠ساڵ مێژووی حیزب،٧٠ ساڵ خەباتو خۆبەختکردنی ڕێبەران، کادرەکان، پێشمەرگەکانو ئەندامانی ئەو حیزبە، ٧٠ ساڵ کاری سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەلایەتیو ٧٠ ساڵ تێکۆشان لە شار و شاخ، لە نێو بەندیخانەو لە دوورە وڵاتی، لە سەنگەری پێشمەرگایەتیو لە کۆڕو ناوەندی دیپلۆماسی، حیزبی دیموکراتی بە شار بە شارو ناوچە بە ناوچەو گوند بە گوندی ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە گرێ داوە. ئەوە دەبێتە ٧ دەیە کە حیزبی دیموکرات بە یەکەم خاوەنو بە سەرەکیترین هەڵگری پرسی ڕەوای نەتەوەی کورد لە ئێران دەناسرێ. ئەم مێژوویە،خۆشەویستییەکی بێوێنەی بۆ حیزبی دیموکرات لە نێو نەتەوەکەیو ئیعتیبارێکی تایبەتی بۆ ئەو حیزبە لە دەرەوەی نەتەوەکەی پێک هێناوە. ئەوانەو ئەو هێزەی بە کردەوەو بە شێوەی «بالقوە» لە گەڵ حیزبی دیموکرات دان، سەرمایەیەکی گەورەن بۆ سیاسەتکردن لە کوردستانو ئێرانو ناوچەو

## بەشی یەکەم

جیهاندا، بەو مەرجەی دیموکراتەکان، حیزبێکی یەکگرتوو سەرلەنوێو بە داپینکردنی زەرفییەتی پێکەوە بوونو عەقڵیەتی وێکهەڵکردنو ئەزموون وەرگرتن لە خەسارو هەڵەکانی ڕابردوو بنیات بنێنەوە. بەو مەرجەی هێز و تواناکانی خۆیان لە جیاتی بە هەدەردان لە کێشە و ناکۆکیی نیوخۆییدا، بۆ وەڵامدانەوە بەو کێشەو پرسیارو چاوەڕوانیانەوە تەرخان بکەن کە لە دەرەوەی حیزبو لە نیو کۆمەڵگاو لە لایەن سەردەمەوە، بەرەوڕوویان دەکرێتەوە.

١٠ ساڵ لەمەوبەر کاتێک بەرەو ٦٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکرات دەچووین، بە ئاگاداری لەو نیازو هەوڵانەی لە ڕەوتی کۆنگرەی سێزدەو بە دوای ئەو کۆنگرەیەدا، بۆ لەباربردنی یەکڕیزیو یەکگرتوویی حیزب هەستم پێدەکردنو دەمدیتنو خەفەتم پێوە دەخواردن، هەر ئەم قسانەی ئیستام بە دەربڕینێک کە لە کەشوهەوای ئەو کاتدا دەگونجا، کردبوو. ئیستا هەر ئەو قسانەی ئەو کات دووپات دەکەمەوە، بەو هیوایەی، ئەوانەی ئەو کات سەرمەست لە سەرکەوتن بە سەرهاوڕێیانی خۆیاندا، گوێی بیستنی ئەم قسانەیان نەبوو، ئێستاو بە دوای دیتنی ئاسەواری زیانباری ئەم جۆرە «سەرکەوتن»و غەرڕەبوونە، کەمێک وەخۆ هاتبنەوەو بە دوورلە دەمارگرژیو کورتبینییەکانی ئەو کات، گوێ بۆ ئەم پەیامە هەڵ بخەنەوە:

«حیزبی دیموکرات لە هەلومەرجێکدا بەرەو دەیەیەکی نوێ لە تێکۆشان هەنگاو دەنێ کە ڕووداو و گۆڕانەکان لە ئاستی نێونەتەوەییو ناوچەدا، بە قازانجی بەرەوپێشچوونی خەباتی ئازادیخوازانەو بزووتنەوەکانی داواکاری دیموکراسیو فیدرالیزمو مافی مرۆڤ دەچنە پێش.

ڕێژیمی ئێرانیش لە ڕیزی پێشەوەی ئەو ڕێژیمانە دایە کە لە نیوخ و دەرەوە فشارێکی زۆری بۆ پێکهینانی گۆڕان لە سەرە.حیزبی دیموکرات بەو رابردووە پڕشانازییەوە کە هەیەتی، بە خۆشەویستیو نفووزی بێوێنەی لە نیو خەڵکی کوردستان دا، بە ئەزموونی دەوڵەمەندو سامانیکی مەعنەویی گەورە کە کۆی کردوەتەوە، بە هەڵگرتنی دروشمی گونجاو بۆ ئەم سەردەمە، بێگومان دەتوانێ لە سەرەتای دەیەی حەوتەمی تەمەنی خۆیدا، ڕۆڵێکی گەورەی لە ژیانی سیاسیی گەلەکەیو ولاتەکەیدا هەبێ. ئەمەش بەر لە هەمووشتێک بە پاراستنی دەسکەوتەکانی ڕابردوویو یەک لەوان پاراستنی یەکیەتیی ڕیزەکانیو دڵگەرمکردنی سەرجەم تێکۆشەرانی خۆی بە داهاتووی ئەو حیزبە دێتە دی.

حیزبی دیموکرات لە برگەو قۆناغەکانی دیکەی تەمەنو ژیانی خۆیدا نیشانی داوە کە لەو ئاستە لە بەرپرسایەتیو پیگەیشتوویی سیاسی دایە کە وەدیهێنەری چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستان بێ. لە دەروازەی ٦٠ ساڵەی دامەزرانیشی دا دەتوانێ سەلماندنەوەی ئەم ڕاستییە بکا بە جێژنانەیەک بۆ کۆمەڵانی میلیۆنیی خەلکی کوردستان کە دڵیان لە گەڵ تێکۆشەرانی دیموکرات دا لێ دەدا.»



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی یەکەم

**ڕۆژنامەی «کوردستان»، ژمارە٤١٥، ٣١ی جۆزەردانی١٣٨٤،وتاری"بەرەو ٦٠ ساڵەی دامەزرانی حیزب"**

**لە ژمارە ٦٥٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد ٠ ڕێکەوتی: ٩ی ئاگۆستی ٢٠١٥**



سەرچاوە
Serchawe

بەشی یەکەم

# ڕەوتی ئەدەب و فەرهەنگ لە مێژووی حیزبی دیمۆکراتی کوردستاندا



**عەلی لەیلاخ**

بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد رۆژهەڵاتی کوردستان کە خاوەنی یەکێک لە کۆنترین حیزبە سیاسییەکانە، بێگومان بەسەر رەوتی ئەدەب وفەرهەنگی کورد بە تایبەتی رۆژهەڵات شوێندانەری خۆی هەبووە، چونکە هەر بزاڤێکی سیاسی لەسەر ڕواڵەت و ناوەرۆکی ئەدەبیاتی ئەو گەلە کاریگەریی هەیە. ئەمە لەلایەک و لە لایەکتر ئەدەبی بەرگریی (مقاومت) هەڵقوڵاوی هەلومەرجی خۆڕاگرانە و بەرگریی کردنە. بە لە بەرچاوگرتنی ئەم دووخاڵە گرینگ و شوێندانەرە و بە خوێندنەوەیەکی خێرای بۆمان دەردەکەویت کە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان واتە خەباتی میللی دیموکراتیکی رۆژهەڵات لە تەمەنی دوور و درێژی ٧٠ساڵەی خۆی هەم بەسەر زمان و ئەدەبی کوردی کاریگەریی هەبووە هەم لە وروژاندنی ئەدەبی بەرگریی. کاتێک پێشەوا قازی محەمەد و هەڤاڵانی لە سەر بەستێنی کۆمەڵەی ژ.کا ڤ، بە ئایدیایەکی نەتەوەیی حیزبێکی مودێرن بەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان دادەمەزرێنن و پاشان لە دووی ڕێبەندان دەوڵەتی کۆماری کوردستان ڕادەگەیەنن ئەگەرچی تەمەن و ئەزموونی ئەم دەسەڵاتە کوردییە کورت بوو، بەڵام لە لێکدانەوەی مێژوویی و زانستییانە دەردەکەوێ کە تا ئەوکات کورد هیچکات سیاسییانە لە گەڵ داگیرکەران و هاوکێشەسیاسییەکان بەشێوە زانستی هەڵسوکەوتی نەکردبوو، بەڵکوو زیاتر بە چەشنی ئیحساسی /فەلسەفی بەربەرەکانی کردووە، هەتا بە بیرمەندیی پێشەوا لە هەلومەرجێکی هەستیاردا کورد قەبارەی نەتەوەیی بە خۆی دەگرێ و بۆ گەیشتن بە مافی سیاسی و فەرهەنگی و جوغرافیایی خۆی دێتە مەیدانەوە. بە لەبەرچاو گرتنی ڕەوتی مێژووی ئەدەبی هەرگەڵێک دەردەکەوێ کە هەموو سەرهەڵدان و ڕووداوەکان بەسەر وێژە و ئەدەبی ئەو گەلە کاریگەریی هەبووە. لە لایەکیتر هەموو بیرۆکە سیاسییەکان بۆ بەرەوپێش بردن وجێ خستنی بیرۆکەی خۆیان هەوڵی ئەوەیان داوە کە لە هونەر وەکوو زمانێکی

جوان و شوێندانەر کەڵک وەربگرن. بۆ نموونە نیزامی فاشیستی ئیتالیا بەتەواوی هونەری سینەمای کردە تریبۆنێک بۆ بانگەشەی خۆی.کەڵک وەرگرتنی ئەرێنی و نەرینی لە هونەر بەگشتی بابەتی ئەم باسە نیە کە جێگەی مشتومڕو خەسارناسییە. بەڵکوو لەم بابەتە هەوڵ دەدرێ کاریگەریی بزاڤی رزگاریخوازی کورد لە رۆژهەڵات و لە ژێر ناوی حیزبی دیمۆکرات، بەسەر وورووژاندنەوەی هەستی شوناسخوازی تاکی کورد لە رایەڵی ئەدەبیاتەوە بخەینە بەر باس.

یەک لە خەسارە هەرە گەورەی گەلی کورد لانیکەم لە دوای شەری ئەوەڵ و دووهەمی جیهان کە بۆتە لەمپەرێک کە ئەم گەلە نەتوانێ بە مافە رەواکانی خۆی بگات، لاوازی ناسیونالیزمی کوردیی بووە. ئەگەر پێشەواقازی محەمەد بە وردبینیەوە چاو لە بواری فەرهەنگ دەکات وفەزای سیاسیی کۆمار بە کراوەیی دەهێڵێت و تەنانەت خەڵاتی شاعیری میللی دەبەخشێت بە مامۆستا "هێمن"ی لاو، نیشان لەوەیە کە وەکوو سەرۆک حکوومەتێک هەستی بەوە کردبوو کە زمانی ئەدەب و هونەر کاراترین و بەهێزترین زمانە بۆ گەیاندنی دەنگی حەقخوازیی و بۆ وورووژاندنی هەستی نەتەوەیی لەنێو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگە هەر بەو شێوە کە سەردەمانێک دوای هاتنە ئارای بزووتنەوەی چەپ لە جیهان و هەڵکردنی هێندیک دروشمی ئینسانی وەکوو یەکسانیخوازی و دادپەروەریی بەشێکی زۆر لە نووسەران و هونەرمەندانی لە دەوری خۆی خڕکردەوە بەهەمان شێوە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە هۆی ئەوەی کە هەڵگری بیری نەتەوەیی و دیمۆکراتیک بوو هەر لەسەرەتاوە بەشێکی زۆر لە نووسەران وفەرهەنگ دۆستانی دەرەوەست رووبان تێکردوە، دەتوانین بڵێین هاتنە مەیدانی قەڵەم بەدەستانی هەڵسوور و دڵسۆز وەکوو "هیمن و هەژار و قزڵجی و ...گرینگی دان بە پەرەی فەرهەنگ و ئەدەب میراتێکی بە بایەخە کە لە حکوومەتە ساواکەی پیشەوا بە یادگار ماوەتەوە.کە بەشێکی بریتین لە دەرکردنی رۆژنامە و بڵاڤۆکی کوردی،گۆڤاری تایبەت بە ژنان و منداڵان، نواندنی شانۆ و هەروەها یەکەم کورتە چیرۆکی کوردی بەناوی "پێکەنینی گەدا" هەر لەسەردەمە دەنووسرێت. دوای هەرەس هێنانی کۆماری کوردستان درێژەدەری ئەو رێچکە و رێبازە واتە حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەرگەرچی نێوەی زیاتر لە تەمەنی خوی نە تەنیا خاوەن دەسەڵات نەبووە، بەڵکوو لە دەربەدەری و تاراوگەنشینی ژیاوە. سەرەڕای ئەمە ئەگەر ئاورێکی خێرایی بدەینەوە لە مێژووی ئەم بزاڤە بە دیدی ئینسافەوە هەڵیسەنگێنین بۆمان دەردەکەوێ، کەمی خزمەت بە بواری ئەدەب و فەرهەنگ نەکردوە، بەڵکوو سەرەڕای هەلومەرجی ئاستەم و نەخوازراو زۆریش بۆ خزمەت بەم بوارە هەوڵی داوە هەرچەند جێگەی خۆیەتی لە سەر رەکەبەرایەتی سیاسی و لەیەک حاڵی نەبوون و کەم لوتفی کردن بە چەند کەسایەتی ئەدەبی لە کاتی خۆی! وەکوو خەسارێک لە بەرچاو بگیردرێت کە چیتر دووپات نەبێتەوە. بەڵام کارنامەی ئەم حیزبە لە بواری ئەدەب و فەرهەنگەوە بە نیسبەت رێکخراوەکانی دیکە کارنامەیەکی خاوێنی هەیە،

**دەتوانین لەم دوو سۆنگەوە ئاماژەی پێبکەین:**

بەشی یەکەم

## ١- گەشە و پەرەپێدان بە زمانی کوردی

زمان وەکوو بنەڕەتی‌ترین هێمای نەتەوەیی و مافی ڕەوای گەلان هەر لە دەسپێکی دامەزرانی حیزبی دیمۆکرات واتە سەردەمی کۆماری کوردستان گرینگی خۆی هەبووە ئیستاشی لە گەڵ بێ هەر ئەو بایەخەی هەیە. لە کاتێک کە یەکێک لە سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و تەنانەت ڕێژیمی پاشایی حاشاکردن و قەدەغەکردنی ئەلفوبێی کوردی بوو بە مەبەستی تواندنەوەی کورد لە ئێران. حیزبی دیمۆکرات لەوپەڕی بێئیمکاناتی‌دا زۆر هەوڵی داوە بۆ زیندوو کردنەوەی زمانی کوردی و هاوکات لە گەڵ خەباتی سیاسی بە چاپ و بڵاوکردنی ڕۆژنامە بە زمانێکی ڕەسەن وپاراو بۆتە فێرگەی ڕاهێنان و بارهێنانی بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان.

## ٢- سەرهەڵدانی ئەدەبی بەرگریی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەشەنەی بۆ پارچەکانی دیکەش

ئەدەبی بەرگریی وەکوو ناسراوترین و بەهێزترین مژاری هونەری ئەدەبیات لە نێو هەموو گەل و نەتەوەیەک جێگە و پێگەی خۆی هەیە و بە پێی تایبەتمەندییەکانی ئەدەبێکی ئینسان تەوەر و ئاشتیخوازانەیە. وەک لە ناوەکەی دیارە باس لە بەرگریی دەکات نەک هێرش. ئەم ژانرە ئەدەبییە لە نێو ئەوگەلانە کە بەهۆی ستەمی نەتەوەیی و چینایەتی چەوساوەنەتەوە بە پیت و پێزترە نموونەی دەرەوەی کوردستان ئەدەبی بەرگریی وڵاتانی ئەمریکای لاتین"ە و ئافریقاییە کە هاوشان لە گەڵ تەقەی چەکەکان، قەڵەمەکانیش بۆ بەرەنگاریی ڕۆڵی خەباتکارانەیان هەبوو. ئەدەبی بەرگریی هەر گەلێک کە وەردەگێڕدرێ، دەبێتە پردێک بۆ ناسینی مێژووی ئەو گەلە. بێشک کوردیش بە درێژایی مێژوو، گەلێک و زوڵم لێکراوبووە هەر ئەمەش کاری کردوە بەسەر ئەدەبیاتەکەی بەتایبەت لە دوای هاتنە ئارای ناسیونالیزم و شۆڕشە شێعریکەی حاجی قادرکۆیی. ئەگەر بمانهەوێت لە ئەدەبی کلاسیک و ئەدەبی نوێ لە ژنرای شێعری بەرگری نموونە بێنینەوە، "هێمن موکریانی" و "شیرکۆ بێکەس" دەتوانین ناوبەرین. شێعری ئەم دوو شاعیرە باس لە خەباتی ڕەوای کورد و ئارەزووی ئینسانی و ئەوین و عشقێکی جیهانیە. "هێمن "گۆش کراوی بزاڤی ڕۆژهەڵاتە و بێ شک بەسەر بیروزەینی شاعیرانی دوای خۆی کاریگەریی داناوە. جێ وەبیرهێنانەوەیە خەباتی ڕەوای کورد لە ڕۆژهەڵات لەسەردەستی حیزبی دیمۆکرات چ لەباری سیاسییەوە چ لەباری فەرهەنگی کاریگەریی هەبوە بەسەر پارچەکانی دیکەش کە وەکوو وەفاداریەک بەم بزاڤە خوێناوییە لە شێعری شاعیرانێک وەکوو شێرکۆ بێکەسی هەرمان و"پەشێوی"خۆڕاگر دەیان شێعر و هەڵبەستی جوان بە جوانی دەدرەوشێنەوە.

ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ٦٦١

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٥



سەرچاوە Serchawe

# بەرەو قۆناغێکی نوێی خەبات و تێکۆشان



سامان فەقێنەبی

مێژووی هاوچەرخی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێڕەوی نەریتی ڕاپەڕینە ناوچەییەکانی پێشوو بەرەو ئاقارێکی نەتەوەیی هەنگاوی ناو ئەمەش بە خاڵی وەرچەرخانی خەبات لەم بەشە لە کوردستان ئەژمار دەکرێ، خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پێشەنگایەتی حیزبێک کە بەرنامەو پێڕەوێکی سەردەمیانەی ڕەچاو کردووە لە ماوەی ٧ دەیەی ڕابردوودا کلتوورێکی جیاوازی لە ئاستی هەر چوارپارچەی کوردستان هێناوەتە ئاراوە کە جێگەی هەڵوێستە لەسەر کردنە:

- شۆرشگێرانی دێموکرات ڕێبازی خۆنەویستییان لە پێشەوای کۆماری کوردستان بە میرات بۆ ماوەتەوەو هەر لەو چوارچێوەیەشدا لە قۆناخە هەستیارەکاندا بە کەمڕەنگکردنی خەباتی خۆیان، تێکۆشاون خەباتی گەلی کورد لە پارچەیەکیتر تووشی گرفت و ئاستەنگ نەکەن، ئەگەرچی ئەم هەڵوێستە نەتەوەییە لەلایەن لایەنەکانی پارچەکانیتر وەکوو پێویست بەهێند وەرنەگیراوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەگەر ئەم جۆرە بەهاو هەڵوێستە نەتەوەییانە لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە ڕەچاو نەگیرابا، چارەنووسی باشووری کوردستان بە ئاقارێکی نادیاردا تێدەپەڕی.

لە ڕاستیدا نزیک بە ٢ دەیەیە کە تێکۆشەرانی دێموکرات لە پێناوی سەقامگیریی ئەزموونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خەباتی چەکدارییان وەکک یەکێک لە شێوەکانی خەبات خستۆتە پەراوێزەوەو ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بە

## بەشی یەکەم

**مارژینال کردنی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ڕووداوەکانی ناوچەدا جێهێشتوە.**

لە ماوەی ئەم ٢ دەیەیە کۆماری ئیسلامی ئێران بە قۆستنەوەی ئەم بۆشاییەو سازدانی دەیان سێناریۆی جیاواز هەوڵی داوە کە یەکەم، هەبوونی کێشەی کورد لە ئێران و پێویستی چارەسەری ئەم دۆزە دیزە بە دەرخۆنە بکاو دووهەم، بە هەر شێوەیەک بێ لە پەیوەست بوونی کۆمەڵگەی کوردستان بە ڕێبازی حیزبی دێموکرات ڕێگری بکا.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم مەسەلانەو پەیوەست بەو مێحوەربەندییە ناوچەییەی ئەم چەند ساڵەی رابردوو، حیزبی دێموکراتی کوردستان بە خەسارناسی قۆناغی رابردوو خۆی بە بەرپرس دەزانێ کە بە مەبەستی پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی ڕێژیم و بەرتەسک کردنی بازنەی هێژمۆنی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەدا بە گڕوتینێکی تازەوە لە هاوکێشە سیاسی و چەکدارییەکانی ناوچەدا ڕۆڵ بگێڕێ. ڕۆڵێک کە بەتایبەتی لە کەیسی " فەریناز خۆسرەوانی"دا گرینگی و بایەخەکەی هەم بۆ کۆمەڵگەی کوردی و هەمیش بۆ تێکۆشەرانی دێموکرات زۆرتر روون بۆوە.

خرۆشانی جەماوەری خەڵک لە کەیسی فەریناززدا سەلماندییەوە کە کۆماری ئیسلامی ئێران سەرەڕای هەوڵی بەردەوامی بۆ چەواشەکردنی رای گشتی کوردستان و بە مارژینالکردنی حیزبی دێموکرات لە ڕوانگەی گەلی کوردەوە هەر میوانە ڕەزاگرانەکەی ساڵانی ١٣٥٧و ١٣٥٨ی هەتاوییە.

لەو چوارچێوەیەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆی بە ئەرکدار دەزانێ کە لە هەر چەشنە ئاڵوگۆڕو پێشهاتێکدا پشتیوان و پاڵپشتی جەماوەر بێو حوزووری فیزیکی کادرو پێشمەرگەکانی لە سنوورەکانی باشوورو ڕۆژهەلاتی کوردستان بە دەستپێکی گرێدانی خەباتی شاخو شار لە قەڵەم دەدا.

ئەمڕۆکە چیای "هەڵگورد" وەکوو سیمبۆڵو هێمای بووژانەوەی خەبات سەیر دەکرێ، لاوانی ئارمانجخوازو پارێزەرانی ڕۆژهەلاتی کوردستان هەبوونی پێشمەرگەی دێموکرات لە سنوورە دەستکردەکەی باشوورو ڕۆژهەلات بە سەرەتای قۆناغێکی نوێی خەباتو تێکۆشان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان وەسف دەکەن، هەر بەو پێیە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەپێی چاوەڕوانی جەماوەرو ڕەسالەتی مێژوویی سەرشانی هەوڵ دەدا پتر لە جاران خەباتو تێکۆشانی سێ کوچکەی خەڵک، پێشمەرگە و پارێزەرانی ڕۆژهەلات هاوتەریب بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی جوونی ٢٠١٥



سەرچاوە Serchawe

بەشی یەکەم




## عەبدوڵڵا حەسەنزادە:

## مافی ئەوەم نیە ئەو نهێنی یانەی لە لامە، بە بێ ئیزنی حیزبەکەم ئاشکرا بکەم...

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە کەسایەتیی سیاسیی کورد لە دیدارێکی تایبەت لە گەڵ «کورد کاناڵ» دا**

**دیمانە: مادح ئەحمەدی**

**(بەشی یەکەم)**

### ئاماژە:

**خوێنەرانی بەڕێز هەروەک ئاگادارن ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ ٦٥ ساڵ بەسەر تەمەنی "حیزبی دیموکراتی کوردستان"دا تێپەڕی. حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک یەکێک لە بەتەمەنترین حیزبە کوردی یەکان لە ماوەی دەیەکانی رابردوودا قۆناغی جۆراوجۆری بڕیوە و لە زۆر لایەنەوە دەکرێ ئێمە قسەی لە سەر بکەین. لە مێژووی ئەم حیزبەدا کۆمەڵێک پرسیار هەن، رەنگە تا ئێستا لای زۆر کەس جێ رەخنە بووبێتن و کەوتبنە بەرباس، یان لەڕاستیدا پرسیاری زۆرێک لە ئێوەی ئازیز بن. کورد کاناڵ لە دیدارێکی تایبەت دا کۆمەڵێک پرسیاری کلیدی لەسەر مێژووی حیزبی دیموکرات (لە دامەزرانیەوە تا ئێستا) لەگەڵ مامۆستا "عە بدوڵڵا حەسەن زادە" خستە بەرباس کە بە پێویستمان زانی لە "کوردستان"دا دەقی ئەو وتووێژە بڵاو بکەینەوە.**

## بەشی یەکەم

**مادح ئەحمەدی**: مامۆستا زۆر سپاس بۆ ئەوەی ئەم دەرفەتەتان پێ داین کە لەم دیدارە تایبەتەدا چەند پرسیارێک لەسەر مێژووی حیزب بخەینە بەر باس. مامۆستا لە ماوەی چوار دەیەی رابردوودا جەنابت لە حیزبی دیموکراتدا بەردەوام لە رأسدا بووی و رۆڵی سەرەکیت هەبووە. لەم رووەوە بێگومان ئاگاداری زۆربەی نهێنی یەکانی ئەم حیزبەی، بەڵام تا ئێستا شتێکی زۆر سەیروسەمەر و نهێنی کە پێویست بێ باس بکرێ و خەڵک بزانێ باستان نەکردوە. هەر نهێنی یەکیش ٣٠ساڵ بە سەری دا تێپەڕی بەڵگەمەندی (سندیت)ی خۆی لە دەست دەدا. رەنگە لە داهاتوودا کۆمەڵێک کەس ئەو شتانە چەواشە بکەن. پێت وانیە باشتر وایە ئەگەر نهێنی یەک لە گۆڕێ دایە لە زمانی کەسانێکی وەک جەنابتەوە باس بکرێ و بگوازرێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمنیش سپاستان دەکەم بۆ پێکهێنانی ئەو دەرفەتە، چونکە لە بەرەبەری ٢٥ی گەلاوێژ (ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان)داین و بەتایبەتی ئەمساڵیش ساڵێکی یووبیلی یە پیرۆزبایی دەکەم لە ئێوە، لە هەموو ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لە هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

ئەوەی باست کرد لەبارەی مەسایلی نێو حیزبەوە و نهێنی یەک کە لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستاندایە یان لە نێو بزووتنەوەی کورددا هەبێ، ئەمن پێموایە لە حیزبی سیاسی دا و یەک لەوان لە حیزبی دیموکراتی کوردستان دا نهێنی ئەوەندە زۆر نیە.

**مادح ئەحمەدی**: چۆن ئەوەندە زۆر نیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: چونکە ئەو بەرنامەیەکی نیە لە پشتی سەری خەڵکەوە بێ. حیزبی سیاسی هەر بەرنامەیەکی هەیە، بۆ ئەوەیە بە خەڵکی بڵێ و تەبلیغی لەسەر بکا. حیزبی سیاسی لەوەدا سەر دەکەوێ کە بتوانێ شتەکانی بە خەڵکی بڵێ و خەڵکی تێبگەیەنێ.

**مادح ئەحمەدی**: بەهەر حاڵ ئەم حیزبە خاوەن کۆمەڵێک پێوەندییە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لە پێوەندیی لەگەڵ ئەم لاو ئەولادا رەنگە هەندێ نهێنی بێنێتە پێش. ئەوەی لەسەرەتادا باست کرد لە دوو سێ لایەنەوە بۆ حیزبێکی سیاسی لەگەڵ دەوڵەتان جیاوازیی هەیە. یەکەم بۆ حیزبێکی سیاسی بە قەولی ئێرانی یەکان منحله (هەڵوەشاوە) و نایاسایی لەگەڵ دەوڵەتان جیاوازیی هەیە.

بەشی یەکەم

**مادح ئەحمەدی**: هەڵبەت لە ئێرانی یەکان دا، تەنیا کۆماری ئیسلامی (حزب منحله) دەڵێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: نا. لە پێش کۆماری ئیسلامییش دا دەستەواژەی «منحله»مان هەبووە. ئەگەر بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانیش نەبووبێ ئەوا بۆ حیزبەکانی دیکە هەبووە. بۆ وێنە بۆ یەکەمین جار دەستەواژەی «حزب منحله» بۆ حیزبی «توده» لە زەمانی شادا بەکار دەبرا. ئەمە گرنگ نیە، بەڵام جیاوازی هەیە بۆ حیزبێکی سیاسی لەگەڵ دەوڵەتان. لەگەڵت نیم کە لە دەوڵەتانیش دا هەر نهێنی یەک تەنیا ٣٠ ساڵ بەسەری دا تێپەڕی سەنەدیەتی خۆی لەدەست دەدا. ئەوان (دەوڵەتان) رەدەبەندیی تایبەتی خۆیان هەیە. هێندێک نهێنی یان هەتا ١٠٠ ساڵیش هەر ئاشکرا ناکەن. هێندێکیش کەمتر، تا دەگاتە ٣٠ ساڵ و رەنگە هەندێ بابەتیش لە گۆڕێ دا بێ کە زووتر لە ٢٠ ساڵ و تەنانەت ١٠ ساڵیش ئاشکرا بکرێ.

**مادح ئەحمەدی**: باشە هەندێ کەس یا هەندێ لە بەرپرسان (بۆ وێنە سەرۆک وەزیر، وەزیر، سەرۆکی حیزب یان هەندێ کەس کە بەرپرسایەتیی جۆراوجۆریان هەیە) دوای بەرپرسایەتی یەکەیان زۆربەی نهێنی یەکان دەدرکێنن.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بەڵێ. زۆر شتی خۆیان دەنووسن. مافی خۆیانە. بەڵام ئەوانیش مافی ئەوەیان نیە چوارچێوە گشتی یەکە بشکێنن. ئەوانیش بێگومان ئەوە دەپارێزن.

**مادح ئەحمەدی**: بەڵام ئەوەی ئێمە تا ئێستا لە جەنابتمان لەسەر رابردوو و مێژووی حیزب بینیوە. هەر ئەو شتانەیە کە لە «نیو سەدە تێکۆشان»دا لەسەر رابردووی حیزب باست کردوە.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن جاری دیکەش ئەو پرسیارەم لێکراوە. بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە ئەمن دەڵێم ئەوەی پێوەندیی بە خۆمەوە هەیە ئەگەر کاریگەریی هەر لەسەر خۆم بوایە رەنگە هیچ باکم نەبایە کە هەموو شتێک بڵێم، بەڵام بە مەرجێک تەنیا قازانج و زەرەرەکانی هاتبایەتەوە سەر خۆم. بەڵام کاتێ کە کاریگەری یەکانی هەندێ شت (کە لە کاتی خۆی دا بە نهێنی ماونەتەوە) دەکەوێتەوە سەر حیسابی نەتەوەی کورد و بزووتنەوەی کورد و بەتایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێوەندی یە ناوچەیی و نێونەتەوەیی یەکانی دا، ئیدی ئەمن مافی ئەوەم نیە ئاشکرای بکەم. بەتایبەتی ئەمن باوەڕم وایە تەنانەت لە پێوەندیی دووقۆڵی و سێ قۆڵی و کۆمەڵایەتییش دا، وەختێ دۆستێک نهێنی یەکی لەگەڵ من باس کردوە، لەبەر ئەوە بووە زۆر لێک نزیک بووین و هاوڕێی یەکتری بووین و باوەڕی پێم بووە، ئەگەر رۆژێک دۆستایەتی یەکەشمان تێک بچێ ئەمن مافی ئەوەم نیە ئەو نهێنی یانە بدرکێنم.

بەشی یەکەم

**مادح ئەحمەدی:** مامۆستا ئەوە جیاوازە لەگەڵ حیزبێکی سیاسی.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن بۆیە نهێنیم لە لا بووە، چونکە بەرپرسایەتیم هەبووە. ئێستا کە من لە سەدری بەرپرسایەتی دا نەماوم، مافی ئەوەم نیە کە ئەو نهێنی یانەی لەلامن، بەبێ ئیزنی حیزبەکەی خۆم ئاشکرایان بکەم. ئەو شتانەی کە ئەگەر نهێنی بوون و پارێزراون و دەبێ ئاشکرا بکرێن، پێموایە ئەوە تەنیا لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئۆرگانی رێبەریی حیزب دایە کە هەندێک لەو شتانە کە پێیوایە ئێستا وەختی هاتوە بۆ خەڵکیان باس بکا، باسیان بکا.

**مادح ئەحمەدی:** بەڵام مامۆستا، مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەگەر ئەوشتانەی لە زمانی کەسانێکی وەک جەنابتانەوە کە رۆڵت هەبووە لە مێژووی حیزب دا و لە شتەکان ئاگاداری بۆ نەوەکانی داهاتوو نەگوازرێتەوە رەنگە کەسانێک پەیدا بن ئەو شتانە چەواشە بکەن.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەگەر شتێک لای من هەبێ و لە ئەرشیڤی حیزبدا نەبێ ئەوا حیزبەکە دەتوانێ لە من و کەسانێکی وەک من وەری بگرێ و لە ئەرشیڤی حیزبدا بمێنێ، بۆ ئەوەی حیزب لە وەختی خۆیدا بیڵێ. ئەوە بەو مانایە نیە کە پیاو زمانی گرێ بدا و هیچ شتێک باس نەکا. جاری وابووە ئەمن و کەسانی دیکەش شتی وامان باس کردوە کە بۆ یەکەمین جار باس کراوە، بەڵام لانیکەم بە لێکدانەوەی خۆمان پێمانوابووە کە ئەوەندە زیان ناگەیەنێ. بەو حاڵەش ئەمن دووبارە دەڵێم رەنگە شتی وا هەبێ ئەگەر لە منی بپرسن مافی ئەوە بە خۆم نەدەم زیاتر لەوەی تا ئێستا گوتوومە بڵێم.

**مادح ئەحمەدی:** مامۆستا با بچینە سەر تەوەری سەرەکیی باسەکە کە کۆمەڵێک پرسیارە لەسەر مێژووی حیزب لە قۆناغە جیاوازەکان دا. ئەگەر بە پرسیارێکی گشتی یەوە دەست پێبکەین، بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی حیزب جەنابت پێتوایە زەقترین و دیارترین هەڵەی «حیزبی دیموکراتی کوردستان» (چ لەرووی تاکتیکی یەوە و چ لە رووی ستراتیژی یەوە) کامەیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن پێموایە ئەو پرسیارە هەم لە وەختێکی خراپ دا و هەم لە کەسێکی نامناسب دەکرێ.

**مادح ئەحمەدی:** بۆ؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لە لایەک وەختێکی تەنگە. لە باسێکی نیو کاتژمێری یان ٤٠ خولەکی دا یان یەک کاتژمێردا رەنگە ئەو بابەتە لێک نەدرێتەوە. دووهەم ئەوەیە کە ئەمرۆ ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبە. وەک جارێکی دیکەش لە یادی لە

بەشی یەکەم

سێدارەدانی «پێشەوا قازی محەممەد»دا گوتم: ئەمڕۆ کۆبووینەتەوە بۆ ڕێزگرتن لە قازی محەممەد و کۆماری کوردستان، نە بۆ تەحلیل و لێکدانەوە. لە هەمووی گرنگتر ئەندامێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان شاهیدێکی باش نیە بۆ قەزاوەت کردن لەسەر ئەو بابەتە. ئەوە ئەرکی ئەو کەسانەیە کە یەکەم سەرقاڵی لێکدانەوە و تەفسیرن و پاشانیش بێ لایەنن و ئەندامی حیزب نین و لە هەمانکات دا دژی حیزبیش نین و مونسیفانە قەزاوەت دەکەن. ئەویش نەک هەر لەم لاو لەولا بپرسن، ئەوانەی کە دەیانەوێ قەزاوەت بکەن دەبێ هەم لە کەسانی حیزب، هەم لە دۆستانی حیزب و تەنانەت هەم لە کەسانی دژی حیزبیش بپرسن. بۆ وێنە دۆستێک هەبوو تێزەکەی لەسەر دوکتور قاسملوو بوو. پێموایە دەشی ناسن (کاک هوشمەند عەلی) زۆر دەهاتە لای من، ئەمن زۆر جار داوام لێدەکرد بچێتە لای ئەو کەسانەش کە دوکتور قاسملوویان خۆش نەویستوە و دژی دوکتور قاسملوو بوون، لەوانیش بپرسێ، چونکە ئەو دەیەوێ بە دوای حەقیقەت دا بگەڕێ و نەهاتوە ببێتە ئەندامی حیزب و ئەو هەقەشی هەیە.

**مادح ئەحمەدی**: ببوورە قسەکەشم پێت بڕی، ئێمە لەم کاتەدا کە دەمانەوێ هەندێ شت بورووژێنین و یان کۆمەڵێک شت بخەینە ڕوو، لە ڕاستیدا دەمانەوێ لە ڕوانگەیەکی دیکەوە خوێندنەوە بۆ ڕابردووی حیزبی دیموکراتی کوردستان بکەین. بۆ ئەوەی ئەگەر هەڵەیەک لە مێژووی حیزب دا هەبووە، ببێ بە ئەزموون بۆ ڕێبەریی ئێستای حیزب و بۆ نەوەکانی داهاتوو. دەمانەوێ لەم ڕووەوە بچینە نێو باسەکە. بەڵام ئایا ئێستا پێت وایە حیزب هیچ هەڵەیەکی نەکردوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دەبێ پیاو زۆر دەمارگرژ (تەنانەت لە دەمارگرژیش بەولاوەتر) بێ کە پێیوابێ حیزبەکەی هیچ هەڵەیەکی نەکردوە. جاروبار ئەو شتانەی بە هەڵە دەگیرێن، کەموکوڕی یان تێدایە. یەکێک کە ئێستا لە سەدەی ٢١ دا دەژی لە سەر سەرەتاکانی سەدەی بیستەم یان تەنانەت سەدەی نۆزدەیەم قەزاوەت دەکا و دەڵێ ئەو شتە هەڵە بوو، بە فیکر و ئەقڵی ئێستا هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەسەر ئەو کارانەی ئەو کات، کەمێک زاڵمانەیە. ڕەنگە ئەو کەسە کە ئێستا لە فلان کاری فلان کەسایەتیی مێژوویی، یان فلان حیزبی سیاسی ڕەخنەیەکی هەیە، ئەگەر بۆخۆی لەو وەختەدا ژیابایە، هەمان کاری کردبایە کە ئەو ڕێبەرە کردوویەتی. ئەگەر لە هەمان پۆستیش دا بایە. کەوابوو، بابەتەکە بەو شێوەیە نیە کە کەسێک ئێستە دابنیشێ و ئەو مافە بەخۆی بدا کە بڕیار لەسەر مێژووی دەیان ساڵ و سەدان ساڵی پێش خۆی بدا. ئەوە هەڵەیە بڵێین ئەو حیزبە هەڵەی نەبووە، دیارە هەڵەی هەبووە. ڕەنگە کارێکی کردبێ کە لە کاتی خۆی دا هەڵە بووبێ و بڕیاری واشی دابێ کە دروست بووبێ، بەڵام لە درێژەدا ڕەنگە نادروست بووبێ. دەبێ شتی واش هەبێ لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش دا. بۆ وێنە شتێکی بەرنامەییمان ئەوڕۆ داناوە، سبەینێ پێمان وابووە دروست نیە، لە کۆنگرەیەکی دیکە دا لە بەرنامەدا گۆڕیومانە و دروستەکەیمان داناوە.

بەشی یەکەم

ئەمن تەنانەت ئەگەر خۆم لە ئەندامەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش رووت بکەمەوە، وەکوو کەسێک کە خۆی بە دڵسۆزی بزووتنەوەی کورد دەزانێ، ئەوا بمەوێ داوەری بکەم وا تێناگەم کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ماوەی ٦٥ ساڵ تێکۆشانی سیاسیی خۆیدا هەڵەی ستراتیژیکیی کردوە. هەندێک کەس هەن کە پێیانوایە یەکەم هەڵەی ستراتیژیکی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەوە بووە کە وەختێک دامەزراو هاتە جێگای کۆمەڵەی «ژ.ک» دروشمی «کوردستانی گەورە»ی گۆڕی بۆ «خودمختاری». ئەمن پێموایە ئەوە هەڵە نەبووە، بەڵکوو بەرهەمی لێکدانەوەیەکی قووڵی سیاسی بووە. لە ئاکامی لێکدانەوەی ئەو پارامێترانەدا بووە کە بە دەروبەریەوە بوون (لە نێوخۆی ئێران، لە کوردستان، لە ناوچەکە و لە جیهان) واتە بەرچاوڕوونی یەکی زیاتری هەبووە، بۆیە ئەوەی کردوە. ئێستاشی لەگەڵ بێ، مافی کوردستانی گەورە و سەربەخۆ، مافێکی بێ ئەملاو ئەولای نەتەوەی کوردە. بە باوەڕی من هیچ گوناح نیە کە کورد ئارەزووی سەربەخۆیی و یەک کەوتنەوەی وڵاتەکەی بکا. بەڵام وەکوو دروشمی ستراتیژیکی بێتە گۆڕێ هەتا ئێستاش واتێدەگەم دروشمی چارەسەرکردنی پرسی کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا، دروشمێکە کە لەباری سیاسی و دیپلۆماسی یەوە گونجاوترە.

**مادح ئەحمەدی**: مامۆستا جگە لەمانە، پێمان خۆشە ئاماژە بە هەڵەیەک بکەن کە بۆخۆشتان قبووڵتانە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن ئەوەم کردە پێشەکی یەک بۆ ئەوەی ئەوە بڵێم. ئەگەر بڵێم وەکوو هەڵەی تاکتیکی ڕەنگە کەمێک باری عاتیفیی تێدا هەبێ. بە باوەڕی من گەورەترین هەڵەی تاکتیکی کە لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا کراوە و دەکرێ بڵێین ڕێبەریی حیزب کردوویەتی نەک تاک، ئەوە بوو کە بە پێچەوانەی هەموو ئەزموونەکان، بە پێچەوانەی هەموو ئەو شتانە کە لە نێو حیزبدا گەڵاڵە کرابوون ڕێبەریی حیزب (بەواتای دەفتەری سیاسی) باوەڕی بە کۆماری ئیسلامی کرد و ئامادە بوو بە شێوەی نهێنی وتووێژی لەگەڵ بکا کە لە ئاکام دا لە دەست دانی دوکتور قاسملووی لێکەوتەوە. ئاخر هەڵەی گەورە دەڵێن دوو جۆرە: یەکیان هەڵەیەکە کە قەرەبوو نەکرێتەوە. یەکی دیکەشیان هەڵەی چووکە بێ، واتە ئەوەندە نەبێ. ئەویش ئەگەر دووپات بێتەوە هەر گەورەیە. باشە ئەوە هەڵەیەک بوو کە بە هیچ شێوەیەک قەرەبوو ناکرێتەوە. هەڵەیەکمان کردوە کە گەورەترین ڕێبەری حیزبیمان و کەسی یەکەممان تێدا لەدەست داوە. پێموایە هەڵەیەکی یەکجار کوشندە بوو بە مانای واقیعی، چونکە ئەوە نیە تیرۆر کرا. ئەوە هەڵەیەکی گەورە بووە، دیارە ئەو هەڵەیەکی تاکتیکی یە، هەڵەیەکی ستراتیژیکی نیە. هێڵە ستراتیژیەکە باوەڕ بە چارەسەرکردنی پرسی کورد بە شێوەی ئاشتیخوازانە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا باوەڕی پێ هەبووە. بە باوڕی من ئەوەش لە جێی خۆیەتی و هیچ هەڵەی تێدا نیە. بەڵام ئەوە کە ئەو تێکنیکەمان بۆ وتووێژ هەڵبژارد ئەوە هەڵەیەکی مێژوویی بوو.

پێمخۆشە ئەوەش بڵێم کە زۆر جار موخالیفانی حیزب یان بڵێین ئەوانەی لە دەرەوەی حیزبن و ئاگایان لێ نیە ئەو تۆمەتە

بەشی یەکەم

لە دوکتور قاسملوو دەدەن (بەنووسراو) کە گوایە دوکتور قاسملوو بێ پرسی هەموو حیزبی دیموکراتی کوردستان چووە لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی دانیشتوە. ئەمن جاری دیکە گوتوومە و ئێستاش دووپاتی دەکەمەوە کە بە هیچ جۆرێک وانیە. دەفتەری سیاسی بە تەواوی ئاگای لەو مەسەلەیە هەبووە.

ئەمن پێموایە هەڵەی گەورەتر لەوەش (دیسان تاکتیکی) ئەوە بوو کە مەرحوومی دوکتور سەعید، بەداخەوە تووشی بوو. ئەویش بۆیە گەورەتر بوو، چونکە پاش ئەو ئەزموونە کردی. بەڵام کە ناوی ئەو نابەم، لەبەر ئەوەیە یەکەم ئەو هەڵەیە هی دەفتەری سیاسی نەبوو، دەفتەری سیاسی هەر ئاگاداری ئەو بابەتە نەبوو. ئەو لەوێ دانیشتبوو، لەپاشان ئەو نەچووبوو لەگەڵ دوژمن دابنیشێ. بە نییەتێکی خێرخوازانە لەگەڵ ژمارەیەک لە کەسایەتی یەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی دانیشت کە تیرۆری لێ کەوتەوە. دیارە لەوەشدا دیسان هەر هەڵەی دوکتور سەعید هەبوو. ئەمن دواتر زانیم پۆلیسی ئەڵمان داوای لێ کردبوو کە ئیسکۆرتی بۆ دابنێ، بەڵام بۆ خۆی قبووڵی نەکردبوو. ئەوە هەڵەیەکی گەورە بوو، کە لە دەستدانی گیانی لێ کەوتەوە. ئەویش گیانی کێ؟ شەخسی یەکەمی حیزب. کەوابێ هەڵەی کوشندە، بەمانای تەواوی وشەیە.

مادح ئەحمەدی: ئەم هەڵەی کە ئێستا ئاماژەتان پێکرد، واتە ئەوەی کە لە مەسەلەی تیرۆری دوکتور قاسملوودا هەمووی دەفتەری سیاسی لەو قۆناغەدا هەڵەی کرد و لە مەسەلەی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی دا، دوکتور شەرەفکەندی خۆی هەڵەی کردوە. پێتوایە ئەمە لە مێژووی حیزبدا دووپات بێتەوە؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: هیوادارم قەت دووپات نەبێتەوە. جارێک لەلایەن بەشی فارسی رادیۆ فەرانسەوە بۆ وتووێژێکی رادیۆیی بانگهێشت کرابووم. یەکێک لە پرسیارەکانیان ئەوە بوو کە لێیان پرسیم: دەبینین پاسەوان و ئیسکۆرت یان گاردێکی زۆرت بە دەورەوەیە. بۆ وایە؟ ئەمن ئەو شێعرەی «روودەکی»م هێنایەوە کە دەڵێ: «هر کە ناموخت از گذشت روزگار/ هیچ ناموزد ز هیچ آموزگار». گوتم ئێمە دوو کەس لە رێبەرانمان لەو رێگایەوە لەدەست داون، کەوابێ نابێ ئەوە دووپات بێتەوە، بەتایبەتی نابێ رێگا بۆ سەرکەوتنی دوژمنی حیزبەکەمان و نەتەوەکەمان خۆش بکەین.

مادح ئەحمەدی: مامۆستا با بێینە سەر پرسیارێکی دیکە. پاش رووخانی کۆمار بازنەی رێکخستنەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەرەو تەسک دەبێتەوە. ئەگەر ئێمە چاو لە مێژوو بکەین، دەبینین لە کۆمەڵەی «ژ - ک» دا بازنەی رێکخستنەکانی بەرین بووە. بۆ وێنە: لە ناوچەکانی خوارەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان (کرماشان و...) کۆمەڵەی «ژ - ک»بۆ کاروباری کرماشان، ئیلام و تەنانەت خوارەوەتریش، نوێنەری تایبەتیی خۆی هەبووە. لە کۆماری کوردستانیش دا کەسێکی

## بەشی یەکەم

**وەک «ئیبراهیم خان نادری» و کەسانێکی دیکە ڕۆڵیان هەبووە ئەگەرچی ئەو کات ئەو ناوچانە لەژێر دەسەڵاتی کۆماردا نەبوون، بەڵام ئینتمایەک هەبووە بەرانبەر بە کارکردن لەو ناوچانەدا. دواتر دەبینین (پاش رووخانی کۆمار) حیزبی دێموکرات بازنەی ڕێکخستنەکانی بەرتەسک دەکاتەوە و چالاکی و هەوڵەکانی زیاتر چڕ دەکاتەوە سەر ناوچەی موکریان. ئایا پێتوانیە ئەمە هەڵەیەکە کە تائێستا کاریگەریی بەسەر بزووتنەوەی کوردەوە دیارە و ناسیۆنالیزمی کوردی بەو جۆرەی لە موکریان بەهێزە لە ناوچەکانی خوارەوە بەهێز نیە؟**

**عەبدوڵا حەسەنزادە:** ئەمن شتەکە وا نابینم. یەکەم پێم وانیە لەکاتی کۆمەڵەی «ژ - ک» دا ڕێکخستنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کوردستان دا بە تایبەت لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەربەرینتر بووە تا سەردەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەڵام هەندێک هۆی تایبەتی لە ئارادان. لەو سێ ساڵەی پێش دامەزرانی کۆماردا کە کۆمەڵەی «ژ - ک»ە خەباتێکی نهێنی لە ئارادایە. ئەو خەباتە لە سنە، مەهاباد، کرماشان، ورمێ و ئیلام هەر نهێنی یە. ئەو بەربەستە سەختە لە بەرانبەری دا نیە، بەڵام کە حیزبی دێموکرات دادەمەزرێ بە تایبەتی کە نزیک بە پێنج مانگ دواتر کۆماری کوردستان دادەمەزرێ، ئەو جارە حەساسییەتەکە لە نێوان ئەو دوو ئۆردووگایەدا (سوسیالیستی و کاپیتالیستی) زیاتر دەبێ. هەتا سەقز لە ژێر دەسەڵاتی سۆڤییەت دا بووە و لەوێوە بەرەوخوار لەژێر دەسەڵاتی بریتانیادایە. ئەو دووانەش حەساسییەتیان بە یەکتر هەبووە و کارەکە سەختتر بووە. «هێمن»ی رەحمەتی لە شێعرێک دا ئاماژەی پێدەدا و دەڵێ کە براکانی باشوورمان وا دەڵێن. وتووێژێکی ساز کردوە لە نێوان شاعیر و نیشتماندا. لەوێدا هێمن بە شێوەیەکی هومێدوارانە دەڵێ کە نیگەران مەبە و ڕۆڵەکانی نیشتمان لە غەمی ئەو بەشەی نیشتمانیش دا هەن و...، بەڵام ئەگەر چاو لێ بکەین دواتر بە هیچ جۆر وانیە. ئەو هەوڵ و تەقەلایە کە بۆ نفووزکردن لە بەشەکانی دیکە لەئارادایە، هەر بەردەوامە. بەداخەوە ئەگەر ئێستا بەهەردووکمان خەریک بین رەحمەتی «ئیبراهیم نادری» بکەینە دوو، پێمان ناکرێ. لەکاتی کۆماریش دا دیسان ئیبراهیم نادری بەتەنیا لە نێو کۆماردایە. بۆمان ناکرێ بە دوو، چونکە تەنیا ئاڵقەیە و هەوێڵێکە... بابەتەکە زۆر سروشتی یە. نەک هەر حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان، کۆمەڵەی «ژێ کاف»یش کەم و زۆر بە کەڵک وەرگرتن لەو فەزایە کە بە داگیرکردنی ئێران پێکهاتبوو دامەزراون (هەر دووکیان). دیارە زیاتریش لەبەر ئەوەی ناوچەی موکریان زیاتر لەژێر دەسەڵاتی سۆڤیەت دا بووە، بەڵام بە کردەوە هیچی تێدا نەبوو، بۆشایی-یەکی دەسەڵاتی تێدا هەبوو، بۆیە لەوێ دەرەتانی خۆنواندن و تێکۆشانی سیاسی زیاتر بووە. دەنا ئەمن زۆر جارم ئەوە گوتوە، ئەگەر چاو لە رادەی وشیاریی سیاسی و خوێندەواری و زانیاریی بکەین، ئەو کات کرماشان و سنە (یان بە قەولی سنەیی یەکان بڵێین کورسان) زۆر لە پێش مەهابادەوە بوون. لەباری ڕێژەی دانیشتووانیشەوە، مەهاباد شارۆچکەیەک بوو لە چاو سنە، سنە شارێکی چووکە بووە لە چاو کرماشان، بەڵام هەلومەرجەکە لە مەهاباد خوڵقاوە و ئەمەش مێژوو دەیخوڵقێنێ.

## بەشی یەکەم

**مادح ئەحمەدی**: بە پێی ئەو وتانەی جەنابتان، کەواتە هەڵەکە لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە نەبووە و ئەوە هەلومەرج دیاری کردوە.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: خودی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە مەرکەزییەتی مەهاباد، یان دامەزرانی کۆمەڵەی «ژ.ک» (دەکرێ بڵێین تا ڕادەیەک) بە مەرکەزییەتی موکریان (دیارە بە واتا گشتی یەکەی سابلاغیش بەشێکە لە موکریان، چونکە موکریان بە شێوازی جۆراوجۆر باسی لێ دەکرێ، لە هەندێ جێگادا سەردەمانێک ورمێ پایتەختی موکریانە، لە هەندێ بەکارهێنان دا موکریان تەنیا بە دەوروبەری بۆکان دەڵێن، لە باری زمانەوانی یەوە خودی مەهابادیش وەبەر موکریان دەکەوێ) لەوێدا دەرفەت و دەرەتانێک هەیە کە لە بەشەکانی دیکەدا نیە، ئەوە لەگەڵ ئەوەی شانسە (شانس بۆ بووژانەوەی بیری نەتەوایەتی لە هەر شوێنێکی نیشتمان پێک بێ هەر باشە)، بەڵام لە هەمانکات دا تۆزێک بەد شانسیی تێدایە کە لەو جێگایانەی دەتوانن کاریگەریی زیاترین هەبێ پێک نەهاتووە. بریا ئەو دەرفەتەی لە مەهاباد پێکهات لە کرماشان ڕەخسابایە.

**مادح ئەحمەدی**: مامۆستا یەکێک لەو بابەتانەی کە هەندێ کەس زۆرجار باسی لێدەکەن و تەنانەت بۆتە جێی مشتومڕ و ڕەخنەگرتن، مەسەلەی ئەوەیە کە پاش ڕووخانی کۆمار «پێشەوا» خۆی تەسلیم دەکا. هەندێ کەس لەسەر ئەو باوەڕەن کە دەڵێن ئەمە لە ڕووی ترسنۆکی یەوەیە کە پێشەوا خۆی تەسلیم دەکا و لەم ڕوانگەیەوە دەڵێن کە دەبا خۆی تەسلیم نەکردبا و هەڵهاتبایە و سەرۆکایەتیی خەباتی دژی ڕژێمی پادشایەتیی کردبایە. ڕای جەنابتان لەو پێوەندی یەدا چیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لەم بارەیەوە ئەمە بەسەر دوو بەشدا دابەش دەکەم. بەشێکیان ئەوەی گۆیا پێشەوا لەبەر ترس ئەوەی کردوە، ئەوە تۆمەتێکە نە بە چەسپی دوو قولوو (بە قەولی ئێستا) و نە بە دەرزی و درێشان بە پێشەوا قازی محەممەدەوە نانووسێ. قازی محەممەد هیچ گومانی لەوە دا نەبووە کە دەکوژرێ. هیچ گومانی نەبووە، تووشی تەوەهوم نەهاتوە، بە پێچەوانەوە لەبەر ئازایەتی بووە. گوتوویەتی ئەمن خۆم بە دەستەوە دەدەم، بەو مەبەستەشی بوو ئەو بکوژرێ، بەڵام خەڵک نەکوژرێ. هەر لەو ساڵەدا لە ئازەربایجان(بەقەولی سیاسی یان دەستە خۆشکی کۆماری کوردستان) ڕووی دا. بە پێی هەندێ ئاماری نادەقیق لەوێ ١٠ تا ١٥هەزار کەس کوژران. بەڵام لە کۆماری کوردستان و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا لە سەرەتاوە تا ئاخر بە هەموویەوە لە ١٥ کەس تێنەپەڕی.

**مادح ئەحمەدی**: واتە پێشەوا لە کۆماردا پێشی بەو خوێنرشتنە گرتوە؟

بەشی یەکەم

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: ئەوە ئاکامی ئەو ئازایەتی یەی پێشەوا بووە. بەداخەوە یان بە خۆشی یەوە تەواوی شاهیدەکان لەم بارە یەوە لەوانەن کە دوژمنمانن، چونکە ئیزنی ئەوەیان نەداوە کە خەڵکی بێ لایەن بچن یان لایەنگرانی کۆمار و پێشەوا بچن بۆ کۆبوونەوەکانی دادگا. هەر کەسی خۆیان لەوێ بوون، بەڵام هەر ئەوەی کە بۆخۆیان دەڵێن (هەموویان شاهیدی دەدەن) کە پێشەوا تا دواهەناسە بەرگری و داکۆکیی لە ئامانجەکانی کردوە و هەموو بەرپرسیایەتی یەکەی گرتۆتە ئەستۆ و بە هیچ جۆرێک نەپاڕاوەتەوە. تەنانەت ئەوە بە ناوبانگە (حەتمەن یان خوێندووتانەتەوە یان بیستووتانە) لە شوێنێک دا جنێوێک بە کورد (دەڵێن کوردی...) دەدەن، پێشەوا لەسەر کورسی یەکەی هەڵدەستێ و کورسی یەکەی تاو دەدا کە لە لایەنی بەرانبەری بدا و دەڵێ ئەمن ئەوە لێرەم چی بە من دەڵێن، بیڵێن، لێرەم بۆ کوشتن، بەڵام ئیزنی ئەوە نادەم قسە بە نەتەوەکەم بگوترێ. کە وابێ بە تەواوەتی نادروستە بڵێین لەبەر ترس بووە.

ئەگەر لەمن بپرسن (جارێکیش بەو بۆنەیەوە هێرشم کرایە سەر) بەڵێ پێم خراپ بوو کە پێشەوا بە پیر ئەرتەشی شاوە چوو و تەسلیمیان بوو، پێشەوا ئەگەر هەر قەرار بوو شەهید بێ پێم خۆش بوو لە چیا شەهید بووایە، نەک لە مەیدانی چوارچرا. بەڵام وەکوو دەڵێن: - قسەی من نیە - مێژوو ئەوەیە کە بووە، نەک ئەوەی کە ئارەزوو دەکرا. کەوابێ پێم باشتر بوو کە پێشەوا قەت تەسلیم نەبووایە، بەڵام تەسلیم بوونەکەشی قەت لەبەر ترس نەبووە. لە ئازایەتی یەوە هاتوە.

**مادح ئەحمەدی**: مامۆستا بابەتێک لەگۆڕێ دایە ئەویش ئەوەیە کە مێژوو بە چاک و خراپەوە دەبێ بنووسرێتەوە. مێژوو بە ئارەزووی کەسێک و دوو کەس نابێ بنووسرێ. لە مێژووی حیزبی دێموکرات دا هەندێ بابەت هەن بۆ زۆر کەس جێی پرسیارن. پێموایە جارێک دوکتور قاسملوو پێشنیاری ئەوە دەکا کە کۆنگرەی دوو لە مێژووی حیزبدا نەنووسرێتەوە. جەنابت ئەوە دەڵێی کە مێژوو بە چاک و خراپەوە دەبێ بنووسرێ. بابەتێک کە لێرەدا جێی پرسیارە، مەسەلەی «ئەحمەد تۆفیق»ە کە بۆ ماوەیەکی زۆر سکرتێری حیزب بووە، بەڵام لە مێژووی حیزبدا، باسێکی ئەوتۆی لێ ناکرێ. لەحاڵێکدا بە پێچەوانەی ڕێبەرانی سەردەمی خۆی کەسایەتی یەکی ناسیۆنالیست و نەتەوەیی بووە، بەڵام دەبینین نەتەنیا لە دەیەکانی رابردوودا، ئێستاش هیچ ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی ئەحمەد تۆفیق نادرێتەوە. هۆی ئەوەی لە مێژووی حیزبدا باسی ئەحمەد تۆفیق ناکرێ دەگەڕێتەوە بۆ چی؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: لەسەر کاک عەبدوڵڵای ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) شتی زۆر گوتراوە. شتی زۆر ناتەبا لەگەڵ یەکتر گوتراوە. لە پێش دا دەمەوێ لەسەر سکرتێری یەکەی قسە بکەم. هەموو کەس پێیان وایە ئەحمەد تۆفیق سکرتێری حیزب بووە. ئەوەندەی ئەمن بزانم ئەحمەد تۆفیق سکرتێری حیزب نەبوو.

بەشی یەکەم

**مادح ئەحمەدی**: چۆن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دوو کەس لە رێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان سکرتێر نەبوون. پێشەوا قـازی محەممەد و ئەحمەد تۆفیق. پێشەوا، پێشەوا بوو. زۆر کەس پێیـان وایـە، بۆیـە بـە قـازی محەممەد دەڵـێن «پێشەوا» چونکە سەرکۆمار بـووە، بەڵام قازی محەممەد هەر پێشەوای حیزب بوو و بە پێشەوایی بوو بە سەرکۆماری کوردستان. پێشتر پێشـەوا بـوو قـەتی پـێ نەگوترابوو «سکرتێر». عادەتـە بـە رێبـەرانی حیـزب لـە جێگایەکدا دەڵـێن«بەرپرس» لـە جێـی دیکـە »سکرتێر» یـان «لیدێر» و...دەڵێن. پێشەوا قەت پێی نەگوتراوە سکرتێر. لە مەسەلەی ئەحمەد تۆفیقیش دا هەیئەتێک هەبوو کە پێیـان دەگوت «هەیئەتی سکرتاریا»، کەسی یەکەمی ئەو هەیئەتە ئەحمەد تۆفیق بوو. ئـەو مۆرەی کە هـەیانبوو، لـەلای ئەحمەد تۆفیق بوو، کەوابێ وەکوو رۆڵ، رۆڵی سکرتێری گێڕاوە، بەڵام ئەو ناوەی (سکرتێر) پـێ نـەگوتراوە و دواتـر بۆیـان دانـاوە. ئەمن هاوچەرخی ئەحمەد تۆفیق بووم. ئەحمەد تۆفیق هەمەکارەی حیزب بـوو، بـەڵام قـەتم نـاوی وەکـوو سکرتێری حیـزب نەبیستوە. بەرپرسی هەیئەتی سکرتاریای حیزب بوو.

**مادح ئەحمەدی**: باشە لانی کەم خۆ کەسی یەکەمی حیزب بووە؟ بۆ باسی ناکرێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لەو بـارەیەوە هیچ گومـانم نیـە، وایـە. کە لـە مێـژووی حیزبدا بـەو شێوەیە باسی لـێ نەکراوە، هـۆی تایبەتیی خۆی هەیە. ئەمن بە کورتی لە کتێبی «نیو سەدە تێکۆشان»دا باسم کردوە، ئەحمەد تۆفیق کاتی خۆی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەرکراوە، کەسێک کە لـە حیزبـی دێموکراتی کوردسـتان دەرکـراوە، لـە بۆنـەکان دا یـادی ناکرێتـەوە. نموونەی دیکەمان لە حیزبەکانی دیکەش دا هەیـە، بـەڵام نامەوێ ئامـاژە بـە هیچ حیزبێکی دیکە بکەم. ئەوەنـدی حیزبـی دێموکراتی کوردستان بایەخی بە ئەحمەد تۆفیق داوە، هیچ کەس و لایەنێکی دیکە ئەوەندەی بایـەخ بـۆ ئـەو جـۆرە کەسـانە دانـەناوە. بـەڵام ئەگـەر یـەکێک تەفسیر و لێکدانـەوە دەکـا، مێـژوو دەنووسـێتەوە، مـافی بـێ ئـەملاو ئـەولای خۆیـەتی لـە «ئەحمەد تۆفیق» بکۆڵێتەوە. لە کەسایەتی و ئەو رۆڵـەی کە گێڕاویە، لـە هەڵـەکانی، لـە خاڵـە بـاش و خراپـەکانی بکۆڵێتەوە. هەر وەک بۆ پێشەوا قـازی محەمـەد، دوکتـور قاسملوو، دوکتـور سەعید و کەسـانی دیکـە کـە شەهید بـوون یـان کەسانی دیکە کە ماون، ئەگەر لە کەسایەتی یان دەکۆڵینەوە و هەڵیاندەسەنگێنین، هـەق وایـە باسی هـەموو شتێک بکـرێ. بـەڵام ئیدی نـاکرێ بڵێین کـاتێ کـە باسـی رێبـەرانی شـەهیدمان دەکـەین ئێمـە بڵێـین: قـازی محەممەد، ئەحمـەد تۆفیـق، قاسملوو، شەرەفکەندی. چونکە ئەحمەد تۆفیق کاتێک شەهید بووە (ئەمن لـە قـووڵایی ویژدانمەوە بـە شـەهیدی نـاو دەبـەم) نەتەنیا سکرتێر، رێبەر، کەسی یەکەم، تەنانەت ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش نـەبووە. ئێسـتە ئـەوە باسێکی دیکەیە، با بێن و لێی بکۆڵنەوە. باسی ئەو تۆمەتـە بـێ بنەمایانەش ناکەم کە لـەم پێوننـدی یـەدا دەخرێتـە پـاڵ دوکتـۆر

## بەشی یەکەم

قاسملوو. زۆر جار زێدەڕەوی لە وەسفی دوکتور قاسملوودا دەکرێ، ئەمن لەگەڵ ئەوانە نیم، بەڵام بەو حاڵەش هێندێ لایەن لە کەسایەتیی دوکتۆر قاسملوو هێشتا نەناسراوە. دوکتۆر قاسملوو بەخۆی بایە تەنانەت دژی کوشتنی پاسدارێک بوو، هەتا دەگا بەوەی لەگەڵ کوژرانی یەکێک لە ڕێبەرانی حیزب بێ.

٩ی سێپتامبری ٢٠١٠

## بەشی دووهەم

**مادح ئەحمەدی:** مامۆستا بابێینە سەر قۆناغێکی دیکە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا حیزبی دیموکراتی کوردستان دێتەوە و لە لای ڕەشەمەدا تێکۆشانی لە میتینگێک دا لە مەهاباد و لە لایەن دوکتورقاسملووەوە ڕادەگەیەنێ دیسان بەپێی ئەو نەریتەی کە کۆمار لە مەهاباد دامەزرا، حیزبی دیموکرات لەوێ تێکۆشانی ئاشکرای خۆی ڕادەگەیەنێ، پرسیار ئەوەیە بۆ حیزبی دیموکرات ئەو کات نەهاتە سنە و لەوێ تێکۆشانی ئاشکرای خۆی ڕابگەیەنێ و بارەگای سەرەکیی خۆی لەوێ دابنێ و بتوانی لە بازنەیەکی بەرینتردا کاریگەری دابنێ و ئەگەر توانیبایە ئەوکات بارەگای سەرەکیی خۆی هێنابایە سنە بە نیسبەت وتووێژەکان و زۆر بابەتی دیکەوە، هاوکێشەکان دەگۆڕدرا؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** لە ساڵی ١٣٥٨ کومیتەی شارستانی مەهاباد گۆڤارێکی دەردەکرد داوایان لێکردم کە وتارێکیان بۆ بنووسم ئەمن وتارێکم نووسی بە ناوی «دوو قسەی حیسابی» دوو قسە حیسابی یە کە باسی ئەوە دەکا کە خەڵکی هەموو شارو ناوچەکان دێنە ئێرە دەڵێن ئەرێ بۆ پێمان ڕاناگەن؟ بۆ کوردستان هەر مەهابادە کە ئێوە زیاتر سەرنج دەدەنە ئەوێ؟ وتارەکە درێژە، بەڵام کورت کراوەکەی ئەوەیە ڕاستی یەکەی ئەوەیە با لە خۆمان بپرسین ئێمە لە مەهاباد ئەوەین کە دەبێ ببین؟ ئێمە لە مەهابادیش وا نیین، هەموو گیانمان کەموکوڕی یە بابەتەکە دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە ئەو بوارەی ئەوکات لە مەهاباد هەبوو، بۆ کارێکی ئاوا ئەو بوارەمان لە سنە نەبووە لە سنەش گرنگتر لە کرماشانیش نەمانبوو بۆ سنە؟ بۆ کرماشان نە؟ چونکە گەورەترین شاری کوردستانی ئێران سنە نیە، کرماشانە بەتایبەتی گرنگایەتیی تایبەتی هەیە، تەنانەت ئەگەر لە رووی جوگرافیشەوە بەراوردی بکەین «هەر چەند ئەمن جوگرافیزان نیم» کرماشان تارادەیەک ناوەندترە، کوردستانی ئێران درێژ و باریکە و کرماشان لە هەموو ڕووێکەوە لەبارترە بەڵام ئاخر دەبێ بوارت هەبێ بۆ ئەوکارە هەر ئەبوارەی کە بزووتنەوەی کوردی تێدا وەجووڵە کەوت لە سەرەتا «لە کاتی دەسپێکەوە» کۆمەڵەی ژێ کاف و حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستانی تێدا دامەزرا، هەر ئەو بوارە لە ویش هەیە بۆ وێنە ئەمن زۆرجار نموونە ئەوە دێنمەوە، کەسێک خاوەن گوندێکە، ئەو گوندە زەمینی جۆراوجۆری هەیە، ماوەیەک بە هەر هۆیەک ئەو گوندە بەجێ

دێڵێ، (دەوڵەت دەری دەکا یان هەر هۆیەکی دیکە) دەیەوێ ئەو گوندە ئاوەدان بکاتەوە، لە کوێوە ئاوەدانی دەکاتەوە؟ لەو جێگایەوە دەست پێدەکا ئاوەدانی بکاتەوە کە ئاسانترە، زەمینەکانی بەرێژەوترن، بوارەکە لەوێ (لە مەهاباد) لەبارتر بوو بریا ئەو وەختی وابایە.

**مادح ئەحمەدی**: کەواتە جەنابت پێتوایە هەڵەکە لە حیزبەوە نەبوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: نەدەکرا. هەلومەرجەکە شتێکی دیکەی جیا لەوەی هەڵ نەدەگرت. دەنا ئەو کات کە ئێمە لە ساڵی ١٣٥٧دا بە نهێنی گەڕاینەوە ولات (ئەوە بۆ دامەزرانی دامودەزگا نیە بۆ کاری حیزبیە) شەش (٦) کەس چووینەوە. رأسی حیزبمان بۆ تاران دانا، چون تاران گرنگە. دوکتور قاسملوو چووە تاران، برادرێکمان چووە کرماشان، یەکێکمان چووە سنە، یەکێکمان چووە ورمێ، یەک لە مەهاباد بوو و یەکێکیشمان لە ناوچەی شنۆ و نەغەدە بوو. واتە ئەو شەش کەسەمان ئەوا دابەش کرد. لە دەرەوە کە بڕیارمان دا گوتمان دەبێ یەکێک لە کرماشان بێ، یەکێک لە سنە بێ. ئەوە نەبوو کە ئەو شوێنانە لە بەرچاو نەگیرێن، بەڵام چونکە بوارەکە لەبار نەبوو لە کرماشان یان لە سنە تا ئەوکات نەیتوانی شتێکی وا بکا. بۆ وێنە ئەگەر سەرنجتان دابێتێ، چەند مانگ دوای گەڕانەوەی ئێمە، چەند مانگ دوای رووخانی رێژیمی شاو چەند مانگ دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، گەورە پیاوی وەک دوکتور قاسملوو لە سنە بوو، دەیانگوت نابێ قسە بکا، مافی ئەوەی نیە قسە بکا. باشە بۆ ئەوەی تۆ دامودەزگای حیزبی لەوێ دابنێی و ببێتە ناوەندی حیزبی، شوێنێکی ئاوا ناتوانێ بە کەڵک بێ. پێویست بە جێگایەک دەکا کە لە بار بێ. پاشان لە مەهاباد بوارێکی وا هەبوو کە ئێمە بە تەواوەتی ناوچەکەمان خاوێن کردبووەوە (رەنگە پرسیاریشی لەسەر بێ)، تەنانەت پادگانیشی لێ نەما.

**مادح ئەحمەدی**: مامۆستا دێینە سەر ئەوە. بەڵام یەک پرسیار بە نیسبەت سنەوە. یەکێک لەو هۆکارە سەرەکی یانە کە زۆر کەس باسی لێدەکەن، جیاوازە لەوەی کە جەنابت دەڵێی «بوارەکە لەوێ لەبار نەبوو». ئەویش ئەوەیە کە دەڵێن حیزب حیسابی لەسەر هەندێ مۆرە یان کەس کردبوو لە سنە کە زۆر لاواز بوون؟ ئەوەتان قبووڵە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەوە ناگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە ئێمە گەڕاینەوە و ناوەندمان دامەزراند لە مەهاباد. ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ دواتر. بەڵێ رەنگە ئەمنیش قبووڵم بێ ئێمە باشمان عەمەل نەکرد. لەسەر یەک سەرەڕای ئەوەی شانازی دەکەم بە کارو تێکۆشانی ئەوانەی کە لەوێ حیسابمان لەسەر کردبوون کە هەندێکیشیان نەماون و شەهید بوون، بەڵام ئێمە لەوێ باش نەجووڵابووینەوە. هەر چەندە بەو حاڵەش دواتر دەرکەوت کە حیزبی دیموکرات لە سنە غەریب نیە. لە هەڵبژاردنێک دا کە تێکیان دا، بەڵام ئەگەر تێک نەچووبایە، کاندیداکانی ئێمە دەچوونە قۆناغی دووهەم. واتە لە سنە حیزب ئەوەندە بێ پێگە نەبوو.

## بەشی یەکەم

**مادح ئەحمەدی**: مامۆستا ئاماژەتان بە گرتنی پادگانی مەهاباد کرد کە ئەوکات ناوچەی سەرەکیی ژێردەسەڵاتی حیزب بوو و حیزب دەسەڵاتی تەواوی لەو ناوچەیە هەبوو. زۆر کەس لەسەر ئەو باوەڕن کە حیزب بە شێوەیەکی چەکدارانە دێتەوە و پادگانی مەهابادیش دەگرێ، بە گرتنی پادگانی مەهاباد زەربەیەکی گەورە دەدا لە وتوویژ و دانوستانەکان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی و ئەوە دەبێتە بیانوویەک بۆ ئەوەی دانوستانەکان بەو شێوەیە کە پێویستە نەچێتە پێشەوە.
رای جەنابتان لەم پێوەندی یەدا چییە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دانوستانەکان هێشتا دەستیان پێنەکردبوو، پێش گرتنی پادگانی مەهاباد، دوکتور قاسملوو یادداشتێکی بۆ خومەینی نووسی کە لەوێدا دەنووسێ «حەزرەتی ئیمام» ئەتۆ تا ئێستا سەلماندووتە لەگەڵ سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری خەبات دەکەی و ئازایانە لەگەڵ کێشەکان بەرەوڕوو دەبیتەوە. وەرە لەبەر حەقیقەت و مێژوو ئەتۆ کە پێت دەڵێن بوت شکێن ئەو بوتەش کە پێی دەڵێن تۆمەتی (تجزیەطلبی) بشکێنە و مەسەلەی کورد چارەسەر بکە. (شتێکی ئاوا بوو، ئێستا وشە بە وشە لە بیرم نیە.) دڵنیابە کە مێژوو هەرگیز ئەو خزمەتەگەورەیە لە بیر ناباتەوە. ئەو کات ئەوەمان کرد.

پادگانی مەهاباد لە لایەکەوە شمشێرکی دێمۆکلێس بوو لەسەر سەری ئەو خەڵکە، دەبوو ئەو خەڵکە (بەتایبەت کە بزووتنەوەیەک هەبوو) فەزایەکی هەبوایە کە تێیدا هەناسە بدا و مەترسیی هێرشکردنە سەری لەسەر نەبایە. دەبوو ئەوە بکرێ. بە نەخشەیەکی زۆر وەستایانە کرا.

**مادح ئەحمەدی**: واتە پێت وایە کارێکی باش بوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دیارە پێم کارێکی باش بوو.

**مادح ئەحمەدی**: لە رووی یاسایی یەوە ئایا کارێکی دروست بوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لە رووی قانوونی یەوە سەیرەکەی ئەوەیە هەر ئەو رۆژەی پادگانی مەهاباد گیرا (دەوروبەری کاتژمێر ١٢ گیرا) سەعات ٢ لە هەواڵەکاندا رادیۆ تاران خوێندیەوە کە «ئەمڕۆ پادگانی مەهاباد لە لایەن ئەفسەرانی شۆڕشگێری ئەو شارەوە دەستی بەسەردا گیرا». بەراستییش هەروا بوو، راستە بە هاوکاری و هەماهەنگیی حیزبی دێموکرات بوو، بەڵام ئەفسەرەکانی نێو پادگان کاریگەریی زۆریان هەبوو.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی یەکەم

**مادح ئەحمەدی:** واتە بەشی سەرەکیی سیناریۆکە ئەوان جێبەجێ یان کرد؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بەڵێ. تەنانەت ئەمن بۆخۆم تەداروکاتی بەشێک لە بەرەکەم دەکرد، خۆ ئێمە چەکمان نەبوو، خەڵکمان لەم لاولەولاوە هێنابوو. ئەمن ٥٣ کەسم لە ناوچەکەی خۆمانەوە هێنابوو. پێشتر بانگهێشتم کردبوون بۆ یارمەتیدانی حیزب. هەندێ خەڵکمان ڕێکخستبوو، پێمان گوتبوون کە هەر هێرش کرا لەبەرەی خۆیانەوە تەقە بکەن. لە پڕ هەواڵیان پێداین گوتیان هەستن سەنگەرەکانتان چۆڵ بکەن، پادگان تەسلیم بوو. کەوابێ بە باوەڕی من کارێکی باش کراوە.

دەمەویست ئەوە زیاد بکەم، ئەوەی لە کوردیان کردە گوناحی کەبیرە (گەورە) سەیرەکەی ئەوە بوو یەک پادگان لە دەوری تاران نەما. ئەمن جارێکیان لە وتووێژێکی چاپەمەنی دا یان لەگەڵ ڕۆژنامەی «کەیهان» بوو یان لەگەڵ ڕۆژنامەی «ئیتلاعات» ،گوتم بە پێی ئامارێک کە ڕاگەیەندراوە یەک ملیۆن قەبزە چەک لە پادگانەکانی دەوروبەری تاران هاتۆتە دەرێ. هیچی باسی ناکرێ، بەڵام دهوری ٥٠٠ یان ٦ هەزار تفەنگ لە پادگانی مەهاباد هاتۆتە دەرێ بە قەولی مەشهوور بۆتە «پیراهن عثمان.«

**مادح ئەحمەدی:** مامۆستا پاش ئەوەی وتووێژەکان لە گەڵ دەوڵەتی ناوەندی بەبنبەست دەگەن و ئیدی حیزب و لایەنە سیاسی یە کوردەکان ناچار دەبن لەژێر گوشاری هێرشی هێزەکانی دەوڵەت دا شار و گوندەکانی کوردستان چۆڵ بکەن و ڕوو بکەنە چیاکان. ئێمە دەبینین حیزبی دێموکرات بۆ بەرەنگاری خەباتی چەکدارانە هەڵدەبژێرێ. ئایا هیچ ڕێگایەکی دیکە نەبوو ئەوکات حیزبی دێموکرات بیگرێتە بەر؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** یا ڕێگای دیکە هەبوو. خۆ تەسلیم و خۆ بەدەستەوەدان. بۆئەوەی چارەنووسی ئێمەش ببێتە چارەنووسی ئەوانەی کە پێیانوابوو دەکرێ بە تەسلیم بوون و پاڕانەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەموو شتێک بکرێ. خۆ ئێمە بۆ بەرگری لەخۆمان چەکمان تاو دا، حیزبی «تودە« خۆ ئەوەی نەکرد. حیزبی تودە هەموو شتێکی کرد. بەڵام سەرانی ئەوان پتر کوژرا یا هی ئێمە. سەرانی ئێمە یان گیانیان بە سەلامەتی دەربرد و درێژەی خەباتەکەیان دا، یا بە سەربەرزی وەکو کورد دەڵێ بە پێوە مردن. لە حاڵێکدا هی ئەوانیان وەکوو بەرخی قەسابی بردە پای دار و لە سێدارەیاندان یا هێنایانە سەر تەلە فزیۆن و هەموو شتێکیان لێ بڵاو کردنەوە. هیچ ڕێگای دیکە نەمابوو. هەرچی هەوڵ بوو دامان، بو ئەوەی شەڕ نەبێ. بۆیە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ هەندێ ڕۆشنبیرمان لێ پەیدا بوون کە «درەنگ هاتوون و دەیانهەوێ زوو پێ بگەن» سەرزەنشتی هەموو شتێک دەکەن. دەنا نەتەوەی کورد ئەوەندە سەرزەنشتی هێزە سیاسییەکان، بە تایبەتی حیزبی دێموکراتیان نەکرد کە بۆ

بەشی یەکەم

هێشتیان ئەو مەرگ و ماڵوێرانییە تووشی میللەتی کورد بێ، چونکە هەرچی لە توانامان دابوو کردمان بۆ ئەوەی میللەتی کورد تووشی شەڕ نەبێ. سەر شەقامەکانمان لەبیرن، گەورەترین درووشم ئەوە بوو «مرگ بر سازشکار» بوو کە مەبەستیان حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. یا ماوەیەک هەر دوو حزبی دێموکراتی کوردستانی عێراق و ئێرانیان تێک دەدا و دە یانگووت «دێموکرات و قیادە، رەنجی کوردیان بە بادا». چونکە ئێمە لە مەسەلەی مادەی ٨ دا ( ناچمە ناو وردەکارییەکانی کە چۆن بوو؟چۆن نەبوو؟) دواتر دوکتور قاسملوو لە میتینگێکدا وتی بەدەر لەوەی ئێمە ڕامان بەرانبەر بە قیادە موقت چییە. (ئەو کات بە پارتی دێموکراتی کوردستانیان دەکووت «قیادە موقت». ڕێبەرایەتییەکی کاتیان پێک هێنابوو ) مادەی ٨ شتێکی لاوەکییە و ٧ مادەکەی دیکە باسی کێشەکانی کوردی ئێران دەکا. بەڵام ئەو باسی کوردی عێراق دەکا کارێکی بێ جێیە. لەسەر ئەوە لەعنەتی تەواو دونیامان بۆ هات.

کەوابێ ئێمە هیچ نەما نەیکەین بۆ ئەوەی تووشی شەڕ نەبین و میللەتی کورد تووشی مەرگ و ماڵوێرانی نەبێ.

**مادح ئەحمەدی**: مامۆستا پاش ئەم قۆناغە حیزبی دێموکرات دێ لە چیاکانی قەندیل جێگیر دەبێ، بەڵام پاش چەند ساڵ لە ساڵی ١٩٩٢ دا ناچار دەبێ لە قەندیل بێتە خوارەوە و لە دەشتی کۆیە زەمین گیر بێ، زۆر کەس ئەمە بە مێژوویترین هەڵەی حیزبی دێموکرات دادەنێن. وەڵامی جەنابتان چییە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: خۆزگە ئەو کەسانە لەوێ بایەن، نەک ژن و منداڵەکانیان لەبەر رەحمەتی بۆمباران و کاتیۆشا و تۆپخانەدا بایە، هەر بۆخۆیان لەوێ بانایە و وەکوو زۆر لە ئێمە بە سێ مانگ یەک کاتژمێر لەسەر یەک خەویان لێ نەکە وتبایە،. دەبوو خەوت زۆر خۆش بێ کە یەک سەعات لەسەر یەک بنووی، چونکە ساعەتی بێ گرمەی تێدا نەبوو. کوا ئێمە بە پێخۆشبوونی خۆمان هاتینە خوارێ. بارودۆخێک کە ئێستا هەیە، بێ گومان بۆ ئێمە دڵخواز نیە، بەڵام ئەوە ئاکامی ئەوە نیە کە ئێمە هاتووینە کۆیە، بە پێچەوانە هاتنە کۆیە ئاکامی بارودۆخێک بوو کە ئێمە لەوێ تێکەوتبووین. باشە دەکرێ بۆ ماوەیەکی نازانم چەند ساڵی، ژن و ماڵ و هەموو ئیمکاناتت لەبەر ڕەحمەتی تۆپ و کاتیۆشا دابێ وبۆمباران بکرێ.

**مادح ئەحمەدی**: باشە مامۆستا زۆر کەس ئەو پرسیارە دەکان دەڵێن بۆ لە سەردەمی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی دا ئەو گوشارە نەبوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: با نەڵێین ئەو گوشارە نەبوو، چونکە ئەگەر نەڵێین ئەو گوشارە لە سەردەمی ئەواندا نەبووە، دەبێ بڵێین ئەوان سازشێکیان هەبووە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. وانیە لە سەردەمی دوکتوور قاسملوو دا بووین، لە شەوی ٢٥ی گە

بەشی یەکەم

لاوێژدا لە «گەورەدێ» بووین (ئەویش هەر خاکی کوردستانی عێراقە) کە بۆ ماوەی ٤ سەعات و ١٠ دەقیقە لەسەر یەک لێیان داین، بۆ مێژوو با ئەوەی بڵێم، هەر کە گەورە دێمان بەجێ هێشت، ئەمن باوەرم وابوو کە دەبێ بێینە جێگایەکی وەک کۆیە.

**مادح ئەحمەدی**: بۆ راست کۆیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمگووت کۆیە. جێیەکی وەک کۆیە. واتە گوتم بچینە جێگایەک کە تۆپخانە نەمانگاتێ. مووشەکی دوورهاوێژ دەگاتە هەموو جێگایەک، هەلیکۆپتەر دەتوانێ، بەڵام با لە بوردی تۆپخانە دەربچین، لەبەر ئەوەی وتمان با پشتمان بە سنوورەوە بێ، چووینە ئەوێ دوو ساڵ کوێرەوەری و خانوو ساز کردن و پارە لە عەرز کردن لە ئاخردا ناچار بووین بە جێی بێڵین. گوزەرانمان بۆ نەدەکرا.

**مادح ئەحمەدی**: مامۆستا شتێکی دیکە لەم پێوەندییەدا کە زۆر جار باس دەکرێ و لە هەندێ شوێن بینیومانە و ناوی جە نابیشت دێنن. دەڵێن لە ئاکامی مامەڵەیەکدا حیزبی دێموکرات لە قەندیل هاتە خوارەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەو قسانە لەمێژە هەزم بووە. بۆ وڵام دانەوە نابن.

**مادح ئەحمەدی**: ئەی مامۆستا ئەوەی کە راست دەشتی کۆیە دیاری دەکرێ. ئایا حیزبی دێموکرات ئەوەی بە دڵخوازی خۆی هە ڵبژاردووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئێمە لە جێی جۆراوجۆر گەڕاین کە جێگایەکمان دەست بکەوێ.

**مادح ئەحمەدی**: باشتر لە دەشتی کۆیە نەبوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: خۆشتر لە دەشتی کۆیە زۆر بوون. بەڵام دەشتی کۆیە لە زۆر رووەوە باشتر بوو. یەکەم جێگایەکی زۆری هەبوو. ئەگەر سەرنجت دابێ ئێستا ئەو جێگایەی دام و دەزگاکانی حیزبی تێدایەو ئێمەی لێین، جێگایەکی یەکجار زۆرە. لە هیچ شوێنێک ئەوەندە جێگا دەست نەدەکەوت. جگە لەوە بەشێکی زۆریش خانوبەرە هەبوون کە سازمان کرد. لە هەموو گرینگتر لەمەیاندا من مەسئولییەتی وە ئەستۆ دەگرم. ئەمن بۆخۆم تەجرەبەم لە سەر خەڵکی کۆیە هەبوو، خەڵکی کۆیە خە ڵکێکی زۆر شەریفن، زۆر نیشتمان پەروەرن، لەگەڵ غەریبەی زۆر بە تەفاهومن، لێی ژیابووم ئەمن بۆخۆم پێشنیارم کرد کە

بەشی یەکەم

ئەگەر لە دەوروبەری کۆیە و خودی شاری کۆیە جێگایەکمان دەست بکەوێ باشە، هاتین پێیان پێشنیار کردین، کە پێیان پێشنیار کردین، ئەمن وتم کۆیە جێگایەکی باشە با بچینە ئەوێ.

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە: ئەگەر بزانم خەباتی ٦٥ ساڵەی حیزبی دێموکرات بێ ناکامە، سبەینێ بەجێی دێڵم**

**(بەشی سێیەم و کۆتایی)**

**مادح ئەحمەدی: مامۆستا لە ساڵی ١٣٥٧دا کە حیزب یەک دەگرێتەوە، بنکەیەکی دیکە هەیە "قەڵا سەیدە یان دۆڵە رەقە"، بۆ ئەوکات ئەوێتان تەحویل دایەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەو دوو شوێنە بۆیە بوون چونکە دوو لایەن بووین. پاشان ئەوێش زۆرجار دەکەوتە بەر هێرشی تۆپخانە. خۆ دەزانین ئێرەش (کۆیە) کەوتۆتە بەر هێرش، بەڵام لە جۆرێکی دیکە یان تەیارە یان لەشکەرکەشیی بۆ کراوە یان مووشەکی دوورهاوێژی بۆ هاتوە، بەڵام ئەوێ هەر دەکەوتە بەر هێرشی تۆپخانە. دواتریش هۆیەک نەبوو کە ئێمە لەوێ بنکەیەکمان هەبێ. لەوەختی دوو حیزبیدا هێندێ بنکەمان لەوێ بوون، کاتێ یەکمان گرتەوە مەرکەزییەتی حیزب لێرە بوو و ئەوانیشمان هێنایە ئێرە. خەڵکەکە بەشێکیان لە دەوروبەری رێبەری بوون (لێرە مانەوە) و بەشێکیان چوونە ئەو ئۆرگانانەی کە لە جێی دیکە بوومانن.

ئەگەر لەبیرمان بێ مەسەلەکە زۆر درێژخایەنترە لەوە. ئەگەر لە قووڵاییش دا بووین ناچار بووین کۆی بکەینەوە. چونکە هەلومەرجێک خوڵقا کە ئیدی ئەمنیەت نەبوو. لەو رێگاوبانانەدا بە دەیان کەسمان شەهید و بریندار بوون. دەڵێن لە پاش شەڕ هەموو کەس ژەنراڵە، ئەوانەی لەخۆڕا تەحلیل دەکەن و تێیدا نین، بە کەیفی خۆیان تەحلیل دەکەن، مافی خۆیانە با تەحلیلی بکەن، بەڵام کە لە نێو واقعیەتەکەدا دەژی دەبینی شتێکی دیکەیە. بۆ وێنە ئەمن زۆرجار ئیعتراز بەوەی دەکەم کە یەکێک دەڵێ "رووناکبیرەکان و سیاسی یەکان"، دەڵێم چما سیاسی یەکان تاریک بیرن؟ ئەوانە چونکە سیاسیین، رووناکبیرن. جا هێندێک لە رووناکبیرانی غەیرە حیزبی ئەو رەخنانە دەگرن، بەڵام لە نێو حیزبدا یەک کەسیش نەیگوتوە بۆ بچینە ئەوێ؟ یەک کەس نەیگوتوە بۆ لە قەندیل بێینە خوارێ؟ چونکە لە قەندیل ژیان نەدەکرا، بە تایبەتی ئێمە لە قەندیل ٣٠٠ بنەماڵەمان هەبوو. ژن و منداڵ خۆ ناکرێ هەموو رۆژێک لەبەر رەحمەتی تۆپ و کاتیووشادا بێ .

**مادح ئەحمەدی: مامۆستا جیا لەمانە، لە ماوەی ئەو ساڵانەدا کە حیزبی دێموکرات لە دەشتی کۆیە جێگیرە، بەهەرحال دەرەتانی خەباتی چەکداری بەو شێوەی پێشوو کە حیزب دەیکرد نەما. هەلومەرجەکە وابوو کە زۆرجار جەنابت یان**

بەشی یەکەم

کەسانێکی دیکە لە حیزبدا باسیان کردوە، بەڵام بۆ لەم ساڵانەی دواییدا (بەتایبەت لە سەردەمی دەسەڵاتی خاتەمی دا) حیزبی دێموکرات هەوڵی نەداوە گرووپ و ڕێکخراوی نیمچە لیگاڵ پێک بێنێ؟ بۆ وێنە لە ساڵی ١٣٧٩ یان ١٣٨٠ دا کۆمەڵێک ویستیان حیزبێک دروست بکەن لە نێوخۆ و پێوەندی یان بە کۆمەڵێک کەسەوە هەبوو لە دەرێ، تا هەواڵی ئەمە بە حیزب گەیشت، حیزب ڕاگەیەندراوی دا و بەپێی ئەو پێگەیەی کە هەیەتی پێشی بە دروستبوونی ئەو حیزبە گرت و هەڵوەشایەوە. بۆ حیزبی دێموکرات نەیتوانیوە لەو دەرفەتانە کەڵک وەرگرێ، گرووپ و ڕێکخراوی جۆراوجۆر دروست بکا؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: جارێ با باسی ئەوە نەکەین کە حیزب ڕۆڵی هەیە یان نیە؟ ئاگای لێیە یان ئاگای لێ نیە؟ ئەوەیان با لەوێ ڕاوەستێ، بەڵام خەڵکی کوردستان و ڕووناکبیرانی کورد بە دەیان ڕێکخراوی غەیرە حیزبی یان دروست کردوە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان (ڕەنگە تەواو نەبێ، هیچ شتێک لە دونیا تەواو نیە) جێگای حیزبی سیاسی یان پڕ کردۆتەوە. خەڵک کردوویەتی. ئێمە چیین؟ ئێمەش ئامرازێکین بۆ ئامانجەکانی ئەو خەڵکە وەکوو ئەو گرووپانەی دیکە.

مادح ئەحمەدی: مامۆستا لەم نێوانەدا یەک شت هەیە، حیزبی دێموکرات بەپێی ڕابردوو، بەپێی ئەزموون، بەپێی ئەو کەسایەتی یانە کە هەیەتی، دەی توانی دەقیقتر عەمەل بکا یان ئەوەی هاندەری کۆمەڵێک کەس بێ کە شتێک دروست بکەن.

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: دەتەوێ بڵێم حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوانی دروست کردوە؟

مادح ئەحمەدی: نا مەبەستم ئەوە نیە.

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: حیزبی دێموکرات حیزب دروستکەر نیە و دروستیش ناکا، بەڵام خەڵک هەیە بۆخۆی دروستی کردوە، هەمووشمان دەزانین.

مادح ئەحمەدی: بەڵام حیزبی دێموکرات دەتوانێ کاریگەریی هەبێ.

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: لەو شتانەدا ئەمن نامەوێ ئادرەس بدەم و ئیددیعا بکەم. ئەمن شتی وا ناکەم، بەڵام لەسەر ئەو قسەیە ئەمن پێم خۆش بوو ئەو بەیانییەی کە باسی دەکەی (ئەوە نابێ ڕاگەیەندراو بێ، دەبێ بەیانییە بێ. چونکە ئەو دووانە جیاوازی یان هەیە) لێرە لەبەر دەستمان بایە و بمانزانیبایە کە داخوا ئێمە چیمان گوتوە. چەند کەس لەنێو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا (لە نێوخۆی وڵات)، پێشنیاریان کرد کە حیزبێکی ئاشکرا دروست دەکەین، وەک

بەشی یەکەم

ئەوەی لە کوردستانی تورکیا هەبوو. وەک "دە تە پە .(DTP)" "ئێمە باوەڕمان وابوو کە فەزای سیاسیی ئێران لەگەڵ فەزای سیاسیی تورکیا جیاوازیی هەیە. ئەتۆ حیزبێکی سیاسیی جیددی دامەزرێنی، هیچ ئیزنی چالاکیی پێ نادەن، پاشان ئەندامان و مۆرەکانی خۆت دەخەیتە مەترسی یەوە. ئەتۆ ئەو حیزبە دروست دەکەی، کەسە باشەکانی خۆت کە هەتە (چ ئەندامی حیزبە چ دۆستی حیزبە) دەیخەیە نێو ئەوێ یان نا؟ ئەگەر دەیخەیە نێو ئەو حیزبە، ئەوە ئەوانت خستۆتە مەترسی یەوە. خەڵکی خراپ دەیەوێ بێ، ڕەتی دەکەیەوە یان نا؟ ئەگەر ڕەتی بکەیەوە، ئەوە حیزبەکەت ئاشکرا کردوە کە ئەوە حیزبێکی جیددی یە و دژی کۆماری ئیسلامی یە. بەقەولی کوردەواری دەیکەیە "گۆلێ کا بەکری" هەموو جۆرە تەیر و تووری دونیای تێدا کۆ دەکەیتەوە، ئەوە حیزب نیە. پێمان وابوو فەزای سیاسیی ئەوێ ئەوە هەڵ ناگرێ کە حیزبی سیاسیی جیددیی تێدا دابمەزرێ، کەوایە باشترە خەڵکەکەی ژووری بەو شتانەی کە هەیە خۆیان سەرقاڵ بکەن. یەکیەتیی نووسەرانە، یەکیەتیی هونەرمەندانە، ئەنجومەنی قەڵەمە، ئەنجومەنی ئەدەبی یە و... ئەوانە بکەن کە شتی سیاسی نین.

"NGO" کان دامەزرێنن و پەرەیان پێ بدەن باشترە. رای ئێمە ئەوە بووە. تەنانەت لە جێگایەکی دیکەدا گوتمان ئێمە پێمان وایە فەزای سیاسیی ئێستا ئەوە هەڵ ناگرێ، پاشان ئێمە خۆ خاوەنی کوردستانی ئێران نیین. ئێمە لەوێ دەسەڵاتدار نیین. ئەگەر لە کوردستانی ئێران دەسەڵاتدار بوایەین، حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشی بە دروست بوونی حیزبی دیکە نەدەگرت. خەڵک ئازادە بۆخۆی حیزب دادەمەزرێنی یان نا، تەنانەت ئیزنی دامەزراندنی حیزبیش خۆ خەڵک لە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئیجازە وەرناگرێ، ئیزنی دامەزراندنی حیزبی سیاسی دەبێ لە دەوڵەت وەربگیرێ. لە هیچ شوێنێکی دنیا ئیزنی دامەزراندنی حیزبی سیاسی لە حیزب وەرناگیرێ، لە وەزارەتی نێوخۆ وەردەگیرێ. ئێمە گوتمان هەلومەرجەکە لەبار نیە و حیزبی سیاسیی ئاوا لە کوردستانی ئێران ناتوانێ چالاک بێ و بەرهەمدار بێ، بەوحاڵەش ئەگەر هەلومەرج هەبێ ئێمە پێمان خۆشە هەزار گوڵ بپشکوێ. ئەوە نازانم لەکوێیە، بەڵام کاتی خۆی چاپ بووە. کەی ئێمە نەمان هێشتوە؟ باشە ئێمە بۆ نەمان هێشتوە؟ دامان نا کە حیزبی دێموکرات بەیاننامەیەکی دەرکرد کە نابێ ئەو حیزبە دابمەزرێ، خەڵک بۆ بەقسەی حیزبی دێموکرات دەکا؟ دەسەڵاتدارە لەوێ؟

ئەوەم ئێستا وەبیر هاتەوە، ئێمە ئاگامان لە هەندێ جموجۆڵ هەبوو، هێندێک جموجۆڵی گوماناوی هەبوون، لە جێگایەک دا ئاماژەمان بەوە کردوە، لە دەرێ کۆمەڵێک کەس خەریک بوون حیزبێک بەناو ئەوە(...) و بە غەرەزی دیکە بۆ کوردی ئێران دروست بکەن، ئێمە لە جێگایەک دا بەرەوڕووی ئەوە بووینەوە و خەڵکمان لەوە ئاگادار کردەوە.

**مادح ئەحمەدی**: دەتوانی ناوی ئەو کەسانەمان پێ بڵێی؟

**بەشی یەکەم**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بۆ ناویان بەرم. هیچ زەرووەرەتێکی نیە. ڕەنگە خەڵکێک بۆخۆیان بزانن. ڕەنگە ئەتۆش لەو کەسانە بی کە بزانی.

**مادح ئەحمەدی**: مامۆستا ئەگەر پرسیاری دیکە نەیەتە گۆڕێ، وەک دوا پرسیار. ئەمساڵ ٦٥ ساڵ بەسەر تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا تێپەڕی. بەو پێیەی کە حیزبی دێموکرات وەک دەسەڵاتی سیاسی خاوەنی بستێک خاک نیە و لە پارچەیەکی دیکەی کوردستان نیشتەجێیە. زۆر کەس دەڵێن حیزبی دێموکراتی کوردستان خاوەن ٦٥ ساڵ خەباتی بێ ئاکامە (ئەمە ڕای من نیە) وەڵامی جەنابتان چیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بستە خاک و ئەوانە هی من نیە، بەڵام با حەقی تألیفی ئەو دەستەواژەیەم لێ نەستێنندرێ. مەسەلەی بستێ خاکمان نیە، ڕەنگە بە دەیان جار (ئەوەڵ جار و ئاخر جار) ئەمن بەکارم هێنابێ. بۆخۆم  باوەڕم بەوە هەیە.

ئەوە زۆر هەڵەیە کە بڵێین حیزبی دێموکرات خاوەن ٦٥ ساڵ خەباتی بێ ئاکامە. ئەوانەی وادەڵێن ڕەنگە بۆ ڕەخنەگرتن یان دژایەتی کردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوە بڵێن. بەڵام بەبێ ئەوەی بۆخۆیان بزانن، تەواوی بزووتنەوەی کورد لە سەرەتای مێژووەوە تا ئێستا بە بێ ئاکام دادەنێن. چون خەباتی حیزبی دێموکرات بێ ئاکامە؟ هەر ئێستا زۆرکەس پێی وایە (کە دیارە هەڵەیەکی گەورەیە) حیزبی دێموکرات لە کۆیەیە. ئەگەر حیزبی دێموکرات لە کۆیە بێ، ئەمن یەک ڕۆژی تێدا ئەندام نابم. حیزبی دێموکرات لە نێو ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بەڵام خەڵک بۆ ئەوە دەبینێ؟ ئەی ئەو خەڵک و لایەنگرەی کە لە نێوخۆی وڵاتدا هەیەتی، ئەو وشیاری یە سیاسی یە کە دروست بووە، ئەو هێڵە فیکری یە سیاسی یە (کە هێڵی فکریی حیزبی دێموکرات لە هی هەمووان لە خەڵک نزیکترە)، ئەوە چیە؟ ئەو بە ڕێکەوتە؟ ئەگەر ئەو خەباتە نەبایە، ئەگەر ئەو خەباتە چەکدارانەیە نەبایە ئێستا کەسێک دەما؟ ڕەنگە هەزارو یەک تێبینیمان لەسەر خەباتی ("PKK"بە ئاشکرا ناوی دێنم) هەبێ، بەڵام ئەگەر بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی تورکیا ئێستا زیندوویە، ئاکامی ئەو خەباتە چەکدارانە (بەقەولی تۆ، یان بە قەولی ئەوانە. ئیشەڵڵا ئەوە قسەی تۆ نیە) بێ ئاکامە بووە کە "PKK" کردوویەتی PKK کوا چی کردوە؟ کوردستانی ڕزگار کردوە؟ بستێ خاکی هەیە؟ ئەگەر ئەو خاکی لە شاخی قەندیل  هەیە. ئێمەش لەو دەشتە یان و بەرینە خاکمان بەدەستەوەیە. بەڵام خۆ خاکی ئێمە نیە. ئێمە ئەو ئیددیعایانە ناکەین کە کوردستان هەموو موڵکی ئێمەیە. ئەو شتانە عادەتەن لە حیزبی دێموکرات دا جێگایان نیە. کەوابێ وا نیە. خەبات وا نیە یان گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی یان ئەگەر نەگەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی، ئەوە خەباتێکی بێ ئاکام بووە. بە باوەڕی من ئەو وشیاری یە سیاسی یە کە هەمانە، ئەوە کە خەڵک لەباری سیاسی یەوە لەباری بۆچوون بۆ کێشەکانەوە، دەتوانم بڵێم خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەنێو حیزبە سیاسی یەکان دا لە حیزبی دێموکرات (لە باری فیکری یەوە باسی تەشکیلات

بەشی یەکەم

ناکەم) لەهەمووان نزیکترن، ئەوەش ئاکامی ئەو خەباتەیە کە کردوویەتی. باوەڕم بەشتی وا نیە. سبەینێش بزانم وایە، بەجێی دێڵم. ئەگەر بزانم خەباتی ٦٥ ساڵەی بێ ئاکامە، بۆ خۆم ماندوو بکەم؟ لانیکەم ٥ - ٦ ساڵم تەمەن ماوە خەریکی ژیانی خۆم دەبم. پێم خۆشە ئەوەش زیاد بکەم کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی هەرگیز نەیتوانیوە هەموو بەرنامەکانی لە کوردستان پیادە بکا، لەبەر ئەو بەرەنگاری یە چەکدارانەیە بووە کە لە کوردستان بەڕێوە براوە.

**مادح ئەحمەدی**: زۆر سپاس مامۆستا.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: سپاس بۆ ئێوەش.

**مادح ئەحمەدی**: بەڵام هەر هیچ نهێنی یەکت نەدرکاند و هیچ شتی زیاترت لەوانە نەگوت کە پێشتر باست کردوون.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: نا. باشە شتی واشمان باس کرد کە باس نەکرابوون.

**مادح ئەحمەدی**: دیسان سپاس مامۆستا.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: هەر سەرکەوتوو بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠



سەرچاوە
Serchawe

بەشی یەکەم

## حدک، زیندووکەرەوەی نەریتێکی شۆڕشگێڕانە



قادر وریا

ئەم هەواڵانەی ئەم ڕۆژانە و لەو مانگانەی دوایی دا بڵاو بوونەوە وەبیرهێنەرەوەی نەریتێکی شۆڕشگێڕانەی دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ی هەتاوین.

شەوی٣٠ لە سەر ٣١ی خەرمانان(٢١ لە سەر ٢٢ی سێپتامبر)، لە ناوچەیەکی هەڵکەوتوو لە نێوان شارەکانی نەغەدە، مەهاباد و پیرانشار، پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، چوونە نێو ئاوایی گەرگوولی خواریّ و لە بڵێندگۆی مزگەوتی ئاوایی قسەیان بۆ ئەو خەڵکە کرد کە بەو پەڕی خۆشییەوە باوەشیان بۆ کردبوونەوە.

چەند شەو پێشتر و ڕاست لە ٢٣ ساڵەی شەهیدبوونی د.سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی دا، دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە نفوونزیان کردە نێوشاری شنۆ و لە گەڕەکەکانی سەیدابات و تاچیناویّ، چاویان بە خەڵک کەوت و قسەیان بۆ کردن. لە تاچیناویّ لە ڕێگای بڵێندگۆی مزگەوتی ئاوایی بۆ ماوەی نیو کاتژمێر سروودی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەیان بە دەنگی خەڵکی تاچیناویّ و گەڕەکەکانی دیکەی شار و گوندەکانی ناوچە گەیاند. جگە لە سەدان کەس لە خەڵکی ئەو گەڕەکانە کە بۆ شادبوون بە دیتنی پێشمەرگەکان لە ماڵەکانیان هاتبوونە دەر ولە ئامێزیان دەگرتن، سەدان ماشێن و ماتۆڕسکلیت بە چراخانی و بووقلێدان و خۆشی نواندنی سەرنشینانیان، هاتنی پێشمەرگەکان بۆ نێو شاری خۆیان کردبووە جێژن.

بەشی یەکەم

هەر لەم مانگە دا، ئەم جۆرە دیمەنانە لە قووڵایی چەندین ناوچەی جیاجیای دیکەش دووپات بوونەوە. لە ناوچەی گەورکایەتیی مەهاباد، پاش تێپەڕینی نزیکەی ١٥ ساڵ، خەڵکەکە بۆ یەکەم جار پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتیان لە دەستەی گەورە دا دەدیت.

لە ناوچەی ڕەبەت، لە مەلبەندی قارەمانەتییەکانی فەرماندەی ڕەچەشکێن هەمزە سارتکەیی، هەر لەم مانگە دا پێشمەرگەکانی حیزب لە کاتێک دا لە نیو ئاوایی سیسێر بوون و بەرپرسانیان لە مزگەوتی ئاوایی لە گەڵ پیاوان و لاوانی گوند خەریکی قسەکردن و گۆڕینەوەی بیروڕا بوون، کەوتنە بەر پەلاماری جاش و پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامی. پێشمەرگەکان گورج لێیان وەدەست هاتن و وەها ڕاویان نان کە هەتا نێو شاری ڕەبەت خۆیان نەگرتەوە. جارێکی دیکە حوزووری پێشمەرگە ترس و دڵەخورپەی خستەوە نێو هەناوی بەکرێگیراوانی سوپای پاسداران و ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی.

ناوچەی سەردەشت کە ساڵانی ڕابردووش خانەخوێی یەک بە دوای یەکی دەستەکانی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە،

ئەمساڵیش پێی پێشمەرگەکانی لێ نەبڕا. دەستەکانی پێشمەرگە وێرای سەردانی چەندین گوند کە هێندێکیان لە پەنا شاری سەردەشت بوون، لە دێیەکانی باغی، قەڵەڕەشێ، بناوێ، زووران، ... و.... قسەیان بۆ دانیشتوان کرد و لە بارەی هەڵوێست و سیاسەتەکانی ئەم حیزبە قسەیان بۆ کردن. هەر لەم ناوچەیەش بوو کە ساڵی ڕابردوو پێشمەرگەکانی دیموکرات، کەمینێکی جاش و پاسدارەکانیان لە سەر ڕێی خۆیان تێک شکاند ودەستێکی باشیشیان لێ وەشاند.

ئەم ساڵ هەڵسووڕان و حوزووری پێشمەرگە پەلی بۆ ناوچەکانی دیکەش هاویشت. لە ناوچەی بانە پاش ساڵانێکی زۆر خەڵکی پێشمەرگە پەروەر و پێشمەرگەپارێز، بە دیداری ڕۆڵەکانی خۆیان شاد بوونەوە. دەسپێکی ئەم حوزوورە، نفووزی تیمێک لە تێکۆشەرانی دیموکرات بۆ نێو شاری بانە و ئامادەبوونی سەمبولیک و واتاداریان لە سەر گڵکۆی کۆمەڵێک لە شەهیدان و کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکانی شارلە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا بوو.

حوزووری دووبارەی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نێو خەڵک و لە قووڵایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، ئەمساڵ هەم لە ڕووی پانتایی و ڕووبەری ناوچەکانی شوێنی هەڵسووڕان، هەم لە ڕووی زۆریی تیم و دەستەکانی پێشمەرگە، لە ساڵانی پێشوو بەرچاوتر بوو. ئەم ئامادەیی و حوزوورە، درێژەی حوزووری ساڵانی ڕابردووە. درێژەی ئەو



سەرچاوە Serchawe

## بەشی یەکەم

هەڵسووران و چالاکیانەی پێشمەرگەکانی دیموکراتە کە لە دوای کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبەوە دەستی پێکردوە و لەو کاتەوە هەتا ئێستا ژمارەیەک ناوچەی وەک هەورامان ، کامیاران ، مەریوان و سەقزلە پاریزگەی سنە و زۆر ناوچەی کوردستان لە نێو پارێزگەی ورمێی گرتوەتەوە. زیندووکردنەوەی ئەم نەریتە شۆڕشگێڕانەیە لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستان، قوربانیی بە نرخی لەم حیزبە ویستوە. شەهیدان شێخ غەریب حەسەنی، هەمزە سارتکەیی، قادر نەزمی، قادر قادری، بێهرووز ڕەزانەژاد، محەممەد نەدیمی وهەژار قاسمی، کە خوێنیان خاکی ڕۆژهەڵاتی ڕەنگاند و نەمامی هیوای لە دڵی خەڵکی کوردستان دا ڕواند، بە نرخ و تێچووی تەخت کردنی ئەم ڕیگایە دەژمێردرێن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەم ساڵ ناوچە سنوورییەکانیشی لە بیر نەکرد و هەوڵی دا هێزی پێشمەرگەی خۆی بگەڕێنێتەوە چیاکانی سەر سنووری باشوور و ڕۆژهەڵات. پەیامی جێگیرکردنەوەی هێزی پێشمەرگە لە چیاکان و تێکۆشانی دەستەکانی هیزی پێشمەرگە لە قووڵایی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات، ڕوونە. حیزبی دیموکراتی کوردستان، نزیک بوون لە خاکی نیشتمانەکەی و بوونی تێکۆشەرانی لە سەر خاکی ڕۆژهەڵات و لە نیو خەڵکی خۆیان، نەک هەر بە مافی خۆی، بەڵکوو بە ئەرکی خۆی دەزانێ و لەداهاتووش دا لە سەری بەردەوام دەبێ.

زیندوو کردنەوەی ئەم نەریتە شۆڕشگێڕانەیە، دوای شەهیدەکان، قەرزداری ئەو تێکۆشەرانەیە کە لەم حەرەکەت و چالاکیانەی پێشمەرگە لە نێو قووڵایی ڕۆژهەڵات دا بەشدار بوون. هەر وەها قەرزداری هاوکاری و پشتیوانیی"پارێزەری ڕۆژهەلاتی کوردستان"ە، ئەوکەسانەی کە بە کردەوە پێشمەرگەکانی نێوخۆن. با خۆشەویستیی خەڵکەکەشمان بۆ پێشمەرگە و پێشوازی و باوەشی گەرمیان بۆ ڕۆڵەکانیان لە بیر نەکەین کە بە دڵنیایەوە هاندەری حیزبی دیموکرات و هێزی پێشمەرگەی دیموکراتە لە بەردەوامبوون لە زیندوو ڕاگرتنەوەی نەریتی دەستەملانێ بوونی خەڵک و پێشمەرگە دا.

لە ژمارە ٦٦٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی سێپتامبری ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

بەشی یەکەم

## پەروەردە لە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا



شەونم هەمزەیی

١- هەر سیستەم یان حیزبێک کە بەرنامەی بەڕێوەبەری وڵاتی هەبێ، دەبێ ئاستی پەروەردەی کۆمەڵگا لە بەرچاو بگرێ پاشان پلانی بۆ قوناغی پێکهێنانی گۆڕان هەبێ. بە تایبەت لە کۆمەڵگا نەریتییەکان، کە باس لە کۆمەڵگای نەریتی و عەقڵی خێڵەکی دەکرێ یەکەم پرس کە دەبێ گۆڕانی بە سەردا بێت لایەنی پەروەردە وفەرهەنگی ئەو کۆمەڵگایەیە. کۆمەڵگای نەریتیش بە بێ پلان و پەروەدرەی زانستی ئەستەمە بتوانێ کێشەی پەروەردە و قوناغی تیپەڕ بوون بە پێی ویستی سەردەمیانە تێپەڕ بکا، چونکە پەروەدرە بە هەر شێوەیەک بێت شتێکی زانستی و تایبەت بە سەردەمی مودێڕنە. حیزبی دێموکراتی کوردستان کە یەکەمین یەکەی سیاسی مودێڕن بووە لە کاتی دامەزراندنی لە هەموو کوردستان، لە کۆمەڵگایەک دەست بە چالاکی سیاسی خۆی دەکا، کە ئەو کۆمەڵگایە وەک باقی بەشەکانی دیکەی ئێران نامۆ بووە، ژیانی مودێڕن کە هەموو ڕەهەندەکانی کۆمەڵگایەکی مرۆیی دەگرێتەوە، هەر بۆیە ئەو حیزبە بە پێویستی زانیوە سیاسەتی پەوردەی تایبەتی هەبێ بۆ ئامادە کردنی کۆمەڵگای کوردستان بۆ دەسپێکی ژیانێکی نوێ کە سیمای کۆمەڵگا بگۆڕێ.

دامەزرانی حیزبی دێموکڕات لەسەر بنەمای بەڕێوەبردن ،بیری نیشتمانی و ئیدارەدانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بوو لە باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان،بۆیە لە یەکەم ڕۆژەوە ئەو حیزبە بۆ بەڕێوەبردنی حکومەت دامەزرا،بە زووترین کات کەوتە واری دروست کردنی دامەزراوە نیشتمانیەکانی وەک سوپا.خوێندنگە،وەزارەتەکان......هەر ئەوەشە وای کرد لە ماوەی ١١ مانگی تەمەنی گەشەو جوڵە بداتە کەرتە جیاوازەکانی سیاسی،کلتوری و ئابوری.بە شیوەیەک جیلێک کە ئەو سەردەمەیان دیوە چەندین دەیە دواتریش لە بژاردە هەرە باڵاکانی نەتەوەی کورد هەژمار دەکرێن و بە جۆرێک هێژمۆنی کۆمار و گوتاری



سەرچاوە
Serchawe

بەشی یەکەم

حیزبی دیموکرات دوای ٧٠ ساڵ لە دامەزران بە سەر هەموو ڕەهەندەکانی بیرکردنەوەی تاکەکانی جڤاتی کوردستانی دیارە .بە شێوەیەک نووسینەوەی مێژووی سەدەی هاوچەرخی کوردستانی گەورە و ئێران بە بێ نێو هێنانی حیزبی دیموکڕات،نووسێنێکی ناتەواو دەبێ.

٢- بەرنامەو سیاسەتی پەروەردەی حیزبی دێموکرات کە دواتر کۆماری کوردستان وەک فۆرمی پێشکەوتووتری ئەو حیزبە، ئەو بەرنامەگەلە جێ بە جێ دەکا، دەتوانێ وەک دەسکەوتێکی سیاسی و مێژوویی رەنگ بداتەوە. لە یەکەم هەنگاوەکانی پێشەوا قازی محەممەد لە بواری پەروەردە دیاری کردن و دانانی لێژنەیەکی پەروەردەیی بووە بە سەرۆکایەتی برایم خانی نادری، بە مەبەستی دانان و دەستنیشان کردنی کتێبە دەرسییەکان،و بۆ ئەو مەبەستە کەڵک لە مامۆستاکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان و باشووری رۆژهەلاتی کوردستان وەک مامۆستا قانیع وەرگیرا. لە سەردەمی کۆمار دانانی چەند مەدرەسە لە نێویان دا یەکەم مەدرەسەی کچانە لە ئاستی کوردستان دەستپێشخەرییەک بوو ، چەندین لاو ئەو سەردەم بە مەبەستی خوێندن رەوانەی سۆڤییەت کران کە دواتر ١٣ کەس لەوانە گەیشتنە ئاستی زۆر بەرزی خوێندن ،زمانی کوردی بۆ یەکەم جار بوو بە زمانێکی فەرمی و مندالانی کورد بە زمانی زگماکی خۆیان قوتابخانەیان بۆ کرایەوە.

قۆناغی دووەمی پەروەردە لە دوای ساڵی ٥٨ بە دامەزرانی مەدرەسەکانی شۆڕش لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان دەست پێدەکات،بە دابین کردنی مامۆستاو بە چاپ گەیاندنی کتێبەکانی خوێندن لە لایەن حیزبی دێموکڕات،کە دەیان هەزار قوتابی و سەدان مامۆستا بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ پەروەردەی کوردییان بینی بە شیوەیەک بوو بە سەرەتای فێربوونی گشتگیری زمانی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەت لە ناوچە سنوریەکانی باشوورو ڕۆژهەلاتی کوردستان.

٣- کە باس لە چۆنیەتی دامەزراو و ئامانجی حیزبێکی سیاسی دەکرێ، دەبێ بەو شێوەیە پێناسە بکرێ، کۆمەڵی مرۆڤی خاوەن فکر و ئامانجی هاوبەش بە مەبەستی بەرێوەبردنی ولات. بەلام ئەوان بە تەنیا ناتوانن کۆمەلگا بەو شێوەیە کە مەبەستە بەرێوە ببەن هەر بۆیە پێویست بە هەبوونی فەرهەنگی بەرز و پەروەردەی زانستی هەیە کە بتوانێ خۆێ لەگەڵ چەمکە مودێرنەکان رێک بخا، بە مەبەستی دەرباز بوونی کۆمەلگا لە فەرهەنگی نەریتی. پێشەوا قازی محەممەد کە تایبەتمەندی مرۆڤێکی پێشکەوتوو و هەروەها ڕێبەرێکی ناوازەی هەبووە، زۆر بە وردی هەنگاوی بۆ ئەو کارە گرنگ و پڕ بایەخە هەڵگرتووە، بۆ نموونە دەکرێ ئاماژە بدەین بە دامەزرانی ڕیکخراوێکی سێنفی بۆ ژنان لە ژێر نێوی"یەکیەتیی یایان" لە ٢٤ی رەشەمەی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی، کە بۆ ئەو کاتی کۆمەلگای ئێران و ناوچە هەنگاوێکی کەم وێنە بووە. گرنگی و پڕبایەخ بوونی دامەزرانی ئەو رێکخراوگەلە تەنیا بۆ کاتی خۆی نەبووە، بەڵکوو کەسێک وەک د. قاسملوو دەسپێکی چالاکی سیاسی بە ئەندام بوون لە یەکیەتیی لاوانەوە، دەبێتە بناغەدانەری کەسایەتیی سیاسی کە وەک رێبەرێکی



سەرچاوە
Serchawe

مودێڕن و ناوازە و خاوەن بەرهەمی فکری سەردەمیانە توانی سیمایەکی نوێ بە بزاڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدا.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلان جارێکیتر حیزبی دێموکڕات ئەم ڕێکخراوانە دادەمەزرێنێتەوە،بۆ دروست کردنی پەیوەندی لە نێوان ئەوانەی لە نێوخۆ دێن بۆ نێو ڕیزەکانی پێشمەرگەو بنەماڵەکان کە لە دوو سیستەمی جیاواز پەروەردە بوون هەر کامیان خاوەن گوتارو تایبەتمەندی خۆیانن.گوتاری حیزبی دێموکڕات لە بواری دامەزرانی ڕێکخراوەییدا لە ماوەی ٧٠ ساڵ لە کار کردنیدا،بووە هۆی دامەزرانی ڕێکخراوەکانی تری وەک خوێندکاران منداڵان ...هتد.

٤- حیزبی دیموکڕاتی کوردستان کە بەرنامەی بەڕێوەبردنی وڵاتی هەبوو تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بۆ قوناغی پاش ڕزگاری، لە هەموو کاتێکدا و بە پێی هەل و مەرج، گرنگی بە لایەنی پەروەردەی ئەندامانی خۆی داوە لە ئاستی پێشمەرگە و بگرە تا کادری ڕێبەری خۆی. پەروەدرەی حیزبی دێموکرات بۆ ئەو کەسانەی کە بە فەرمی دەبنە پێشمەرگەی ئەو حیزبە لە قوناغی دەسپێکی کاری سیاسی و تەشکیلاتی، هەنگاوی کردەیی بە خۆی دەگرێ. پاش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی حیزبی دێموکرات، مامۆستای بۆ قوتابخانەی سەرەتایی پەروەردە دەکرد کە لە گوندەکان مامۆستایەتییان دەکرد و پاش گرتنەوەی شارەکان لە لایەن کۆماریی ئیسلامیییەوە کۆتایی بەو قوناغەش هات. هەر لەو سەردەمەدا بوو کە لە لایەن چەندین مامۆستا لە یەکیەتیی لاوان کۆرسی زانستی گشتی بەڕێوە چووە، سەبارەت بە مێژوو، کۆمەلایەتی و ئابووری ،بە گرتنەوەی سەردەشت، دەرفەت بۆ درێژە پێدانی ئەو قوناغەش نامێنێ. لە هێندێ ناوچەی دیکەش نامیلکە ئامادەو چاپ کراوە لە ژێر ناوی"زانیاری پێشمەرگە". ئێستاش حیزبی دێموکرات بە کەڵک وەرگرتن لە کەسایەتی گەلێ ئاکادمێک و پرۆفیشناڵ لە ئاستێکی بەربڵاوتر هەوڵێ داوە کادری شارەزا لە زۆر بواردا بە تایبەت ڕاگەیاندن پەروەردە بکا.

٥- جێگەو پێگەی "ڕاگەیاندن" لە سیاسەتی پەروەدەیی حیزبی دێموکرات یەکێکی دیکە لە بوارەکانی پەروەردە لە حیزبی دێموکرات وپاشان کۆماریی کوردستان کە لە لایان جێی سەرنج و گرنگی پێدان بووە بواری ڕاگەیاندن بووە کە لە هەموو قوناغێک لە خەبات دا دەتوانێ وەک کۆڵەیەکی ئەسڵی و بنەمایی لە قەڵەم بدرێ. لە سەردەمی کۆماری کوردستان ڕاگەیاندن زیاتر خۆی لە چوارچێوەی چاپ و بڵاو کردنەوەی ڕۆژنامە، گۆڤار و نامیلکە ڕۆڵی گێراوە. هەر چەند لەو سەردەمەشدا کۆماریی کوردستان خاوەن رادیۆ بووە کە لە بەشێک لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆمار بەرنامەی خۆی بڵاو کردووتەوە.پاش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ حیزبی دێموکڕات چەندین گۆڤارو ڕۆژنامە بڵاو دەکاتەوە ،کە ڕۆژنامەی کوردستان تاوەک و ئێستاش وەک زمان حاڵی ئەو حیزبە ماوەتەوە،ڕادیۆ دەنگی کوردستان دادەمەزرێنی کە لایەن چەندەها کادری دڵسۆز بەڕێوەچووە. کەرەستەیەکی دیکە کە لەم سەردەمە بۆ هەموو دەوڵەت و حیزبێک پێویستە" تەلەفزیۆن " یان تی ڤیە، حیزبی دێموکراتیش بە مەبەستی کارتێکەری باشترو زیاتر لە خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تی ڤی تایبەت بە

بەشی یەکەم

سیاسەت و سیستەمی کۆمەڵگای رۆژهەلات داناوەو بەرێوەی دەبا، کوردکاناڵ لەم هەل و مەرجە لە خەباتی رۆژهەڵاتی کوردستان، توانیویە بە شێوەیەکی زانستی و کەڵک وەرگرتن لە پێرسۆنلی دەرووست وبە توانای خۆی، ببێتە دەلاقەیەک بۆ هەموو ماڵێک لە رۆژهەڵاتی کوردستان واتە دەنگ و رەنگێکی نەتەوەیی بۆ هەموو فکر وچینە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا. پەروەردەی نیشتمانی و نەتەوەیی لە خەباتی حیزبی دێموکرات.

**سەبارەت بە پەروەردەی حیزبی دێموکرات لە بواری بیری نیشتمانی و نەتەوەیی سەبارەت بە پارێزگاری لە بایەخە مرۆییەکانی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، دەکرێ لە دوو رەهەندەوە سیاسەتی پەروەدەی ئەو حیزبە هەڵوەستەی لە سەر بکرێ.**

١- کەرامەتی مرۆڤ

٢- لایەنی مێژوویی حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی میللی – دێموکراتیک هەم گرنگی بە ئاگاهی نەتەوەیی بوون و بە دەزگایی کردنی ئەو بایەخە لە وجوودی ئەندامی خۆیداو هەم پرەنسیپی شۆڕشگێرانەی کردوەتە فەرهەنگێکی بەرز بۆ ئەندامی خۆی، بەڵگەش بۆ ئەو پرەنسیپە، "کەرامەتی مرۆڤە" کە لە بەرنامەی حیزبی دێموکرات بە روونی گرنگی پێ دراوە، واتە پرسی مرۆیی تەوەرێکی گرنگ لە سیاسەتی پەروەردەیی ئەو حیزبەیە.

٢- لایەنی مێژوویی: یەکێک لە دەسکەوتە سیاسی و مێژووییەکانی کۆماری کوردستان پێک هێنانی " سپای میللی" بووە بە مەبەستی پارستنی کۆماری کوردستان و شوناسی تاکی کورد کە ئەویش خزمەت بە رەهەندی یەکەم واتە کەرامەتی مرۆڤەوە دەکا. گرنگی بە لایەنی سەربازی لە مێژووی ئەو حیزبە خۆی لەوە دا دەبینێتەوە کە رۆژێک بە نێوی ئەو مرۆڤە شۆڕشگێڕانە ناوزەد بکرێ ئەویش ٢٦ی سەرماوەز واتە رۆژی "پێشمەرگەی کوردستان". پاش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی کە بزاڤی میللی - دێموکراتیک لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو قوناغێکی دژوار دەڕوا، رێبەرایەتی ئەو حیزبە بە مەبەستی بارهێنانی هێزی مرۆیی خۆی" فێرگەی سیاسی- نیزامی دادەمەزرێنێ و هێزی سەربازی خۆی لە چوارچێوەی هێزێکی رێک و پێک هەم لە بواری سیاسی و هەمیش لە بواری سەربازی پێک دێنێ و کارایی باش و شوێن دانەریان هەبووە لە خەباتی رەوای حیزبی دێموکراتی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١٥ی سێپتامبری ٢٠١٥

بەشی یەکەم

## پیرۆز بێ ئەندامەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیستدا



**مستەفا مەعرووفی**

لەبەرەبەری یادی ٢٦ ساڵەی تێرۆری ڕێبەری هەڵکەوتووی کورد د. قاسملوو و هاوڕێیانی لە دوایین کۆبوونەوەی گشتیی شوورای ناسیۆنال سوسیالیستدا کە لە ڕۆژانی ٧ و ٨ی ژوئیەدا لە نیۆیۆرک پێک هات، بە خۆشیەوە حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئەندامی ئەم ڕێکخراوە جیهانیە هەڵبژێردرا. ئەندامەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم ڕێکخراوەدا کە دوای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گەورەترین ڕێکخراوی جیهانییە، نیشانەی زیندوویەتی و توانا و ئیعتیباری حیزبی دیموکراتی کوردستانە.

لە مێژووی ٧٠ساڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا مێژووی ٣ دەیەی دوایی ئەم حیزبە بە جۆرێک گرێ دراوە بە مێژووی ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیستەوە. دوو ڕێبەر و سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات دوای بەشداری لە کۆنگرەکانی ئەم ڕێکخراوە جیهانییە تێرۆر کران، حیزبی دیموکرات جارێک بۆتە ئەندامی چاوەدێر و لەم کۆبوونەوەیەشدا بۆتە ئەندام؛ لە کۆنگرەی ١٧یەمی ئەنتێر ناسیۆنال سۆسیالیست لە ساڵی ١٩٨٦دا لە لیما پێتەختی وڵاتی پێرۆ د. قاسملووی نەمر وەک میوان بەشدار بوو. هەموو هەوڵی قاسملووی نەمر ئەوە بوو حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم ڕێکخراوە جیهانییەدا ببێتە ئەندام و دەنگی بزووتنەوەی کورد بەو تریبوونە جیهانییە رابگا. لە کۆنگری ١٨شدا ساڵی١٩٨٩ لە ستۆکهۆڵم د. قاسملوو بەشدار بۆوە، بە داخەوە زۆری نەبرد دوای ئەم کۆنگرەیە لە ڤیەن پێتەختی ئوتریش بەدەستی تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامی وێڕای عەبدوڵلا قادی ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و د. فازڵ ڕەسووڵ کوردی باشووری کوردستان و دۆستی حیزبی دیموکرات شەهید

بەشی یەکەم

بوون. سێ ساڵ دواتر لە کۆنگرەی ١٩ ئەنتێر ناسیۆنال سۆسیالیست لە ساڵی ١٩٩٢ دا لە بێرلین پێتەختی ئەڵمان د. سادقی شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات وەک میوان بەشدار بوو، بە داخەوە ئەویش، یەک ڕۆژ دوای تەواوبوونی کۆنگرەکە لە بێرلین وێڕای فەتاحی عبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، هومایوونی ئەدەڵان نوێنەری حیزب لە ئەڵمان و نووریی دێهکوردی دۆستی حیزبی دیموکرات بەدەستی تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامی شەهید کران. لە کۆنگرەی بیستەمی ئەم ڕێکخراوەیەدا لە نیۆیۆرک سکرتێریی گشتیی ئەوکاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە بەشدار بوو و بە هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆر حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو کۆنگرەیەدا وەک ئەندامی چاوەدێر لەم ڕێکخراوەیەدا وەرگیرا. لە کۆبوونەوەی ئەم دواییەی شووڕای گشتییشدا بە هەوڵ بە بەشداریی هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی کاک مستەفا شەڵماشی نوێنەری حیزب لەدەرەوەی وڵات و بە پشتبەستن بە هەوڵە لەمێژینەکانی ئەم حیزبە بە خۆشییەوە حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک ئەندام لەم ڕێکخراوەیەدا وەرگیرا.

گرنگیی ئەندامەتی لەم ڕێکخراوەدا ئەوەیە کە ئەم ڕێکخراوە دوای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گەورەترین و بەرینترین ڕێکخراوی جیهانییە. بە دەیان حیزب و ڕێکخرای چەپ و دیموکرات لە سەرانسەری جیهان تێیدا بەشدارن. هێندێک لەو حیزب و ڕێکخراوانە لە وڵاتانی خۆیان یان لە دەسەڵاتدارن یان لە دەسەڵاتدا بەشدارن یان ئۆپۆزیسیۆنن و لە مەیدانی سیاسیدا کاریگەر و شوێندانەرن. ئەم ڕێکخراوە وەک هەر ڕێکخراوێکی دیکەی نێونەتەوەیی ئەگەر بڕیارەکانی قابیلی ئیجرا نین، بەڵام لە رووی دیپلۆماسییەوە تریبوونێکی گرنگی نێونەتەوەییە و بۆ گەلی کورد زۆر گرنگە کە حوزووری هەبێ و لەوێوە دەنگی بە خەڵکی جیهان رابگا.

بوونە ئەندامی حیزبی دیموکرات لەو ڕێکخراوە جیهانییەدا نیشان دەدا کە حیزبی دیموکرات لە لایەک هەروا لەسەر باوەڕەکانی سۆسیالیزم وەک سیستمێکی دادپەروەرانەی کۆمەڵایەتی و ئینسانی سوورە و لەلایەکی دیکەش نیشان دەدا کە خاوەنی جێگە و پێگەی نێونەتەوەییە کە ئەمەش نفووز و ئیعتیباری ئەم حیزبە دەسەلمێنێ. بوونە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئەنتێر ناسیۆنالیست سۆسیالیستدا، دوای ٣٦ ساڵ سەرکوت و تێرۆر و سانسۆری کۆماری ئیسلامی لەسەر ئەم حیزبە، حوزووری کادر و پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە گوێرەی توانا لە ئاستەمترین و دژوارترین و تەنانەت نامومکینترین هەلومەرجەکان لەم ساڵانەی دواییدا، و خۆڕاگریی ئەم حیزبە لەو هەلومەرجە دژوارەی ئەمڕۆدا، نیشانەی زیندوویەتی و پوتانسییەلێکی گەورەیە کە لەم حیزبە دا هەیە. ئەگەر دەرفەتی ئازادبوونی ئەم پوتانسیەلە برەخسێ بێگومان لە مەیدانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەکتەری سەرەکییە و لە نێو هێزە سیاسییەکانی کوردستانیشدا لە ریزی ئەکتەرە سەرەکیەکاندایە. بێگومان ئەگەر ئەم حیزبە رەگی لە ناخی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانەکوتابێ و لە هەناوی کۆمەڵانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەڵنەقوڵابێ و وەک حیزبێکی

بەشی یەکەم

سەربەخۆو خاوەن ئیرادە بوونی خۆی نەسەلماندبا، لەو هەلومەرجە دژوارەدا کە ئەمڕۆ تێیدایە، نەی دەتوانی بەو دەسکەوت سەرکەوتنانە بگا.


سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١١ی جوولای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

بەشی یەکەم

## حیزبی دیموکراتو ئەرکە فەرامۆشکراوەکانی!



خالید محەممەدزادە

پلینۆمی دوازدەهەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕەنگە یەکێک لەو پلینۆمانەی ئەو حیزبە بێ کە بەهۆی ئاماژەی بەیاننامەی کۆتایی پلینۆم بە پرسی چالاکیی چەکدارانە و بڕیاری بەستنی کۆنگرەی شازدەهەمی ئەو حیزبە و هەروەها خۆبواردن لە ئاماژە بە پرسی یەکگرتنەوەی دێموکڕاتەکان زۆرترین ڕەنگدانەوە و کاردانەوەی لە بیروڕای گشتیی دەرەوەی ئەو حیزبەدا بەدووی خۆیدا هێناوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان یەک لەو هیزە سیاسیانەیە کە لە چەند ساڵی رابردوودا هەڵگری روانینێکی جیاوازتر لە زۆر پرس لە کوردستان بووە، هەر لە بەشدارینەکردنی چەکدارانەی لە شەری داعش(بە هوی بی مەیلی بەرپرسانی باشوور) و گواستنەوەی هێزەکانی بۆ رۆژهەلات لە قالبی پاریزەرانی رۆژهەلات، گرتنەبەری دانوستان لە گەل ئێرانو هێنانەگۆرێی پرسی رۆژهەلاتمیحوەریو روانینی جیاوازی بۆ لێکتێگەیشتنە ئەتۆمیەکە و بەرەوپیشبردنی پرسی یەکگرتنەوە لە گەڵ حدکاو گرتنە بەری روانینی جیاواز بەرامبەر بە دۆخی نێوخوی رۆژهەلاتی کوردستان.

ئەم حیزبە کە داوای دامەزرانی کۆماری کوردستان لە رۆژهەلات دەکاتو لەو ساڵانەش زۆرترین شوکی لەم هەرێمە داوە بە جۆرێک کە کاردانەوەی زۆریشی لە رۆژهەلاتی مەجازی بە دوای خۆی هێناوە، بەلام نابێ لە بیری بچێت کە ئەوەی ئەم هێزە دەتوانی لە هاوکێشە سیاسییەکان بهێلێتەوە، جیاوازبونیەتی لە سەر بنەمای وەگەڕخستنی کۆی تواناکانی لە گەڵ کۆی



سەرچاوە
Serchawe

بەشی یەکەم

هێزە سیاسییەکانیتری ڕۆژهەڵاتو نەک بوون بە بەشێک لەوان.

کێشەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە ئێستا ئەوەیە کە زۆر لێک دەچنو جیاوازییە شکڵییەکانیان نەیتوانیوە جیاوازی ڕوانینی فیکریو سیاسی بخوڵقێننو ڕەنگە زۆرترین جیاوازیان دابەشبوونیان بێت بە سەر دوو ڕوانینی حیزبی بە سەر کورستان داو ئەمەش وایکردوە خوێندنەوەی ڕۆژهەڵاتی بۆ دۆخەکە بوونی نەبێت.

ئەرکی یەکەمی حدک بەپلەی یەکەم کارکردنە لە سەر ڕۆژهەڵات. حدک دەبێ کۆنگرەی داهاتووی بکات کۆنگرەی چالاکترکردنەوەی لە کۆی بوارەکانو لە هەموو پتانسیەلی سوود وەربگرێت بۆ بەرۆژکردنەوەی ڕۆژهەڵاتو گەڕانەوەی گوتاری کوردستانی بوون لە سەر بنەمای ڕۆژهەڵات.

ئەمەش بە پلەی یەکەم پێویستی بە فۆرماتکردنەوەی ئەم هێزەیە لە نێوخۆیداو بە جۆرێک کە دەبێ پێداچونەوە لە هەموو ڕێگریو کۆسپە نێوخۆییەکانی چالاکترکردنەوەی ئەم هێزە بکات.

ڕۆژهەڵات مێحوەری کە ئەو هێزە هەڵگریەتی دەبێ لە لێدوانی میدیایی بگوازرێتەوە بۆ کۆی جومکەکانی ژیانی سیاسی ڕۆژهەڵاتو ئەمەش پێویستی بە دانوستانو هاوبەشی لە گەڵ کۆی ئەو هێزانە هەیە کە خەباتی کوردستانی لە سەر بنەمای ڕۆژهەڵات گرنگی یەکەمی هەیە بۆیان. پێویستە کار بۆ کۆکردنەوەی جیاوازییەکانی ڕۆژهەلات بکات لە دەوری میزیک تا ئاستی بەستنی کۆنگرەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەم ڕاستییە وەبیر هەموویان بێتەوە کە خودی هێزە سیاسییەکان ناتوانن بەشێک بن لە پرۆسەی ئیهمالکردنی ڕۆژهەڵات.

دەبێ گوتاری یەکگرتنەوە، یا ڕیککەوتن کە ئەم هێزە هەڵگرییەتی زۆر بەرفروانتر بکرێتەوە بۆ نێو کۆی هێزو گرووپە سیاسیو مەدەنییەکانو لەوێشەوە ئەم یەکگرتنەوە شۆر بێتەوە بۆ وەگەرخستنی ئەو پتانسیەلی نستووەو بە لارێدا براوەی لە ڕۆژهەڵات هەیە. ڕۆئیای یەکگرتنەوە دەبێ پەل بهاوێ بۆ نێو جیاوازییەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتو قەتیس نەمێنێتەوە لە خولیایەکی مەحفەلی تاراوگەنشینی.

حدک لە کونگرەی داهاتوودا دەبێ خاوەنداریەتی لە کۆی سەمبولو ڕەمزو دەسکەوتەکانی ڕۆژهەڵات بکاتو بۆ خۆی ببێ بە هەڵگری بەشێک لەم سەمبولو ڕەمزانە وەک بە پەسند گەیشتنی ئاڵای کوردستانو گشتاندنی کۆی ئەم بۆنە نەتەوەییانەی هەن بۆ نێو کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتو بیکات بە بڕیاری ڕەسمیو سیاسی.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی یەکەم

ساڵێک کە دادێ ساڵێکی پڕ لە چالاکیو ڕووداوی سیاسی لە ئێرانو کوردستان دەبێت، ئەوەی ئەم هێزە پێویستە کاری لە سەر بکات دانوستانو هەوڵدان بۆ پێکەوەیی بوونە لە گەڵ کۆمەڵگای مەدەنی ڕۆژهەڵاتو گوێ گرتن لە خواستی نێو ئەم کۆمەڵگایە بە جۆرێک کە کۆی ئەمانە بتوانێ خێرایەکی زیاتر بە پرۆسەی سیاسی کوردی لە ئێران بە پرسی کورد بدات.

حدک لە ساڵێک کە دادێو لە کۆنگرەی داهاتووی لە ژێر تاقیکردنەوەیەکی گەورە دادەبێو دەبێ وڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە کە ئایا وەک هێزە گۆڕانخوازەکەی جاران دەمێنێتەوەو بەرنامەی ڕوونو پراکتیکی هەیە بۆ دابەزاندنی ئەم جیاوازیانەی؟ یا دەبێ بە بەشێک لە پرۆسەی خاو وخلیچ و پڕ لە چاوەڕوانیو بێ بەرنامەیی حیزبی سیاسی لە ڕۆژهەڵات کە لە ئێستا هەیە؟!

پێموایە حدک دەبێ ڕێگای یەکەم بگرێتە بەر.

لە ژمارە ٦٥٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئاپریلی ٢٠١٥



سەرچاوە Serchawe

بەشی یەکەم

## وتوویژی تایبەتی «کورد کاناڵ» لەسەر پرسی دێموکراتەکان و داهاتووی حیزبی دێموکرات.




**پرسیار**: لە پەیامە نەورۆزییەکەی دا، جەنابت زۆر گرینگیت بەو بەشە لە پەیامەکەت دا کە تایبەت بوو بە داهاتووی حیزبی دێموکرات و ئاماژەت بەوە کرد کە لە ساڵی ١٣٩٤دا حیزبی دێموکرات جێژنی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی خۆی دەگرێ و، ڕوو بە ئەندامانی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان کۆمەڵە چاوەڕوانییەکت باس کرد. گرنگیی ئەم پەیامەی جەنابت و هۆکاری ئەوەی جەنابت لە دەسپێکی ساڵی نوێدا ئەم باسەت ورووژاند، چیە؟

**وەڵام**: گرینگییەکەی لەوەدایە حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکەم حیزب بووە کە بە شێوەی مۆدێرن لەنێو جوڵانەوەی کورددا دامەزراوە. یەکەم حیزب بوو کە ئیفتیخاری ئەوەی پێبڕا یەکەم کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ. یەکەم حیزب بوو کە لەودا سەرۆک کۆماری کوردستان، یەکەم سەرۆک کۆمار سەرۆکی حیزبی دێموکراتیش بوو. ئەوەندەی ئاوڕ لە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەدەیەوە، لە هێما نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان، لە کۆمارەوە بگرە هەتا ئاڵا، هەتا ناوی پێشمەرگە، هەتا دروستکردنی ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕی، بەشێکی زۆری حیزبی دێموکرات کاری بۆ کردووە و پێیەوە ماندوو بووە و هێناوییەتە مەیدانی خەباتی سیاسی و تێکۆشان، و ئەو حیزبە ئیفتخاری خەڵکێکی زۆر بووە کە تێیدا لە خەبات و تێکۆشان، بەشدار بوون. بەشێک زیندانییان لەسەر چێشتووە، بنەماڵەیەکی زۆر شەهیدیان بۆ داوە و خەڵکێکی زۆر لێی فێر بوون، هەر بۆیە ئێعتبارێکی جەماوەری بەهێزی هەیە لەنێو کۆمەلانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بە خۆشییەوە واشی سیاسەت کردووە بە بەراوەرد لەگەڵ زۆر لایەنی دیکە، ڕاستییەکەی گلەیی کەممان لەسەرە. بەڵام ئەو حیزبە بە هەموو ئیفتخاراتی خۆی، لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان و قوربانییەکانی ئەگەر تۆ ئاوڕ دەدەیەوە بەتایبەت بە مێژووی پەنجا ساڵی ئەخیردا، لەنێو خۆماندا حیزبێکی پڕموشکیلە بووین، حیزبێکی پڕ کێشە بووین، حیزبێک بووین ئینشیعاب و

## بەشی یەکەم

لێکدابڕان و لەگەڵ یەک نەحاوانەوە و لەتبوون و کێشەیەکی زۆری نێوخۆییمان بووە و، جاروبار بەداخەوە چەندوچۆنی ئەو کێشانە، لە زمانی کەسایەتییەکانی حیزبی دێموکراتیش وای باس کراوە ڕەنگە زۆر کەس کە تەمەنێکی زۆری لە حیزبی دێموکراتیش تێپەڕ کردووە، ئەو جێگایەی پێویستە لە حیزبایەتی پێی بدەن، پێی نەدراوە. بەلام ئەوەی بەلای منەوە گرینگە کە لە پەیامە نەورۆزییەکەشدا ئاماژەم پێدا، ئەوەیە؛ بۆ ئێمە وەک حیزبی دێمۆکرات، هەر دوو لای دێموکرات و ئەندامانی دێموکرات لە هەر دوو بەشەوە، کە بەرەو یادی حەفتا ساڵەی خۆمان دەچین، ئەگەر خەڵکیش پرسیارمان لێنەکا ئەدی لەو حەفتا ساڵەدا چتان کردووە، چۆنتان سیاسەت کردووە، چۆن کێشەکانتان چارەسەر کردووە، چۆن لە سەردەمی ئێستادا کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نازانین چی لێدێتەوە، سیناریۆی ناڕوون زۆر ڕوودەدا، هەر ڕۆژێ شتێک دێتە پێشێ، ئەی چۆن وڵامی ئەوانە دەدەنەوە لە داهاتوودا، حەق وایە ئێمە ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە هەر دوو بەش بڵێین ئەرێ ئێمە ئەو حیزبە چۆن تەیار دەکەین، چۆنی ئامادە دەکەین کە وڵامدەری ڕوداوەکان لە ناوچەکە و ئینتزاراتی کۆمەڵانی خەڵک لەنێو خۆی وڵات بێ. بەو دەلیلە لەڕوانگەی منەوە زۆر گرینگە، زۆر موهیمە لە یادی حەفتا ساڵەی حیزبی دێموکراتدا ئێمە چۆن لە خەبات و تێکۆشان شەهامەتمان بووە، ئێمە تەنانەت ڕێبەرانی خۆمان لەو مەیدانەدا لەدەست داوە، لە پێداچوونەوە بە خۆمان، لە ئاماژەدان بە هەڵە و ئیشتیباکانمان، لە دەستنیشان کردنی کەموکوڕییەکانمان، لە ئاماژەدان بەو شوێنانەی کە ئێمە بە کارو کردەوەی خۆمان هۆیەک بووینە بۆ ئەوەی کە حیزبی دێموکرات وەحدەتی تێدا نەبێ یان نەمانتوانیوە بەیەکەوە کار بکەین، بە ئاماژە بەوانە وردەوردە دوای حەفتا ساڵ، حیزبی دێموکرات بەرەو ئەوە ئامادە بکەین کە وڵامدەری ئەو ئینتزاراتە بێ و لەو پەیوەندییەدا ئەوەی بەلای منو بەلای ڕێبەریی ئێمەوە گرنگ بوو، دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بوو بۆ چارەسەریی کێشەی دێموکراتەکان.

**پرسیار**: لە حالێکدا جەنابت ئەو چاوەڕوانییانە لەلای ئەندامانی هەر دوو لای دێموکرات ساز دەکەی و باس لە چاوەڕوانیی خەڵک دەکەی، ئێستا نزیک بە هەشت ساڵە حیزبی دێموکرات لێکدابڕانی تێدا ڕووی داوە و ئێستا دوو دێموکرات هەیە و ئێوە زیاتر لە سێ ساڵە لە دیالۆگ و وتوویژ دان بۆ چاردسەری ئەم گرفتە. تا ئێستا چتان کردووە و بە چ ئاکامێک گەیشتوون؟

**وەڵام**: وڵامی یەکەمی پرسیارەکەی جەنابت ئەوەیە کە تا ئەو لەحزەیەی لێرە لەگەڵیەک دانیشتووین، دەکرێ بڵێم بەداخەوە ئێستا بە بونبەست گەیشتووین. لە ڕوانگەی منەوە لایەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەو بەشەی کە کاک مستەفا هیجری سکرتێرییەتی، ئەوان بە بونبەستیان گەیاندووە. جا ئەمن تێدەکۆشم بچمە نێو تەفاسیل و جوزئیاتی ئەوەی بۆ ئاوای لێهات. ئێمە چمان کردووە، ئەوان چۆنیان وڵام داوەتەوە، ئێمە چۆنمان هەوڵ داوە، چ جوابێکمان لەوان وەرگرتۆتەوە، ئێمە چ گەلاڵەیەکمان هێناوە، ئەوان چیان کردووە و بۆچی ئاوای لێهات.

بەشی یەکەم

پێشەکی لەتبوون و ئینشیعاب، لێک جیابوونەوە، هەرچییەکی بێ، لە مەرحەلەیەکدا کە پێکەوە کار ناکرێ، وای لێدێ، لێک جودا دەبنەوە. قەتعەن وەسەریەک کەوتنەوە زەحمەتترە. لێکدابڕان ئاسانترە، ئەو لایەنەی هەوڵ دەدا بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارە، دەبێ ئەو ئیستیعداد و ئامادەگییە لەخۆیدا پێک بێنێ کە گوزەشتی زۆر بێ. کە کاتێک بیر لە ڕێگەچارە دەکاتەوە، زۆر خۆی چەقبەستوو نەبینێ لە کێشە مێژووییەکاندا. زۆرتر ئەو یەکگرتنەوەیە وا چاو لێ بکا، زەرورەتێکە بۆ داهاتوو و جیددیش بۆی بچێ. ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا لە چەند ساڵی ڕابردوودا لەژێر ڕووناکایی ئەو خوێندنەوەدا کارمان کردووە کە ڕێگەچارەیەک ببینینەوە. پاش ئەوەی کە ڕەوابیتی هەردوولا عاددی بۆوە، ئیدی وردەوردە زەمینەی ئەوە دروست دەبوو کە ئێمە بتوانین لەگەڵ یەک دابنیشین و موزاکرە بکەین. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا من لێرە ئاماژەیان پێدەکەم، زۆربەی زۆری ئیبتیکارەکان لەلایەنی ئێمەوە بووە. سێ جار من بۆ خۆم هەوڵم داوە، لە دەرگای ئەم و ئەوم داوە، بۆ ئەوەی قەناعەت بە کاک مستەفای هیجری بێنم بەیەکەوە دابنیشین بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک. جاری یەکەم داوام لە دۆستێک کرد هەردوولامان میوانی بووین. لەوێدا باسێکی زۆرمان کرد، ئەو کێشانە لە ڕابردوودا هەرچییەکی بووە، سیاسەت کێشەی تێدا هەیە، لێکدابڕان هەیە، بەڵام ئێستا با ئامادە بین حەللێک ببینینەوە. پاش ماوەیەکی دیکە کونسوڵی فەڕەنسا سەردانی ئێمەی کرد، میوانی ئێمە بوو، بە حوکمی ئەوەی دۆستی دێموکراتە، لە قەدیمەوە پەیوەندییان لەگەڵ ئێمە هەبووە. ئەوەش بەشێکی بەرهەمی کار و تێکۆشانی دیپلۆماسیی دوکتور قاسملووی نەمرە لە پاریس، ئەو داوای کرد کە چۆنە ئەمن دەعوەتتان بکەم بەیەکەوە دابنیشن. گوتم جا دۆستێکی وەک ئێوە داوا لە دێموکرات بکا، قەت نالێین نا. لەگەڵ کاک مستەفا هیجریش پێوەندی گیرا، لە کونسوڵی فەڕەنسا دانیشتین. لەوێدا کە ئەو بەعسانەمان کردەوە، هەر دوو لامان هاتینە سەر ئەو قەناعەتە کە بەڵێ بەدوای ئەوەدا دەڕۆین کاری لەسەر دەکەین وتوویژ و گفتوگۆ بکەین و چارەسەری بکەین. تەنانەت کونسوڵی فەڕەنسا گوتی ئەگەر ناشتوانن یەک بگرنەوە، وەک دوو حیزب کار بکەن. گوتمان نا، ستراتیژی ئێمە یەکگرتنەوەیە. بۆ یەکگرتنەوە کار دەکەین. گوتی زۆر باشە. بەدوای ئەوەدا کۆمەڵێک دانیشتن و موزاکرات هاتەگۆڕێ. ئێمە گەڵاڵەیەکمان ئامادە کرد. گەڵاڵەی ئێمەدا باس لەهەر دوو حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکا، ئێمە گەڵاڵەکەی خۆمان کە نەتیجەی گفتوگۆ و موزاکرە لە کۆمیتەی مەرکەزی و ڕیزەکانی خۆمان و مەشوەرەت لەگەڵ ئەندامانی خۆمان و چەندین جار پێداچوونەوە و قسە لەسەرکردن بوو، هێنامانە پلینۆم، لە پلینۆمدا پەسەند کرا، پلینۆم دایەوە بە دەفتەری سیاسی، دەفتەری سیاسیش پێشکەش بەو هاوڕێیانەی کرد. ئینتزارمان دەکرد ئەوان ئەو گەڵاڵەی ئێمە وڵام بدەنەوە. سەرەنجام کە داوامان لێ کردن، ئەوان بەشێوەی شەفایی گوتیان ئێمە موافقی ئەو گەڵاڵەیە نین. گوتمان باشە بە کەتبی وڵاممان بدەنەوە، موافقی چن بینووسن، بڵێن ئەو بەشە لە گەڵاڵەکەمان قبووڵە، ئەو بەشەمان قبووڵ نیە. لێرە خاڵی هاوبەشە، لێرە ناکرێ سازشی لەسەر بکەین، لێرە دەکرێ سازشی لەسەر بکەین، بەسوڕەتی کەتبی هیچ وڵامێکی ئێمەیان نەدایەوە. دیسانەکە ئێمە خەبەرمان لێ ناردنەوە، ئێوە گەڵاڵەی خۆتان بنووسنەوە بۆمان بێنن. جارێک هەروا شەفایی کە هاتبوون، گەڵاڵەیەک کە توافقی تێکەڵبوونەوەکەی

## بەشی یەکەم

پێشوو بوو، ئەویان هێنابوو. لەحاڵێکدا ئێمە هەردوو لامان پێمانوابوو کە تێکەڵبوونەوەکەی پێشوو نەقسی هەبووە، کامیل نەبووە، هەردوولا باش موتەعەهید نەبوون، بەباشی ڕووحی یەکگرتنەوە بەسەر دروستکردنەوەی ئەو وەختی حیزبی دێموکراتدا زاڵ نەبووە، دوایە ئەو کێشانە هەر ئیدامەی پەیدا کردووە، لە حەددی خۆیدا بە شێوەیەک زەمینەی بۆ کێشەکانی کۆنگرەی سێزدەش دروست کردووە، دەی باشە گەلاڵەیەک کە مووەفەق نەبووە، چۆن دەتوانێ ببێ بە ڕێگاچارە. بەهەرحاڵ پاش ماوەیەکی دیکە ئەوان هەر وڵامیان نەبوو. ئێمە بۆخۆمان لە دەفتەری سیاسی باسمان کرد لەو دواییاندا کە حەللێک ببینینەوە. داوایان لێ بکەین بە شەفاهییش بێ قسەی خۆیان بکەن. دەنا لەڕاستیدا ئەوان لەلایەن خۆیانەوە شتەکەیان کۆتایی پێهێنابوو. نە خەبەریان لێ دەناردینەوە، نە داوایان دەکرد، نە دەیانەویست لەسەر گەڵاڵەیەک قسە بکەن. وابوو دەفتەری سیاسی داوای لە من کرد کە بۆ جاری سێهەم ئەوجار، چونکە جارەکانی پێشووش هەردووک جارەکان ئەمن ئیبتیکاری تەماس گرتن لەگەڵ کاک مستەفای هیجریم کردبوو کە بەیەکەوە دابنیشین حەللێک ببینینەوە. ئەمجارەش داوام لە کاک مستەفا کرد کەبەیەکەوە دابنیشین، با ئەو شتە بە بونبەست نەگا، لە مەرحەلەیەکی دیکە دەست پێبکەینەوە، ئەمن گوێت دەدەمێ، دووبەدوو قسەی لەسەر دەکەین، چۆن دەتوانین مودیرییەتی دەفتەری سیاسی هەردوولا بکەین بۆ گەیشتن بە چارەسەرێک. ئێمە کە دانیشتین دەوری سێ چوار مانگ پێش ئێستا بوو. گلەییم لێکرد گوتم ئێوە ئەو گەڵاڵەیەتان قبووڵ نەکرد، دەبا وڵامێکتان دابایەوە، دەی باشە ئەو گەڵاڵەی ئێستاش لای کومیتە مەرکەزی ئێمە ماوەتەوە، ئەو گەڵاڵەیە وەلا دەنێین، بزانم حەللەکەی ئێوە چیە. من چەند پێشنەهادم پێکرد. لە سیاسەت و لە کێشەی حیزبەکاندا زۆرجار باسی ئەوە دەکرێ کە شەڕ لەسەر دەسەڵاتە، تەبیعیشە لە دەسەڵاتدا شەڕی دەسەڵات هەیە، من هەر لەو پێوەندییەدا بۆوەی من کۆمەکم کردبێ بەوەی کە حیزبی دێموکرات وەسەریەک کەوتبێتەوە، قەتعەن کاتێک باسی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات دەکرێ، دەڵێن ئەدی خالیدی عەزیزی سکرتێر دەبێ یان مستەفای هیجری، کێهەیان سکرتێر دەبێ، لە پرۆسەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتدا کە هەردوولامان دەمانەوێ هەردوولای حیزبی دێموکرات وەسەریەک خەینەوە بچینە کۆنگرەی حیزبێکی واحید، هەتا کۆنگرە جەنابت سکرتێری هاوبەشمانی، ئەمنیش لە خزمەت ئەو حیزبەدا دەبم لە هەر شوێنێک کارم پێبسپێرێ. ئەوە بە نیسبەت خۆمەوە، ئەووەڵ کەس من لەخۆمەوە دەست پێدەکەم. دوایەش ئێوە حەساسییەتێکی بێجێ و نادروستتان لەسەر ناو هێناوەتە گۆڕێ، ناوی ئێمە و ناوی ئێوە بەشێک لە مێژووی حیزبی دێموکراتە، ئینکار ناکرێ. بەڵام بۆوەیکە دیسان ئێمە ئیمتیازێکی دیکەش بدەین، شانسێکی دیکەش بدەین بە ئێوە، چۆن من بۆ خۆم شانسێک دەدەم بە تۆ، لەو پەیوەندییدا لە دەورانی سکرتێریی جەنابت حیزبی دێموکرات لەت بوو، ئەوە من موددەعی پۆستی سکرتێری نیم ئەوە جەنابت دەبی بە سکرتێر، لێرە شانسێکی دیکەش دەدەین بە یەکگرتنەوەی ئەو حیزبە، ئێمە ئامادەین لەژێر نێوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بۆ ئێمە هێڵی سوور نیە، لە کۆنگرەی سێزدە کە ئێمە و ئێوە دەنگمان پێداوە، ئەو دەکەین بە مەبنا، بەڵام مەجموعەیەک ژێرمەجموعەی دەبێ، مەجموعەیەک میکانیزمی دەبێ، قەیناکا با ئەوەش ئاوا بێ. گوتی دەی زۆر باشە هەردووک لامان دەیبەینە دەفتەری سیاسی. لەو دانیشتنەدا لای خۆم من



سەرچاوە Serchawe

بەشی یەکەم

وام تەسەوور دەکرد ئێمە هەنگاوێکی زۆر ڕۆیشتووینە، هەر ماوەتەوە لە دەفتەری سیاسی هەردوولا باسی لێ بکەین و وردەوردە بەدوای وردەکارییەکانی ئەوەدا بڕۆین تا چووین لەگەڵ ئەواندا کۆبوونەوەیەکی دەفتەری سیاسیمان کرد.

**پرسیار**: کاک خالید، دوای ئەو هەیئەتانەی پێکەوە موزاکرەیان دەکرد، دواتر گەشبینییەک دروست بوو کە ئەندامانی دەفتەری سیاسی هەردوولا پیکەوە دادەنیشتن و تەنانەت بەڕێز کاک مستەفا هیجری لە مساحیبەیەکدا باسی ئەوەی کرد چاوەڕوانی هاتنەوەی جەنابتن کە ئەوکات بە سەفەرێک لە ئورووپا بووی، ئەوە کە دێیەوە و تەنانەت ئەو گەشبینییەی بە خەڵک دا کە بەشێک لە کێشەکان چارەسەر بووە و چاوەڕوانی ئەوەین کە بەڕێز کاک خالید بێتەوە . دوای ئەوەی ئێوە دانیشتن لە دەفتەری سیاسی، بەڵام تا ئێستاش هیچ ئاکامێک دیار نیە، ئەو دانیشتنە بەکوێ گەیشت؟

**وەڵام**: بەڵێ من و کاک مستەفا کە لەگەڵ یەک دانیشتین، هەردووک لامان، لانیکەم ئەمن بۆخۆم خوێندنەوەکەم وابوو کە بەو ڕوحیاتەوە دەچینە کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسی هەدروولا و لەوێدا دەفتەری سیاسی هەردوولا و هەیئەتەکانمان ئەرکدار دەکەین بۆ جێبەجێکردنی ئەوە. لە کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسی کە ئەو مەوزووعە باس کرا، گوتمان کۆمەڵێک میکانیزم دەتوانێ کۆمەک بەوە بکا. ئێمە کە گوتمان ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هێڵی سوور نیە، نێوی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بۆ ئێوە هێڵی سوور نیە، بەڵام هیچ ئیشکالی نیە دەڵێین نێوەکە نێوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، با بزانین ئێستا ئێمە کێ تێکەڵ دەکەینەوە، ئەو خەڵکە کێیە. چۆن بەرەو ئەوە بڕۆین لە ئیشتباهاتی پێشوو دەرس وەربگرین. بنەمای یەکگرتنەوەیەک دابنێین کە نیگەرانیەکانی هەردووک لامان بەرتەرەف بێ و دوایە بە دڕدۆنگی لەگەڵ یەک کار نەکەین. ئێمە پێشنەهادمان پێکردن، دەی باشە هەردوو باڵی دێموکرات یەک دەگرینەوە، هەردوولای دێموکرات یەک دەگرینەوە، دێموکراتەکان یەک دەگرینەوە، هەمووی ئەوانە لەڕوانگەی ئێمەوە هیچ ئیشکالی نیە، چون هەردوولا دەگرێتەوە. هەروەها لەوانە گرنگتر ئێوە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو هەشت ساڵە مێژووی خۆتان هەیە، لە ئیدامەی مێژووی پێشووتان، ئێمەش مێژوویەکی جیاوازمان هەیە لە ئیدامەی مێژووی پێشوومان. چۆن وابکەین هەردووک لا بەقەناعەتێک بگەین مێژووی هەردووک لامان مێژووی هەموو لایەکمانە و هەردوولا لە کاتی پێویست موراجیعەی پێدەکەین، بۆوەی ئەو خەڵکە خۆی لە حیزبی دێموکراتی واحید و یەکگرتوو لە داهاتوودا ببینێتەوە. ئیحساس نەکا موعامەلەکە یان یەکگرتنەوەکە جۆرێک بووە لایەک لە پەراوێز کەوتووە، لایەک وەلانراوە، لایەک خودییە و لایەک غەیرە خودییە. ئێمە ئەوانەش پێشنەهاد دەکەین. لە هەمووی ئەوانە گرنگتر بۆخۆشتان لە پلێنۆمەکەی پێشوودا باستان کردووە، کۆنگرەی هاوبەش، ئەو دوو بەشە کێن؟!، دەی ئەو دوو بەشە دوو لایە. بۆ ئەوەی ئێمە واریدی ئەو خانەیە بین، شتی ڕەوانی بڕەوێتەوە، لەو شتانە کە زۆرتر ئی سەردەمی لێک تووڕە بوونە، چەقبەستوو نەبین ئەوەیە کە «هاوڕێیانی پێشوو» و شتی وا وەلا دەنێین، هەردووک لامان دەڵێین دێموکراتەکان، هەردووک باڵی دێموکرات یان

## بەشی یەکەم

دێموکراتەکان بەیەکەوە. کاتێک باسی ئەوانەمان کرد، گوتیان ئێمە لە دەفتەری سیاسی ناتوانین لەسەر ئەوە قسە بکەین، ناتوانین لێرە بڕیار بدەین دەبێ بیبەینەوە پلێنۆم، لەحاڵێکدا ئێمە لە دەفتەری سیاسی خۆمان بڕیارمان دابوو و ئەندامی کۆمیتە مەرکەزی و ئەندامی خۆشمان هەبووە گلەیی لە ئێمە کردووە، گلەییان لە خۆم کردووە ئەدی تۆ بۆ وات بە کاک مستەفا گوتووە کە ئەمن نابم بە سکرتێر جەنابت ببێیە، ئەوە کۆنگرەی هاوبەش لە داهاتوودا تەسمیم دەگرێ، گوتومە هیچ ئیشکالی نیە. تەنانەت گلەییان لێ کردووین بۆ گوتوتە نێوی حیزبی دێموکرات هێڵی سوور نیە، ئیمە گوتومانە ئەگەر دڵسۆزانە و مەسئولانە بەرەو چارەسەر بڕۆین، لە موزاکراتدا ئەو شتانە هەیە و بۆ ئێمە موهیمە هەردوولامان وەسەرێک کەوینەوە و دوایە کێشەکان چارەسەر بکەین. ئەوان گوتیان ئێمە لەدەفتەری سیاسی ناتوانین لەسەر ئەوە بڕیار بدەین، دەبێ ئەوە بەرینە پلێنۆم. ئێمەش گوتمان هیچ ئیشکالی نیە. قەراریش درا هەرکات ئەوان پلێنۆمیان گرت، بە چاک و بە خراپ، کە ئێمە ئینتزاری باشمان دەکرد، وڵامەکە لە ئێمە دەنێرنەوە، بیلافاسیلە ئێمە لە دەفتەری سیاسییەکان دادەنیشینەوە و هەیئەتەکان دادەنێین و حەتتا هەردوو لامان، لانیکەم من خۆشبین بووم، بەڵکە لە ڕۆژی نەورۆزدا پەیامێکی باشمان هەبێ یان ئەوەکە لە حەفتا ساڵەی حیزبی دێموکراتدا بەیەکەوە ئەو خەون و ئارەزوانەی کە هەموو لایەکمان هەمانە، حیزبی دێموکراتێکی بەقووەتمان بەبێ، لەوێڕا دەستی پێبکەین و دروستی بکەینەوە. بەڵام بەداخەوە کاتێک ئەوان ماوەیەک پێش ئێستا پلێنۆمیان گرت، ئێمە هەر چاوەڕوان بووین و چاوەڕوانیمان دەکرد وڵامێکی باش بێتەدەرێ، یەکەم هەر قسەی جاران بوو، «هاوڕێیانی پێشوو»، دەتگوت لەو کۆبوونەوەیەدا نە من لەگەڵ کاک مستەفا دانیشتووم و نە هیچم گوتووە و نە هیچ تەوافقێکمان هەبووە و نە دەفتەری سیاسی لەگەڵ یەک دانیشتووین. بۆیە ئێمە بەوە ناڕەحەت بووین و پێمان وابوو ئەوان لەژێر پێی ئەو بەحسانە چوونەتەدەرێ. نەدەبوا ئەوەیان کردبایە، بەڵکو لە پلێنۆمدا دەبوو ئەوەیان پەسند کردبایە و زەمینەیان ساز کردبایە بۆ دانیشتنەکانی دیکە. دوای ئەوەش لەباری تکنیکی موزاکرات و گفتوگۆ، ئاخر دوو لایەن دادەنیشێ، لایەک دەڵێ مونتەزیر دەبم لایەکەی دیکەش دەڵێ وەڵامت لێ دەنێرمەوە. تا ئێستاش بە چاک و بە خراپ وڵامیان لە ئێمە نەناردۆتەوە. ئەدێ ئێمە دوو دەفتەری سیاسی لەگەڵ یەک دانیشتین، کۆبوونەوەیەکمان کرد، ئەوەش نەتیجەکەی بوو هاوڕێیان، ئەوەی ئێوە دەڵێن ئێمە موافقی نین. لانیکەم وڵامیان دەدایەوە، تا ئێستاش نە بە نووسراوە نە بە قسە، نەیانگوتوە ئەدی ئێمە بڕیارەکەمان ئەوە بووە؛ بەڵام نەتیجەی پلێنۆمەکەی ئەوان نەتیجەیەکی باش نەبوو و لەگەڵ ڕوحییاتی ئەو قسانەی من و کاک مستەفا کردمان و شۆڕمان کردبۆوە خوارێ، لە دەفتەری سیاسی هەردوولا باسی کرابوو، بە هیچ جور لەگەڵ ئەوە نەدەهاتەوە. بۆیە لەڕاستیدا ئەوان بەو هەڵوێستە دەکرێ بڵێم پرۆسەکەیان بە بونبەست گەیاند، دەنا بەو ئیبتکاراتەی ئێمە هەمانبوو و ئەوانیش ئیستعدادێکیان نیشان دابوو، یا مەرحەلەیەک ئێمە چووبووینە پێشێ.

**پرسیار:** لەدوای دانیشتنەکەی هەر دوو دەفتەری سیاسییەوە تا ئێستا ئێوە هیچ پێوەندییەکتان پێوە نەبووە، نامەیەک



سەرچاوە Serchawe

بەشی یەکەم

**لەلای ئێوەوە بچێ بۆ ئەوان یان هی ئەوان هاتبێ، یان جەنابت لەگەڵ کاک مستەفا کۆ ببیتەوە، هیچ شتێک نەبووە؟**

**وەڵام**: دوای پلێنۆمی ئەوان کە هیچ خەبەریکیان لە ئێمە نەناردەوە و ئێمەچاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد، نا، ئێمە پێوەندیمان نەکردۆتەوە. بەڵام هەموو جارێ ئێمە کردوومانە؛ من دوو نموونەت بۆ دێنمەوە: لە ساڵانی پێشووشدا لە تەنیشتی ئەوەی موزاکراتمان دەکرد و لەگەڵ یەک دادەنیشتین، هەوڵمان دەدا بەعزە حەللێک بێنینە گۆڕێ، بە موازاتی ئەو موزاکراتانە ڕیزەکانی خوارەوەش کاری هاوبەوش بکەن، ئێمە لە ئورووپا و ئەمریکا و لێرە بە هەموو ئۆرگانەکان و موئەسساتی حیزبی و کومیتەکانی خۆمانمان گوتبوو پێشنەهادیان پێ بکەن بۆ هاوکاری بە موناسیبەتە جۆراوجۆرەکان، خەڵکەکە کۆ بێتەوە لە دەوری یەک بێ و لەوێڕا وردەوردە زەمینەی ئەو شتانە دروست بێ. هەر لە ماوەی ڕابردوودا ئێمە، ساڵی ڕابردوو، دوو ئەندامی کومیتە ناوەندی خۆمان ناردۆتە لای سکرتاریای ئەوان، داوامان لێکردوون بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدان، با بەیەکەوە لەسەر گۆڕستانی هاوبەشی دێموکراتەکان کۆ بینەوە و ڕێزیان لێ بگرین، ئەوە سەرەتایەک بێ، بەڵام ئەوان ڕەتیان کردۆتەوە. مەوریدی وا لە وڵاتانی دەرەوە زۆر زۆر بووە، ڕەدیان کردۆتەوە. مەوریدی وا لێرە زۆرزۆر بووە، ڕەتیان کردۆتەوە. گوتومانە بە موناسیبەتی یادی دوکتۆر قاسملوو، یادی دوکتۆر شەرەفکەندی، یادی پێشەوا، لەو کارانەدا وردەوردە دەست پێبکەین، لە دەوری یەک کۆ بینەوە، بەڵکە جەوهەری ئەو یادانە هاندەرێک بێ بە لەحازی ڕووحی و ڕەوانی، ئێمە خۆمان لەگەڵ یەک ببینین، هەمووی ئەوانەیان ڕەت کردۆتەوە. هەر لەماوەی یەک دوو حەوتووی ڕابردوودا کە تەلەویزیۆنەکەیان بەداخەوە داخرا، ئێمە لە دەفتەری سیاسی نامەیەکمان بۆ ئەوان ناردووە، لە نامەکەدا گوتوومانە ئێستا کە تەلەویزیۆنەکەی ئێوە داخراوە، ئێوە دەتوانن لە تەلەویزیۆنی کوردکاناڵ ئیستیفادە بکەن. بۆیە لەو پێوەندییەدا ئێمە ئامادەین لەگەڵتان دابنیشین، تا تەلەویزیۆنەکەی خۆتان دەست بەکار دەکاتەوە، بەرنامەکانتان ئەوەی پێویستتانە لە کوردکاناڵ بڵاوی بکەنەوە، لانیکەم تا ئێستا خەبەریکیان نەناردۆتەوە کە نامەکەتان گەیشت، نامانەوێ و زۆر سپاس، دەمانەوێ بەڵام چۆنی بکەین.

لە عورفی ڕەوابیتدا کاتێک نامەیەک بۆ شوێنێک دەنێردرێ، هەرچەند تۆ ئەو شوێنەت خۆشیش نەوێ، لانیکەم دەڵێی کاکە نامەکەت گەیشت زۆر سپاس، بەڵام نامانەوێ. تا ئێستا نە بە قسە و نە بە نووسین جوابێکیان نەداوەتەوە. مەبەستم ئەوەیە ئەوان لە تەعامولی ئەو کێشە لە یەک خانەدا گیریان کردووە، خانەکە هەمووی بەداخەوە ئەوەیە ئینکاری تۆ بکەن، تۆ بە ڕەسمییەت نەناسن. لەحاڵێکدا ئێمە هەرگیز لە هیچ شوێنێک داوامان لەو هاوڕێیانە نەکردووە کە ئێوە ئێمە بە ڕەسمییەت بناسن. پێویست نیە ئێمەش ئێوە بە ڕەسمی بناسین. ئەو دوو دێموکراتە چاک یان خراپ ئەوە هەن و دەڕوا، هەر کەسە خەڵکی خۆی هەیە و سیاسەتی خۆشی دەکا و پێویست ناکا بێن لەیەکتر سەنەد وەربگرن و ئیمزا وەربگرن. ئەوان یەک لەوەدا گیریان کردووە بەداخەوە. جا بۆیە ئێمە لەو مەواریدانەدا هەرچەند ئیبتکارمان بە خەرج داوە، زۆر

نەچووینەتە پێشێ، هەوڵەکان ئەغڵەب یەکلایەنە بووە، ئەمن پێم خۆشە ئەوەش بڵێم زۆرجار هاوڕێیانی خۆمان ڕەخنەیان لە خۆم بووە یان ڕەخنەیان لە دەفتەری سیاسی بووە، ئەدی ئێوە بۆ هێندە نەرمونیانی نیشان دەدەن، هەر ئێوە ئینعتاف نیشان دەدەن، هەر ئێوە هەوڵ دەدەن و خۆ ماندوو دەکەن بە پرۆسەی یەکگرتنەوە، ئەوان کەمتر پێیەوە ماندوون، کەمتر وەک ئێوە خەمخۆرن، ئەوە بۆ ئاوا دەکەن، ئێمە ئەو گلەیی و گازندانەشمان لەنێو ڕیزەکانی خۆمان قبووڵ کردووە، هەر لەسەر ئیحساسی مەسئولییەت بۆ ئەوەی ڕێگەچارەیەک بدۆزینەوە و دێموکراتەکان بکەونەوە سەریەک.

**پرسیار**: کاک خالید هەرچەند لە لەوانەیە کەمێک لە باسەکە دوور کەوینەوە، دوای ئەوەی چاوەڕوانییەکی باش لەنێو خەڵکدا دروست بوو، یانی گەشبینییەک هەبوو، هیوایەک هەبوو، ئێستا بەداخەوە جەنابت دەڵێی بە بونبەست گەیشتووە، بەڵام لەو سەروبەندەدا کە هیوایەک هەبوو، کتێبێک لە نووسینی کاک مستەفا هیجری بڵاو بۆوە بەنێوی «نسکۆ و دابڕان»، لەو کتێبەدا کۆمەڵێک هێرش کراوەتەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستان و کەسایەتییەکانی، ئێوە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕاتان لەسەر ناوەڕۆکی ئەو کتێبە و ئەوە کە لە ئێستادا بەو ئەدەبیاتە و لە ئاستی سکرتێردا ئەو کتێبە بڵاو بۆتەوە، چیە؟!

**وەڵام**: بڵاوبوونەوەی ئەو کتێبە لەو قۆناخەدا، لانیکەم لە سەردەمێکدا کە ئەمن و کاک مستەفا پێکەوە دانیشتووین و قسەمان لە زۆر شت کردووە و دەفتەری سیاسی هەردوولامان دانیشتووین و بەرەو ئەوە دەچووین بەعزە حەللێک ببینینەوە، لانیکەم ئەمن وام فکر دەکردەوە، گەشبینیم دروست دەکرد، بەدبینیم دەرەوانەوە، هەوڵم دەدا گرژی و ئاڵۆزی نەمێنێ، بەڵام دەرچوونی ئەو کتێبەم زۆر پێ ناخۆش بوو. پێش ئەوەی بێمە سەر ئەوەی ئەو کتێبە بۆ ئێستا دەرکرا و شوێنەواری ئەو کتێبە، ئاماژە بە شتێکی هاوشێوەی ئەو دەکەم. دوو ساڵ سێ ساڵ پێش ئێستا، کاتێک ئێمە لە عاددی کردنەوەی ڕەوابیتدا باش دەچووینە پێشێ، دادەنیشتین، پەیامان بۆ یەکتر دەنارد، هەوڵمان دەدا، خەڵکمان ئومێدەوار دەکرد، لە گەرمەی ئەوەدا بووین، لایەنی کاک مستەفا هیجری لە جیاتی ئەوەی بێن لەگەڵ ئێمە لەسەر چارەسەری کێشەکان قسە بکەین، لەژێرەوە چەند کەسێکیان لەنێو ئێمە هان دابوو، دوایە ئەو چەند کەسە چوونە نێو خۆیان. ئەمن گلەییشم لێ کردن گوتم ئەوە موعامەلەیەکی خراپە، دەڵێن لە یاری شەترەنجدا شەترەنجبازی خراپ ئەوەیە کە ئەسپێک بە پیادەیەک دەدۆڕێنێ. ئەو حیزبە لەت بووە، لەتێک بەو هەموو کادر و پێشمەرگانە سەرمایەی هاوبەشمانە، نایەی کار لەسەر ئەوە بکەی بێین ئەو حیزبەی پێ گەورە بکەینەوە، لە ژێربەژێر لەسەر دوو سێ کەس کار دەکەن، فریویان دەدەن لەدژی ئێمە هەراوهوریای پێ دەنێنەوە، شتی وا دێ و دەڕوا و نابێ بە هیچ، ئینسان دەبێ گەورە فکر بکاتەوە، مەوریدی وەک ئەوە زۆر بوون، خەڵک بە پوول لەولاڕا هاتبوونە لای ئێمە، یەکجاریش لەتەلەویزیۆن باسمان نەکردن. مەبەستم ئیحساسی مەسئولییەتە، ئەو وەختیش ئەوە بۆیە کرا، بۆوەی کە ئەو ڕەوابیتە کە بەرەو عادیبوون دەچۆوە، تێک بدرێ و تا ڕادەیەکیش تەئسیری دانا بۆ ماوەیەک ڕەوابیت گرژ و ئاڵۆز بۆوە و خەڵکی جۆراوجۆر بە مەبەستی جۆراوجۆر شتی لەسەر

بەشی یەکەم

دەگوت و دەنووسی. بەڵام ئەمەی ئەوجار و ئەو کتێبە، لەڕاستیدا ئەمن زۆرم پێ ناخۆش بوو، ئێمە لە گەرمەی موزاکرە و گفتوگو و ڕێگەچارە دیتنەوەدا بووین، بەرەو ئەوە دەچووین کە ئەو کێشانە کە لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا بووە، وردەوردە لە شوێنێک وەک فایل دایانبنێین و ئارشیویان بکەین، مەگەر پێویست بێ موراجیعەی پێ بکەین، ئەگەر موراجیعەشت بە شتی مێژوویی کرد، ئارشیوەکان، تەبەقەبەندی دەکرێ، هێندێک شتی نێوخۆییە، ئی نێو بنەماڵەکەتە، هەرگیز ناچیتەدەر. بنەماڵەیەکیش شتی نێوخۆیی هەیە، دەوڵەتێکیش شتی نێوخۆیی هەیە، حیزبێکیش شتی نێوخۆیی هەیە. بەڵام بەداخەوە نووسینی ئەو کتێبە لەلایەن کاک مستەفا هیجرییەوە، لانیکەم ئەوەی بۆ من دروست کرد لە گەرمەی ئەوەی من ماندووم بەوە، دەفتەری سیاسی ئێمە ماندووە و بۆ وەحدەتی ئەو حیزبە دەڵێم کاک مستەفا جەنابت سکرتێر بەو ئەمنیش لە خزمەتت دام، لە گەرمەی ئەوەدا خەریکن دەچن کتێبێک دەنووسن، بۆ ئەوەی ئاڵۆزیی زۆرتر دروست کەن. کێشەی زۆرتر دروست کەن. وەک ئەوەی ئەو دەمەی لەگەڵ من دانیشتووە یان هاوڕێیانی دەفتەری سیاسییان لەگەڵ دەفتەری سیاسی ئێمە دانیشتوون و قسە دەکەن چۆنی حەل بکەین، بیریان لەوە کردۆتەوە ئەدێ چۆن کتێبێک بنووسین باسی ڕابردوو بکەین، ئەو کێشانە بێنینە گۆڕێ، جارێکی دیکەش جەوەکە تێک بەدەین و ئاڵۆزی بکەینەوە. کتێبێک کە بێحورمەتی بەولایەی تێدا هەیە کە بەشیک لە مێژووی ئەویشە، بێحورمەتی بە کەسایەتییەکانیش تێدا هەیە کە هێندێکیان بەقەد تەمەنی ئەو لەو حیزبەدا خزمەتیان کردووە. بۆیە دەبێ بڵێم دەرکردنی ئەو کتێبە لەلایەن کاک مستەفا هیجری ئیقدامێکی مەسئولانە نەبوو، لانیکەم ئەمن ماندوو بووم و لەگەڵ خۆشی باسم کردبوو، دەفتەری سیاسی ئێمەش ماندوو بوون کە چۆن چارەسەرێک بیبینینەوە. ڕاوەستابان لە داهاتوودا، خۆ نەچوە بچێ. بەدبەختییەکی حیزبی دێموکرات ئەوەیە لە کتێب نووسین بەپەلەن، هەر کەس بەدوای بیرەوەرییەکاندا دەڕوا و کتێبێک دەنووسێ و ئاوڕ دەداتەوە و کێشەش بۆ نەسڵەکانی دیکە دروست دەکا. بۆیە ئەمن گلەییم لە خودی کاک مستەفا هەیە، نەدەبا ئەوەی کردبایە، لانیکەم دەبا ئەو ئیجازەی نەدابا و گوتبای ئەو کتێبە ئەگەر واش بێ ئێستا نابێ دەربچێ. ئێمە خەریکی هێندێک موزاکراتی جیددی لەگەڵ ئەو برادەرانەین، ماوەیەک ڕادەوەستین.

ئەمن بێئەوەی بچمە نێو نێوەڕۆکی ئەو کتێبە، چاکە یان خراپە، بەڵام ئەو کتێبە کە ئێستا بڵاو بۆوە، وای دەخوێنمەوە، عەمدەن ئەوەیان کرد بۆ تێکدانی ئەو پرۆسەیە، بۆ لەباربردنی ئەو زەمینەیە بووە کە بە هیممەتی ئەندامانی هەردووک لا، دۆستانی حیزبی دێموکرات لە دەرەوە، خەڵکانێکی زۆر لە ئەندامانی هەردوولا بەنێوی کەمپەین و کاری هاوبەش بەیەکەوە ئومێدەوارییان بڵاو دەکردەوە و موژدەی ئەوە دەدرا کە بەرەو چارەسەرێک دەڕۆین، بەڵام دروست لە گەرمەی ئەوەدا کتێبێکی ئاوا بڵاو دەکەنەوە. ئەو کتێبە لەڕوانگەی من عەمدی بڵاو بۆوە، بۆوەیکە پرۆسەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و گەورەکردنەوەی حیزبی دێموکرات لەبار بچێ. لە هەمووی ئەوانەش گرنگتر زۆر لەوە بەداخم کە جاروبار بیر لە مێژووی حیزبی دێموکرات دەکەمەوە، لە پەنجا ساڵی ئەخیر ئەو هەموو کێشەمان هەبووە، لەوە بەداخم کە نەسڵی ئێستاش هێندە



سەرچاوە
Serchawe

بەشی یەکەم

بەو کێشانەوە بژین، لەجیاتی ئەوەی دابنیشین فکر لە شتی گەورە بکەینەوە، ئەدی ئێران چی لێ دێ، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چی لێ دێ، ئێمە چمان لێ بەسەر دێ، ئەو حیزبە هاوبەشەی ئێمە پەنجا ساڵە ژیانی هەر لە کوردستانی عێراق و دەربەدەری دایە، چی لێ بکەین، کتێبێک دەنووسرێ لەو کتێبەدا ئینرژییەکە لەسەر ئەوە سەرف دەکرێ، فڵان شەخسییەتە چۆن بشکێنن، فڵان شەخسییەتە چۆن تەحقیر بکەین، ڕابردووی جەمعێکی کە لەخۆیان زیاتر نەبن، کەمتر نین، بەبێئیحترامییەوە بەرخوردی پێبکەن. بۆیە بە باوەڕی من بۆ جارێکی دیکە دەڵێم مەسئولییەتی بە بونبەست گەیاندنی ئەو پرۆسەیە ئێمە ئەوجارە باشمان هێنابوو و سەر نەکەوتین، دەکەوێتە سەر لایەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سکرتێری کاک مستەفا هیجری. بۆیە ئەوە دەڵێم بەڕاستی لایەنی ئێمە بە ئیعتماد بە نەفسەوە بە جیددییەت و بە عەلاقەوە چۆبووە نێو ئەو پرۆسەیەوە.

**پرسیار**: کاک خالید بگەڕێینەوە سەر پەیامەکەی جەنابت لە پەیامەکەدا دەڵێی کۆمەڵێک سیناریۆی ناڕوون، ئاڵۆز لە ناوچەکەدا هەیە و ئێستا دەبینین سیناریۆکان ناڕوونترن، ئاڵۆزترن، زیاترن، جەنابت دەفەرمووی پرۆسەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات لانیکەم جارێ لە بونبەست دایە، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم پرۆسانە و داهاتووی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە گشتی چۆن دەبینی و پێت وایە دەبێ چ بکرێ بۆوەی کە لانیکەم حیزبی دێموکرات بتوانێ وەک خەڵک چاوەڕوان دەکا، پێگەی خۆی وەدەست بێنێ و لەنێو ئەم سیناریۆ ناڕوونانەدا ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێ؟

**وەڵام**: ڕەنگە حەللی جۆراوجۆر هەبێ، خەڵکی جۆراوجۆر حەللی موختەلیف بێننە پێشێ، بەڵام ئەوەی لای ئێمە ئەولەوییەتی هەبوو وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە حاڵی ئێستادا کارکردن بۆ ئەوە بوو چۆن دێموکراتەکان بکەونەوە سەریەک. پێمان وابوو بەشێک لەو ئینتزاراتە بە حیزبی دیموکراتێکی بەقووەت جێبەجێ دەبێ، بۆوەی ئێمە پێیەوە ماندوو بووین. بەڵام ئێستا کە بەداخەوە لایەنی بەرامبەری ئێمە ئەو پرۆسەیەی بە بونبەست گەیاند و لەوەدا مەسئولە کە نەیهێشت بە سەرەنجام بگا و ئەو ئاواتەی کۆمەڵانی خەڵک جێبەجێ بێ، ئێمە دەست لەسەر دەست دانانێین. ئێمە نائومێد نەبووین، دیسانەکە ئەمن پێم خۆشە لێرەدا ئەو پەیامە بدەم: سەرەڕای ئەوەی ئەوان بە جیددی هەرگیز بۆ ئەم مەسەلەیە نەهاتنە پێشێ، سەرنجیان بە ڕێگە حەللەکانی ئێمە نەکرد، بە جیددی لەنێو خۆیاندا نەیانکرد بە باس، چونکە نەتیجەکان وا نیشان دەدا، بەڵام دیسانەکە ئێمە هەر ئومێدەوارین. بۆ جارێکی دیکەش ئێمە هەر ئومێدەوارین لەسەر یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان کار دەکەین و هیوادارم ئەوان پاش خوێنەدنەوەیەکی ڕابردووی ئەو کێشانە و تەجرووبەی موزاکراتی ئەخیر و چۆن تەعامولیان کردووە و مەوزووعەکان چۆن هاتوونەگۆڕێ، بۆ جارێکی دیکەش فکر لەوە بکەنەوە و هەر وەختێک فکریان لەوە کردەوە، بۆ جارێکی دیکەش ئێمە ئامادەین هەر وەختێک داوایان کرد ئێمە ئامادەین لە سەر پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان قسە بکەین. یەعنی هەرگیز ئەوە وەلا نانێین وەلەو ئەرکی بە بونبەست گەیشتنەکە و



سەرچاوە
Serchawe

بەشی یەکەم

سەرنەکەوتنەکەی لەسەرشانی ئەوانە. ئێمە لەو پێوەندییەدا ڕوو بە کۆمەڵانی خەڵک، ئەندامانی ئەوان، ئەندامانی خۆمان دەڵێم بەڕاستی ئەوەی لە توانای ئێمەدا بووە، بە ئیحساسی مەسئولییەت و خەمخۆرییەوە هەموومان موستەنەد کردوومانە تا ئێستا هێناومانە، شتێک نەماوە کە ئێمە نەیکەین.

بەڵام لەو سێناریۆ ناڕوونانەی کە جەنابت ئاماژەت پێدا، لەڕاستیدا هەر ئەوەیە کە یەک: ئێمە هەوڵ بۆ ئەوە بدەین، دوو: ئەرکی ئێمە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەرکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە گشتی، لە دەرەوەی وڵات، لە نێوخۆی وڵات، لێرە، ئەرکی میدیایی، دیپلۆماسی، تەشکیلاتی ئێمە، لەمەوبەدوا قورستریش دەبێ. بۆ؟ ئێمە هیوادار بووین لە ئیدامەی خۆیدا ئەگەر ئەو یەکگرتنەوە بە نەتیجەیەک بگا، بەیەکەوە ئەو ئەرکە بەجێ بگەیەنین، بەڵام ئێمە لێرە بەدوا خۆمان پتر ئەرکدار دەکەین، بە کاری جیددیتر و بەردەوامتر، لەسەر جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەی بۆخۆمان باوەڕمان پێیە و دەبێ حیزبی دێموکرات بکەینە ئەو حیزبی دێموکراتەی کە لە پەیامەکەی خۆمدا هاتبۆ گۆڕێ، ئێمە لانیکەم بۆخۆمان کاری پێدەکەین. هیوادارم کۆمەڵانی خەڵک لەنێوخۆی وڵات، ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە گشتی، زۆرتر لەمەوبەدوا لەو مەیداندا کار بکەن، یەعنی قورساییەکی زۆری ئەوە دەکەوێتە سەرشانی ئێمە. تەنیا دەمەوێ لێرە شتێکی دیکە ئاماژە پێبکەم ئەویش ئەوەیە کاتێک باسی ئەو سێناریۆ ناڕوونانە دەکەم دەقیقەن دەمەوێ جارێکی دیکە تەئکید بکەمەوە، لایەنی ئێمە بۆچوونی لەسەر چارەسەری کێشەی دێموکراتەکان هەمیشە ئەوە بووە لە پەنجەرەی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێداویستیی سیاسی ئێمە بەرەو ئەوە بچین حیزبی دێموکرات بکەینەوە یەک و حیزبی دێموکرات بکەوێتەوە سەرێک بۆ ئەوەی ئەو ئینێرژییەمان بۆ ئازاد بکا و هەمیشەش دەمانگوت ئەو حەللەی ئەو برادەرانە دەیانهێنا گۆڕێ، ئەو لایە بێتەوە نێو ئەو لایە و ئەو لایە حیزبی مادەرە و ئەو لایە حیزبی پدەرە، یان ئەولا بێتەوە ئەو لایە، من موخالیفی ئەو حەللەم. چ ئەوان بێنەوە لای حیزبی دێموکراتی کوردستان و بێنەوە قەڵای دێموکرات کە کاتێک هەموومان لێرە کارمان کردووە، چ لایەنی ئێمە بچێتەوە لای ئەوان. ئەوە بە مانای ئەوەیە هەر ئەو حەللە لە ڕۆژی یەکەمدا کێشە خولقێنەرە. ئەوە هیچ موشکیلەیەک چارەسەر ناکا. باشترین حەل ئەوەیە یەکتر بەو جۆرەی هەن قبوول بکەین و ئینسانەکان بەو جۆرەی هەیە قبووڵ بکەین، هەموو لایەک تێیدا بەشدار بن، هەموو لایەک خۆی تێدا ببیننەوە، هەموو لایەک ئیحساسی ئەمنییەتی سیاسی تەشکیلاتی بکەن، هەموو لایەک لە حیزبی واحیددا ئاسوودە بن، ئەوەیە تەزمینی ئەوە دەکا حیزبی دێموکرات لە داهاتوودا ئەگەر تووشی کێشەی ئاوا بۆوە، زەرەر و زیانی زۆرتر نەبێ.

**پرسیار: کاک خالید وەک دوایین پرسیار بە سەرنجدان بەو قسانەی جەنابت باست کرد، کە بەرەو حەفتاساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات دەچین، ئەگەر ئەم دوو دێموکراتە لێک نزیک نەبوونەوە، نەیانتوانی لە پرۆسەیەکی سالمدا یەک**

بەشی یەکەم

**بگرنەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستان چۆن بەرەو داهاتوو هەنگاو دەنێ و جەنابت وەک سکرتێری ئەو حیزبە پەیامت ڕوو بە ئەندامانی ئەو حیزبە چییە؟**

**وەڵام**: بە باوەڕی من ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە دوو مەیداندا ئەرکمان لەسەرە؛ یەکیکیان نێوخۆییە. لە دانیشتنی نێوخۆیی خۆماندا ئەگەر بە مێژووی پەنجا ساڵەی ئەخیری خۆماندا بڕۆینەوە، شەهامەتمان هەبێ، کێشەکانی نێو حیزبی دێموکرات، مێژووەکەی هەیە، زۆرێک لەوانەی لە کێشەکاندا بوون، بەخۆشییەوە لە حاڵی حەیات دان، یان لە کتێبەکاندا موستەنەد کراوە، لە دەورانی ڕێزدار کاک ئەحمەد تۆفیقەوە تا دەورانی شەهید دوکتۆر قاسملوو بگرە کە دەورانێک کێشەکانی ئەو سەردەم هەبوون و شاراوەش نیە و دوایەش هەر درێژەی هەبووە تا دەورانی کاک دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی، لە دەورانی ڕێبەرانی زیندووی هەر دوو بەشی دێموکرات، چ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ و چ ئەوی دیکە، ئی دەورانی ئێستاش کە هەر دوو لامان لە حاڵی حەیات داین، بتوانین بەشێوەی نێوخۆیی شەهامەتمان هەبێ لەوێ ئاماژەی پێبدەین. بڵێین ڕێبەرانی شەهید و زیندوو لەو مەواریدانەدا هەڵە و ئیشتیباهاتمان بووە لە تەعامول لەگەڵ کێشەکانی نێوخۆی خۆمان. ئەوە بۆیە بڵێین ئەو نەسڵەی فێرە حیزبایەتیە دەکەین لە داهاتوودا، دەرسی لێ وەربگرێ و ئەو هەڵانەی ئەمن کردوومە، ئەو نەیکاتەوە.

ئەرکی دووەم ئەوەیە ڕوو بە دەرەوە، ڕوو بۆ ئێران، خوێندنەوەیەکی دیکە بکەینەوە لە ئێران، ئیمپراتۆرییەتی ئێران چ بووە، مەزهەب کەنگێ هاتۆتە نێو سەحنەی سیاسیی ئێران، حکوومەتی کۆماری ئیسلامی چۆن بووە، چۆنمان پێناسە کردووە، چۆن شەڕمان لەگەڵ ئەو حکوومەتە کردووە، هەڵە و ئیشتیباهاتی ئێمە چ بووە، کارم بە هی ئەوان نیە ئەوە لە جێگای خۆی دایە، ئەمە لەگەڵ وان موبارزە دەکەین و لەو سی و شەش ساڵەدا چۆنمان تەعامول کردووە، ئەو میتۆدانەی ئێمە هەموو باش بووە، لەکوێ دەستی تێوەردەین، لەکوێ شتی تازە بێنینە گۆڕێ، پێداچوونەوەیەکیش بەوانەدا بکەین. مادام پێداچوونەوەمان بەوانەدا کرد، هەمووی ئەوانە دوو سێ شت دێنێتە گۆڕێ: یەکێکیان بەرنامە بۆ داهاتوویە ڕوو بە کۆمەڵانی خەڵک و داهاتووی ئێران، ئەوی دیکەش دیتنەوەی میکانیزم و فەرهەنگ سازییە لەنێوخۆی حیزبی دێموکراتدا کەهێندێک لەو کێشانە دەیان ساڵە بەرۆکی حیزبی دێموکراتی گرتووە و بۆ خۆمان حەللی بکەین. من لەو باوەڕە دام حیزبی دێموکراتی کوردستان ئیحتیاجی بەو پێداچوونەوە هەیە. دەبێ ئێمە شەهامەتمان هەبێ دوای حەفتا ساڵ چی؟ چمان کردووە؟ لە کوێ کەمیمان هێناوە؟ لەمەوبەدوا دەبێ چ بکەین؟ دڵنیام ئەگەر ئەو ڕووحە هەبێ، ڕووحی سازندەگی هەبێ هەموو لایەک تێیدا بەشداری بکەن، دڵنیام دەتوانین بەیەکەوە هیوایەکی باش دروست بکەین بۆ داهاتووی حیزبی دێموکرات و بۆ کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بەشی یەکەم

- زۆر سپاس کاک خالید

**وەڵام**: زۆر سپاس بۆ جەنابیشت

**لە ژمارە ٦٥٣ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٥ی ئەپریلی ٢٠١٥**



سەرچاوە
Serchawe

بەشی یەکەم

## شاعیر هەڵۆی شێرکۆ بێکەس



میوانی جێژنی ٧٠ ساڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو و بە شێعرێکی بەهەست و حەماسی جێژنەکەی رازاندەوە

خانمانی هێژا
برایانی ئازیز

ئێوارەتان باش و خۆشەویستی باش و ئەم یادە پڕ شکۆیەتان باش!

ئێرە کۆیە و، من لە ڕێگای بایەکی سەرگەردان و ماڵ وێرانەوە هاتووم و
دەستم گرتۆە بە کڵاوی کون کونی هەور و
بە پرچە درێژەکانی بارانەوە و
لە جیاتی شاعیرەکەی پارکی ئازادی نیشتمان هاتووم و
سڵاوی شێرکۆتان پێ بڵێم!
لە پرێسکەی خەمی کوون کوونمەوە
نامەیەکی شێرکۆی شاعیری نیشتمانم پێیەو
تێیدا وەهای بۆی نووسیون:
ئەی خاکی ڕۆژهەڵاتی جندراوم
گوێم لێتە بانگ ئەکەی
گوێم لێیە زریانی ئازاری و هەڵ ئەکەی

## بەشی یەکەم

ئەی بەفری گڕ گرتووی سەر سنوور
ئەو وەختەی لەوێوە بزمارێ بەسەر سینگتا دا ئەکتون
لێرەوە خوێن لەبەر شارەکەی من ئەڕوا
ئەگەر پرچی ڕەزێکت هەڵکێشن
لێرەوە زریکەی شەپۆلی پارکی ئازادیم سەر ئەکا
ئەی ڕۆژهەڵاتی برینم
ئەی برینی خۆرهەڵاتم
ئەی ڕۆژهەڵاتی نێوچاوان بە بەفر داپۆشراو
ئەی مێژووی زک سووتاو
لە نێوان لووتکەوە دەستی یەک بوونت درێژکە
جڵەوی ئەسپەکەی شۆڕشی پێشەوام لێ بگرە
هاوار ئەکەم، لە پارکی ئازادیەوە هاوار ئەکەم
پڕ بە دم ئەشکەوت و نۆ و گەلیت هاوار ئەکەم
کاروانی چرام و بەڕێوەم
هیوام و بە پێوەم... وەختێتی
وەختێتی... ئەی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتم... وەختێتی
ئەم خاکە ئەنجل و زامارە هەر سێ شت خواستویەتی
یەکەمیان یەک بوون
دووهەمیان یەک بوون
سێهەمیش یەک بوون
هەرچی گێلاسی شێعرمە
بیگوشمە ناو دەروونتەوە
بەقەدەر خوێنی شەهیدێک گۆنات سوور هەڵناگەڕێنێ
هەرچی ڕووباری شێعرمە
بیخەمە سەر دەشتی لەشتان
بەقەدەر خوێنی شەهیدێک، تینوێتی ڕێگەتان ناشکێنێ
ئەی شەهیدانی ڕۆژهەڵاتی برینم!
هەرچی وشەی جوان و نازداریشم هەیە
هەڵیان چنم، چەند بەرز بن هەر لەخوار ئەژنۆتانەوەن
بۆیە ئەڵێم چاکتر وایە، کە ئێوەیان دی سەر دابخەن
هەر بۆیە ئێستا وەرزی زەنگ لێدانی شێعری مەردە

## بەشی یەکەم

وەرزی خرۆشانی بووره گوله و بووره وشەی شار و هەردە
ئێستا سەردەمی جۆشدانی کورەی خوێن و کوانوی لەشە
وەرزی ڕووبەڕوو بوونەوەی چاوی ئێمەو چاوی گەشی شەهیدانە
ئەی ڕۆژهەڵاتی برینم
ئەی کراس و شەڵوار خوێناوی
لەم زەمانە بێعارەدا
لەم زەمانە بێ بنەدا
لەسەردەمی عەمامە و جبە و کۆماری سێدارەی ئیسلامیدا
لە وڵاتی جبەی ڕەشدا
لە سەردەمی سەر بڕینی نانی گوڵ و کانی و ساوای ڕۆژهەڵاتی سەر قەنارەدا
ئەگەر شێعر نەبێ بە ڕەشەبای تیژ و هەڵنەکا
شێعر نیە
شێعر ئەگەر نەبێ بە ئازایەتی و ورەی قازی
شێعر نیە
شێعر نەبێ بە ئارپیجی و
مەفرەزەی حەرف و وشە و ...
نەچێتە سەر مۆڵگەکانی چاش قەڵەم و
سەر پایەگاکانی کۆماری ئیسلامی
شێعر نیە
ئەم وڵاتی خۆڵە مێشە
ئەم نیشتمانی ئازارە
پێشمەرگەی شێعری ئەوێ
دوو ڕێیانە و نابێ بە سێ
وەک و قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی
ئێستا وەختی شەهید بوونی شێعرە
بۆچی باڵای کام شێعر؟
بۆچی نیگای کام شێعر؟
لە باڵای ئەو شەهیدانە بەرزتر و جوانترە
وەکو خائین ئێستا وەختی کوشتنی شەعری خائینە
بە ڕێگاوەمو ئێستا هەرەتی جۆشدانی خاک و خۆڵە
خوێن ڕابەرە


سەرچاوە Serchawe

بەشی یەکەم

بومەلەرزەی بەرەژانێکی تازەترە
بەرێگاوەم
شێعر لێرە بۆتە هەوێنی وەسیەتنامەکەی قازی و
ئێستا ناوی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی برینە و
وشە بە وشەم سەنگەرە
ئەی ڕۆژهەڵاتی برینی سوور
گەر شێعر بۆتۆ نەسووتێ
بۆچی شێعرە ؟

لە ژمارە ٦٦٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## حەفتا ساڵ فەخرو شانازی



ئەحمەدی قادری

حەفتا ساڵ شورش و خەبات بڕینی ڕێی هات و نەهات
حەفتا ساڵ فەخرو شانازی خەبات و خوێن و گیانبازی
حەفتا میداڵی سەرکەوتن هەدانەدان و نەسرەوتن
حەفتا شەمی شەوگار بەزێن حەوت دەیەی دوژمن تەزێن
قوربانی دان و کۆڵ نەدان زۆر سەرکەوتن و تێ شکان
بەڵگەو کارنامەی خەباتن مێژوی حیزبی دێموکراتن
ئەی حیزبی پێشەوا قازی! کە پێشرەو بوو بۆ گیانبازی
تۆ ناسنامەی گوردی شاهۆی، قەندیلی، هەڵگوردی
ەلاوێژ کە ڕوون و تەرزە بە ناوی تۆوە سەر بەرزە
تۆ خوێندنگەی لاوی ژێری زانکۆی پیری بە تەدبیری
سەرت لە تەشقی ئاسمانە ناوت هاوتای کەشکەشانە
ڕەوەی هەورت لە ژێرپێ یە ناحەزت جەرگی توێ توێ یە
تۆ مەشخەڵی داگیرساوی شوورای قەڵای نەگیراوی
بانگی هەستان و ڕابوونی ئاسۆی ڕوونی ڕزگار بوونی
هەر تۆ بووی قیبلەگای کوردان کردت بە نەورۆز ڕێبەندان

بەشی یەکەم

میژوت لە نویَ بروژاندەوە ئالاَی کوردت شەکاندەوە
یەکەم کۆماری کوردستان رزگاری دەری بن دەستان
هیوای کوردی ڕەنجەڕۆبوو بەرهەمی خەباتی تۆ بوو
لە ڕێی تۆ دا مەزن و سەردار بە سەر بەرزی چوونە سەر دار
لە دوای حەفتا ساڵ گۆڵ نەدان زۆر سەرکەوتن و تێ شکان
ئێستاش ئالاَت شەکاوەیە چیا و کەژ بە تۆ ڕازاوەیە
هەڵۆی بەرزی لێ نەبڕاوە ناوت هەروا بەرزە ناوە
سەرمەشقی مێژوی خەباتی مەشخەڵی ڕێگای نەجاتی
کۆیە، ئازادی ژمارە دوو

٣١ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٩٤ هەتاوی

لە ژمارە ٦٦١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە


سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

بەشی یەکەم

# من حیزبی دێموکڕاتم



مامۆستا بێبەش

من لافاوم من شاڵاوم، زیندان و بەند دەڕووخێنم

من ئەو گڕەم یاسای دژی مافی گەلان دەسووتێنم

من ئەو ڕۆژەم لە بەر تیشکم خێوی شەو چاوی هەڵ نایە

من ئەو دارەم پشتم گەلە بە هیچ تۆفانێ دا نایە

من ڕێبواری خاوەن ورە و بە باوەری ڕێی خەباتم

من مەشخەلی دەستی کوردم، ئەمن حیزبی دێمۆکراتم

مێژووی لێو ڕێژ لە شانازیم، مێژووی ڕوون و دوور و سوورم

بۆ هەژار و چەوساوەکان ئاسۆی هیوا و مەکۆی نوورم

من قەندیل و ئاڕارات و زاگرۆس و سامرەندانم

من چوارچرام، من پێشەوام، ڕاپەرین و سەر هەڵدانم

من ئەستێرەی گەلاوێژم پرشنگ ڕێژی ڕێی خەباتم

من مەشخەڵی دەستی کوردم، ئەمن حیزبی دێمۆکراتم

## بەشی یەکەم

**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**بەفرانباری ٢٧١٥ی کوردی = جانیۆیری ٢٠١٦ی زایینی**

**نۆژەنکردنەوە: خەرمانانی ٢٧٢٥ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠٢٥ی زایینی**






سەرچاوە
Serchawe




# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتووێژ و بابەتەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**